# لە بارەی جاڕنامەی مافی مرۆڤەوە

پارێزەر هەژاری عزیز سورمێ

لەبارەی جاڕنامەی

# مافی مرۆڤەوە

پارێزەر

**هەژار عزیز سورمێ**

چاپی دووەم

کوردستان - 2009

دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی

* نووسەر: هەژار عزیز سورمێ
* هەڵەچن: شوان خوڵقی
* نەخشەسازی ناوەوەو بەرگ: شکار نەقشبەندی
* پیتچنین: سەرکار حوسێن
* ژمارەی سپاردن: ٩٤٢
* نرخ: ٣٠٠٠ دینار
* چاپی یەکەم ـ 1998لە ژێر ناوی (لە بیرەوەری یۆبیلی زێڕینی جاڕنامەی مافی مرۆڤ دا).
* چاپی دووەم ٢٠٠٩
* تیراژ: ١٠٠٠دانە
* چاپخانە: چاپخانەی ڕۆژهەڵات - هەولێر

زنجیرەی کتێب (٤١٧)

هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

پێشکێشە:
بەڕۆحی جاویدانی
دایکی شەهیدم
قوربانیی ژێرپێ خستنی
مافی مرۆڤ

## چەند پەیڤێکی پێویست

ساڵی ١٩٩٨ یۆبیلی زێڕینی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤە، پرۆژەی ئەو جاڕنامەیە لەلایەن «کۆمیتەی مافی مرۆڤەوە» هاتە دانان کە ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەلآیەتی سەر بە UN پێکی هێنابوو و کۆمەڵەی گشتی UNیش لەو خولەیدا کە لە پاریس گرێیدا لە ١٩٤٨/١٢/١٠ ئیقراری کرد. بەو ڕەنگە ئەم جاڕنامەیە زادەی قۆناخی دوای دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکان و بەکۆتاهاتنی کارەسات و نەهامەتییەکانی جەنگی جیهانگریی دووەمە، کە بەشێوەیەکی تا ڕادەیەکی چاک گشتگیرو ڕۆشن جەوهەری مافە سەرەکییەکانی مرۆڤ «ئابووری، کۆمەلآیەتی، سیاسی...» دیاری دەکات.

باسکردن و دیاریکردنی هێندێک لە مافەکانی مرۆڤ لە مێژوودا لەمێژینەیەو وەنەبێت یەکەم جاربێت لە ١٩٤٨/١٢/١٠دا جاڕی مافی مرۆڤ درابێ.... وەلێ ئەو مافانەی پێشوو یا خڕگرەوەو هەمەلایەن نەبوون، یاخود کەم و کورتیان هەبووە، یان ئەوەتا لە ڕوانگەی بیروبۆچوونی جیاجیاوە ناوزەد کراون... لەوانە: ئەو یاسایانەی لەپێش زایینەوە لە وڵاتی میزۆپۆتامیا و گریک و ڕۆمانەکانەوە دەرچوون، هەروا گەڵاڵە نامەکەی ماگنا کارتا Magna Cartaی ئینگلیزی کە لە ساڵی ١٢١٥دا دەرچوو و گەرەنتی

دەسنیشانکردنی هەندێ مافی مرۆڤی تێدایەو هەمدیسان جاڕنامەی شەرعیەتی مافی مرۆڤ (١٦٨٨) لە ئینگلتەرەو جاڕی مافی مرۆڤ و هاونیشتمانان (١٧٨٩- فەرەنسا) و بڕوانامەی نەتەوە یەکگرتووەکان (١٩٤٥) کە لە بڕێک لە بەندەکانی وەک (٣/١، ١٣ب، ٢/٢٤، ٥٥، ٥٦، ٦٠، ٧٦ح، ٨٧....)دا ڕێزگرتن لە ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ، بەبێ هیچ جیاوازییەک، پێویست دەکات و بۆ ئەو مەبەستەش کۆمەڵێک ئەرکی خستۆتە سەر هەیئەتە سەرەکییەکانی UNەوە وەک: کۆمەڵەی گشتی و ئەنجوومەنی ئاسایش و ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و...هتد. دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرەنجامی ئەو کارەسات وماڵوێرانییەی شەڕی شوومی دووەم بوو کە بەسەر مرۆڤایەتی داهات، بۆ ئەوەبوو کە وەچەی دوای شەڕ دووچاری ئەو مەینەتییە نەبێتەوە، کەچی بڕوانامە (دەستوور)ی UN نەیتوانی هەموو لایەن و بوارەکانی مافی مرۆڤ تەی بکات و بچێتە قووڵاییەوەو لێرەدا «جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ» کە ئەمساڵ بیرەوەری یۆبیلی زێڕینیەتی، بۆ ئەوەش بوو کە ئەو کەم و کورتییە پڕ بکاتەوە. ئەو جاڕنامەیە بەڕای زۆر لە شارەزایان، سیفەتی ئیلزامی قانوونی نییەو پتر لە ئیلتیزامێکی ئەخلاقییە (واتە لە حاڵەتی ناچاریدا کوتەک نازانێ قۆناخ لە کوێیە، بەڵکو ئەگەر دیتت ئەزم وەگەر نەتدیت دزم...). بەو پێودانگەش ئەگەر کوتەک نەبووبێ ئەوا ئیلتزامی ئەدەبی و ئەخلاقی بەهەند هەڵنەگیراوە، مەگەر ئەو مافانە پڕوپاگەندەی ئیعلامی و سیاسییان پێوەکرابێ و وەسیلەی پەردەپۆشکردنی تاوانەکان بووبن!.. ئەوەندە هەیە کە ئەو جاڕنامەیە توانی ئەوە بکات کە زۆربەی بەندەکانی، بۆ دەستووری

دەوڵەتان بگوێزرێنەوە، ئەوەش هەوڵێکی سەرەتایی چاکە و ناسینێکی جەوهەری ئەو مافانەی مرۆڤەو ڕۆژێ لە ڕۆژان کەسان و گرووپانێک هەردەبن لە پیادەکردنیدا وە ئاگابێن..

پێشێلکردن و زەوتکردنی مافی مرۆڤی کورد زۆر کۆنە (تاریخ شاهیدە)، بەڵام باسکردن و بەکارهێنانی تێرمەکانی: مافی مرۆڤ، ڕێزگرتن و پێشێلکردن... هتد، لە مێژوو و ئەدەبیاتی کوردیدا، بۆ ماوەی هێرشەکانی ئەنفال و کیمیایی بەگشتی و ماوەی دوای ڕاپەڕین و کۆڕەوی ملیۆنیی خەڵکی کوردستان بەتایبەتی، دەگەڕێتەوە.. ئەوکاتەی بەڵگەنامەکانی ڕژێم کەوتنە بەردەست و بڕیاری ٦٨٨ی UN دەرچوو و چەندان ڕێکخراوی مافی مرۆڤ هاتنە کوردستان یا لێی دامەزران و جاڕی جیهانیی مافەکانی مرۆڤی تێدا درا...

بەڵام هنگاوێشی دەگەڵ دابێ، ئەوەی بەزبانی کوردی لەسەرماهیەتی مافەکانی مرۆڤ نووسراوە، ئەگەر وەک هۆشیارکردنەوەیەکی کولتووریی یاساییش بێت، زۆر کەمەو گەلێک گۆشەو سووچ و قوژبنی ماون ڕووناک بکرێتەوەو بەهۆیەوە مرۆڤی کوردو کوردستان، لە مافە خۆزاییەکانی خۆی ئاگادار بکرێ و بزانێت بۆ و چۆن و لە چ ڕوانگەیەکەوە، ئەو مافانەی ژێرپێ خراوەو ستەمی دەرهەق کراوە؟ کێ کردوویەتی و دەیکاو بۆچی؟!..

دیارە کە بەهۆی بەدواداچوون و دەسکەوتنی وەڵامەکان، زۆر گرێکوێرە دەبنەوەو ئاراستەی ئایندەیەکیان لەسەربنیات دەنرێ، بەڕەنگێک کە مافەکان ڕێزیان لێ بگیرێت.

هەر لەو ڕوانگەیەوە لە (١٩٩٣)دا لە ئەڵقە تەلەفزیۆنییەکانی

بەرنامەی «دەنگی یاساو دادپەروەریدا» کە هەر بەخۆم (٢٢) ئەڵقەمان لێ ئامادەو پێشکێش کرد، پێشنیاری ئەوەمان کرد، کە بنەماکانی مافی مرۆڤ لە قوتابخانەکان و پەیمانگەو دانیشگاکان بخوێنرێ، هەروا گۆشەیەکی بەردەوامان لەسەر «مافی مرۆڤ لە نێوان پێشێلکردن و پاراستنیدا» بڵاوەکردەوە کە لە بەشێکیدا راپۆرتی ساڵی ١٩٩٢ی مستەردێر شتوئیل بوو، ئەمە جگە لە بڵاوکردنەوەی چەندین وتارو شرۆڤەی زاراوەی فەرهەنگیی لەم بوارەدا. لە هەمان باوەڕ و بەهەمان پێوەدانگیشەوە، ئەو کتێبەم پێشکێشی بیرەوەری یۆبیلی زێرینی جاڕنامەی مافی مرۆڤ کردووە کە کۆمەڵێک نێوەرۆک و بابەتی هەمەچەشنەی لەسەر ئەو مافانەی مرۆڤ گرتوونەخۆ، کە هێندێکیان پێشتر، لە رۆژنامەی «برایەتی» و «هەرێمی کوردستان» بڵاوکراونەتەوەو لەکاتی نووسینەوەیاندا، بەپێی پێویست پێیان داچوومەوەو بۆ چاکتر کردنیان سووکە دەسکاریەکم کردوون، لەوانە: هەڵگێرانەوەو وەرگەڕاندنی (٣) نامیلکە، کە لە مەڵبەندی مافی مرۆڤ ـ ی جنێڤەوە دەرچوون و بۆ هەریەکێکیان پێشەکی و روونکردنەوەم بۆ نووسیوون: ئەوانیش «مافی کەمایەتییەکان، یاسای ئینسانیی نێودەوڵەتی و مافەکانی مرۆڤ، میکانیزمی نەهێلانی ئازارو ئەشکەنجەدان». هەروا لیستێک بەناوی هەموو ئەو رێککەوتن و پەیماننامەو جاڕنامەو پرۆتۆکۆلانەی کە بە تایبەتی لە (١٩٤٨)ەوە لە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەرچوون لەگەڵ پوختەو خاڵە سەرەکییەکانی ئەو بەڵگەنامانە، ئەوەش بۆ ئەوەی (هەر هیچ نەبێت) خوێنەری کورد ناونیشان و سەرەقەڵەمی ئەو بەڵگەنامانە بناسێ کە دەربارەی پاراستنی مافەکانیەتی و بۆ ئەوەیش بڕی پاراستنی ئەو مافانەی

هەڵسەنگێنێ، لەبەرئەوەیش خودی ئەو سێ نامیلکەیەو زۆربەی ئەو بەڵگەنامانەی کە ئاماژەمان بۆ کردن لە سویسرا بە تایبەت لە (جنێڤ)ەوە دەرچوون و بەوەی کە ئەو وڵاتە مەڵبەندی مافی مرۆڤی لێیەو جگە لە بارەگای ئەورووپی UNو جێگیربوونی دەیان ودەیان ڕێکخراوی ئینسانی و ئیدیکە تێیدا، دەبێ باکگراوندێکی هەبێ، بۆیە بە پێویستمان زانی کە لە میانی کورتە باسێکدا لە پێکهاتەی مێژوویی و یاسایی ئەو وڵاتە بکۆڵینەوە.. ئەمە جگە لە نووسینی دوو بابەتی تر لەسەر دامەزراندنی مەڵبەندی توێژینەوەی بارزانیی نەمر بۆ مافەکانی مرۆڤ و برسێتی و بەدخۆراکی و ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕەوشی هەرێمی کوردستان..

بەو ئومێدەی لە بیرەوەری یۆبیلی زێڕینی مافەکانی مرۆڤدا، وڵاتانی زەبر بەدەست ئاوڕێک لە جێبەجێکردنی بڕیاری ٦٨٨ بدەنەوە، سایلی بڕیارەکانی ترو... بەو هیوایەش لەسەر ئاستی ناوخۆدا پێشێلکردن و سنووربەزاندن کەم بێتەوەو نەمێنێ و تا «دەستوور»ێکمان دەبێ پەرلەمانی کوردستان، تەواوی بەندەکانی جاڕنامە لە یاساکانی تردا دەقنووس بکات.

**پارێزەر:**
**هەژاری عزیز سورمێ**
**ئاداری ١٩٩٨**

# بزسێتی و بەدخۆراکی و پەیوەندی بە ئاشتی و ئاسایشەوەو ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕەوشی هەرێمی کوردستان

**(یەک دوو بۆچوون سەبارەت بە ئەگەرو چارەسەرەکان)**

## 1

**مافە سرووشتی و خۆزاییەکانی مرۆڤ گەلێک ئال و لایەنی دەگرنەوە کە دەربڕی بوون و ماهییەت و شکۆمەندیی ئەون، لایەنی ئابووریی یەکێکە لە مافە ستراتیژییەکانی ئادەمیزاد، هەر بۆیەش زۆربەی ئەو بەڵگەنامە نێودەوڵەتییانەی کە لە دوای شەڕی وێرانکەرو برسی هێنەری دووەمدا دەرچوون کەم تا زۆر جەختیان لەسەرکردۆتەوە، ئەوەش زیاتر وەک بەرەنجامێکی شەڕەکە بوو کە تێیدا مافە ئابوورییەکان و مافەکانی تری مرۆڤ لە پێشێل کردندا پەڕۆیان لەبەر دەرکێشرابوو.**

**بڕوانامە یا (دەستوور)ی نەتەوە یەککگرتووەکان کەتا هەنووکە (١٨٥) دەوڵەتی تێدا ئەندامن، لە پێشەوەی ئەو بەڵگەنامانەیە کە هەر لە دیباچەکەی ڕا، پەیمانی جێبەجێکردنی چەند ئارمانجێکیان بە خۆیان داوە، لەوانە بەکارهێنانی وەسیلەی نێودەوڵەتی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی «ئابووریی» ، هەموو گەلانی دونیا.**

* بڕوانامەکە لە دەستنیشانکردنیدا بۆ ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کە بەندی یەکەمی بۆ تەرخانکردووە، وەک ڕشت بوون و جەخت کردنەوەیەک لە بڕگەی سێیەمیدا دەقنووسی ئەوەی کردووە کە یەکێک لەو ئامانجانە هێنانەدیی هاریکاریی نێودەوڵەتییە، بە چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی کە سیمای ئابووری و...هتد، یان هەیە.

خاڵێکی ستراتیژی تر کە بڕوانامەکە وەک ڕێگاچارەیەکی گرفت و ئاستەنگە ئابوورییەکان، هۆشمەندانە هەستی پێکردووە و ئاماژەی بۆ کردووە، ئەویش بەرقەراربوونی ئاشتییە، هەروەک لە بەندی (٥٥)یدا ئاماژەی بەوەکردووە کە بەرپاکردنی ئیستقرارو ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانی کارێکی پڕ پێویستە بۆ پەیوەندی ئاشتیانەی نێوان دەوڵەتان، بۆیە نەتەوە یەکگرتووەکان هەوڵی بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەران و دۆزینەوەی ڕێگاچارەی گرفتە ئابوورییە نێودەوڵەتییەکان دەدات و کۆششی گەشەو نەش و نماکردن دەکات لەم بوارانە، لە پاڵ پشتگیری لە ڕێزگرتن لە ماف و ئازادییەکانی تری مرۆڤ.

لە هەمووانیش بەبایەختر، دامەزراندنی «ئەنجوومەنێکی تایبەت بە کاروباری ئابووری و کۆمەڵایەتی»یە، وەک یەکێک لە دەزگا سەرەکییەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ ئەمەش بڕوانامەی ناوبراو لە بەندی (٦١)ەوە بۆ (٧٢)ی بۆ ئەم ئەنجوومەنە تەرخانکردووەو لە بەندی (٦٨)یدا، دەسەڵاتی بە ئەنجوومەنەکە داوە کە چەند لیژنەیەک بۆ کاروبارە تەرزاوتەرزەکان پێکبهێنێ لەوانە« چەند لیژنەیەکی ئابووری، ئیقلیمی» بۆ مەبەستی هێنانەدی هاریکاری ئابووری لە نێوان

کۆمەڵێک دەوڵەت کە لە ناوچەیەکی جیوگرافیای دیاریکراو دانیشتەجێن، هەروەک بۆیشی هەیە، کە پەیوەندی و هەماهەنگی لەگەڵ ئاژانسە تایبەتکارو ڕێکخراوە ناحکومییەکاندا بکات، بەو شێوەیەی کە خزمەت بە ئامانجەکانی ئەنجوومەنەکە بکات و بەرژەوەندییەکانی بپارێزێت. ئەم ئەنجوومەنە لە ژێر سەرپەرشتی «کۆمەڵەی گشتی«دا کاردەکاو ئەندامەکانی کە ژمارەیان (٥٤)ە، لەلایەن کۆمەڵەی ناوبراوەوە هەڵدەبژێردرێن و ڕاسپاردەکانی بۆ ئەو دەخاتەڕوو تا پەسەندیان بکات یا ڕەفزیان بکاتەوە، واتە لەبەرئەوەی ئەم ئەنجوومەنە سەربەخۆ نەبووە بەپێی ئەوە دەسەلاتێکی کاریگەرو بەکردەوەیشی نەبووە کە ڕووبەڕووی گیروگرفت و دارمانە ئابوورییەکان ببێتەوە... سەرەڕای لاوازی داراییش.

بەلام لەگەڵ ئەوەیشدا ئەم ئەنجوومەنە پەیامی خۆی هەر هەبووەو بەرچاوترینیان، کە ڕاپەڕاندو بەجێی هێنا ئەوەبوو بەپێی بەندی (٦٨) لە بڕوانامە، هەر لە (١٩٤٦)ەوە، «واتە دوای تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکاندا» (لیژنەیەکی مافی مرۆڤ)ی پێک هێنا، بۆ دانانی پرۆژەی جاڕنامەیەکی جیهانی بۆ ڕێزگرتن و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، ئاکام بەپێی بڕیاری کۆمەڵەی گشتی ٢١٧ ئەلیف (د ـ٣) لە ١٩٤٨/١٢/١٠ ئەو جاڕنامەیەی کە ئێستا لە هەموومان ئاشکرایەو عێراقیش تەئیدی بڕیارەکەی کردووە، درا، کە چەند بەندێکی بۆ مافە ئابوورییەکان تەرخان کردووەو (لە دواییدا ئاماژەیان بۆ دەکەین).

هەرهەمان لیژنەی مافی مرۆڤ کە ئێستا ژمارەیان (٣١) ئەندامەو مەڵبەندەکەی لە (جنێڤ)ـە، ساڵانە بەرێک وپێکی کۆدەبێتـەوەو لـە پـاڵ ئـەنجـامـدانی کۆمـەڵێک کـار کـە پێی سـپێـردراوە، ئـەو شۆڵانـەش جێبـەجێ دەکـات کـە کۆمـەڵـەی گشتی، یان ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆیان دیاری دەکات لەوانە: لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی ئەو ئیدعایانەی کە پەیوەندیان بە پێشێلکردنی مافی هەمەجۆری مرۆڤەوە هەیە، لەسـەر ئـەوە، لـە کـاتی ڕاپـەڕینـە شـکۆمـەندەکـەی خـەڵـکی ستەمدیدەو برسی و ڕەش و ڕووتی کوردستان دژی ڕژێم، ئەم لـیژنـەیـە نێـردراوێـکی تـایبـەتی خۆی، وەک بڕیـاردەرو دەمڕاسـتێـکی تـایبـەتی بۆ عێـراق بۆ لێـتۆژینـەوە لـە پێشێلـکاریـیـەکـان دیـاریکـرد، کـە ئـەویـش وەزیری دەرەوەی پێشووی هۆڵـەنـدا بەڕێـز «مـاکس ڤان دیـر شـتوئـیل»ـە، کە کەسایەتییەکی نێودەوڵەتیی گەورەیەو لە بواری مافی مرۆڤ دا شارەزاو زانایەو لە لێکۆڵینەوەکانیدا وردبین و ڕاستگۆیە، لەگەڵ یاریدەدەرێک (بەڕێز جۆن پاکەر)، کە بە خەبیرێکی ماندوونەناس و لێهاتوو ناسراوە، بەڕێز دیرشتوئیل لە ماوەی ٣ ـ ١٩٩٢/١/٩ هـاتـە عێـراق و دوو ڕۆژیش لـە کـوردسـتان مـایـەوەو دوای ئـەوە چـەنـد ڕاپۆرتێـکی بـەڵـگـەداری گـرینـگی پێشـکـەش بـە لیژنـەی مـافی مرۆڤ و کۆمەڵەی گشتی کردو تـیـایـدا پێشێـلـکردنی هـەمـو بـوارەکـانی مـافی مـرۆڤی سـاغ کردۆتەوە کە لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە ئەنجامدراون و لە بواری ئابووریدا پەنجە بۆ ئەم ئابلۆقە ئابوورییەی سەر کوردستان

ڕادەکێشێ کە چۆن بۆتە هۆی برسی کردنی خەڵکی کوردستان، لەوەدا ئەو سیاسەتەی عێراق، بە پێشێلکردنی بەندەکانی ٢و١١و١٢ی پەیمانی تایبەت بە مافە «ئابووری»و کۆمەڵایەتیی و کەلتوورییەکان دادەنێت. هەروەها ناڕاستەوخۆ پەنجە بۆ هۆکارەکانی برسێتی و بەدخۆراکی لە کوردستان ڕادەکێشێ و بۆ ئەوە باسی تێکدان و وێرانکردنی «٣٨٣٩» گوندو شارۆچکە دەکات لە پاڵ ڕاگواستنی «٢١٩٨٢٨» خێزان بۆ ئۆردوگا زۆرە ملێکان و خاپوورکردنی (٢٧١) خەستەخانەو عیادە... و... زەوتکردنی مافی موڵکداریی تایبەتی و دانانی کۆت و بەست لەسەری، هەروەها بەرگرتن لە چاندن و وەبەرهێنانی زەوی بۆ کشتوکاڵ بە ڕادەیەک کە نزیکەی ٧٥٪ی خاکی بە پیت بۆ کشتوکاڵ، چاندنی قەدەغەکرابوو و لە شوێنی ئەوەدا ئەو خاکەی بەسەدان هەزار مین داچاند، ئەمە جگە لە ئەنفالە بەدناوەکان و کیمیاوی و دەست بەسەرداگرتن و سیاسەتی سووتماکی خاک و پاشان کێشانەوەی دام و دەزگاکانی دەوڵەتی و نەدانی مووچەو ئازووقەو سووتەمەنی لەسەختترین زستانی «١٩٩١» کە بووە هۆی برسێتی و قات و قڕی و نەهامەتییەکی گەلێک گەورەو لە ترسی جینۆسایدێکی تر کە هەڕەشەی لە (مافی ژیان)ی مرۆڤ دەکرد، هەروەها لە برسانا، زۆر لە دارستانەکان قوت کران و بڕانەوە... هەر لەو ماوەیەش دابوو کە گوێ بیست دەبووین لێرەو لەوێ چەند مرۆڤێک لە برساناو لە ترسی کەرامەت تێچووندا، لە زەرف و حاڵێکی پڕ کارەساتدا، کۆتاییان بە ژیانی خۆیان و ماڵ و منداڵیان هێنا یان... هتد.

* له دوای بڕوانامەی نەتەوە یەکگرتووەکان و تەرخانکردنی دەزگا سەرەکی و لاوەکییەکانی بۆ پاراستنی مافی ئابووری مرۆڤ و مافەکانی تر، جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ، لەو بەڵگەنامە ستراتیژی و لە پێشانەیە کە چەند بەندێکی بۆ ئەم مەسەلەیە تەرخانکردووە، هەر بۆ نموونە لە بەندی (١٧)یەمیدا، وەک هۆیەکی ناڕاستەوخۆی برسی کردن باسی مافی موڵکداری (بەشێوە فراوانەکەی) دەکات کە نابێت زەوت بکرێت وەک لە دەقەکەدا هاتووە: «١- هەموو کەسێک چ بەتەنێ یان بە هاوبەشی لەگەڵ خەڵکی دیکەدا مافی موڵکداری هەیە. ٢- نابێت بەرهەمەکی موڵک لە هیچ کەسێک بسەنرێتەوە». هەروەها لە بەندی (٢٢)یەمیدا ڕاستەوخۆ باسی مافی ئابووری دەکا و دەڵێ: «هەموو کەسێک کە ئەندامی کۆمەڵگەیە... بە گوێرەی قانوون و دەستوور و داهاتی هەر دەوڵەتێک دەبێ مافی ئابووری و....، دابین بکرێن».

بەندی (١/٢٥)یش ڕوونتر ئاماژە بە مافی ئابووری لەمیان بەزەروورەتی خۆراک و برسی نەبوون و هۆیەکانی دەکات و دەقنووسی کردووە کە «هەموو کەسێک مافی ژیانێکی تێری هەیە کە بەشی پاراستنی لەش ساغی و خۆشگوزەرانی خۆیی و خێزانی بکات، ئەوەش خۆراک و پۆشاک و خانوو و چاودێری پزیشکی و... تاد».

«پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە ئابووری و ڕۆشنبیری و

کۆمەڵایەتییە»کانیش کە لە ٣ی کانوونی دووەمی ٩٧٦ـەوە ئامادەبووە بۆ جێبەجێکردن لەلایەن ئەو دەوڵەتانەی کە واژوویان کردووە یان بڕوایان پێداوە لە بەندی (٢/١)یەمیدا داکۆکی لەوەدەکات کە هەموو گەلێک، بۆ بەجێ گەیاندنی ئامانجە تایبەتییەکانی، بۆی هەیە بە ئارەزووی خۆی سامان و دەرامەتە سرووشتییەکانی خۆی بەکاربهێنێ دەردەستیان بکات، بەمەرجێک لەگەڵ ئەو ئیلتیزامانەی کە بەرەنجامی پێداویستییەکانی هەرەزۆری ئابووریی نێودەوڵەتی و یاسای نێودەوڵەتین، ناکۆک نەبن.

بەندی (١/١١)یش لە هەمان پەیمانی ناوبراودا، قامک بۆ ئەوە ڕادەکێشێ کە دەوڵەتانی هاوبەش، دان بەوە دادەنێن کە هەموو کەسێک خۆی و خێزانەکەی، مافی ئەوەی هەیە لە ئاستێکی ژیانیی لەباردا بژێت بەشێوەیەک کەپێداویستییەکانیان لە «خواردن» و جلوبەرگ و شوێنی حەوانەوە بۆ مەیسەر بکرێت.

لە ڕوانگەی دانانیشەوە بەوەی کە هەر مرۆڤێک مافی ئەوەی هەیە لەدەست برسێتی ڕزگاری ببێت، دەوڵەتە هاوبەشەکانی ئەم پەیماننامەیە هەریەکێک و بەپێی توانستی خۆی بەهۆی هەرەوەزی نێودەوڵەتییەوە بەو کارانە ڕادەبێت کە پرۆگرامی دیاریکراو و پێویست و بەرچاوی بۆ ئەم شتانەی خوارەوە تێدایە (بەندی ٢/١١):

١- چاککردنی ڕێگاکانی ڕەنێوهێنان و هەڵگرتن و دابەشکردنی شت و مەکی خۆراکی، لە ڕێگای کەڵک

وەرگرتنی تەواو لە زانیارییە هونەری و تەکنیکی و زانستییەکان و بڵاوکردنەوەی زانیاری دەربارەی بنەماکانی خۆراکی و دامەزراندن یا چاککردنی سیستەمەکانی دابەشکردنی زەوی و زاری کشتوکاڵی بەشێوەیەک کە چاکترین نەش ونما پێکردنی دەرامەتە خۆزاییەکان، دەستەبەر بکا.

٢- زامن کردنی دابەشکردنی دەرامەتە خۆزاییە جیهانییەکان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە، بەپێی پێویست بوون، کە تێیدا گرفتی ئەو وڵاتانەی کە خۆراک دەکڕن و ئەوانەی دەینێرنە دەرەوە، وەک یەک ڕەچاو بکرێت...

هەمدیس، ئەو دەوڵەتانەی کە «پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە شارستانی و سیاسییەکان»یان پەسەندو واژوو کردووە یان بڕوایان پێداوە، لەوانە عێراق کە دوورو نزیک دووپاتی ئەو مەسەلەیان کردۆتەوە.

## 4

هەر لەو ڕێگایەداو وەک پرۆسەیەکی مەیدانی، چەندین ئاژانسی تایبەتمەندی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی هاتنە کۆڕی ئیشکردن وەک ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵ و بانکی نێودەوڵەتی بۆ بیناو ئاوەدانکردنەوەو سندووقی دراوی نێودەوڵەتی...هتد.

لەسەر ئاستی ئیقلیمی نێوان دەوڵەتانیشدا چەندین ڕێکخراو و بازاڕ دامەزران بۆ زاڵبوون بەسەر برسێتی و بەدخۆراکی و

گەشەکردن و چارەسەرکردنی ئاستەنگ و بێ بارییە ئابوورییەکان لەوانە: «رێکخراوی ئەورووپی بۆ هەرەوەزی ئابووری» کە بەهۆی «پرۆژەی مارشاڵ»ـەوە دامەزراو کارەکەی دابەشکردنی یارمەتی و کۆمەکی ئابووری ئەمەریکا بوو بۆ دەوڵەتە ئەورووپییەکان لە دوای شەڕی جیهانی دووەم و توانی بەرنامەیەکی هاوبەشی لەبار جێبەجێ بکا بۆ بووژانەوەو گەشەکردنی پەیوەندییە ئابوورییەکان و زیادکردنی بەرهەمهێنان و یەکخستنی نەخشەی ئابووریی دەوڵەتانی ئەندام، لەبەر هێندێک هۆ ئەم رێکخراوە هەڵوەشایەوەو لە شوێنیدا «رێکخراوی هاریکاری و گەشەکردنی ئابووری» لە ١٩٦١ دا دامەزرا، هەروەسا «هەڤاڵبەندیی ئەورووپی بۆ ئاڵوگۆڕی سەربەست»و «کۆمیکون، بازاڕی شیوعی هاوبەش کە هەڵوەشایەوە»و«بازاڕی ئەورووپی»و «بازاڕی عەرەبی هاوبەش ١٩٦٧»و «ئەنجوومەنی هاریکاری کەنداو»و ... تاد ..

**5**

ئەمانەو گەلێک نموونەی تریش، بەڵام ئەگەر لە ١٩٤٥ەوە حیسابی بۆ بکەین، (بەوەی بەهرەی پتری بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان کە دەرهەق بە پاراستنی مافی مرۆڤ دەقنووس کراون و دەرچوون، دوای ئەم مێژووە بووە) دەبێ چەند لەم پەیماننامەو بروانامەو جاڕنامەو نامانەی تر، بە جیدی پیادەکرابن؟!... ئەگەر کراون رێژەی ئەم پیادەکردنە دەبێت چەند بێت؟!... ئایا ئەو برەی کە ئەنجامدراوە بۆ «باکوور» و «باشوور»ی گۆی زەوی وەک یەک بووە؟!...

دەوڵەتە ڕۆژئاوایی و پێشکەوتووەکان، یا دەوڵەتانی باڵا دەست و زەبر بەدەست لە نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەوانەی لەهەمبەر ئاشتی و ئاسایشی دونیاو خۆشگوزەرانی گەلاندا، خۆیان بە بەرپرس دەزانن، ئایا ئەوەی بۆ گەلانی خۆیانیان دەوێت بۆ ئەوانی تریش هەروایە؟!...

ئایا بە «ڕاستی» مەبەستیانە کە دەوڵەتانی جیهانی سێیەم و ڕۆژهەڵاتی ناڤین و تازە پێگەیشتووەکان، ئەم بەڵگەنامانە جێبەجێ بکەن؟

یا دەیانەوێ پاراستنی مافی مرۆڤ لەگەڵ هەڵویستی ڕەنگاوڕەنگی سیاسی وڵاتەکانیان تێهەڵکێش بکەن...؟!...

دەبێ بوونی ئەم بەڵگەنامانە، چ نازو نیعمەتێک بووبن بۆ ئەم دەوڵەت و ڕژێمە دکتاتۆریانەی کە لە پشت پەردەی دەقنووس کردنی بە ئەنقەست، لە دەستوورو یاسا ناوخۆییەکاندا، چ سیاسەت و پلانێکی «برسی کردن» و قڕکردنیان گرتبێتەبەر؟!!...

لەلایەک گەنم و دانەوێڵە بۆ نێو دەریاو گۆشت و خوری مەڕ و ماڵاتیش بۆ ژێر عەرزو قاوەش بۆ سووتاندن، نەوەکا نرخەکانیان دابەزێت!!

لەلایەکی تریش میهرەجانی خوێنە... بۆنی کەلاک و لاکەی نەخۆش و زیرەی مەلۆتکە برسییەکان و نەعرەتەو هاواری ڕیخۆڵە ماندوو و خاڵییەکانە...

سـەیـر لـەوەدایـە! ئـەو دەوڵـەتـانـەی یـەکـەم، هـەر خۆیـان ئـەم ڕێککەوتننامانەیان واژوو کردوون و کردوویانەتە بەشێک لە یاسا ناوخۆییەکانیان لە کاتێکدا چاک لەوە حاڵی و بەخەبەرن کە واژوو کردنی ڕێککەوتننامەیەک یان بەقادان پێی، یانی ئـیـلـتـیـزامی قـانـونی... و مـافی مـرۆڤـیش بـەپێی یـاسـای نێودەوڵەتی لـە بنـەما (امـره)یەکـانە کە پێویستە جێبەجێ بـکـرێت... هـەردوور نـەڕۆیـن دەسـتـووری کـاتـیی عێـراقی، ناوەڕۆکی زۆر لە بەندەکانی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤی بۆ دەسـتـوورەکـە گـواسـتۆتـەوە، کـەچی تـەنـهـا پـیـتێـکی ئـەم دەسـتـووره لـەم مـەیدانـەدا، نـەک هـەر وەگـەڕ نـەخـرا، بـەڵـکو ئیبداعیش لە پێشێلکردنیدا کرا...

## 6

بـە گـوێرەی عێـراق و هەرێـمی کوردسـتـانـەوە، هەروەک بـەڕێز «دێرشتوئیل» لە هەموو ڕوویەک و بارێکی مافی مرۆڤەوە لێی کۆڵـیوەتەوە، وەک ئەوەی کە خۆیشمان لە نێو موعاناتەکەدا، ژیـاین، بـەڵێ... حـکـومـەتی بـەغـدا بـوو کـە ڕاسـتـەوخۆ و نـاڕاسـتـەوخۆ، خـەڵـکی کـوردسـتـانی دووچـاری بـرسێـتی و بەدخۆراکی و تـەنـگو چـەڵـەمەی ئـابـووری کـرد... بـەڵام ئـاخۆ دەسەڵاتی نیشتمانی چ دەورێکی هەبووە؟!... چ بەرنامەیەکی دانا بۆ دەرچوون لەو کارەسات و قەیرانە؟!... بەداخەوە ئەوەی ڕژێم پێی نەکرا، یا پێی ڕانەگەیشت ئەنجامی بدات، لە دوای ڕاپەڕیندا ئەنجامدرا، لە دزی و تالاّن و تێکدان و سووتاندن و ئـاودیوکردنی ئەو کەلوپەل و کارگەو ئـامرازانـەی کە ژێرخانی

ئابووری پێکدەهێن، جگە لە نەبوونی هێمنی و ئاسایش و ئارامی... ئەوە بێجگە لە کارەساتی شەڕی ناوخۆ و ئیفرازاتەکانی لە بێ کاری و بێ بەرهەمی و ئیفلیج بوونی کارگەکان و داگیرکاری و لەکارخستنی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ و کەمی بازرگانی و نائارامی و نەبوونی ئاشتی و دڵنیایی و بێ بڕوایی نیگەرانی و دڵەڕاوکێی بەردەوام کە لەو جۆرە کەش و هەوایانەدا برسێتی و بەدخۆراکی زێتر ڕەگ دادەکوتن و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گیروگرفتی ئابووری گەورەتر دێنە پێشەوەو لە ئاکامی ئەوەشدا قەیرانی کۆمەڵایەتی و خێزانی و ڕەوشتی گەورە سەرهەڵدەدەن... چونکە وەک دیارە بەرپابوونی ئاشتی و ئاسایش پەیوەندییەکی پتەو و بەتینی بە نەهێشتنی برسێتی و بەدخۆراکی و چارەسەرکردنی قەیرانە ئابوورییەکانەوە هەیە. دەوڵەتانی ئەورووپای بەشەڕهاتوو، لە جەنگی جیهانی دووەم، لە ڕووی وەزعی ئابووری و بڵاوبوونەوەی برسێتی، تەواو شڕو بێ هێزبوون و ژێرخان و سەرخانی ئابووریان لاوازو کزبو و بەشێوەیەک کە خۆیان بە پڕۆژەی مارشاڵی ئەمەریکاییەوە هەڵواسی و ئەڵمانیا سەرەڕای ئەو بارە نالەبارەش لەسەری بوو قەرەبووی دەوڵەتە زەرەرمەندەکانیش بداتەوە، لەسەر ئەوە جەندین پرۆگرام و چەندین ڕێکخراوی ئابووریان دامەزراند و هەوڵی پێویست و دڵسۆزانەیان داو تابەو پلەیە گەیشتن کە هەموومان دەیزانین بەتایبەتی ئەڵمانیا کە ئێستا لە ڕادەی پێشکەوتن و گەشەکردنی ئابووریدا لە پێشی پێشەوەی دەوڵەتانی دونیادا دێت و بەسەدان هەزار کوردی لەدەست برسێتی و قات و قڕی و وەزعی پڕ شەڕو شۆڕو نالەباری

کوردستان، ڕزگارکردووە. ژاپۆن دووجار بۆمبای ئەتۆمی لێدرا، بەڵام بەقەد قووڵی و خەتەرناکی ئەو دوو بۆمبە لە ڕووی ئابوورییەوە ڕاپەڕی و بە خۆهاتەوەو بەرەو پێشتر چوو، ئەو لێدانە بە هێزتری کرد بەتایبەتی لە ڕووی کارو کارگەو تەکنەلۆژیاو پیشەسازی و بەرهەمهێنانەوە، زەمەنی کورت کردەوە... ئەی بۆ ئەوانەی لە دوای ڕاپەڕین، خۆیان بە بەرپرس لە چارەنووس و ژیانی وڵات و هاونیشتیمانان دادەنا، ڕووی ڕاستەقینەی «بەرپرسیاریەتی»یان نیشانەی خەڵکی کوردستان نەداو تەواو وەک خزمەتکارێک نەجوولانەوە.

**7**

لە دوای کۆچڕەوە ملیۆنییەکەی خەڵکی کوردستان، بەتایبەتی دوای دەرپەڕاندنی ڕژێم، چەندین ڕێکخراوی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوی ناحکوومی لە ئەورووپا و ئەمەریکاوە ڕوویان لە کوردستان کرد، بە مەبەستی کۆمەک پێکردن و یارمەتیدان و هاریکاری خەڵکی کوردستان بۆ مەبەستی بنیاتنانەوەی گوندو دێهاتەکان... بێجگە لەوانیش چەندین ڕێکخراوی یارمەتی و ئاوەدانکردنەوە لە ناوخۆی کوردستان پێکهاتن و هاتنە کۆڕی ئیشکردن... ژمارەی ئەم ڕێکخراوانە بە دەیانن کە هەندێکیان ڕێکخراوی ناوخۆی کوردستانین، وەک **KRA**و **KRO**و بڕێکی تریان ڕێکخراوی ناحکوومی نێو دەوڵەتین NGO بۆ نموونە: ئیکیولیبەری فەڕەنسی و کاریتاسی سویسری و (٩) ڕێکخراویش سەر بە «UN»نن، وەک: UNHCRو UNESCOو WHOو WFPو FAO.

سەرەڕای دەست بەکاربوونی کەم تا زۆری ئەو ڕێکخراوانەو هەوڵی جیدی و دڵسۆزانەی هەندێکیان و «بە چاوپۆشین» لە ئارمانجی سڕی هەندێکی تریان، چونکە شتێ لە ئامانجی ئاشکرایان هەر ئەنجام دەدەن کەچی قەیران و تەنگژە ئابوورییەکان هەر چارەنەکراون. دیارە کە هۆی ئەوەش لە بەشێکیدا بۆ باری شەڕو بازرگانی کردن بە هەندێ لەو ڕێکخراوانە و حزباندنیان و کوت و بەست خستنە سەریان لە هەندێ ناوچە و دەردەست کردنی ناوو کاری هێندێک ڕێکخراو بۆ بەرژەوەندی حزبایەتی... ئەگەرنا، کوێ ئەو ڕێکخراوانە لە هەر شوێنێکی تر دەست بەکاربووایەن، ئەوا برسێتی زۆر کەم دەبۆوەو بەدخۆراکی نەدەماو ئابووری وڵات لە گەشەسەندندا دەبوو. لێرەدا بەرپابوونی ئاشتییەکی هەمیشەیی و بەرقەراربوونی حوکمی یاساو ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ، هەروا هێنان و وەگەڕخستنەوەی کارگەو کرێکارو یەکخستن و بەرنامەڕێژکردنی کاری ڕێکخراوە هەمەجۆرەکان، دەبنە هۆی نەهێلان و ڕیشەکێش کردنی برسێتی و بەدخۆراکی. دیارە کە نەزیف و ئیفرازاتی ئەو شەڕەماڵوێرانییە، چونکە میللەت لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی دوای ڕاپەڕین باجی گەورەی داو لێرەدا ڕێگەچارەی سەرەکی بە مەزەندەی خۆم ئەوەیە کە: کوردستان بخرێتە ژێر چاودێری «سیستەمی ڕاسپاردەی نێودەوڵەتییەوە».

## 8

نەتەوە یەکگرتووەکان ئەنجوومەنێکی تایبەتی بۆ جێبەجێکردنی

ئەو سیستەمە داناوە و بڕوانامەکەی، هەردوو بەشی (١٢و١٣)ی بۆ تەرخانکردووەو بەندی (٧٦)، ئارمانجەکانی ئەنجوومەنی ڕاسپاردەی دەستنیشان کردوون کە گرنگترینیان جێگیرکردنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی و پشتگیری کردنە لە پێشکەوتنی (ئابووری) و سیاسی و سوسیولۆجی و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و هەنگاو بەرەو حوکمی خۆیی... چۆنیەتی بڕیاردان و پیادەکردنی ئەم سیستەمە لە ڕێگای ڕێککەوتنی تایبەتییەوە دەبێت لە نێوان ئەنجوومەن و ئەو دەوڵەتانەی کە دوای ڕاپەڕین و کۆچڕەو بە بەردەوامی پرۆسەی «پرۆڤاید کۆمفورت»یان تا هێڵی «٣٦» بۆ گەلی کوردستان دابین کردووەو پارێزگاریکردنی ئەو ناوچانەیان لەدەست هەر هێرش و دەستدرێژییەکی ڕژێم، خستۆتە ئەستۆی خۆیان، واتە ئەو دەوڵەتانەی کە بەرپرسیارن لە پاراستنی بەشێکی گەورەی کوردستان، بێگومان ئەو ڕێککەوتنانەش دەبێ بە ڕەزامەندی «کۆمەڵەی گشتی» بێت. (بەندی ٧٧ لە بڕوانامە).

ئەوەی زیاتریش پاساوی پیادەکردنی ئەم سیستەمە دەدات، (جگە لەو بارە ناهەموارەی لە هەمووان ڕوونە) ئەوەیە کە ڕژێم هەر لە کۆتاییەکانی ١٩٩١ ئیداراتی دەوڵەتی لە هەرێم کێشایەوەو ئابلۆقەی ئابووری خستەسەرو هەموو پەیوەندییەکی دەوڵەتی و سیاسی و خزمەتگوزاری لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا پچڕاند، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە بەرەی کوردستانی لە ژێر حیمایەی دامودەزگاکانی UN و ئەمەریکاو فەرەنسا و بەریتانیا وەک شەرعیەتێکی شۆڕشگێڕی (کە لە پاشدا بووە ئەمری واقیع) بۆشاییەکە پڕ بکاتەوە. ئەنجوومەنی ڕاسپاردن

لە سێ بەش پێکهاتووە، یەکەمیان ئەو دەوڵەتانە دەگرێتەوە کە ئەو هەرێمانە بەڕێوە دەبەن کە لە ژێر ڕاسپاردەدان و پێشتر ئەوکاتەی (کۆمەڵەی گەلان) لە کاردابوو، ئەو هەرێمانە کە لە ژێر سیستەمی ئینتیدابی پلە (ب.ج)دا بوون، لەو دەوڵەتانەی کە مابن، ئوسترالیایە کە هەرێمی غینیای نوێی پێ سپێردرابوو، هەروەها ئەمەریکایە کە لە ژێر سەرپەرشتی ئەنجوومەنی ئاسایشدا بەڕێوەبردنی «دوورگەکانی دەریای ئارام»ی پێ سپاردراوە.

دووهەمیان: دەوڵەتە هەمیشەییەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش دەگرێتەوە کە هیچ ئیقلیمێکیان پێ نەسپێردراوە، ئەوانیش «بەریتانیاو چین و فەڕەنساو ڕووسیا» دەگرێتەوە، بەشی سێیەمیش ئەو دەوڵەتانە دەگرێتەوە کە کۆمەڵەی گشتی بۆ ماوەی (٣) ساڵ هەڵیاندەبژێرێت. بە مەرجێک بۆ کۆکردنەوەی لەگەڵ بەشی دووەمدا یەکسان بن بەو دەوڵەتانەی بەشی یەکەم (بەندی ٨٦ لە بڕوانامە).

بەڵام لە ڕووی پرۆسەی کردەییەوە، ئەنجوومەنی ڕاسپاردە لە ئەندامانی هەمیشەیی جڤاتی ئاسایش و (ئوسترالیا!) پێکهاتووەو لەسەر ئەوە ئەو دەوڵەتانەی خۆیان لە پاراستن و بەڕێوەچوونی ئێمە، بە بەرپرسیار دەزانن، هەر هەمان ئەندامی ئەنجوومەنی ڕاسپاردن و ئەندامی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایشن و دەتوانن بە ئیختیارو ئارەزووی خۆیان ئەم سیستەمە لە کوردستان ئەنجامبدەن و بە هانای خەڵکە زوڵم و ستەملێکراوەکەی بێن و لە هەموو بوارەکانی ئەمن و ئاسایش

و ئاشتیدا بە ئاستێکی چاکی بگەیێنن و لەدەست هەژاری و برسێتی و قات و قڕی و دواکەوتوویی، ڕزگاری بکەن. بەتایبەتیش کە سیستەمی دەنگدان لە ئەنجوومەنی ڕاسپاردندا سادەو ساکارەو هەر بڕیارێک بە زۆرینەی دەنگی ئامادەبووان و بەشداربووان لە دەنگداندا، دەردەچێت و هەر ئەندامێک تەنها یەک دەنگی هەیە. (بەندی ٨٩ لە بڕوانامە).

لە حاڵەتی ڕێککەوتن و ڕەزامەندی و پاشانیش دەست بەکاربووندا، ئەنجوومەنی ڕاسپاردن، بەگوێرەی ستراتیژییەت و ناستراتیژبەتی هەرێمەکەوە، کارەکانی خۆی لە ژێر سەرپەرشتی ئەنجوومەنی ئاسایش و کۆمەڵەی گشتی»یەوە بەڕێوەدەبات، هەروەک بۆشی هەیە لە کاتی پێویستدا داوای هاوکاری لە ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئاژانسە تایبەتمەندەکانیش بکات، لێرەدا ئەوەی پێویستە کە ئەم ئەنجوومەنە ڕای بپەڕێنێ:

- لێتوێژینەوەو گفتوگۆکردن و پشکنین و تاوتوکردنی ئەو ڕاپۆرتانەیە کە لەلایەن دەسەڵاتی ئیدارەو بەڕێوەبردنەوە بەرز دەکرێتەوە پاشان هەڵێنجانی چەند ڕاسپاردەیەکی بەجێ و بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجوومەنی ئاسایش یا کۆمەڵەی گشتی، بەوەش ئەم ئەنجوومەنە لە هەموو بارێکی «ئابووری» و کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەو هەرێمە حاڵی و بەخەبەر دەبێت.

- پێکهێنانی لیژنەی جۆراوجۆر بە پێی نێوەڕۆکی ئەوکارەی کە پێیان دەسپێردرێت و سەردانیان بۆ هەرێمە ڕاسپێردراوەکەو چاودێری کردنیان بۆ دەوڵەتانی پێ ڕاسپێردراو لە هەموو بوارو

ڕووێکەوە، هەروەها بۆ مەبەستی گوێگرتن لە داواکاریی و سکاڵا و گلەیی دانیشتووانی هەرێمەکە و لێ وردبوونەوە لە مەودای پێشکەوتنیان لە هەموو بارێکەوە، ئەوەش بەپێی نێوەڕۆکی ڕێککەوتننامەی ڕاسپاردن و ئارمانج و بنەماکانی نەتەوە یەکگرتووەکان.

ـ وەرگرتنی ئەو سکاڵانامانەی کە لەوانەیە خەڵکی هەرێمەکە یا خەڵک و دەوڵەتانی دیکە دەیکەن و پشکنین و لێتوێژینەوەیان هاوکار لەگەڵ دەسەڵاتی بەڕێوەبردندا. ئەو سکاڵانامانەش، یا لە ڕێگای دەسەڵاتی ئیدارەو بەڕێوەبردنەوە یاخود لە ڕێگای ئەمینداری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە حەواڵەی ئەنجوومەنی ڕاسپاردە دەکرێن.

ـ ساڵانە دەبێت ڕاپۆرتێک ئامادە بکا لەسەر ڕادەو ئاستی گۆڕان و بەرەوپێشەوە چوونی هەر هەرێمێکی پێ ڕاسپێردراو لە هەموو بارو بوارەکانی (ئابووری) و کۆمەڵایەتی و فێرکردن و سیاسی و...هتد، ئەویش بە ئاراستەکردنی کۆمەڵێک پرسیارو وەڵامدانەوەی لەلایەن دەسەڵاتی بەڕێوەبردنەوە.

**9**

بەم شێوەیە، سیستەمی ڕاسپاردە، کە ئەنجوومەنی ڕاسپاردەی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بەڕێوەی دەبات، لەو ماوەی دەست بەکاربوونیدا، توانی ڕۆڵێکی ئاکتیڤ تر لە « سیستەمی ئینتیداب»ی ڕۆژگاری کۆمەڵەی گەلان، وازی بکات، بەڵگەشمان بۆ ئەوە، زۆر لەو ئیقلیم و هەرێمانە کە لە ژێر پلەی

(ب.ج)ی ئـیـنـتـیـداب دابـوون، کـە ئـەوانـیش (نـاوەڕاست و ڕۆژئاوای ئەفەریقیا) دەگرێتەوە، تا هاتنی شەڕی جیهانی دووەم و دامـەزرانـدنی ڕێـکخراوی نـەتـەوە یـەکـگرتـووەکـان، زروفـیـان هەروەک خۆی مایەوەو لەگەڵ هاتنی سیستەمی ڕاسپاردە، ئەو ئـیـقـلـیـمـانـەی کـە پاشمـاوەی کۆمەڵـەی گـەلان بـوون (سـەربـاری چەندین ئیقلیمی تری دوای شەڕی جیهانی دووەم)، حەواڵەی ئەنجوومەنی ڕاسپاردە کران و ئەویش (سەرەڕای هەموو گرفتێک کە لە نێوان ئیقلیمەکان و خۆی و دەوڵەتە پێ ڕاسپاردەکاندا ڕووی دەدا)، توانی دەوری چاک بگێڕێت و بە هیممەتی دڵسۆزی و خۆنەویستی خودی هەرێمەکانیش کە میللەتی دواکەوتوو و برسیش بوون، نزیکەی هەموویان سەربەخۆ بوون بەڕادەیەک کە ئێستا ئەم ئەنجوومەنە، دەتوانین بڵێین بێ ئیشە، هەر بۆ نموونە هەندێک لەو ئیقلیمانەی کە لە ژێر سیستەمی ڕاسپاردەی نێودەوڵەتی دابوون و سەربەخۆیی خۆیان وەرگرت و پێدرا، تۆگۆی بەریتانی کە لە پاشاندا لەگەڵ (ساحل الذهب)دا یەکی گرت و دەوڵەتی غانای پێکهێنا (٢٣٩,٠٠٠ کیلۆمەتر دووجا، ١٥,٥٠٠ ملیۆن کەس) لەساڵی ١٩٥٧ سەربەخۆ بوو، تۆگۆی فەڕەنسی (٥٦,٨٠٠کم٢ ـ ٣,٥ ملیۆن کەس) لە ساڵی ١٩٦٠دا سەربەخۆ بوو، تەنجانیقا لەساڵی ١٩٦١دا سەربەخۆیی وەرگرت و لە پاشاندا لەگەڵ دوورگەی زنجباردا یەکی گرت و «کۆماری تەنزانیا»ی پێکهێنا (٩٤٥,٠٠٠کم٢، ٢٥,١٠٠ ملیۆن کەس)، ڕوانداو ئۆروندی کە بوون بە دوو دەوڵەتی سەربەخۆ، ڕوانداو بۆرۆندی یەکەمیان (٢٦,٣٠٠کم٢، ٧,٤٠٠ ملیۆن) و بۆرۆندی (٢٧,٨٠٠کم٢، ٥,٥٠٠ ملیۆن کەس)،

لەوانی دوای شەڕی دووەمیش بۆ نموونە لیبیا لە (١٩٥٢) سەربەخۆیی وەرگرت و (سۆماڵ) لە ١٩٦٠.... تاد.

ئەوەی شایانی گوتنە ئەوەیە کە زۆربەی ئەو ئیقلیمانەی قارەی ئەفەریقیا، کە ئێستا سەربەخۆ بوون بە دەوڵەتی پێشکەوتووی ئەو کیشوەرە دادەنرێن لەوانە کۆماری غانا کە «ئابووری»ییەکەی لە گەشەکردنی بەردەوام دایەو لە ئاستێکی بەرزی پیشەسازی و فێرکردن و کەلتووردا دەژین و وەک وڵاتێکی کشتوکاڵی جۆرەها بەرووبوومی وەک کاکاو پەتاتەو نیسکافە دەنێرێتە دەرەوە، جگە لە زێڕو ئەڵماس... هەروەها کۆماری بۆرۆندی کە وەک وڵاتێکی کشتوکاڵی لە ئاستێکی لەبار دەژین و کۆماری تەنزانیاش دوای سەربەخۆیی دەسەڵاتدارانی ناوخۆی ئەگەر لانەدرابان، خەریک بوو دیکتاتۆریەتی تیا بچێنن... ئەم وڵاتەش ئاستی ژیان و گوزەرانی بە شێوەیەکی گشتی لەبارەو بەرووبوومی کشتوکاڵی و سامانی ئاژەڵ و هەندێ کانزاو دارستانی هەیە... لەوەشدا هەمووی مەنزورمان ئەوەیە کە سیستەمی ڕاسپاردن بەرهەمێکی هەر چاند تا لە دواییدا بدرویێتەوەو کێشەی ئەو میللەتانەش «تەدویل» بکرێن.

## 10

لە سۆنگەی بایەخ و بەنرخ هەڵسەنگاندنی مافە ئابوورییەکانی مرۆڤ، ئاکام، جاڕنامەیەکی جیهانیی تایبەت بە ڕیشەکێشکردنی برسێتی و بەدخۆراکی لەلایەن کۆنگرەی خۆراکی جیهانییەوە کە بەپێی بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەسترا، پەسەند و بڵاوکرایەوە. جاڕنامەکە ئەم کێشە ستراتیژییە جیهانییەی

بە کۆمەڵێکی کۆسپ و بەست و لەمپەرەوە بەستۆتەوە، کە بە لابردنیان گرفتەکە بنەبڕ دەبێت، لەوانە دەسڕۆیی و داگیرکردنی بیانی و کۆلۆنیالیزم بە هەموو شێوەکانییەوە، هەروەها قەرزی دەرەکی وڵاتە تازە فراژووبووەکان و زیادبوونی تێچووەکانی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ و لاسەنگیی تەرازووی ئافرەت و پیاو لە مافەکانیاندا و نەبوونی «ئاشتی و دادپەروەری» لە جیهاندا و ڕێزنەگرتن لەسەربەخۆیی و سەروەری نەتەوەیی وڵاتان و «تەشەنەکردنی نەخۆشییە درێژخایەنەکان» و «تێکچوونی هەیکەل و دارشتەی دێهاتەکان» و دەست بڵاوی لە بەکاربردنی خۆراک و دواکەوتوویی تەکنەلۆژیای بەرهەمهێنانی خۆراک و ئەو هەویرە ئاوێکی زۆر دەکێشێ و لێرەدا سەرەڕای گیروگرفت و سلبیاتی سیستەمی ڕامیاری ڕاسپاردەی نێودەوڵەتی، ئەگەر جێبەجێ بکرێت، لە ئاست شەڕو برسیکردنی ناوخۆ حاڵی حازر چارەی تر بە دەستەوە نابینم، لە پاشدا بەو ئومێدەم کە پەرلەمان و حکوومەتی (ئاشتی پارێزو دەست و دڵ خاوێن و میللەت پەرستی) داهاتوو، ناوەڕۆکی بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان، بەتایبەتیش هەردوو جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ و ڕیشەکێش کردنی برسێتی و بەدخۆراکی، لە دەستوورو یاسا جۆربەجۆرەکانی هەرێمی قۆناخی داهاتوو دەقنووس بکەن و لەوپەڕی چاودێری و سەرپەرشتی کردنیشدا پیادە بکرێن... بۆ ئەوەی ئاشتی و حوکمی یاسا سەروەربێت و برسێتی بنەبڕ ببێت...

11

# دەقی جاڕنامە

کۆنگرەی خۆراکی جیهانی، کە بە پێی بڕیاری کۆمەڵەی گشتی ۳۱۸۰(د ـ ۲۸) لە ۱۷ی کانوونی یەکەمی ۱۹۷۳دا بەستراوە، لە ڕۆژی ۱٦ی تشرینی دووەمی ۱۹۷٤دا پەسەندی کردووە، لە دواییشدا کۆمەڵەی گشتیی بە بڕیاری ۳۳٤۰۸ (د ـ ۲۹) لە ۱۷ی کانوونی ۱۹۷٤دا دانی پێداناوە. کۆنگرەی خۆراکی جیهانی، کە لەسەر بانگهێشتی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان گرێ درا، ئەو کۆنگرەیەی لەبەرچاو گرتنی ئەو ڕێگاو هۆیانەی پێ سپێردراوە، کە تەواوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بتوانێت بە هۆیەوە، بایەخ بە ڕێوڕەسمێکی دیاریکراو بدات، بۆ چارەسەرکردنی تەنگ و چەڵەمەی خۆراکی جیهانی، لە چوارچێوەیەکی بەرفرەتردا، چوارچێوەی پەرەپێدان و هاریکاری ئابووری نێودەوڵەتی، ئەم جاڕنامەیەی خوارەوە پەسەند دەکات.

## جاڕنامەی جیهانیی تایبەت
## بە ڕیشەکێش کردنی برسێتی و بەدخۆراکی

**لەبەر ئەوەی هەستی پێکردووە:**

أ- کە ئەو قەیرانە خۆراکییە ترسناکەی کە ئێستا گەلانی وڵاتە تازە گەشەسەندووەکان، دووچاری هاتوون، بەوەی کە زۆربەی برسی و بەدخۆراکەکانی دانیشتووانی دونیای لێ دەژی و بەوەی دوو لەسەر سێی دانیشتووانی دونیا خواردنی سێیەکی

بەرهەم دەهێنێ ـ ئەمەشیان لاسەنگییەکەو لە (١٠) دە ساڵی داهاتوودا ترسی قورستر بوونی لێ دەکرێ ـ کە ئەمەشیان نەک هەر بە شوێنەوارە ئابووری و کۆمەڵایەتییە خەتەرناکەکانەوە لێوان لێو بووە، بەڵکو هەڕەشەیەکی پڕ مەترسیشە بۆ بایەخدارترینی ئەو بنەماو بەهایانەی کە بە مافی ژیان و شکۆمەندی مرۆڤایەتییەوە پەیوەستن، وەک لە جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤیشدا هاتووە.

ب- ڕیشەکێش کردنی برسێتی و بەدخۆراکیش کە لە جاڕنامەی نەتەوەیەکگرتووەکانی تایبەت بە پێشکەوتن و پەرەپێدان لە بواری کۆمەڵایەتیدا هاتووە، بەوەی یەکێکە لە ئامانجەکانی و نەهێشتنی ئەو ئەگەرانەی بەو بارەیان دەگەیەنێت، هەردوو ئامانجی هاوبەشن بۆ هەموو گەلان.

پ- باری ئەو ئادەمیزادانەیش کە بەدەست برسێتی و بەدخۆراکییەوە دەناڵێنن، هۆیەکانی بۆ هەلومەرجی دیرۆکییان دەگەڕێتەوە، بەتایبەتیش لە نابەرامبەری کۆمەڵایەتیدا، تایبەتتریش لە زۆر باراندا، دەسرۆی بیانی و کۆڵۆنیالیزمی نوێ بە هەموو شێوەکانییەوە، کە تاکو ئێستاش ئەم کۆسپە گەورانەن ڕێ لە بە ئەنجامدانی ڕزگاری و پێشکەوتنی وڵاتە تازە پێشکەوتووەکان و تەواوی ئەو گەلانەی کە پەیوەندییان پێوە هەیە، دەگرێت.

ت- ئەم بارەیش بەهۆی زنجیرەیێ قەیران کە ئابووری جیهانی ڕووبەڕووی بووەوە، توندتربوو، بەتایبەتیش تێکچوونی سیستەمی دراوی نێودەوڵەتی و زیادەی هەڵئاوسان لە

تێچوونەکانی هێنان و ئەو بارگرانییەی کە قەرزی دەرەکی بەسەر تەرازووی پێدانی گەلێک لە دەوڵەتە تازە گەشندەکانی دەسەپێنێ و زیادبوونی خواست لەسەر خواردەمەنی کە ئەمەش بەشێکی بۆ فشاری دیموگرافی و جامبازی و کەمبوونی تێچووە بنەڕەتییەکان لە بەرهەمهێنانی کشتوکاڵیداو زیادبوونی تێچووەکانی دەگەڕێتەوە.

ج- پێویستە ئەو دیاردانە لە چوارچێوەی ئەم گفتوگۆیانەدا تەماشا بکرێن کە دەربارەی بڕوانامەی مافی دەوڵەتان و ئەرکە ئابوورییەکان لە گۆڕێدان و پێویستە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی هەمەلایەن لەسەر بڕوانامەیەک هان بدرێت، کە لەسەری بڕوات و ببێتە ئامرازێکی کاریگەر بۆ دروستبوونی پەیوەندییە ئابوورییە نوێیە نێودەوڵەتییەکان، لەسەر بنچینەی بنەماکانی یەکسانی و دادپەروەری.

چ- هەموو وڵاتانیش گەورەبن یا بچووک، دارابن یاخود هەژار، یەکسانن، هەمووشیان مافی تەواویان لە پشکداری کردن لە دانانی ئەو بڕیارانەوە هەیە کە بەتەنگ و چەڵەمەی خۆراکەوە بەندن.

خ- خۆشگوزەرانی گەلانی دونیاش، تا ڕادەیەکی زۆر لەسەر ڕەنێوهێنان و دابەشینەوەی خۆراک بەبڕێکی پێویست، دەوەستێت، هەروەها لەسەر دروستبوونی سیستەمێکی جیهانی بۆ ئەمنی خۆراکی کە فەراهەمکردنی بڕی پێویستی خۆراک، بە نرخێکی لەبارو یەکبینە دەستەبەر بکات،

بەچاوپۆشین لە بێ بارییە وەرزییەکانی ئاو و هەواو گۆڕانکارییە لە هیکڕاکانی، دوور لە کۆمەڵە کارێکدا، پرۆسەی پەرەپێدانی وڵاتە تازە پێشکەوتووەکان، سانا دەکات.

د- ئاشتی و دادپەروەریش مەودایەکی ئابووریان هەیە کە یاریدەی چارەسەرکردنی هەموو گرفتە ئابوورییەکانی جیهانی و پاکتاوکردنی دواکەوتن دەدات و چارەسەرێکی هەمیشەیی و یەکجارەکی بۆ تەنگ و چەڵەمەی خۆراک بۆ هەموو گەلان مسۆگەر دەکات و مافی ڕاپەڕاندنی بەرنامەکانی گەشەپێدان، کاراو سەربەستانە بۆ هەموو وڵاتێک زامن دەکات، لە پێناوی ئەم ئامانجەیشدا پێویستە پەنابردنە بەر گەف و هەڕەشەی بەهێز نەهێڵرێت و هاندانی هاریکاری ئاشتیانەی نێودەوڵەتانیش بۆ ئەو پەڕی تواناو پیادەکردنی بنەماکانی دەست تێوەرنەدان لە کاروبارە ناوخۆییەکانی دەوڵەتانی ترو، یەکسانی تەواو لە مافەکان و ڕێزگرتن لە سەربەخۆیی و سەروەری نەتەوەیی. هەروەها وەبەرنانی ئارەزووی هاوکاری ئاشتیانە لە نێوان هەموو دەوڵەتاندا، بە چاوپۆشین لە سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریاندا، بەردەوامبونیش بۆ چاککردنی بەندو بارە نێودەوڵەتییەکان دەبێتە هۆی فەراهەم کردنی هەلومەرجێکی چاکتر بۆ هەرەوەزی نێودەوڵەتی لە هەموو ڕوویێکەوە کەوا دەکات لە کۆمەڵێک کاروباردا یارای بەکاربردنی دەرامەتی دارایی و ماددی گەورەی ببێت بۆ گەشەپێدانی بەرهەمی کشتوکاڵی و چاککردنی سەرتاپاگیری ئەمنی خۆراکی جیهانی.

ر- له پێناو دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی هەمیشەیش بۆ تەنگ و چەڵەمەی خۆراک، پێویستە هەموو هەوڵێک بۆ لابردنی ئەو کەلێنە بەرفراوانەی کە ئەمڕۆ وڵاتە گەشەسەندووە پێشکەوتووەکان و وڵاتە تازە پێشکەوتووەکان لێک دادەبڕێ و بۆ بنیاتنانی سیستەمێکی ئابووری نوێی نێودەوڵەتی، بدرێت، هەروەها پێویستە هەموو وڵاتان توانای بەشداری چالاکانەو بەکاریان لە پەیوەندییە ئابوورییە نوێیە نێودەوڵەتییەکاندا بۆ دامەزراندنی چەند دەزگایەکی نێودەوڵەتی لەبار، هەبێت کە لەکاتی پێویستدا توانای پێویستی بۆ لەبەرچاوگرتنی بنیاتنانی پەیوەندیی یەکسان و دادپەروەرانە لە هاریکاری ئابووری نێودەوڵەتیدا هەبێت.

ز- وڵاتە تازە پێشکەوتووەکان سەر لە نوێ باوەڕی خۆیان دووپات دەکەنەوە کە بەرپرسیارێتی زامنکردنی گەشەپێدانی خێرایان، دەپێشدا لە ئەستۆی خۆیاندایە، هەر لەبەر ئەوە ئامادەگی خۆیان بۆ بەردەوامبوون لەسەر زێدەکردنی کۆششیان یەک یەکەو پێکەوە ڕادەگەیەنن. لە پێناوی بەرفراوانکردنی دەستەوایی یەکتر لە بواری گەشەپێکردنی کشتوکاڵ و بەرهەمهێنانی خۆراک، بەتایبەتیش بنەبڕکردنی برسێتی و بەدخۆراکی.

ژ- لەبەر هەبوونی گەلێک وڵاتیش کە تاکو ئێستا و لەبەر گەلێک هۆ و ئەگەر ناتوانن ڕووبەڕووی پێداویستییە خۆراکییەکانی تایبەت بە خۆیان ببنەوە، پێویستە بۆ دەست بارگرتنیان کارێکی نێودەوڵەتیی بە پەلەو ئاکتیڤ بکرێت، دوور لە هەموو فشارێکی سیاسی کە لەگەڵ مەبەست و ئارمانجەکانی

جاڕنامەی دامەزراندنی سیستەمێکی ئابووری نوێی نێودەوڵەتی و بەرنامەی ئەوکارەی کە کۆمەڵەی گشتی لە خولی نائاسایی شەشەمیدا پەسەندی کردووە بڕوات، لە ئەنجامی ئەوانەدا، کۆنگرە ئەمەی خوارەوە بە هەمووان ڕادەگەیەنێ:

1

هەموو ئافرەت و پیاو و منالێک، بۆ ئەوەی بە تەواوی توانستی لەش و تەن و ئاوەزی خۆی پەرە پێبداو بیپارێزێ، بێ دەست تێوەردان، مافی ئەوەی هەیە لە برسێتی و بەدخۆراکی ڕزگاری ببێت. کۆمەڵگای ئەمڕۆ، بەڕاستی خاوەنی دەرامەت و توانستی تەکنەلۆژی و ڕێکخستن، لە دواییشدا توانایەکی (کفاءە) وایە کە ئەم ئامانجە جێبەجێ بکا، لەبەرئەوە بنەبڕکردنی برسێتی ئامانجی هاوبەشی هەموو وڵاتانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتییە بەتایبەتیش ئەم وڵاتانەی زێتر پێگەیشتوون و ئەوانەی توانای یارمەتیدانیان هەیە.

2

ئەرکە بنەڕەتییەکانی حکومەتان پێکەوە کارکردنیانە بۆ زێدەکردنی بەرهەمهێنانی خۆراک و دابەشکردنی، بەسەر وڵاتان و ناوەوەیشیاندا، بەشێوەیەکی یەکسانی ترو کاریگەرتر، پێویستیشە لەسەر حکوومەتان دەستبەجێ هێرش و هەڵمەتێکی یەکدەستانەی گەورەتر بۆ سەر ئەو نەخۆشییە درێژخایەنانەدا بکەن کە بەرەنجامی بەدخۆراکی و کەم خۆراکی دەستەی هەژارو کەم دەرامەتانن. هەروەها حکوومەتەکان لەسەریانە بۆ ئەوەی خۆراک

پێدانی پێویست بۆ هەمووان دەستەبەر بکەن. نەخشەی سیاسەتێکی خۆراکی و تێربی لەبار چوارچێوەی پلانە گشتییەکانی گەشەپێکردنی کۆمەڵایەتی و ئابووری کشتوکاڵی لەسەر بناغەی زانستێکی ڕاست، ئەوەی کە لە دەرامەتی خواردەمەنی لەبەردەستدایەو ئەوەی لەوانەیە بێتە دەست، بکێشێ، لەم ڕووەیشەوە، لە گۆشەنیگای تێرخۆراکیدا، پێویستە پێ لەسەر بایەخی شیری ئادەمیزادا بگیرێت.

3

لەکاتی ئامادەکردن و ڕاپەڕاندنی پلان و پرۆگرامەکانی نەتەوەیی بۆ گەشەپێکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی، پێویستە پێ لەسەر لایەنەکانی مرۆڤایەتی بۆ تەنگ و چەڵەمەکانی خۆراک لەکاتی باسکردنیدا، بگیرێت.

4

لە ئەستۆی هەموو دەوڵەتانی پەیوەندار، بەپێی خەملاندنی سەروەربیان و یاساکانی ناوەخۆیان، مسۆگەرکردنی لابردنی هەموو ئەو کۆسپانەیە کەڕێ لە بەرهەمهێنانی خۆراک دەگرن، دابینکردنی پاداشتی شیاو و لەبار بۆ جوتێرەکان.

لە جەوهەریشدا گەیشتن بەو ئامانجانە، کردەیەکی ئاکتیڤی دەوێ بۆ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان کە چاکسازی سیاسەتی کشتوکاڵی و باج و دەست قەرز (سلفە) و وەبەرهێنان بگرێتەوەو دارشتەی دێهاتەکان ڕێک بخرێتەوە، وەک چاککردنی

مەرجەکانی موڵکداری و هاندانی هەرەوەزە گەلییەکانی بەرهەمهێنان و بەکاربردن و کۆکردنەوەی تەواوی توانستی دەرامەتە مرۆییەکان لە وڵاتە تازە گەشندەکاندا بۆ نێرو مێ بەیەکسانی لە پێناو گەشەپێدانێکی تەواوکاری دێهات و بەشداری پێکردنی وردە کشتیارو ڕاوچیانی ماسی و کرێکارە بێ زەوییەکان. لە جێبەجێکردنی ئامانجە پێویستییەکانی هەردوو بواری بەرهەمهێنانی خۆراکی و، کرێ گرتەیی، ئەمە وا پێویست دەکات دان بە دەوری بایەخداری ئافرەت لە بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و ئابووری و دێهاتی و زۆربەی وڵاتان بنرێت و مەسەلەی بوارداني فێرکردنی شیاو و پرۆگرامی ڕێنوێنی دارایی، بۆ ئافرەت و پیاو بەیەکسانی کاری بۆ بکرێت.

**5**

دەرامەتە دەریاییەکان و دەرامەتە ئاوییەکانی ناوخۆ بەوەی سەرچاوەی خۆراک و خۆشگوزەرانی ئابوورین، ئەمڕۆ لە هەموو کاتێک زیاتر، بایەخدارترن، بۆیە پێدڤی بۆ هاندانی سوودو مفا وەرگرتنی ژیرانە لەم دەرامەتانە کارێک بکرێت لە پێناوی بەشداریکردن لە بەجێ گەیاندنی پێویستی تەواوی گەلان لە ڕووی خۆراکەوە، واچاکترە ئەمەش بۆ بەکاربردنی ڕاستەوخۆی ئادەمیزاد بێت.

**6**

لە پێناوی بەرگرتنیی دەست بڵاوی لە خۆراکدا بەهەموو شێوەکانییەوە، هەموو هەوڵێکی مومکین بدرێت بۆ

تەواوکردنی هەموو ئەو کۆششانەی کە دەبنە هۆی زێدەکردنی بەرهەمهێنانی خۆراک.

7

لە پێناوی وەگەڕخستنی بەرهەمهێنانی خۆراک لە وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان، بەتایبەتیش ئەو وڵاتانەی کەمتر گەشەیان کردووەو زێتر زەرەرمەند بوون، لەسەر وڵاتە پێشکەوتووەکان و وڵاتانی تر کە توانستی ئەوەیان هەیە، پێویستە کارێکی نێودەوڵەتی خێراو سەرکەوتوو بکەن بۆ ئەوەی یارمەتی بەردەوامی تەکنیکی و داراییان بە مەرجی لەبارو قەوارەیەکی وا، کە بایی ئەوە بێت پێداویستییەکانیان پڕ بکاتەوە، بدات و لەسەر بناغەی ڕێکخستنی دوو لایەنەو چەند لایەنە. هەروەها پێویستە ئەو یارمەتییانە لە هەموو ئەو مەرجانە بەدووربن کە دژ بە سەروەری ئەو دەوڵەتەن کە یارمەتییەکە وەردەگرێت.

8

لەسەر هەموو وڵاتانە، بەتایبەتیش ئەو وڵاتانەی ئاستێکی بالایان لە پیشەسازی کردندا هەیە، هانی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای بەرهەمهێنانی خۆراک بدەن و بۆ هاندانی گواستنەوەو گونجاندن و بلاوکردنەوەی تەکنەلۆژیای لەبار بۆ بەرهەمهێنانی خۆراک لە سوودو بەرژەوەندی وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان، هەموو کۆششێک بکرێت. بەم جۆرە بەتایبەتیش بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئامانجە، هەموو هەوڵێک بدرێ بۆ بلاوکردنەوەی ئاکامەکانی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە

لەسەر حکوومەت و پەیمانگا زانستییەکان لە وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان دەکرێن، بۆ ئەوەی بتوانێت گەشەپێکردنی بەردەوامی کشتوکاڵی بەرەو پێشبەرێت.

**9**

بۆ دابینکردنی پاراستنی شیاوی دەرامەتی سرووشتی بەکارهێنراو یان ئەوەی دەست دەدات لەبەرهەمهێنانی خۆراکدا بەکاردێت، پێویستە لەسەر هەموو وڵاتان، لە پێناوی ساناکردنی پاراستنی ژینگە، بە ژینگەی دەریاییشەوە، هاوکاری یەکتر بکەن.

**10**

لەسەر هەموو وڵاتە پێشکەوتووە گەشەسەندووەکان و وڵاتانی تریش کە توانایان هەیە، لە رووی تەکنیکی دارایی هاوکاری و هەرەوەز بکەن، ئەویش لە هەوڵیاندا بۆ فراوانکردنی دەرامەتی وشکایی و ئاویی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و دەستەبەرکردنی زیادەیەکی خێرا لە فەراهەمکردنی تێچووەکانی کشتوکاڵی وەک پەیین و شتی تر لە کەرەستەی کیمیاوی و چەشنی چاکی تۆو، دڵنیایی و تەکنەلۆژیا، بە بەهایەکی شیاو. گرنگیشە لەم بوارەدا وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان هاوکاری یەکتری بکەن.

**11**

لەسەر هەموو دەوڵەتانە ئەوپەڕی کۆشش بکەن، لە پێناوی لە پێشتر گرتنی بەرهەمهێنانی خۆراک، سیاسەتی کشتوکاڵیان لەکاتی پێویستدا بگونجێننەوە، لەگەڵ دانانان لەم رووەوە

بەوپەیوەندییە ئاڵوگۆڕەی نێوان گرفتی خۆراکی جیهانی و بازرگانی نێودەوڵەتی و لەسەر دەوڵەتە پێشکەوتووە گەشەسەندووەکان پێویستە لە بڕیاردانی هەڵوێستیاندا بەرامبەر بە پرۆگرامی پشتگیری کردنی کێڵگەکان، لە پێناوی بەرهەمهێنانی خۆراک لە نێوخۆدا، بەپێی توانا، بەرژەوەندی ئەم وڵاتە تازە پێگەیشتووانەی کە خۆراک دەنێرنە دەرەوە ڕەچاو بکەن، بۆ ئەوەی لە نێردراوەکانیاندا زەرەرمەند نەبن، لە پاڵ ئەوەشدا پێویستە مشورێکی تەواو بخۆن، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گرفتی دەقپێگرتن و سەقامگیری بەسەر بازاڕەکانی جیهاندا و هاندانی بەهای شیاو و پڕ بە پێست بەهۆی ڕێکخستنە نێودەوڵەتییە لەبارەکان و ڕێخۆشکردنی گەیشتن بە بازاڕەکان بەهۆی کەمکردنەوەی یان لابردنی کۆسپە گومرگی و ناگومرگییەکان لەسەر ئەو بەرووبوومانەی کە جێی بایەخی وڵاتە تازە پێگەیشتووەکانن و بۆ زیاد کردنێکی گەورەی دەرامەتی نێردراوەکانی ئەم وڵاتانەو ئاسانکردنی هەمە جۆرکردنی ئەم نێردراوانە، هەروەها لە پێناوی ڕابوون بە گفت و گۆیە بازرگانییە چەند لایەنەکان، بە پیادەکردنی ئەو بنەمایانەی لە جاڕنامەی تۆکیۆ لەسەری ڕێککەوتوون، بە بنەمای «وەک خۆ مامەڵە نەکردن»و «بەچاوی نزیکتر تەماشاکردن»یشەوە، هەموو دەوڵەتان هاریکاری و هەرەوەزی یەکتر بکەن.

**12**

لەبەرئەوەی دەستەبەرکردنی فەراهەم کردنی بڕێکی جیهانی کە بەش بکات، لە کەرەستەی خواردەمەنی بنەڕەتی لە هەموو

ساتێکدا، بەهۆی یەدەگە باشەکان، بە یەدەگە نائاساییەکانەوە، بەرپرسیاریێتی تەواوی کۆمەڵگای نێودەوڵەتییە، بۆیە لەسەر هەموو دەوڵەتان پێویستە لە دامەزراندنی سیستەمێکی چالاک بۆ ئەمنی خۆراکی جیهانی لە ڕێگای ئەمانەی خوارەوەدا، هاریکاری یەکتر بکەن:

* بەشداریکردن لەوەکارخستنی سیستەمی جیهانی بۆ زانیاری و ئاگادارکردنەوەی زووتر سەبارەت بە خۆراک و کشتوکاڵ.

* خۆ بەستنەوە بە ئارمانج و سیاسەت و بنەما ئاراستەکراوەکان کە لە پرۆژەی «پەیماننامەی نێودەوڵەتی سەبارەت بە ئەمنی خۆراکی جیهانی» کە کۆنگرەی خۆراکی جیهانی پەسەندی کردووە، داهاتوون.

* بەپێی توانا، ڕابوون بە لاتەریک کردنی چەند داکراوێک (مخزونات) یان بڕوا پێدان، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پێداویستییە خۆراکییە نێودەوڵەتییە لە هیکڕاکان بە پێی ئەوەی کە پرۆژەی «پەیماننامەی نێودەوڵەتی سەبارەت بە ئەمنی خۆراکی جیهانی»، دەقنووسی کردووەو دانانی بنەمای ئاراستەکراوی نێودەوڵەتی بۆ مەیسەرکردنی ڕێکخستنی ئەم داواکراوانە و سوود وەرگرتن لێیان.

بەشداریکردن لە فەراهەمکردنی باروبووی خۆراکی بۆ ڕووبەڕوو وەستانی بارە نائاساییەکان و پێداویستییە خۆراکییەکان، هەروەها بۆ هاندانی کرێ گرتەیی لە دێهاتدا، بەهۆی پرۆژەکانی گەشەپێکردن.

* پێویستیشە هەموو ئەو وڵاتانەی یارمەتییان بەخشیوە چەمکی بەرنامەڕێژی، ئینجا باروبووی خۆراکی، پەسەند بکەن و پیادەشی بکەن و هەموو کۆششێک بۆ دابینکردنی شت و مەکە بنەڕەتییەکان و یاخود یارمەتییە داراییەکان بکەن ئەمەش بۆ دابینکردنی چەند بڕێک لە دانەوێڵە کە بەش بکات و هی تریش لە شت و مەکە خۆراکییە بنەڕەتییەکان. وەختەکەی کورتە، کاری خێراو بەردەوامیش شتێکی زیندووە، بۆیە کۆنگرە داوا لە هەموو گەلان دەکات هاوشان لەگەڵ یەکتردا بکەونەکار، ئەویش لەمیان گوزارشت لە خواستەکانیان وەک تاکە کەس و لە ڕێگای حکوومەتەکان و ڕێکخراوە ناحکوومییەکانیشەوە بۆ لابردنی مۆتەکەی برسێتی کە لە چەند سەدەوە ڕا بەسەر ملاندا زاڵ بووە.

**کۆنگرە جەخت دەکات لەسەر:**

ڕشت بوونی دەوڵەتانی هاوبەش لەسوود وەرگرتنێکی تەواو لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە دانانی ئەم جاڕنامەیەو بڕیارەکانی تر کە کۆنگرە پیادەی کردووە.

## ئەو سەرچاوانە تەماشا كراون:


ـ محمد سعيد الدقاق، التنظيم الدولى، بيروت١٩٨١ .

ـ ضاري رشيد السامرائى، الفصل والتمييز العنصري فى ضوء القانون الدولى العام، دار الرشيد للنشر، بغداد ١٩٨٣ .

ـ ماكس ڤان ديرشتوئيل، تقرير عن حاله حقوق الانسان فى العراق/ لجنه حقوق الانسان١٩٩٢/ .

ـ حقوق الانسان. مجموعه صكوك دوليه/ مركز حقوق الانسان فى جنيف/ منشورات الامم المتحده ١٩٨٨ .

ـ هادي رشيد الچاوشلى، دول العالم، مطبعه دار الجاحظ بغداد ١٩٨٦ .

ـ د. عزالدين فوده، ضمانات دوليه لحقوق الانسان، دار الكاتب العربى ـ القاهره ١٩٦٩ .

ـ الدكتور حامد سلطان، القانون الدولى العام فى وقت السلم، دار النهضه، القاهره، ١٩٧٦ .

# فیدراڵیەتی سویسری:
# تایبەتمەندێتی و سیستەمەکانی فەرمانڕەوایی
# (حکوومەتی جەمعیە، دیموکراسی بە هەرسێ شێوەکانییەوە، بێ لایەنی و پڕۆژەی هاوبەشیکردن لە پێناوی ئاشتیدا)

* سەرەتا، سویسرا «**Switerland**» دەکەوێتە نێو جەرگەی ئەورووپاوەو لەگەڵ وڵاتانی فەڕەنساو نەمساو ئیتاڵیاو ئەڵمانیادا هاو سنوورە، هەروەک بە یەکێک لە دەوڵەتە چکۆڵەکانی ئەم قارە دەژمێردرێ بەوەی ڕووبەرەکەی تەنها ٤١/٣٠٠ کیلۆمەتر دووجایەو لە باکوورییەوە بۆ باشوور بە درێژایی ٢٢٠ کیلۆمەتر دەکشێ و لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا نێزیک بە ٣٣٠کم دەبێت و دانیشتووانی بەپێی سەرژمێرییەکانی (١٩٩٣-١٩٩٤)، ٦,٩٠٠ ملیۆن کەسە، جنێڤ و لۆزان و بازل و زیوریخ و لۆسێرن و بێرن لەشارە بەناوبانگ و پێشکەوتووەکانی سویسران، کە ئەوەی دوایان پایتەختەکەیەتی و ژمارەی دانیشتووانی ٢٩٩ هەزار کەسە. زنجیرەی ئەلب و جۆرا، لە چیا بڵندەکانن و ڕووبارەکانی ڕۆن و ڕاین لە سەرچاوە ئاوییە گرینگەکانن، بێجگە لە دەریاچەی

جنێڤ (لیمان) کە فەرەنساو سویسرا لە یەک جیادەکاتەوەو درێژییەکەی ۷۲کم و پانییەکەی لە نێوان ۳تا۱٤کم و قوولترین شوێنی دەگاتە ۳۷۲مەتر.

لە سویسرادا سێ نەتەوەی جیاواز دەژین کە بەپێی دەستووری ولاتەکە وەک یەک و بەسەرەکی دانراون و زمانەکانیشیان زبانی رەسمی فیدرالیەتی سویسرییە ئەوانیش: ئەلمانی بە رێژەی ۷۰٪ و فەرەنسی ۱۹٪ و ئیتالی ۱۰٪ غەیرە ئەوانەیش ۱٪ی دانیشتووان بە زبانی رۆمانی کۆن (رۆمانتش) دەپەیڤن کە وێ دەچێ پاشماوەی رۆمانەکان بن، ئەوانەی لە رۆژگارە کۆنەکاندا حوکمی سویسرایان کردووە.

بەگوێرەی ئۆل و عەقیدەی ئایینیشەوە ٥۷٪ی دانیشتووان کە پتر لە نیوەی کۆنتۆنەکان (ویلایەتەکان) پێکدەهێنێ، پرۆتستانتین و زۆربەیان لەشار دادەنیشن و ٤۱٪ی ئەو دانیشتووانە بەتایبەت ئەوانەی لە گوند و دێهاتەکاندا دادەنیشن کاسۆلیکین و ۲,۲٪ مووسلمانن.

لەدوا دواکانی سەدەی سێزدەمین (۱۲۹۱)، چوار کانتۆنی ئەلمانی زوبانی سویسرای ئێستا وەک (ئەورە، شفتس، ئەنترڤالدن) کە لە ژێر رکێف و دەسەلاتی نەمساوییەکاندا بوون، بە فەرماندەی «وێلهێلم تل» شۆرشی رزگاری و سەربەخۆییان بەرپاکرد کە کانتۆنی سویس «**Schwyz**» لە پێشەنگ دابوو، لە ئاکامدا سەرکەوتن و، یەکێتی کۆنفیدرالی سویسرییان دامەزراند کە وەک دیارە ناوەکە، لە نیوەی کانتۆنی ناوبراوەوە وەرگیراوە.

به درێژایی چەندین سەدەی دوای دامەزراندنی ئەم یەکێتییە، یەکگرتوویی و هەستی نیشتمانپەروەریی، لە سویسرا دا دروست نەبوو و هەر بریتی بووە لە چەند کانتۆنێکی نیمچە سەربەخۆو چەند حکوومەتێکی سیستەم جیاواز... تا ساڵی ١٨٤٨ کە بەپێی دەستووری ئەو ساڵە سویسرا بڕیاری یەکگرتنی زیاترو بەهێز تربوونی داو لە کۆنفیدراڵییەوە گۆڕا بە فیدراڵی. لە دوای شەڕی جیهانی یەکەمەوە ئەندامی کۆمەڵەی گەلان (١٩١٩)بووە کە بارەگاکەیشی هەر لەوێ بووەو ئێستاش بارەگای ئەورووپی نەتەوە یەکگرتووەکانی لێیە بەڵام ئەندام نییە تێیدا. گەلی سویسرا لە هەموو ئالێکی فەرهەنگی و ئابووری و سیاسی و ئازادی هزرو پاراستنی مافی مرۆڤ و ئاشتی پارێزییدا، لەبەرەوپێش چوونی بەردەوامدان و «سیاسەتی بێ لایەنی»یش خزمەتی چاکی لەو پێشکەوتنەدا کردن. کانتۆنی جنێڤ، لە نێو کانتۆنەکانی فیدراڵیەتی سویسرادا تایبەتمەندێتی خۆی هەیەو جێگای شانازی مرۆڤایەتیشە بەوەی زۆربەی ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافی مرۆڤ لەوێدا لە چالاکیدان لەوانە مەڵبەندی مافی مرۆڤ و ڕێکخراوەکانی خاچی سووری نێودەوڵەتی و کاری نێودەوڵەتی و تەندروستی نێو دەوڵەتی، بێجگە لەبارەگای ئەورووپی (UN) و نزیکەی (١٥٠) ڕێکخراوی جیهانی ناحکومی، هەروەک بەشاری داڵدە و ئاشتی و میوانداریش دەژمێردرێ لەوەشدا وەک باس دەکرێ لە مەیدانی مۆلارد لە جنێڤ لەسەر بەردی بورجی سەعاتێکی کۆن، دەستەواژەی «جنێڤ، شاری پەناگا» هەڵکەنراوەو زۆر پەیماننامە

نێودەوڵەتییەکانیش نەخاسمە ئەوانەی پەیوەست بە مافی مرۆڤن، هەر لەو کانتۆنەدا مۆرکراون، هەربۆیەش لەسەر ئاستی سویسرا بە پایتەختی نیشتمانی و لەسەر ئاستی دونیاش بە «پایتەختی جیهانی» نێوزەدکراوە، ئەو پایتەختەی لە ڕووبەری (٢٨٢کم٢) و لەکۆی (٣٨٠) هەزار کەس، نیسبەتی سێیەمی (٣:١)، هاوولاتیانی (١٥٠) دەوڵەتن کە لێی دەژین یا دەیانەوێ بیکەن بە پەناو داڵدەی خۆیان یاخود کاری لێدەکەن... جنێڤ لە ڕووی پەرەپێدانی فەرهەنگی و کولتووریشەوە زۆر لە پێشدایەو (٢٠٪) بودجەی ساڵانەی کانتۆنەکە کە دەکاتە پتر لە (١٤٠)ملیۆن فەرەنگی سویسری، بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کراوە. هەقە هەموو دەوڵەتانی دونیا، ئەوانەی کە فرە نەتەوەو زوبان و ئایین و تایەفەن، چاو لە سویسراو عەقڵیەتی کراوەو ئاستی بەرزی بیرکردنەوەی سویسریەکان بکەن کە چۆن سێ (٣) نەتەوەو چەندین تایەفەی ئایینی، بە یەکسانی ئەرکەکانی خۆیان بەجێ دێنن و مومارەسەی مافەکانیان دەکەن و بەشێوەیەک کە وەک ئینتیمای نەتەوەیی مامەڵە ناکەن، بەڵکو تەنها وەک «زوبان» و خۆیان لە بۆتەیەکدا تواندۆتەوە ئەویش «وڵاتی سویسرا»یە، ئەوان دەیانەوێ سویسرییەکی بە بنەڕەت فەرەنسی جوداوازیی هەبێت لەگەڵ فەرەنسییەک و بەڕاستەقانیی سویسراو خاسیەتەکانی (نموونەی باڵا)ی بێت، وێدەچێ لە ڕووی مەیدانییەوە دەمێک بێت ئەو هەستە دروست بووبێت، ئەوەتا هەر بۆ نموونە «ئۆلیڤییە ڤۆدۆ»ی سەرۆکی حکوومەتی کانتۆنی جنێڤ گوزارشت لەو نموونە باڵایە دەکات و لە چاوپێکەوتنێکی

کۆتایی ۱۹۹۵داو لەبەرسڤی پرسیارێکدا دەڵێ: (... بەر لە چەند ساڵێک چەند گرووپێکی سویسری داوای سەربەخۆیی جنێڤ یان کرد بۆ ئەوەی وەک مۆناکۆ و سان ڕیمۆی لێ بێت، بەڵام ئەو بیرکردنەوەیە هەڵەیەو باوەڕناکەم بێتەدی و جنێڤ بەپێی سویسرا وەک پایتەختی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی تر نامێنێتەوە، ئەو شوێنەیشی کە هەیە لەبەرئەوەیە کە سەر بە سویسرایە...). بەهەر حاڵ، ئەوانە و ئەو تایبەتمەندێتی و خاسیەتانەی کە قەدەر ئەعوامێکی زۆرە ئەو دەوڵەتەی پێ دەناسرێتەوە، وایان لەمن کرد کە لە چەند ئاماژەیەکدا ئەم چەند دێرەی خوارەوە بنووسم و لە بەراییدا پەنجەنمایەک بۆ سیستەمی حکوومەتی جەمعیەو ئەوانی تر وەک ئەوەی دادێ، درێژ بکەم.

• **یەکەم: سیستەمی حکوومەتی جەمعیە**

دەسەڵاتە گشتییەکان لە دەوڵەتانی ڕۆژئاوا لەسەر سێ سیستەمی سیاسی بەڕێوەدەچن ئەوانیش یەکەمیان سیستەمی پەرلەمانییە کە بەهۆیەوە پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن، پەیوەندییەکی چاودێری ئامێزو هاوسەنگ و هاوکاریی یەکترییە؛ سیستەمی سەرۆکایەتی دووەمینیانە کە لە ڕووی نەزەرییەوە، پرەنسیپی لێک هاوێردنی دەسەڵاتەکان لە چوارچێوەیدا بەتەواوی پیادە دەکرێ؛ دوامینیش ئەوەی حکوومەتی جەمعیە (حکوومەتی پاشکۆی پەرلەمان)یە کە تێیدا هەردوو دەسەڵاتە سەرەکییەکە لەلایەن یەک دەسەڵاتەوە بەڕێوەدەبرێت.

زۆربەی دەوڵەتان هەردوو سیاسەتی پەرلەمانی و سەرۆکایەتی پیادە دەکەن و تاقە دەوڵەتێک کە تا ئێستا دەسەڵاتەکانی لە سیستەمی حکوومەتی جەمعیەوە بەڕێوەببات فیدراڵیەتی سویسرایە. بەپێی ئەو سیستەمە پەرلەمان هەردوو دەسەڵات بەڕێوەدەبات، بەڵام لەبەر ئەوەی ناتوانێت و ناپرژێت، کە هەردووکیان بەڕێوەبەرێت، دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن( ئەنجوومەنی وەزیران)؛ وەک پاشکۆ و بە ڕێگاپێدان و لەژێر چاودێری سەرپەرشتی و ڕێنمایی خۆیدا (پەرلەمان)؛ بەستاف و هەیئەتێکی تری دەسپێرێ کە هەر ئەو ستافەیشە وەزیرەکانی لێ پێک دەهێنرێ و لێرەدا چۆن و لە سیستەمی سەرۆکایەتیدا (وەزیرەکان) بەرامبەر پەرلەمان بەرپرس نین و تەنها بە یاریدەدەری سەرۆک کۆمار دەژمێردرێن و ئەوەی دوایی دایان دەمەزرێنێ و لایان دەبا، لە حکوومەتی جەمعیەشدا تەنها پەرلەمان مافی دامەزراندن و هەڵبژاردن و لابردنی وەزیرەکانی هەیەو مومارەسەکردنی تایبەتکارییەکانیان بە ڕاسپاردەیی ئەوە. بەگوێرەی سویسرا، لە دەستووری کارپێکراوی (٢٩)ی مایسی (١٨٧٤)دا ئەم سیستەمەی جێگیرکردووەو بونیادی دەسەڵاتە گشتییەکانی، بەو شێوەیەی خوارەوە لەسەر هەڵناوە:

**١- بەگوێرەی دەسەڵاتی ناوەندیی فیدراڵییەوە.**

## أ- دەسەڵاتی یاسادانان:

لە سویسرا پێی دەوترێ (کۆمەڵەی فیدراڵی)، وەک ئەوەی لە ئەمەریکا «کۆنگرێس»ی پێ دەڵێن.

ئەم کۆمەڵەیە لە هەردوو «ئەنجوومەنی نیشتمانی یا نەتەوەیی» و «ئەنجوومەنی کانتۆنەکان یا دەوڵەتەکان پێکهاتووە (بەندی٧١) لە دەستووری ناوبراو». ئەنجوومەنی نیشتمانیی یا نەتەوەیی، لە ڕێگای هەڵبژاردنێکی گشتیی سەرتاسەرییەوە دەکرێت، بۆ ماوەی چوار ساڵان و بەنیسبەتی ئێک نوێنەر بۆ هەر (٢٢٠٠٠)هەزار کەس بەو مەرجەی هەر کانتۆنێک (ویلایەت یا هەرێم کە ژمارەیان ٢٢ کانتۆنە، ١٩ کانتۆنی یەکگرتوو و ٣ کانتۆنی دوو کەرت کراوە)، بە لای کەمەوە نوێنەرێکی هەر هەبێت، بەدەر لەوەی ژمارەی دانیشتووانیان تێ هەڵدەهێنێ یان نەء؟... لێرەدا هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی لەسەر ئاستی هەموو سویسرادا ئەنجامدەدرێ وەک ئەوەی دەوڵەتێکی سادە بێت نەک فیدراڵی (بەندەکانی ٧٦،٧٣،٧٢). «ئەنجوومەنی کانتۆنەکان»یش لە (٤٤) ئەندام پێکهاتووە بە نیسبەتی (٢) ئەندام بۆ هەر کانتۆنێک و ئەندامێک بۆ هەر نیو کانتۆن (بەند ٨٠). بوونی ئەنجوومەنی کانتۆنەکانیش بەو شێوەیە هاوشانییە وەک دیارە بۆ ئەوەیە کە هاوسەنگییەک لەگەڵ ئەنجوومەنی نیشتمانیدا دروست بکاو کانتۆنە بچووکەکان نەکەونە ژێر دەسەڵات و ڕکێفی کانتۆنە بە ژمارە، زۆرەکانەوە؛ بەوەی کە لە ئەنجوومەنی نیشتمانیدا، ئەو کانتۆنانەی ژمارەی دانیشتووانیان مشەیە، نوێنەری زیاتریان لە ئەنجوومەنی ناوبراودا دەبێت و بەوپێیەش دەنگی زیاتریان دەبێت و تاڕادەیەک دەکارن خۆیسەپێنن، هەر لەبەر ئەوەش بەندی (٧٩) لە دەستووری سویسری لەکاری یاسادانانندا هەردوو ئەنجوومەنی نیشتمانی و کانتۆنەکانی ئێکسان

کـردووەو بـەو پێیـەش پێـویـسـتـە دەرکـردنی یـاسـا ڕەزامـەندی هەردوو لای لەسەر بێت. هەردوو ئەنجوومەن، ساڵانە لە خولی ئاسایـیدا کۆدەبنەوەو دەشێ بۆ حاڵەتێکی نائاسایی و لەسەر داوای ئـەنجـوومـەنی فـیـدراڵی یـا چـواریـەکی ئـەنـدامـانی ئـەنجـوومـەنی نـیـشـتـمـانی یـاخـود لـەسـەر داوای پێـنج (٥) کانتۆناندا، لە هەرچ کاتێکدا کۆببنەوە، هەر ئەنجوومەنێکیش بە جوودا کۆدەبێتەوە، بەڵام بۆ بڕیاردان لەسەر هەندێ کاروباری گـشـتی هێـزی چـەکـدار و ئـەنـدامـانی دادگـای فـیـدراڵی یـا دەرکـردنی لێـبـوردن، پێـدڤی وێـکڕاو لـە ژێـر سـەرکـردایـەتی «سـەرۆکی ئـەنجـوومـەنی نـیـشـتـمـانی نـەتـەوەیی»دا کۆم ببن. دابەشـکردنی تـایـبـەتکـاری (أختـصـاص) لە نێوان دەسـەڵاتی فـیـدراڵی نـاوەندی و دەسەڵاتی نـاوخۆی کـانـتۆنـەکـانـدا بـە پێی دەستوور لەسەر بناغـەی «دیاریکردنی دەسەڵاتی فیدراڵی»یە، ئەمەش لە بەرژەوەندی کانتۆنەکاندایە، چونکە بەدەر لەوانەی کە دەستـنیـشـان کـراون،، تـایـبـەتـکـارییـەکـانی تر کـانـتۆنـەکـان مومارەسەی دەکەن.

بـەنـدی (٨٤) لە دەسـتـووری فـیـدراڵی سـویـسـری، ئـامـاژە بـە دەوری سـەرەکی و گـرینـگی (کۆمـەڵـەی فـیـدراڵی)دەکـاو دەڵێ: خۆ ئـەو بـابـەت و کـاروبـارانـەی کـە دەسـتـوور بـە (دەسـەڵاتی فیدراڵی)داوەو بە هیچ دەسەڵاتێکی تری نەداوە، ئەنجوومەنی نیشتمانی و ئەنجوومەنی کانتۆنەکان گفتوگۆی لەسەر دەکەن و لە بەندی (٨٥)داو لە چوارچێوەی ١٤ خاڵاندا سەلاحیەت و پسپۆڕییـەکانی کۆمەڵەی فیدراڵی بە هوردی قـامک نیـشـان کـردووە و بـەبـایـەخـتـریـنـیـان: دانـان و دەرکـردنی یـاسـاکـانی

فیدراڵی، چاودێریکردنی دەستووریبەتی یاساکانی کانتۆنەکان، هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجوومەنی فیدراڵی، بودجەی ساڵانەی دەوڵەت، پاراستنی ئەمن و ئاسایش و سەربەخۆیی و بێ لایەنی سویسرا، جاڕدانی شەڕوسازدانی ئاشتی، سەرکردایەتی سوپا، بەستن و بڕوایی دان بە پەیمانە نێودەوڵەتییەکان، دەسکاری دەستووری فیدراڵی، لێبوردنی گشتی و تایبەتی و چاودێری دادگای فیدراڵی و ئیدارەی فیدراڵی؛ مەسەلەکانی تری پەیوەست بە گومرگ و سکەو پەیوەندیی دەرەوەو...تاد.

دەستوور رێگای ئەوەیشی بە دەسەڵاتی فیدراڵی داوە کە لەکاتی بەرپابوونی ئاژاوەو پشێوی لە یەک لە کانتۆنەکان، بەشێوەیەک کە ئەمن و ئاسایشی سویسرا بخاتە مەترسییەوە، خۆ هەڵقورتێنن و تەدەخول بکەن، ئەگەر چی دەسەڵاتی ناوخۆیی ئەو کانتۆنەیش، داوای نەکردبێت...

## ب- دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن (ئەنجوومەنی وەزیران):

لە سویسرادا پێی دەوترێ« ئەنجوومەنی فیدراڵی» و لە (٧)ئەندام پێکهاتووە کە لەلایەن کۆمەڵەی فیدراڵی یەوە (بڕیاری هاوبەشی هەردوو ئەنجوومەن) بۆ ماوەی چوار تاقە ساڵی شایان بەنوێ کردنەوە هەڵدەبژێردرێن، کە دیارە ئەم (نوێ کردنەوە)یە زیان بە دیموکراسی دەگەیەنێ و مەترسی هەیەو هیچ پاساودانێکیش بۆ نوێ کردنەوە نییە لە خاڵێکدا کۆمەڵەی فیدراڵی خاوەن باڵاترین دەسەڵات، قابیلی نوێ کردنەوە نەبێت. هەر هاووڵاتییەک بۆی هەیە بۆ ئەندامێتی ئەنجوومەنی

فیدراڵ هەڵبـبژێدرێت بەو ڕەنگەی مەرجەکانی داواکراو بۆ ئەندامێتی ئەنجوومەنی نیشتمانی تێدا بێت، بەو مەرجەیش کانتۆنەکان لە ئەندامێک پتریان نەبێت. دوای هەڵبژاردنی ئەو (٧) کەسە، لە نێویاندا سەرۆکێک و جێگرێک بۆ ماوەی ساڵێک (بێ نوێ کردنەوە) هەڵدەبژێرێن و خودی ئەو سەرۆکە دەبێتە « سەرۆکی فیدراڵیەتی سویسری)و هەر ئەندامێکیش سەرۆکایەتی دەزگایەک یا وەزارەتێکی فیدراڵی دەکاو کاروبارەکانی بەڕێوەدەبا، بەڵام ناتوانێت بەبێی ئەنجوومەنی فیدراڵی هیچ بڕیارێک دەربکات. ئەو کاروبارو پسپۆڕییانەش کە ڕاپەڕاندنیان بە ئەنجوومەنی فیدراڵی سپێرراون، وەک بەندی ١٠٢ لە دەستووری سویسری ئاماژەی بۆ کردوون، گرینگترینیان: جێبەجێکردنی یاساو بڕیارەکانی دەوڵەت و شەونخوونی بەدیار پاراستنیانەوەو پیادەکردنی ئەحکامی دادگای فیدراڵی و شەونخونی بەدیار پاراستنی ئەمن و ئاسایش و سەربەخۆیی و بێ لایەنی سویسرا و سەرپەرشتی کارمەندانی دەوڵەت و پێشنیارکردنی بودجەو هەروەها پێشنیاری یاساو بڕیار بۆ کۆمەڵەی فیدراڵی و...تاد.

## ج- دەسەڵاتی دادوەریی:

یان دادگای باڵای فیدراڵی کە بارەگاکەی لە شاری (لۆزان)ەو لە ٢٤ ئەندام و چەند ئەندامێکی یەدەگ پێکهاتووەو لە ڕێگای دانیشتنێکی هاوبەشی ئەنجوومەنی نیشتمانی و ئەنجوومەنی کانتۆنەکاندا (کۆمەڵەی فیدراڵی) بۆ ماوەی شەش (٦) ساڵ هەڵدەبژێردرێن بەشێوەیەک ئەو ئەندامەی ماوەی یاسایی تەواو

دەبێ دەشێ چەلێکی دیکە خۆی هەڵبژێرێتەوە، بەدەر لە «سەرۆکی دادگای فیدراڵی» کە بۆ ماوەی دوو ساڵان لە لایەن کۆمەڵەی فیدراڵییەوە هەڵدەبژێرێ و مافی نوێ کردنەوەی نییە.

ئەم دادگایە بۆ سەر چەند لیژنەو هەیئەتێک پۆلین و دابەش کراوە کە هەر یەکێکیان مومارەسەری تایبەتمەندی و پسپۆڕییەک دەکەن لەوانە لیژنەیەک بە یەکلاکردنەوەی ئەو ناکۆکی و گیروگرفتانە ڕادەبێت کە لە نێوان دەسەڵاتی فیدراڵی و کانتۆنێک یا زیاتر ڕوو دەدات، یان ئەو کێشانەی کە لە بەینی کانتۆنەکان خۆیاندا ڕوودەدات و بۆ ئەو مەبەستە بڕیاری دادگا مولزەمە، هەروەها هەیئەتێک تایبەتکارە بە یەکلاکردنەوەی ئەو کێشەو چەڵەمە گرنگانەی کە هاووڵاتیان لەگەڵ دەسەڵاتی فیدراڵی یا لەگەڵ ئێک لە کانتۆنەکاندا هەیانە. هەیئەتێکی تر لەو کاروبارانە دەتوێژێتەوە کە لە تایبەتمەندایەتی دادگای نێوخۆی کانتۆنەکان نین بەتایبەتی لە هەندێ داوای مەدەنی یا جینایی پەیوەست بە خیانەتی گەورەو یاخی بوون و تاوانەکانی دژ بە یاسای نێونەتەوەیی و ئەوانەی سیاسەت ئامێزن؛ بێجگە لەوانەیش گرنگترین کارێک کە دادگای فیدراڵی بەجێی دەهێنێ دەستووریەتی یاسای کانتۆنەکانەو دیارە بۆ یاساکانی فیدراڵی ئەو مافەی پێنەدراوە.

### ٢- بەگوێرەی کانتۆنەکانەوە:

دابەشکردنی تایبەتمەندییەکان لەسەر ئاستی نێوخۆی

کانتۆنەکانەوە، بەپێی سیستەمی فیدراڵیەت، لەوەی دەسەڵاتی ناوەندییەوە نزیکەو وەک ئەو دەستوورو یاسای تایبەت بەخۆی هەیەو بەپێی ئەو دەستورەیشی پسپۆڕی دەسەڵاتەکانی ڕوون و دابەشیوەتەوەو سنووری نێوخۆی دیارییەو بەپێی خەرجی و دەرامەتی ساڵانەی بودجەی تایبەتی هەیەو جیا لە دەسەڵاتی فیدراڵی، خۆی کاروبارەکانی پەروەردەو فێرکردن و خوێندن و لایەنەکانی تەندروستی و کۆمەڵایەتی و کولتووری و کشتوکاڵ و هێزی ناوخۆو...هتد، بەڕێوەدەبات و ئەو کانتۆنانەی کە زۆرینەی ئەڵمانی پێکدەهێنن و پتر لە «١٤» کانتۆنن، زبانی ڕەسمی ئەڵمانییەو ئەوانەی فەڕەنسی، زبانەکەیان لە هەموو بوارەکانی ژیان بەکاردەبەن و...تاد.

دەسەڵاتی یاسادانان لە کانتۆنەکاندا لەیەک ئەنجوومەن پێکهاتووە کە پێی دەوترێ «ئەنجوومەنی یاسادانان»و لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە پێکدەهێنرێ و هەر کانتۆنێکیش ئازادە لە شێوازی هەڵبژاردنەکە چ لە ڕێگای (زۆرینەوە)یا بەهۆی (نوێنەرایەتی نسبییەوە)بێت...

تایبەتمەندایەتی ئەو ئەنجوومەنە، سەرەڕای دانانی یاساکانی تایبەت بە کانتۆنەکە، هەموو ئەو کارانە دەگرێتەوە کە لە چوارچێوەی تایبەتمەندییە دیاری کراوەکانی دەسەڵاتی فیدراڵییەوە بەدەرە، بەو مەرجەی لەگەڵ دەستوور و یاساکانی فیدراڵی ناکۆک نەبێت.

لەبەرامبەر ئەنجوومەنی فیدراڵیش، لە کانتۆنەکاندا (ئەنجوومەنی دەوڵەت) یا (ئەنجوومەنی حکوومەت) هەیە کە لەلایەن

ئـەنجـوومـەنی یـاسـادانـانـەوە هـەڵـدەبژێـردرێن و ژمـارەیـان لـە کـانـتـۆنێـکـەوە بۆ یـەکێـکی تـر دەگۆڕێ و بـەگـشـتی لـە نێـوان (٥تا ١١) ئەندام دایەو پەیوەندی لەگەڵ ئەنجوومەنی یاسادانان، وەک پـەیوەندی «کۆمەڵـەی فـیدراڵی و ئـەنجوومەنی فـیدراڵی» وایە؛ ئەوە نەبێت لە کانتۆنەکاندا ئەنجوومەنی یاسادانان بۆی هەیە بەر لە کۆتایی ماوەی هەڵبژاردن، ئەندامانی ئەنجوومەنی حکوومەت یا دەوڵەت، لابدات. وەک بەدیهییە بەرچاوترین کار و ئـەرکی ئـەنجـوومـەنی دەوڵـەت زامن و جێبـەجێکـردنی یـاساو بڕیارەکانی ئەنجوومەنی یاسا دانـانە. سیستـەمی حکوومـەتی جەمعیە، پێشتر فەڕەنساو تورکیا لەسەری ڕۆیشتوون، فەڕەنسا لـە سـاڵانی دوای شۆڕشی فـەڕەنـسـا ١٧٩٣و١٨٤٨و١٨٧١و تورکیا لە دەستووری ١٩٢٤یدا پیادەی کردووە، بەڵام سەریان نەگرتـووەو ڕۆبسـپێر کە یەکێک بووە لـە ئەندامـانی دەسەڵاتی ڕاپـەڕاندن، زەبرو زەنـگی خۆی بەسـەر «کۆمەڵـەی نیشـتمـانی» فەڕەنسی دا ڕۆیشتووە و بۆتە دیکتاتۆر، لە تورکیاش هەمان شت «ئـەتـاتـورک» تـوانی دەسەڵاتی تـوتـالـیـتـاریـانـەی خۆی بـەسـەر ئەنجوومەنی نیـشـتمـانیدا «بسەپێنێ» ئەوە لە کاتێکدا دەبوا ئەتاتورک، ڕێزی لە دەستووری وڵاتەکەی بگرتایەو وەک سەرۆک کۆمـار؛ بەپێی ئـەو سیـسـتـەمـە لە ژێـرچاودێـری و سەرپـەرشتی ئـەنجـوومـەنی نـیـشـتـمـان ڕەفـتـار بـکـات!!... لـە سـویـسـرا دا حکوومـەتی جـەمعیـە سـەری گـرت و سـەرکـەوتنی وەدەسـتهێـنا، ئـەوەش بـەهـۆی ئـاسـتـی بـەرزی هۆشـداری و بـیـرکـردنـەوەی دیموکراسیانەو دیسپلین یاریی گەلەکەی؛ جگە لە ئیجابیاتی خودی سیـسـتـەمـەکـەش لە خسـتـنـەژێر ڕکێفی حـکـوومـەتێک بۆ

پەرلەمانێکی هەڵبژێردراوی وەختی لەلایەن میللەتەوە، بەرەو پێشچوونی گەل هاوکات لەگەڵ بەردەوامی کارکردن بەو سیستەمە، جێگای ئەوەیە کە دەوڵەتانی دیکە، چاوێک بەو سیستەم و تەجروبەیە بخشێننەوەو مفای لێ وەرگرن.

• **دووهەم: پیادەکردنی سیستەمی دیموکراسی بە هەرسێ شێوەکانییەوە:**

دیموکراسی وشەیەکی گریکییەو لەدوو برگەی دمۆس ـ کراتس پێکهاتووە کە مانای فەرمانڕەوایی گەل دەگەیەنێ، یا حوکمی میللەت لە ڕێگای میللەتەوەو بۆ میللەت... لێرەدا دیموکراسی لیبراڵی کە دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بەکاریان هێناوە، سێ شێوازی هەیەو سەرەتا «دیموکراسیەتی ڕاستەوخۆ» وێنەیەکی ڕاستەقانیی و بێ ڕتووشی دیموکراسیەتە، چونکە میللەت ڕاستەوخۆ و بەبێ بریکارو نێوانکار حوکمی خۆی دەکات و دەسەڵاتە گشتییەکانی «یاسادانان و ڕاپەڕاندن و دادوەریی» دەگرێتە دەست و بەفیعلی و مەیدانی، ئیدارەی دەوڵەت دەکات.

ئەم چەشنە دیموکراسییەتە لەپێش زایینەوە لە شارە کۆنەکانی گریکەوە، نەمازە لە ئەسینادا بەڕێوەچووەو ئەوەی یارمەتی جێبەجێکردنیشی داوە لەو کاتیدا، کەمی دانیشتووان و بچووکی ڕووبەر و کەمیی تەنگ و چەڵەمەکانی هاووڵاتیان بووە. لە شارەکانی گریک و بەتایبەتی هاووڵاتیانی «ئەحرار»، هەموو ساڵێک لە ڕۆژی یەکشەممەو لە مانگی نیسان یا مایسدا لە هەیئەتی کۆمەڵەیەکی گشتی دا لە یەکێک لە

مەیدانە گشتییەکاندا کۆدەبوونەوەو یاسایان دادەناو دادوەرو کارمەندیان دادەمەزراندو کاروباری گشتیی و دەرەوەو ناوەوەی شارەکەیان بەڕێوەدەبرد؛ جاڕی شەڕو پەیمانی ئاشتییان تێدا مۆر دەکرد... تاد.

ئەم جۆرە دیموکراسییەتە لە حاڵی حازردا پیادەکردنی ئەستەمە، چونکە گیروگرفتەکان چڕوپڕتربوون و دەوڵەتانیش لە ئالی رووبەڕوو دانیشتووانەوە زل و زەبەللاحتر بوون و جگە لەوانەیش پیادەکردنی دیموکراسیەت ڕاستەوخۆ لەلایەن میللەتەوە شارەزایی و لێزانین و ئاستی بەرزی فەرهەنگی و تێگەیشتن و هۆشمەندی گەرەکە... کە دیارە ئەو مەرجانەش تا ڕادەیەکی بەرز لە سێ کانتۆنی سویسریدا فەراهەمن و بۆیە ئەو فیدراڵیەتە لە بەرقەرارکردنی ئەو شێوە دیموکراسییەشدا تاقە نموونەیەو لە هیچ دەوڵەتێکی دیکە دانییە، ئەوەش بڕوایی قووڵی ئەو وڵاتە بە دیموکراسییەوە دەردەخات.

کانتۆنە چکۆڵەکانی «گلاریس و یندڤالۆن و رۆدۆس» ئەگەر بە چەشنێکی سنووردارو بەرتەسکیش بێت، ئەم شێوازە پیادە دەکەن و (کۆمەڵەی گشتی میللەت) لە مەیدان یا باخچەیەکی گشتیدا کۆدەبنەوەو کاروبارەکانی تایبەت بە کانتۆنەکە بەڕێوەدەبەن و دوور لە ناکۆکی حزبایەتی و پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن ڕاستەوخۆ دادوەرو کارمەند و گەورە لێپرسراوان دادەمەزرێنن و وایان لێدەکەن کە هەست بە لێپرسراوێتی بکەن. هەمدیس لە هەمان شوێن و دەمدا ئەنجوومەنێک هەڵدەبژێرن بۆ ئامادەکردنی پرۆژەی یاساو مومارەسەی هەندێک تایبەتمەندی

ئیداری... هەروەها گفتوگۆ لەسەر بودجەو باج سەپاندن و...هتد دەکرێت... لەگەڵ ئەوانەشدا دەسەڵاتی فیدراڵی کاروبارە گرنگ و ستراتیجییەکان وەئەستۆ دەگرێ. شێوازی دووەم دیموکراسی پەرلەمانی (نوێنەرایەتی)یە، کە تێیدا میللەت لە ڕێگای هەڵبژاردنی نوێنەرانی خۆیەوە دەسەڵات دەگرێتە دەست، بەو مانایەش گەل ڕاستەوخۆ ڕەفتار ناکاو بڕیارنادا، بەڵکو ئەو نوێنەرانەی کە هەڵیان دەبژێرێ بە ناوی ئەو و لە جیاتی ئەو بڕیار دەدەن؛ ئەم شێوازەش کە هەنووکە زۆربەی سیستەمیی سیاسی دەوڵەتان لەسەری دەڕۆن و فیدراڵیەتی سویسراش لە ڕێگای هەڵبژاردنی «ئەنجوومەنی نەتەوەیی یا نیشتمانی» و «ئەنجوومەنی یاسادانان»ی کانتۆنەکان پیادەی کردووە، تا ڕادەیەک کە میللەت دوور دەکەوێتەوە چونکە لە دیموکراسییەتی ڕاستەوخۆدا ( حاکم و مەحکووم) دەسەڵاتدارو دەسەڵات بەسەر میللەت خۆیەتی، بەڵام لەوەیاندا لەیەک جیادەبنەوەو خودانی دەسەڵاتی حەقیقی کە گەل خۆیەتی دەبێتە (مەحکوم) هەر لەو ڕوانگەیەشەوە «جان جاک ڕۆسۆ»ی فەیلەسوفی بەوەڵەدبووی جنێڤی سویسرا، هێرش دەباتە سەر دیموکراسییەتی پەرلەمانی و ڕەخنە لە حکوومەتی بەریتانیا دەگرێ کە لە بەراییدا ئەو تەرزە دیموکراسییەتەی پیادەکردووەو ئەوە دەردەبڕێ کە (... گەلی ئینگلیز وا دەزانێ کە ئازادە، بەڵام واهیمە لەو بڕوایەیدا، ئەو سەربەست نییە تەنها لە کاتی هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمان نەبێت و دوای کۆتایی هەڵبژاردن میللەت دەبێتەوە بێ هێزو دەسەڵات، دەبێتەوە کۆیلە...).

بۆیە بیر لەوە کرایەوە کە ڕۆڵی میللەت لە دەسەڵاتدا زێتر بێت وەک لەوەی لە دیموکراسی نوێنەرایەتی داهاتووەو لەو مەنزورەدا «دیموکراسییەتی نیوچە ڕاستەوخۆ» هاتە گۆڕێ، کە تێیدا پەرلەمانی هەڵبژێردراو هەر دەمێنێ کە بەناوی گەل و لەجیاتی ئەو حوکم دەکات، فەقەت لە هەندێ کاروباری گرینگدا پێویستی ڕاستەوخۆ گەڕانەوە دەکات بۆ گەل، بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی کە دیارە پیادەکردنی ئەو شێوازە لە حکوومەتی جەمعیەی سویسریدا، ترسی قۆرخکردنی پەرلەمان بۆ هەموو دەسەڵاتەکان دەڕەوێنێتەوە، وەک ئیدعا دەکرێ. بۆ جێبەجێکردنی ئەو شێوازەش کۆمەڵێک ڕێگای گەڕانەوە بۆ میللەت (بەمەفهومی سیاسی) هەن لەوانە: ڕاپرسی و ریفراندۆم، ئیعترازی میللی، پێشنیاری میللی، حەلکردنی میللی، لادانی سەرەک کۆمار... فیدراڵیەتی سویسری، ئەم بنەما دیموکراسییەیشی لە دەستووردا جێگیر کردووەو پەیڕەوی لێکردووە، لەوانە بەپێی بەندی (٣,٢/٨٩) پێویستە ئەو یاسایانەی کە بایەخەکەیان لەسەر ئاستی هەموو سویسرایەو بۆ ماوەیەکی دیاری نەکراو یا لە (١٥) ساڵ زیاتر دادەنرێت، ئەگەر (٣٠) هەزار هاووڵاتی یان (٨) کانتۆن داوا بکەن، پێدڤی دوای ڕەزابوونی هەردوو ئەنجوومەنی نیشتمانی و کانتۆنەکان؛ بۆ میللەت بخرێتە ڕوو و ریفراندۆم لەسەر دەرچوونی بکرێت. هەروەها لە مەسەلەی دەسکاریکردنی گشت یا بەشێکی دەستووردا، لە هەموو بارێکدا ڕەزامەندیی میللەت پێویست دەکات... چ لە ڕێگای ریفراندۆمی میللی یا پێشنیاری میللییەوەو یەکێک لەو مەرجانەی کە دەسەڵاتی

فیدراڵی بۆ کانتۆنەکانی داناوە لە زامنکردنی پیادەکردنی دەستوورە ناوخۆییەکانیان ئەوەیە کە دەبێت میللەت ئەو دەستوورەی قەبوڵکردبێ و دەسکاری کردنیشی لەسەر داوای زۆرینەی ڕەهای هاووڵاتیانی بێت (نیوەی ژمارەی دانیشتووان+١).

**• سێیەم: سیاسەتی بێ لایەنی و قۆناخی هاوبەشیکردن لە پێناوی ئاشتیدا:**

سیستەمی بێ لایەنی (الحیاد) کە دەوڵەتێک پەیڕەوی دەکات بەو مانایەیە کە لە بەرامبەر دەوڵەتانی دیکەی شەڕکەردا چەند مافێکی دەبێت و ئیلتیزام و ئەرکیشی دەکەوێتە ئەستۆ، بەوەی کە لە شەڕێکی دوولایەنی یا چەند لایەنی دا، بێ لایەن بێت و بەشداریی شەڕ نەکات و هاوکاری و یارمەتی هیچ کام لەلایەنە شەڕکەرەکان نەدا (چ ڕاستەوخۆ یا بەشێوەیەکی لاوەکی و بە پێچ و پەنا) و هەموویان بەیەک چاو تەماشا بکاو هەڤسۆز نەبێت لەگەڵ دەوڵەتێکدا لەسەر حسێبی ئەوی تردا چونکە ئەو حاڵەتە وەک (ڕەفتارێکی دوژمنکارانە) مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ و لەهەمبەردا (خاک و ئاوو ئاسمان)ی دەوڵەتی بێ لایەن لە لایەن دەوڵەتە شەڕکەرەکانەوە پارێزراوە و ڕێزلێ گیراو دەبێت و هەر دەستدرێژییەک مافی داکۆکی لەخۆکردن و ڕەتدانەوە بەدەوڵەتە بێ لایەنەکە دەدات؟

هەروەک ئەوەی دوایی، مافی ئەوەیشی دەبێت کە پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ هەموویاندا ببەستێ، ئەو حاڵەتەش بەهۆی «پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی» یەوە دەبێت کە دەوڵەتە بێ

لایەنەکە پشکداریی هیچ شەڕو گرووپ و پەیمانێکی سەربازی نەکات. تاقە نموونەی زیندوو بە شۆرەت و ڕەسەنی دەوڵەتانی بێ لایەن کە تا ئێستا مابووبێتەوە فیدراڵیەتی سویسرایە کە هەر لە ڕۆژگارە کۆنەکانەوە بە ئاوەزێکی خودان و ئەزموون و زاکیراوە توانی (بێ لایەن بوون) وەک وەسیلەیەکی چەسپاندنی ئاشتی و ئاکنجی بوون و دیموکراسی، هەروەها وەک ئامرازێکی بەهێزبوون و نەش و نمای لایەنی ئابووری و بازرگانی وەبەربهێنێ...

ئەو کانتۆنانەی کە ئێستا فیدراڵیەتی سویسری پێکدەهێنن، هەر لە ڕۆژگارەکانی پێش لە دایکبوونی عیساوە، ڕووبەڕووی چەندین شەڕی خوێناوی بوونەتەوە لە بەرایدا بەدەست ڕۆمانیەکان (٥٨پ.ز) و جەڕمەنی و بەرجندیەکان (سەدەی پێنجەم) و فەرەنجییەکان (سەدەی شەشەم)، نەمساوییەکان (سەدەی دوانزدەهەم)و فەرەنسییەکان (لەسەدەی شانزدەهەم و...)دا، ئەوان ئیفرازاتی ئەو شەڕو ئاژاوەو پشێوییەیان لێ ڕۆشن بووەو لەبەر ئەو شوێنە ستراتیژیەش کە لە نێو جەرگەی ئەورووپادا و لە نێوان هەردوو زنجیرە چیای ئەلب و جۆرادا، گرتوویەتی؛ هەر لەسەدەی شانزەهەمەوە دوای شکست خواردنیان لە بەرامبەر فەرەنسییەکاندا لەشەڕی (مارینیانۆ ١٥١٥) و سەپاندنی پەیمانی هاوپەیمانێتی بەسەریدا لە ١٥١٦ لەلایەن فەرەنساوە، سیاسەتی بێ لایەن بوونی گرتە بەرو یەکەم بەری بەفەرپیتی ئەو سیاسەتە کە درووبەوە لەکاتی شەڕی سی ساڵە (١٦١٨-١٦٤٨)دابوو کە جەنگێکی ئەورووپی بوو، ئەگەر چی چەند کاسەلێسێکی سویسری لە

دەرەوەی سنوور شەڕیان دەکرد، بەڵام چونکە وڵاتەکە لە شەڕی ناوبراودا نەبوو، لە ڕووی ئابووری و پیشەسازییەوە تا ڕادەیەکی چاک گەشەی کردو توانی هەندێ پیشەسازی وەک چنین و ئامێری مۆسیقاو سەعات و دروستکراوی دارینەی تر بنێرێتە دەرەوە...

ئەم وڵاتە لە هەردوو شەڕی یەکەم و دووەمیشدا هەر مولتەزیم و بێ لایەن مایەوەو توانیشی داکۆکی لە مافی خۆی ( پاراستنی ئاو و خاک و ئاسمان)ی خۆی بکات و هەر بۆ نموونە لە 20ی حوزەیرانی (١٩٤٠)دا (٤٠)هەزار سەربازی فەرەنسی سەر بە فیرقەی چل و پێنج و چەند سەربازێکی پۆلۆنی حیجز کردو لە نێوان (١٩٣٩و١٩٤٥)دا، (٢٠٣) باڵەفڕی شەڕکەر (جەنگی) گرت و حیجز کرد، لەبەرئەوەی تخوبی ئاسمانی سویسرایان بەزاندبوو، هەروەها (٢٦) فڕۆکەی تری دەوڵەتە شەڕکەرەکان کە هاتبوونە سەر ئاسمانی سویسرا، بەردایە خوارەوەو ئەو دەوڵەتانە هیچ نارازی بوونێکیان دەرنەبڕی؛ بەڵکو هێندێکیان قەرەبووی ئەو زیانانەشیان کردەوە کە هێرشی ئەو فڕۆکانە نابوویەوە لەوانە ئەمەریکا لە (١٩٤٩)دا بڕی (١٦) ملیۆن دۆلاری دا بە سویسرا وەک بۆ بژاردنەوەیەکی ئەو هێرشانەی کە بە هەڵە کرابوونە سەر شارەکانی زیۆرخ و شاڤوزو بال. لەکاتی شەڕی سارددا کە دەوڵەتانی ئەورووپا بەسەر ناتۆو وارشۆ دابەش ببوون، بۆ ڕەتدانەوەی ئەو واقیعە، لەگەڵ سویسرادا (٥)پێنج دەوڵەتی دیکەیش (سوید، دانیمارک، نەمسا، فنلندا، ئایسلندا) لە ناوەندو باکووری ئەورووپا بێ لایەن بوونی خۆیان

دەربڕی و پێکەوە ڕێکخراوی ئالیکاری ئابووریان دامەزراند بە ناوی «ڕێکخراوی ئافتا» ، کە لە پاڵیدا ئالیکاری ئەمنی و بەرگریی یەکتریشیان دەکرد، نەخاسمە لە نێوان دەوڵەتە ئەسکەندیناڤییە لێک نزیکەکاندا. دوای داڕمانی بلۆکی شیوعی و کۆمیکۆن و وارشۆ، ڕێکخراوی ئافتایش کەلێنی گەورەتری تێکەوت و ئەو دەوڵەتانەیش وازیان لە بێ لایەن بوونی خۆیان هێناو لە ١٩٩٤ەوە یەکبینە هەوڵی ئەوەیان دا کە بچنە نێو یەکێتی ئەورووپاوە بەو چەشنە هەر لەسەرەتای ١٩٩٥ فنلندەو نەمساو سوید بوون بە ئەندام... هەر لەوکاتەشدا سویسرا هەوڵیدا کە بچێتە ئەو یەکێتییەوە، بەڵام زۆربەی دانیشتووان ڕەتیان دایەوە، ڕازی نەبوون، بۆیە هەر لە دەرەوەی یەکێتییەکە دامایەوە... هەر ئەو کۆنە ئەندامانەی (ئافتا) بەرامبەر بە چوونە ناو پەیمانی ناتۆ، هەڵوێستی نوێیان دەربڕی پێنگاڤیان نا بەرەو ئالیکاری جەماعی لەگەڵ ناتۆ لە چوارچێوەی «هاوبەشیکردن لە پێناوی ئاشتیدا». بەو گۆڕانەیش ئەگەر تا سەربچێت، کۆتایی بەبێ لایەنی سەدان ساڵەی فیدراڵیەتی سویسری و ئەورووپاش دێت... ئەوەتا وەزیری بەرگری سویسری « ئەدۆلف ئۆگی» لە (١٠)ی تشرینی یەکەمی (١٩٩٦)دا ئەو بەرەو کۆتایی هێنانە بەوشێوەیە دەردەبڕێ: «ئەندامێتی وڵاتەکەمان لە پەیمانی ئەتڵەسی لەوانەیە ببێتە حەقیقەتێکی واقیعی لە ماوەی ساڵی داهاتوودا» واتە لە ١٩٩٧دا؛ لەوانەشە ڕاوێژکاری فیدراڵی بۆ کاروباری دەرەوە (فلاڤیۆ گوتی) ئێستا چووبێتە بارەگای ناتۆ لە بڕۆکسێل بۆ مۆرکردنی بەڵگەنامەی «هاوبەشی کردن لە

پێناوی ئاشتی دا»... هەرهەمان راوێژکار تەئکیدی ئەوە دەکاتەوە کە ئەو هاوبەشیکردنەی سویسرا لە پێناوی ئاشتی و ئارامی ئەورووپایەو ئەوە ناگەیەنێ کە بە تەواوی چوونەتە نێو پەیمانەکەوە، واتە هاوپەیمانییەتەکە سەربازی نییە و هەچ کاتێک بەو پایەیە گەیشت بە پێی ئەو رێککەوتنە نوێیە سویسرا مافی خۆکێشانەوەی هەیە چونکە ئەمە پێچەوانەی دەستووری فیدرالییە و دەبێت ریفراندۆمی لەسەر بکرێت... ئەنجوومەنی فیدرالی فەرمانڕەوایش داکۆکی لەو چوونە رێزە دەکاو پێی وایە هاوبەشیکردن لە پێناوی ئاشتیدا هەنگاوێکی تەواوکەری کاروبارو چالاکییەکانی رێکخراوی ئەمن و هاریکاری ئەورووپییە کە ئێستا هەنگاوێکی تەواوکەری کاروبارو چالاکییەکانی رێکخراوی ئەمن و هاریکاری ئەورووپییەکە ئێستا سویسرا سەرۆکایەتی دەکات. بەهەرحاڵ نەرمییەک لە ئارادایە و مەرجی ریفراندۆمیش بۆ هاوپەیمانێتی سەربازی لە پەیمانی ئەتڵەسیدا، زەحمەت نییە و لێرەدا چەند پرسیارێک قووت دەبنەوەو خۆیان فەرز دەکەن ئەوانیش: ئەوکاتەی کە سویسرا بەر لە سەدان ساڵە سیاسەتی بێ لایەن بوونی گرتەبەرو بەردەوامیش بوو لەسەری و ئەنجامی زۆر شیاویشی لەڕووی نەشونمای ئابووری و ئیستقراری سیاسیی دا بەدەستەوە؛ هیچ شەڕی ساردو بلۆکی رۆژهەڵات و رۆژئاوا لە گۆڕێدا نەبوو، تا ئێستا دوای نەمانی ئەو شەڕە سارده واز لەو سیاسەتەی خۆی بهێنێ کە وەک رەمزێکی ئاشتی و نەش و نما پێیەوە ناسراوە؟ ئایا سەقامگیری و ئارامی ئەورووپا لە چوونە رێز بۆ پەیمانی ناتۆ دایە؟...

چوونە ڕیزی ئەو پەیمانەی ئەتڵەسی، ئەگەر بۆ فنلندایەکیش بشێت کە هاوسێ و هاوسنووری ڕووسیایەو لەوەختانێکدا داگیریکردووەو ڕەنگبێ مەترسییەکەی بۆ مەودای دوور هەر بەردەوام بێت؛ بەڵام بۆ دەبێت بۆ سویسرایەک بشێ کە کەوتۆتە جەرگەی ئەورووپاوەو سنوورەکەی لە ڕووسیاو مەترسی تردا دوورەو یەک لە هاوسنوورەکانی فیدراڵیەتی نەمسا کۆنە بێلایەنی ئەندامی (ئافتا)یە...؟

کۆمیکۆن و وارسۆ و یەکێتی سۆڤیەت هەڵوەشانەوەو ڕووسیاش وێ ناچێت ئەو هێزەی جارانی مابێت و ناتۆ ((ئەتڵەس) کە لە بنیادا بۆ ئەم مەبەستە هاتەکایە، ئێستا بێ بەرامبەرمایەوە و ئەویش پاساوی هەبوونی نەما... لێرەدا لە هەمبەرمانەوەو بەردەوامی بەهێزبوونی ئەتڵەسی، بۆ ئیستقرار و ئارامی و بەرقەراربوونی ئاشتی دەبوایە (ئافتا)یش بەهێزترو فراوانتر کرابایە نەک بە پێچەوانەوە... ئەگەر ئاوەژووەکەیشی کرا، دەبوا بەرەو ئاقارێکی غەیری ئەتڵەسی و سەربازی بوایە... ئەوقسەیەش کە ناتۆ ئاشتی و ئاسایشی دونیا دەپارێزێ، ڕاست نییەو لەوەدا ناتۆ تەنها بەجێ هێنەری سیاسەت و بەرژەوەندی ئەندامە زلهێزەکانیەتی... لەو دونیا یەک جەمسەرییەدا، کە ڕەنگە جەمسەرەکەی تری لە پاشەڕۆژدا ئەورووپای یەکگرتوو بێت کە ئێستا زۆر لە ئەندامەکانی ناتۆ هی ئەم کیشوەرەن، دەبێ ناتۆ هەبێت و بۆ کێ بێت؟!... ناتۆی باکوور بۆ باشووری گۆی زەوی؟ یان بۆ دەوڵەتە هەژارو تازە گەشندەکان؟... سویسرای مەڵبەندی تیشکاوێژی مافی مرۆڤ و پەناگای ئینسانیەت و هزرو بیری ئازادو مەڵبەندی

ڕێکخراوه داکۆکیکارەکانی مافی مرۆڤ، وێ ناچی هەرگیز ئەوەی قبوڵ بێت. ئەگەر بەو گوتەیەش کە سویسرا دەیهەوێت لەو گۆشەگیری و لاتەریکییەی خۆی دەربچێت، ئەگەر ئەوە ڕاست بێت ئایا بەچوونە نێو ڕێکخراوێکی شێوە سەربازی چارە دەکرێ؟...

سویسرییەکان دەبێ ئەوە بزانن کە ئەو تایبەتمەندێتی و ئەو ئاستە بەرزە کولتووری و ئابووری و سیاسییەیان لە چییەوە هاتووەو چی ئالیکاریان بووە؟... هەقە هاوزەمان لەگەڵ بەهێزکردنی پێداویستییەکانی داکۆکی لەخۆکردن، لە هەموو شتێک دوور کەونەوە کە بۆنی شەڕوچەک و بارووتی لێ دێت... چونکە ئەوەی بەهەوڵ و هیممەتی سەدان ساڵ دەستیان کەوتووە، بە ماوەیەکی کەم لە دەستی دەدەن و دەبێ نرخی گەورەی بۆ بدەن...

هەقە جارێکی دیکە هەوڵی وەرگرتنی ڕەزامەندی میللەت بدرێ بۆچوونە نێو یەکێتی ئەورووپاو نەتەوە یەکگرتووەکان کە بارەگا ئەورووپییەکەی لەوێدا نیشتەجێیە!! و هەروەسا خڕ ئەو ڕێکخراوە ئیقلیمی و نێو نەتەوەییە نا سەربازییانەی کە ڕەسەنایەتی و دەسکەوتەکانیان و ئاشتی و ئاسایشی دونیاو مافی مرۆڤ بە هەقیقەت دەپارێزێن.

*** ئەوسەرچاوانەی تەماشا کراون:**


❖ عبدالاله رزوقی كربل وأخرون/ جغرافيه أوروبا والاتحاد السوڤيتى/ جامعه البصره- مطابع التعليم العالى - ١٩٩٠ .

❖ الدكتور على غالب و الدكتور نوري لطيف/ القانون الدستوري/ مؤسسه دار الكتب للطباعه والنشر .

❖ هادي رشيد الجاويشلى/ دول العالم/ بغداد ١٩٨٦ .

❖ الدكتور منذر الشاوي/ / القانون الدستوري (نظريه الدوله)/ بغداد٩٨١/ .

❖ شارل روسو/ القانون الدولى العام/ الاهليه للنشر والتوزيع/ بيروت ٩٨٢ .

❖ جريده الحياه - جنيف ملحق خاص/ العدد ١١٩٤٠فى ٣١/ تشرين الاول/ ١٩٩٥ .

❖ بنيه الحسامى/ سويسرا تنتقل من الحياد الى مشروع الشراكه من أجل السلام/ جريده الحياه ٣٠/ ١٠/ ١٩٩٦ .

❖ محمد خليفه/ بعد قرار سويسرا الانضمام الى الحلف الاطلسى : نهايه الحياد فى أوروپا بعد نهايهالحرب البارده ، جريده الحياه ٧/ ١١/ ١٩٩٦ .

# دۆکیۆمێنتەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ

زۆرن ئەو بەڵگەنامە نێونەتەوەییانەی کە دەربارەی پاراستنی مافە هەمە چەشنەکانی مرۆڤ، لە ئالی دەوڵەتانی لایەنەوە دەرچوون، بەڵام ڕەنگبێ کەمیان لای ئێمە ناسرابن.

ئەو بەڵگەنامانە، کە برێکی زۆریان سەرچاوەی لە پێش یاسای نێودەوڵەتین؛ بەو تان و پۆیەی لە پاراستنی مافی مرۆڤ دەدوێن، لە بنەوا ئامێرەکانن کە پێدڤییە وەک یەک لە هەردوو کاتی شەڕو ئاشتیدا پیادە بکرێن، بە پێچەوانەی یاسای نێودەوڵەتی ئینسانییی کە هەر تەرخانە بەوەختی جەنگ. چاوخشاندنێکی لەسەرەخۆی «مرۆڤی کورد» بۆ ئەو دۆکیۆمێنتانەو کرۆک و کاکڵەکانیان یا خاڵی سەرەکی تێیاندا، چاکتر ئەرک و مافەکانی خۆی بۆ دەردەکەوێ، سیری پشت چەمانەوەی خۆی لە ژێر باری گرانی (ئەرکە) (بێ مافەکان)یدا بۆ ئاشکراتر دەبێ، ئەوە دەزانێ کە تا چ ئاستێک مافەکانی پارێزراون و بەهەند هەڵگیراون؟ کێ ئەرکەکان بێ موزایەدەو بە پیرۆزییەوە بەجێدەهێنێ و کێ مافەکان قووت

دەداو هەڵیان دەلووشێ؟.. پێشێلکارییەکان یا ئەو زوڵم و ستەمانەی لەلایەن دوژمنانییەوە دەرهەقی دەکرێن چین؟ مرۆڤی کورد، بەهۆی ئەو بەڵگەنامانە، چاتر لە درێژەی مافە سیاسیی و کلتووری و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی خۆی بەلەد دەبێ و بەچەند بەراوردێک لێی ڕوون دەبێ کە چ غەدرێکی لێ کراوە؟.. چتۆڤ بەرنامەیەکی نەهێشتن و وێرانکاری لەلایەن دوژمنانییەوە داڕێژراوە؟..

لەبەرئەو ئەگەرانەو لەبەر ئەوەیش کە ئەو دۆکیۆمێنتانە، چەند دانەیەکی وەک «جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ و هەردوو پەیمانی نێودەوڵەتی تەرخان بە مافە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان» نەبێت، وابزانم کەمی لێ بیستراوەو بینراوە، بۆیە لەجیاتی تۆمارکردنی تێکستی بەڵگەنامەکان بەتەواوی کە ئەوەکاری لیژنەو ستافی تایبەتییە ـ «أضعف الایمان» دەستم کرد بە تۆمارکردنی ناو و ژمارەو بەرواری شوێن و لایەنی دەرکردن و ڕۆژی جێبەجێکردن و کاکڵە یان خاڵ و میحوەری سەرەکی، هێندێ لەو پەیماننامەو بڕیارو جاڕنامەو پرۆتۆکۆڵ و بنەما و گەرەنتییانەی نێوان دەوڵەتان، کە لە ڕێگای دام و دەزگاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاژانسە بەکارو سەرەکییەکانیەوە، کە بەتایبەت لە پاش ١٩٤٨دا دەرچوون، بەمانای دوای دەرکردنی جاڕی جیهانیی مافی مرۆڤ ١٩٤٨/١٢/١٠، کە لە یەکێک لە بڵاوکراوەکانی ئۆفیسی UN، مەڵبەندی مافی مرۆڤ ـ جنێڤ ـ بەبۆنەی تێپەڕبوونی (٤٠)ساڵ بەسەر جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤەوە لە ١٩٨٨دا دەرچووبوو.

وەک دیارە ناساندنی ئەو باوەڕنامەو دۆکیۆمێنتانە، کلیلێکیشە بۆ توێژەرو لێکۆڵەرانی بواری یاساو مافی مرۆڤ، لە مامۆستاو مافپەروەرو پارێزەرو پسپۆڕو نووسەرانی دی؛ لە پاڵ ئەو سوودو فەرانەیش کە قوتابیانی خۆشەویست لێیان دەبینن و دەبێتە کلیل و سەرچاوە بۆیان، بەتایبەتیش کە پرۆگرامی «مافی مرۆڤ» دوای داواکاریی چەندانی وەک ئێمەو مانان «بەرنامەی دەنگی یاساو دادپەروەری - ١٩٩٣» خرایە نێو مەنهەج و بەرنامەی قوتابخانەو پەیمانگاکانەوە. بەو هیوایەی کە بتوانم هەموو بەڵگەنامەکانی لەمەڕ مافی مرۆڤم دەسکەوێ و بەو شێوەیە پێشکێشی مرۆڤی ستەملێکراوی کوردی بکەم، بەختەوەریشم ئەگەر لەم ڕووە چووکە خزمەتکارێکی مرۆڤانی وڵاتەکەم کردبێت.

ئێستاش پێکەوە لەگەڵ ئەو دۆکیۆمێنتانە:

## 1/ مافەکانی مرۆڤ لە بواری دادو دادپەروەرییدا

### أ- «بنەوا نموونەییەکانی لانی کەمی مامەڵەکردن لەگەڵ گیراوەکان».

{کۆنگرەی یەکەمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەرگرتن لە تاوان و مامەڵەکردنی تاوانکاران کە لە جنێڤ لە ساڵی ١٩٥٥دا بەسترا، پەسەندی کردووە، ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتیش، بەهەردوو بڕیاری خۆی ٦٦٣جیم (د-٢٤) ڕۆژی ١٩٥٧/٧/٣١ و ٢٠٧٦ (د-٦٢) ڕۆژی ١٩٧٧/ ١٣/ ٥دا، دانی پێدانا وە}

ئەم تێکستە، لە دوو بەشی سەرەکی و (٩٥) بەند پێکهاتووەو لە دوو توێیدا چەندین موفرەداتی جێگیر کردووە لەوانە: تۆمارکردن، لێک جیاکردنەوە، شوێنەکانی حیجزو گلدانەوە، پاکوخاوێنی شەخسی، خواردن، وەرزش، کارگوزاری پزیشکی، دیسپلین و سزادان، کەرەستەکانی گرتن- وەک زنجیرو کەلەپچە-، زانیاری دان بە گیراوو مافیان لە سکاڵاکردندا، پەیوەندی کردن بە جیهانی دەرەوە، کتێب و کتێبخانە، ئایین، پاراستنی کەلوپەلی شەخسیی بەندکراو، گواستنەوە، کارمەندانی بەندیخانە، پشکنین، چارەسەرکردن، لە پێشتر گریبی، کارکردن، فێرکردن،، پۆلێن کردن، چالاکی کولتووری...تاد.

**ب- «جاڕنامەی پاراستنی هەموو کەسان لە دووچاری ئەشکەنجەدان و جۆرەکانی تری ڕەفتارکردن، هاتن، یان سزادانی توندوتیژی یا هۆڤییانە یاخود ئاوڕووبەرانەوە».**

{بەبڕیاری کۆمەڵەی گشتی ٣٤٥٢ (د-٣٠) ڕۆژی ٩ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٥ پەسەندکراوە}.

ئەم جاڕنامەیە لە (١٢) بەند پێکهاتووەو تێیدا پێناسەو مەبەستی «ئەشکەنجەدان» ڕوونکراوەتەوەو بە«سوکایەتیکردن بە کەرامەتی مرۆڤایەتی»وەسفکراوەو بەنکۆڵی کارێکی ئامانجەکای بڕوانامەی UN دانراوەو لەسەر ئەوە مەحکوم کراوە، هەروەک ڕێگەی لە هەموو بارە نائاساییەکان (باری شەڕو نائارامی سیاسی ناوخۆ...هتد) گرتووە کە وەک پاساوی ئەشکەنجە دان بهێنرێنەوە، هەروا گەرەنتییەکانی

ئەشکەنجەدانی لەسەر دەوڵەتان پێویست کردووەو داوای لێکردوون کە ئازاردان وەک (تاوانێک) لە یاساکانیاندا بێتە ناسین.

**ج- «ڕێککەوتننامەی دژ بە ئەشکەنجەدان و جۆرەکانی تری مامەڵەکردن، یان سزادانی توندوتیژ یاخود ئاورووبەرانە».**

{کۆمەڵەی گشتی بە بڕیاری ٤٦/٣٩ لە ١٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٤دا، پەسەندی کردو دەرگای واژۆکردن و بڕوایی پێدان و چوونە پاڵی ڤاڵا کرد}.

یەکەم ڕۆژی جێبەجێکردن: ٢٦ی حوزەیرانی ١٩٨٧، بەپێی بەندی ٢٧.

ئەم دەقە لە (٣٣)بەند پێکهاتووە، کە بەسەر سێ بەش دابەشکراوەو لە بەندی «١»دا جۆرو مەبەستی ئەشکەنجەدانەکە دیاری دەکا بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو «ئەشکەنجەدان»ەدا تێکەڵ نەبێ کە لە ئاکامی سزای یاساییدا دەکرێ، پاشان لەسەر دەوڵەتانی لایەن پێویست دەکات کە کارەکانی ئەشکەنجەدان لە ڕێگای چەند ڕێوڕەسمێکی یاسایی و کارگێڕی و دادوەریدا قەدەغە بکەن، هەروا پاساوی ئەشکەنجەدانی بەهەر حاڵەتێکی نائاسایی یاساغ کردووەو ڕێگەی بە هیچ دەوڵەتێکی لایەن نەداوە، کەسێک دەربکات یا بیگێڕێتەوە یا تەسلیمی بکاتەوە، ئەگەر قەناعەتی ئەوەی هەبێ کە دووچاری ئەشکەنجەدان دەبێت. دەوڵەتانی لایەن دەستەبەری وەرگرتنی سکاڵانامەی هاووڵاتیانیان دەکەن لە ئەشکەنجەدراوان و بە تەماشاکردنیان بەشێوەیەکی خێراو نیاز

خاوێن، هەروەها زامنی قەرەبوویەکی لەبارو دادوەرانەی ئەشکەنجەدراوان و کەسوکاری ئەوانەیش کە لە ژێر ئەشکەنجەدا دەمرن دەکەن بۆ وەرگرتن و زامنی ڕوونەدانی ئەشکەنجەدانیش، ڕێککەوتننامەکە باس لە دامەزراندنی «لیژنەی دژ بە ئەشکەنجەدان» دەکات کە لە (١٠) خەبیرو شارەزای ڕەوشت بەرزو بە توانا لە بواری مافی مرۆڤ پێکبهێنرێ و دەوڵەتانی لایەن هەڵیان بژێرن، جگە لە چەند (بەندێکی) ئیجرایی.

## د- «تۆماری بنەماکانی ڕەفتاری کارمەندانی ڕاپەراندنی یاسا پێ ڕاسپێردراو».

{ بەبڕیاری کۆمەڵەی گشتی ١٦٩/٣٤ ڕۆژی ١٩٧٩/ ١٢/١٧ پەسەند کراوە}

ئەم تۆمارە لە پێشەکییەک (دانیشتنی گشتی ١٩٧٩،١٠٦/ ١٢/١٧)و (٨)بەندو (٨) لێدوان - تعلیق - پێکهاتووە. کرۆکەکەی بریتییە لە ڕێزگرتنی ئەو کارمەندانەی تەنفیزو جێبەجێکردنی یاسایان پێ سپێردراوە (پۆلیس، ئاسایش...)، ڕێزگرتنیان لە کەرامەتی مرۆڤایەتی و پاراستنی مافی مرۆڤ و چەسپاندنی، بەو سیفەتەی نوێنەری کۆمەڵن و بەشێکن لە سیستەمی دادوەریی سزایی، کە ئارمانجەکەی بەرگرتنی تاوان و لەناودانێتی. ئەو کارمەندانە داوا لێکراون کە لە خزمەت هاووڵاتیان دابن و لە وەختە بەدەرو نائاساییی و تەنگانەکاندا بەهانایانەوە بێن و لەکارە غەیرە یاساییەکانیان بپارێزن، لەبارە هەرە پێویست و زۆرەکاندا نەبێت (هێز)بەکارنەهێنن و بەکارنەهێنانەکەش لەو حاڵەتە پێویستانە لە سنووری

بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیان دەرنەچێ، هەروا ئەو «نهێنی»یانەیش کە بە حوکمی کارەکەیان چنگیان دەکەوێ، بەهیچ چەشنێ نابێ بیدرکێنن( تەنها لە خزمەتی وەدیهێنانی دادوەریدا نەبێت)؛ ناشبێت مومارەسەی ئەشکەنجەدان بکەن یا لێی هان بدەن. یاخود چاوی لێ بپۆشن.

پێدڤییە پارێزگارییەکی تەواوی تەندروستی ئەو کەسانە بکەن کە لایان حیجزو گلّ دراوەن، لە وەختی پێویستدا چارەسەری نۆژدارییان بکەن. لەهەموانیش گرینگتر ئەوەیە کە (دەسەلاّت بە خراپی بەکارنەهێنن) و بە پێچەوانەوە سزا بدرێن..

**هـ- «بنەواکانی ڕێڕەوشتی پیشەیی نۆژداریی پەیوەست بە ڕۆڵی کارمەندانی تەندروستی، نەمازە نۆژدارەکان، لە پاراستنی زیندانی و گلدراوەکان لە ئازارو ئەشکەنجەدان و جۆرەکانی تری مامەڵەکردن یا سزادانی توندوتیژ یان هۆڤییانە یاخود ئابڕوو بەرانەوە».**

{ بەبڕیاری کۆمەڵەی گشتی ١٩٤/٣٧ لە ١٨ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٢ پەسەندکراوە}

کۆی ئەو بنەوانە (٦)شەشن و لە ڕوانگەی تۆرو تبعەتی پیشەی پزیشکی، ئەو بنەوایانە تەئکید لەسەر ئەرکی کارمەندانی تەندروستی دەکەنەوە، ئەوانەی بەچاودێری نۆژداریی بەندکراو و گلدراوەکانەوە ڕاسپێردراون، بەوەی ئەو چارەسەرییانەی بۆ ئەوانی دەکەن لە هەمان ئاست وجۆری غەیرەزوان بێت لە خەڵکی دەرەوە. سەرپێچی ڕێڕەوشتی نۆژداری، تاوانێکە بەپێی

بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان، ڕوونتر: ئەگەر ئەو کارمەندانە، بەتایبەتی دکتۆرەکان، چ بەشێوەیەکی ئیجابی بێت یان سلبی، بەکارێک هەستان پشکداری بوو لە ئەشکەنجەدان و جۆرەکانی تری مامەڵەکردن یا سزادانی توندوتیژی یان نامرۆڤانە. بۆ نموونە: ئەگەر ئەو کارمەندانە، بەتایبەتیش دکتۆرەکان، زانیاری و خیبرەو شارەزایی خۆیان بەکارهێنا لە (بەوەڵام هێنانی)) گیراو یا گلدراو، بەشێوەیەک کە زیان بە تەندروستی و باری جەستەیی و عەقڵییان بگەیەنێ، ئەوە بەسەرپێچی ڕێڕەوشتی نوژداریی دەژمێردرێت.

## و- «چەند گەرەنتییەک، پاراستنی مافی ئەوانەی ڕووبەڕووی سزای ئیعدامکردن دەبنەوە، دەستەبەر دەکات».

{ بە بڕیاری کۆمەڵەی ئابووری و کۆمەڵایەتی ١٩٨٤/ ٥٠، لە ٢٥ی ئایاری ١٩٨٤دا پەسەندکراوە}.

کرۆکی ئەو گەرەنتییانە کە لە (٩) بڕگە پێکهاتووە، ئەوەیە: لەو وڵاتانەی سزای ئیعدام کردن ماوە، دەبێ لە خەتەرناکترینی تاوانەکاندا بسەپێنرێ و نابێ سزای لە سێدارەدان بسەپێنرێ تەنها لە حاڵەتی تاوانێکدا نەبێت، کە لەوەختی ڕوودانیدا یاسا بە مردن مەحکوومی کردووەو دوای ئەنجامدانی تاوانەکە، ئەگەر یاسا سزایەکی سووکتری دانابوو، تاوانبار کەڵکی لێ وەردەگرێ. ئەوانەی لەوەختی بە ئاکام گەیاندنی تاوانەکەدا (١٨) ساڵییان تەواو نەکردووە، هەروا ئافرەتی دووگیان و ئەو دایکانەی کۆرپەیان لەبەرەو شێتەکانیش، چێ نابت حوکمی لە سێدارەدان بیانگرێتەوە. ئەو بەڵگانەی کە تاواندراوە پاڵی لەسەر ئیعدام دەکرێ، دەبێت زۆر

ئاشکراو بڕوا پێهێنەر بێت، بەشێوەیەک هیچ لێکدانەوەیەکی غەیرە ئەو ڕووداوانەی کە تاوانبار کردوویەتی، بەخۆیەوە هەڵنەگرێت، ئەوەش لەبەر خەتەرناکیی سزایەکە. بەگوێرەی ئەو گەرەنتیینە، مەحکومی سزای ئیعدام مافی تێهەڵچوونەوەی لە دادگایەکی باڵاوە هەیەو لەوەدا دەبێ وابکرێ کە تێهەڵچوونەکە بەخورتی بێت. هەروا مەحکووم بەسزای ئیعدام مافی داوای لێبوردن، یا سووککردنی حوکمی هەیەو دەکرێ لێبوردن یا سووککردن، لەهەموو حاڵەتەکانی سزای ئیعدامکردن بدرێت. سزای ئیعدام و لەسێدارەدان کە جێبەجێ دەکرێ پێویستە موعانات و ئێش و ئازارەکەی بۆ مەحکووم: لەوپەڕی لانی کەمیدا بێت.

**ز- «لانی کەمی بنەما نموونەییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی دادگایی جەوانەکان (بنەماکانی پەکین)».**

{کۆنگرەی حەوتەمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەرگرتن لە تاوان و مامەڵەکردنی تاوانباران، کە لە نێوان ٢٦ی ئاب و ٦ی ئەیلوولی ١٩٨٥دا، بەسترا پەسەندکردنی ڕاسپاردو کۆمەڵەی گشتیش لە بڕیاری خۆی ٣٣/٤٠ لە ٢٩ی تشرینی دووەمی ١٩٨٥دا، پەسەندی کرد}.

ئەو بنەوایانە، لە (٦)شەش بەش و ناوونیشانی سەرەکی و (٣٠) ناوونیشانی لاوەکی و چەندین لێدوان ـ تعلیق ـ پێکهاتوون، کە هێندێکیان ئەوانەن:

پاڵپشتیکردنی خۆشگوزەرانی نەونەمام (( الحدث ـ و

خانەوادەکەی، ڕەخساندنی هەلومەرجێکی ژیانی ئەوتۆ کە بتوانێ کەسایەتی خۆی پەرەپێبداو پەروەردەیەک بێت بۆی بەوە، خۆ لە تاوان و لاساریبیان بپارێزێ، دادگای نەونەمامان بەشێکی دانەبڕاوە لە پرۆسەی پەرەپێدانی نیشتمانی لەهەر وڵاتێکدا، نەونەمام منداڵێکە یان کەسێکی تەمەن بچووکەو دەکرێ لێی بپرسرێتەوە لەسەر تاوان و سەرکێشییەک کە کردوویەتی، وەلێ بەشێوازێکی جیاواز لەهی گەوران، ئامانجەکانی دادگا خۆشگوزەرانی نەونەمامە، مافەکانی نەونەمام لە لێکۆڵینەوە ـ تحقیق ـ و دادگایی کردندا، ڕێزگرتن لە تایبەتکارییەکانی (خصوصیات) نەونەمام، چەند گەرەنتی یەک لە قۆناغی کۆڵینەوەو دادگاییدا. هەبوونی ڕاوێژکاری یاسایی یان پارێزەری داکۆکیکار وەک نوێنەری نەونەمام لە ڕێوڕەسمە دادوەرییەکاندا، ڕاپۆرتەکانی پشکنینی کۆمەلایەتی، کەم بەکارهێنانی بەندیخانەو دامەزراوە چاکسازییەکان تەنها لە حاڵەتی زۆر پێویست نەبێت، یارمەتیدان، چارەسەرکردن بەتایبەتی لە ڕووی نوژداری و سایکۆلۆژی و پەروەردەییەوە، تەماشاکردنی تاوانباری کچ و کوڕ وەکو یەک لە نەونەمامەکان، پیادەکردنی بنەما نموونییەکانی لانی کەمی مامەڵەکردنی گیراوەکان... تاد.

**ح- «جاڕنامەیەک سەبارەت بە بنەوا سەرەکییەکانی فەراهەم کردنی دادپەروەری بۆ قوربانییانی تاوان و، بەد بەکارهێنانی دەسەلات».**

{ کۆنگرەی حەوتەمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ قەدەغەکردنی

تاوان و مامەڵەکردنی تاوانکاران کە لە نێوان ٢٦ی ئاب و ٦ی ئەیلوولی ١٩٨٥ لە میلانۆی ئیتاڵیادا بەسترا، پەسەندکردنی ڕاسپاردو کۆمەڵەی گشتیش بەبڕیاری ٣٤/ ٤٠ لە ٢٩ی تشرینی دووەمی ١٩٨٥دا پەسەندی کرد}.

ئەم جاڕنامەیە (٢١) برگەیەو کراوەتە دووبەشی سەرەکی: قوربانیانی ئەشکەنجەدان، قوربانیانی بەد بەکارهێنانی دەسەڵات. لەسەرەتادا پێناسەی «قوربانیان» دەکات بەوەی ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە زەرەرمەند بوون و زیانی جەستەیی و ئاوەزیی و دەروونیان لێکەوتووە، زیانی بێ بەش بوون لە مومارەسەکردنی مافە سەرەکییەکانیان، ئەویش لە ڕێگای ئەو کارانە، یان حاڵەتەکانی ئیهمال و پشتگوێ خستن، کە بەپێشێلکردنی یاسا جینایییە کارپێکردووەکان دەژمێردرێن لە دەوڵەتە ئەندامەکاندا. جاڕنامەکە مامەڵەکردنی بەڕێزو حورمەتەوەی ئەو قوربانی و گیانفیدایانە پێویست دەکات، هەروا مافیان لە گەیشتن بە دادگاو دادوەرەکی ڕەوا (بۆ گێڕانەوەی مافەکانیان) پێویست دەکات. لەو نموونانەی کە جاڕنامەکە باسی کردووە: لە حاڵەتی زیان بە «ژینگە» کەوتن و بەو هۆیەوە (کەسان و موڵک وماڵیان ببنە قوربانی))، پێویستە بۆ گێڕانەوەی ماف لەوەدابێ کە؛ بەپێی توانست، ژینگەکە بگەڕێنرێتەوە وەختی پێش زیان پێ کەوتنەکەو داڕشتەو هەیکەلی سەرەکی و دامودەزگا ژیانییەکان بینا بکرێنەوەو خەرجی ئیستقرارکردن بدرێتەوە هاووڵاتیان کە زیانیان وێکەوتووە. ئەگەر کارمەندانی دەوڵەت خۆیان سەرپێچی یاسایی جینایی نیشتمانیان کردو لە ئاکامیدا هاووڵاتیان بوونە (قوربانی) لەو حاڵەتەدا پێدڤی دەوڵەت کە لە

هەڵسوکەوتی کارمەندانیدا بەرپرسیارە (قەرەبووی قوربانییان) بداتەوەو یارمەتی ماددی و نوژداری و دەروونی و کۆمەلایەتییان بدات، ئەوەش لە ئاکامی ئەو زیانە جەستەیی و عەقڵی و سایکۆلۆژی و ئەو «زیانە ئابووریی»یەی وێیان کەوتووە.

**ی- «چەند پرانسیپێکی بنەڕەتی سەبارەت بە سەربەخۆیی دەسەلاتی دادوەریی».**

{ کۆنگرەی حەوتەمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەرگرتن لە تاوان و مامەڵەکردنی تاوانباران، کە میلانۆ لە نێوان ٢٦ی ئاب تا ٦ی ئەیلوولی ١٩٨٥، بەسترا پەسەندی کردو بەهەردوو بڕیاری کۆمەڵەی گشتی ٣٢/٤٠ لە ٢٩ی تشرینی دووەمی ١٩٨٥ و ١٤٦/٤٠ لە ١٣ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٥، ئیقراری کرد}.

ئەم پرانسیپانە بریتین لە (٢٠) برگە و کۆمەڵێک ناوونیشان سەبارەت بە دادگاو پیاوانی دادگا و مەرجەکان و هەڵبژاردن و... هتد بەم شێوەیە: سەربەخۆیی دەسەلاتی دادوەریی کە دەبێت دەوڵەت زامنی بکات و دستوور دەقنووسی بکات، ئازادی ڕادەربڕین و پێکهێنانی کۆمەڵەکان، ئەو مافەش وەک هەر هاوولاتییەک بە ئەندامانی دەسەلاتی دادوەریش دراوە، بەو مەرجەی شکۆ و هەیبەت و نیاز پاکی خۆیان بپارێزن، شیان توانست و مەشق و هەڵبژاردن، مەرج و ماوەی خزمەتکردنی پیاوانی دادگا ـ دادوەرـ، (حصانە) ونهێنی پارێزیی...

## 2/ مافی چارەنووس

### أ- «جاڕنامەی سەربەخۆیی دان بە وڵاتان و گەلانی کۆلۆنی کراو»

{ بڕیـاری کۆمـەڵـەی گـشـتـی ١٥١٤ (د-١٥) لـە ١٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٠دا}.

ئەو بڕیارە (٧)حەوت بڕگەی تێدا جاڕ دراوە و تێیدا دەقنووسی ئـەوەی کردووە کـە مل پێ کـەچکردنی گـەلان بۆ ژێـر دەسەڵات و کۆنـترۆڵی بێگانە؛ نکۆڵی کردنی مافە سەرەکییەکانی مرۆڤەو دەگەڵ باوەڕنامەی UN ناکۆکەو کۆسپ دەخاتەبەر کێشەی ئاشتی و ئالـیکـاری نێـودەوڵـەتی و بۆیە هـەمـوو گـەلێک مـافی چارەی نووسینی خۆی هەیەو بەگوێرەی ئەو مافە، بۆی هەیە مەڵبەندی سیاسی خۆی بە ئازادی هەڵبژێرێ و بە ئازادیش هەوڵبدات لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەوە پەرەوگەشە بەخۆی بدا. هەروابێتەوە نابێت ئامادەباشی هەر گەلێک لە ئال و بواری پۆلەتیکی و ئابووری و سۆسیۆلۆژی و فێرکارییدا، وەک چەک و بەهانەو بڕوو بیانوو بەکاربخرێت بەهۆیەوە (سەربەخۆیی)یەکەی دوابخرێت.

### ب- «بڕیاری کۆمەڵەی گشتی ١٨٠٣ (د-١٧) لە ١٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٢، بەناوونیشانی - سەروەریی بەردەوام لەسەر دەرامەتە سرووشتییەکان».

ئـەو بڕیارە (٨) بڕگـەی جاڕ دراوەو هەر لـە بڕگـەی بەرایـیدا،

واتێکست نووسکراوه کە: دەبێ مافی نەتەوەو گەلان لە سەروەری و سالاریی بەردەوامیان دا لەسەر سامان و دەرامەتە سرووشتییەکانیان بەپێی بەرژەوەندی پەرەپێدانی نەتەوەیی و خۆشگوزەرانی گەلەکەدا مومارەسە بکرێت، هەر وەک لە برگەیەکی تردا بەراشکاوی دەری دەبڕی کە پێشێلکردنی مافەکانی گەلان و نەتەوەکان لەسەروەری و سالارییاندا بەسەرسامان و دەرامەتە سرووشتییەکانیاندا، لەگەڵ گیانی باوەڕنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان و بنەماکانیدا دژو ناکۆکە و کۆسپ و لەمپەر دەخاتە بەر پەرەپێدانی هاریکاری نێودەوڵەتی و پاراستنی ئاشتیدا. دەوڵەتان و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانیش دەبێ ڕەچاوی ڕێزلێنانێکی نیازپاکانە بکەن، لەسەروەریی نەتەوەو گەلان بەسەر سامان و دەرامەتە سرووشتییەکانیاندا.

## 3/ مافە سرووشتی و سەرەکییەکان

### أ- «جارنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ»

{ بەبڕیاری کۆمەڵەی گشتی ٢١٧ ئەلیف (د-٣) لە ١٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٨، پەسەندو بڵاوکراوەتەوە}.

ئەو جارنامەیە کە لە دێباجەیەک و (٣٠) بەند پێکهاتووە، مافە سرووشتییە خۆزاییەکانی مرۆڤی گرتۆتە خۆی وەک دەڵێ: هەموو مرۆڤ بە ئازادی لە دایک دەبن و لە ماف و کەرامەتیشدا هاوشانن، ئاوەزو ویژدانیان پێ بەخشراوەو

لەسەریانە کە بە گیانێکی برایانە ڕەفتار دەگەڵ یەکدیدا بکەن.
هەموو تاکە کەسێک مافی ژیان و ئازادی و ئاسایشی خۆی هەیەو نابێ ئەشکەنجەو سزا بدرێ و هەڵسوکەوتی توندوتیژ و وەحشیگەرانەو ئابڕووبەری دەگەڵدا بکرێ. مرۆڤ، لەهەر شوێنێک بێت مافی دانپێدانان بە کەسێتی یاسایی خۆی هەیەو مرۆڤ هەموو وەک یەک لەبەردەم یاسادا ئێکسانن و هەمدەم بێ جیاوازی مافی ئەوەیان هەیە کە یاسا بیانپارێزێ.
ئەوانەو جگە لە چەندین مافی تر وەک: بەرەمەکی نەگرتن و دەس بەسەرنەکردن و دوورنەخستنەوە، پەنا وەبەردادگایەکی سەربەخۆ و بێلایەن دان. ڕێگەنەدان بەسزایەکی توندتر لەو سزایەی کە لەکاتی کردنیدا دەدرا، مافی خۆپاراستنی یاسایی هەر مرۆڤێک لەهەر جۆرە دەستێوەردان و پەلاماردانێک لە ژیانی تایبەتی و خێزان و ماڵ و نامە گۆڕینەوە، مافی بە ئازادیی هاتن و چوون و هەڵبژاردنی شوێنی نیشتەجێبوونی هەیەو هەمدەم مافی جێهێشتن و بۆگەڕانەوەی هەر وڵاتێک، تەنانەت وڵاتەکەی خۆیشی هەیە، هەر مرۆڤێکی لە چەوساندنەوە هەڵاتوو مافی پەنابردنە بەر یان هەوڵدان بۆ پەنا بردنە بەر وڵاتێکی دیکەی هەیە. مافی هاونیشتمانێتی و دامەزراندنی خێزان و موڵکداری و ئازادیی بیرکردنەوەو ویژدان و ئایین و سەربەستی بیروڕاو ڕادەربڕین و بەشداربوونی کۆمەڵەو دەستەو تاقمە ئاشتیخوازەکانی هەیە. هەروەها مافی بەشداربوون لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی وڵات و مافی چوونییەک وەرگرتنی لەکارو فەرمانبەرییە گشتییەکانی وڵاتەکەیدا هەیە. مافی دەنگدان و خۆ هەڵبژاردن و دابینکردنی

کۆمەڵایەتی و پاراستنی لە بێکاری هەیەو هەموو کەسێک کە کار دەکات مافی مووچەیەکی ڕەواو قایلکەری هەیەو ئەوەیش کە سەندیکاو کۆمەڵە دابمەزرێنێ یا تێیاندا ببێتە ئەندام. هەموو کەسێک مافی پشوودان و کاتی ڤالاو بەتایبەت مافی دیاریکردنی لەباری سەعاتەکانی کارو پشوودانی دەوری هەیە بەکرێ وە. هەر مرۆڤێک مافی ژیانێکی تێرای هەیە کە بەشی پاراستنی لەش ساغی و خۆشگوزەرانی خۆی و خێزانی بکات... هتد.

**ب- «پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە ئابووری و کۆمەڵایەتیی و کولتووریەکان».**

{ بەبڕیاری کۆمەڵەی گشتی ۲۲۰۰ ئەلیف (د-۲۱) لە ١٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٦دا پەسەندکراوەو بۆ واژۆ کردن و بڕوایی پێدان و چوونە ڕیز، خراوەتە ڕوو}.

یەکەم ڕۆژی جێبەجێکردن: 3 ی کانوونی دووەمی ١٩٧٦، بەپێی بەندی ٢٧.

بریتییە لە دیباجەیەک و (٥)بەش، کە بەسەر (٣١)بەندا پۆلێن کراوە، هەندێ لەو پرسە سەرەکییانەی کە دەوڵەتانی لایەن لەسەر پاراستن و جێبەجێکردنیان ڕێک کەوتوون: جەختکردنەوەی مافی چارەنووسی گەلان و دیاریکردنی مەڵبەندی سیاسی یان و دەردەست کردن و کۆنترۆڵکردنی سامان و دەرامەتە سرووشتییەکانیان، زامنکردنی ئێکسانی نێوان نێرومێ لەسوود وەرگرتن لە مافە ئابووری و کۆمەڵایەتیی و کەلتوورییەکان، مافی

کارکردن و پاراستنی زامنکردنی ئەو مافە لەلایەن دەوڵەتەوەو کرێی عادیلانەو دابینکردنی ژیانێکی بەکەرامەت بۆ کارمەندو کارگەران و خێزانەکانیان و هەڵومەرجی کارکردن کە دەبێ سەلامەتی و تەندروستییان زامن بکات و یەکسانی لەسەرکەوتن و پشوودان و کاتی دەست بەتاڵی و دیاریکردنی دەمژمێرەکانی ئیشکردن و مۆڵەتی دەوری بەکرێ و پاداشتەوە لە ڕۆژانی پشوودانە ڕەسمییەکاندا. مافی دامەزراندنی سەندیکاو یەکێتییەکان بەسەربەستی و مافی مانگرتن و دابینکردنی کۆمەڵایەتی و پاراستن و یارمەتیدانی خێزان و دایکان لەکاتی دووگیانی و دوای ئەوەدا. پاراستنی منداڵ و هەرزەکاران لە ئیستغلال کردنی کۆمەڵایەتی و ئابووری، دانان بە مافی هەر مرۆڤێک بەژیان لە ئاستێکی بژێوی تێرادا بۆخۆی و خێزانی. گەرەنتییەکانی نەهێشتنی برسێتی و بەد خۆراکی، مافی هەر کەسێک لە پەروەردەو فێربووندا، مافی هەر مرۆڤێک لە پشکداریکردن لە ژیانی کولتووری و سوود وەرگرتن لە پێشکەوتنە زانستییەکان...تاد.

## ج- «پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و پۆلەتیکیەکان».

{ بەبڕیاری کۆمەڵەی گشتی ۲۲۰۰ (ئەلیف) لە ١٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٦ پەسەند کراوەو بۆ واژۆکردن و بڕوایی پێدان و چوونە پاڵ خراوەتەڕوو}.

یەکەم ڕۆژی جێبەجێکردن: ٢٣ی ئاداری ١٩٧٦، بەگوێرەی بەندی ٤٩.

ئەم پەیمانە لە دێباجەیەک و (٦)بەشان پێکهاتووە، کە بەسەر (٥٣) بەندا دابەشکراون، لەو پەیمانەیشدا دەوڵەتان ڕێکن لەسەر ئەوەی هەموو گەلێک مافی چارەی خۆنووسینی هەیەو بە ئازادیش مافی بڕیاردانی مەڵبەندی سیاسی خۆی، هەروەها دەسەڵاتی بەسەر سامان و دەرامەتە سرووشتی یەکانیدا هەیە. دەوڵەتان پەیمانی زامنکردنی ئێکسانی نێوان نێرومێ دەدەن لەسوود وەرگرتن لە مافە سڤیل و پۆلەتیکەکان، تەئکیدکردنەوەی پاراستنی مافی ژیان بەهۆی یاساوە. جەخت کردنەوەی سزای ئیعدامکردن تەنها لەسەر خەتەرناکترین تاوانەکان بێت بەگوێرەی ئەو دەوڵەتانەی کە لایان نەبردووەو هەر کەسێکی مەحکووم بە ئیعدامیش مافی داوای بوردنی گشتی و تایبەتی یا گۆڕینی سزاکەی هەیەو مرۆڤی کەمتر لە (١٨) ساڵی ئەو سزایە نایگرێتەوە. نابێت هیچ مرۆڤێک بخرێتە ژێر ئەشکەنجەدان و مامەڵەی توندوتیژو نامرۆڤانە. ڕێگەگرتن لەوەی تاقیکردنەوەو ئەزموونی نوژداری و زانستی لەسەر هیچ مرۆڤێک بکرێت بەبێ ڕەزامەندی خۆی، ڕێگەگرتن لە بەندایەتی و کۆیلایەتی و بازرگانیکردن پێیەوە. ڕێگەگرتن لە کاری بێکارو بەخورتی. ڕێگەگرتن لە وەستاندنی (توقیف) هەر کەسێک یان گرتنی بە زوڵم و قەرەبوو کردنەوەی ئەو قوربانیانەی بە غەیرە یاسایی گیراوەو تەوقیف کراون. سیستەمی بەندیخانەکان دەبێ بە ئامانجی چارەسازی و شیاندنەوەی کۆمەڵایەتیانەی گیراوەکان بێت، هەر پڕوپاگەندەیەکی بۆ مەبەستی خۆشکردنی ئاگری شەڕ دەکرێ، پێویستە یاساغ بکرێت، هەر مرۆڤێک مافی پێکهێنانی

سەندیکاو کۆمەڵەکانی هەیە، هەروەسا مافی دەنگدان و هەڵبژاردن و پشکداری لە ئیدارەی کاروباری گشتیی وڵاتدا هەیە. ئە دەوڵەتانەی کە کەمینەی نەتەوەیی و ئایینی و زمانەوانیان تێدایە، نابێت کەسانی سەر بەو کەمایەتییانە لە سوود وەرگرتن لە کولتوورو ئایینی خۆیان و بەکارهێنانی زبانەکەیان قەدەغە بکەن. هەر داواو بانگەشەیەکی بوغزدان و دژایەتی نەتەوەیی و ڕەگەزایەتی و ئایینی تێدایە کە جیاخوازی و دوژمنکاری و توندوتیژی لێ دەسەنگرێتەوە، بە یاسا قەدەغە دەکرێت، ئەمانەو جگە لە «دامەزراندنی لیژنەیەکی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ»و...تاد.

**د- «پرۆتۆکۆڵی لێ سەرپشکی پاشبەند بە پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و پۆلەتیکیەکان».**

{ بەبڕیاری کۆمەڵەی گشتی ٢٢٠٠ ئەلیف (د-٢١) لە ١٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٦ پەسەندکراوەو بۆ واژۆکردن و بڕوایی پێدان و چوونە ڕیز، خراوەتە ڕوو}.

یەکەم ڕۆژی جێبەجێکردن: ٢٣ی ئاداری ١٩٧٦ بەگوێرەی بەندی (٩).

ئەم پرۆتۆکۆڵە لە (١٤)بەند پێکهاتووەو لێرەدا هەر دەوڵەتێکی لایەن لە پەیمانەکە کە دەبێتە لایەنی ئەو پرۆتۆکۆڵەیش، دان بە پسپۆڕایەتی لیژنەی مافی مرۆڤ دادەنێ (کە بەپێی بەشی چوارەمی پەیمانەکە دامەزراوە) لە وەرگرتن و تەماشاکردنی ئەو نامەو سکاڵایانەی کە لە کەسانی ژێر

دەسەڵاتی هەر دەوڵەتێکی لایەن لە پەیمان و پرۆتۆکۆڵەوە هاتوون و تێیاندا ئیدعای پێشێلکردنی هەریەک لەو مافانە دەکەن کە لەو پەیمانەدا هاتوون و ئەوان بوونەتە «قوربانی»، لێرەوە لیژنەکە تەماشای نامەو سکاڵایەکان دەکات بەو مەرجانە: ئەو دەوڵەتەی پێشێلی ناوەڕۆکی پەیمانەکەی کردووە، لایەن بێت لە پرۆتۆکۆلەکەیش، ئەو کەسانەی نامەیان ناردووە بۆ لیژنەی مافی مرۆڤ، هەموو هەوڵ و ئیجرائاتێکی دادگاکانی نێو خۆیان کردبێ، نامەکە ئیمزای بەسەرەوە بێت. گرفتەکە بۆ هیچ شوێنێکی ترو ستافێکی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی نەنێردرابێت. دوای ئەوە لیژنەکە ڕای خۆی بۆ دەوڵەتی پێشێلکارو ئەو کەسەش دەنێرێ کە نامەکەی ناردووە، دەوڵەتی ناوبراو، لەماوەی 6 مانگان بەیان و ڕوون کردنەوەی خۆی بەنووسراوی، بۆ لیژنەکە دەنێرێتەوە لەگەڵ هەر تەگبیرێکیشدا کە ئەگەر کردبێتی.

### هـ- «کۆنگرەی تاران»

{کۆنگرەی نێو نەتەوەیی مافەکانی مرۆڤ بەرەسمی، لە تاران لە ١٣ی ئایاری ١٩٦٨دا دەری کردووە}.

دارشتەو تێکستی ئەم کۆنگرەیە لە (١٩) برگە پێکهاتووە، ئەم کۆنگرەیە کە لە تاران لە ماوەی نێوان ٢٢ی نیسان و ١٣ی ئایاری ١٩٦٨دا گرێدرا، بۆ نمایشکردنی ئەو پێشکەوتنە بوو کە لە ماوەی (٢٠)ساڵی دوای دەرچوونی جارِ ی گەردوونی وەدیهاتووەو بۆ دارشتنی بەرنامەییێکیش بوو بۆ دوارۆژ، هەر وەک لەو کۆنگرەیەدا ئەو گیروگرفتانەیش

باسکران کە پەیوەستن بە چەڵەنگییەکانی UN لە پێناو پاڵپشتیکردنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکانیدا. ئەو کۆنگرەیە زۆر لە بروانامە نێو دەوڵەتییەکان و ناوەڕۆکەکانیانی وەبیر خستۆتەوەو جەختی لێ کردونەتەوە، بەڵام هێندێک بابەتی ئەو کۆنگرەیە تازەن و گرنگیشن لەوانە:

فراوان بوونی کەلێن لە نێوان دەوڵەتە پێشکەوتووەکان و وڵاتە تازە گەشندەکان، وەکارخستن و کاراکردنی مافی مرۆڤ لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا پەک دەخات. لە ڕوانگەی ئەوەیش کە مافەکانی مرۆڤ کەرت ناکرێن، هێنانەدی مافە مەدەنی و سیاسییەکان بەپێی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان مەحاڵە. هەبوونی (٧٠٠) ملیۆن نەخوێندەوار لە دونیادا، کۆسپێکی گەورەیە لەبەردەم جێبەجێکردنی بروانامەی UN و پتەوکردنی جاڕی جیهانیدا. چەک دامالین، پارەیەکی زۆر دەگەڕێنێتەوەو چەک دامالین هیوایەکی بەهێزی گەلانە.

### 4/ ئازادیی ڕاگەیاندن

### أ- «ڕێککەوتننامەی تایبەت بە مافی نێودەوڵەتی لە ڕاستکردنەوەدا».

{ کۆمەڵەی گشتی بەبڕیاری خۆی ٦٣٠ (د-٧) لە ١٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٥٢دا، بۆ واژۆکردن خستوبەتیەڕوو}.

یەکەم ڕۆژی جێبەجێکردن: ٢٤ی ئابی ١٩٦٢، بەپێی حوکمی بەندی هەشتەم.

ئەم ڕێککەوتننامەیە لە دیباجەیەک و (١٤) بەند پێکهاتووە، بۆ مەبەستی ئەو ڕێککەوتننامەیە لە بەندی یەکەمدا (٣) دەستەواژەی سەرەکی ڕۆژنامەوانی پێناس کراون، ئەوانیش «نامەی هەواڵ ئامێز»و «ئاژانسی دەنگ و باس» و «پەیامنێر»ن. لە پاشدا دەقنووسی کردووە کە بەرپرسیارێتی پیشەیی پەیامنێرو ئاژانسەکانی دەنگ و باس لەسەریان دەچەسپێنێ، ڕووداوەکان بێ جیاوازی و بێ دەراوێتن لە ڕاستە ڕێگەدا بگوازنەوە، کە لە دواییشدا ڕێزگرتنی مافی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکانیان لەسەر دەسەلمێنێ. هەروەها دەڵێ ئەخلاق و ئاکاری پیشەیی، بەسەر هەموو پەیامنێرو ئاژانسەکانی دەنگ و باسدا دەچەسپێنێ کە ئەو زانیارییانەی بڵاویانکردۆتەوە یان لە هەندێ پەیامی هەواڵئامێزدا هێناویانەتەوە «درۆ»بووە یاخود «شێواو» ـ بەپێی ڕێسای پەیڕەوکراو پێویستە بەهەمان هۆ، هەمان پەیام ڕاست بکەنەوە.

**ب- «جاڕنامەیەک سەبارەت بە بنەما سەرەکییەکانی تایبەت بە بەشداری پێکردنی هۆیەکانی ڕاگەیاندن لە پشتگیری کردنی ئاشتی و لێکحاڵی بوونی نێودەوڵەتی و پاڵپشت کردنی مافەکانی مرۆڤ و نەهێشتنی ڕەگەزپەرستی و جیاڕەگەزی و هاندانی شەڕ».**

{ کۆنگرەی گشتی ڕێکخراوی پەروەردەو زانست و کولتووری سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان «یونسکۆ» لە خولی بیستەمیدا؛ ڕۆژی ٢٨ی تشرینی دووەمی ١٩٧٨دا دەریکردووە}.

ئەو جاڕنامەیە لە دیباجەیەکی درێژو (١١)بەند پێکهاتووە.

ـ بەندی یەکەمی ئەو جارنامەیە پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە پشتگیریکردنی ئاشتی و لێکحاڵی بوونی نێودەوڵەتی و پاڵپشتیکردنی مافەکانی مرۆڤ و نەهێشتنی ڕەگەزایەتی و ئەپارتایدو هاندەرانی شەڕ، ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری و بڵاوکردنەوەی گەرەکە، کە بەشێوەیەکی هاوسەنگ و بەرفراوان، لەو ڕوانگەیەوە پێویستە هۆیەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەری بەشدارییەکی بنەڕەتییان هەبێت، هەروەها موومارەسەکردنی ئازادیی بیروڕاو سەربەستی ڕادەربڕین و« ئازادی ڕاگەیاندن» ، کە وەک بەشێکی دانەبڕاو لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکانیدا دانیان پێدانراوە، هۆکاری سەرەکین لە پشتگیریکردنی ئاشتی و لێک گەیشتنی نێودەوڵەتی.

بۆ ئەوەیش کە هۆیەکانی ڕاگەیاندن بکارن پاڵپشتی بنەماکانی ئەو جارنامەیە بکەن لە پەیڕەوکردنی چەڵەنگییەکانیدا، دەبێ ڕۆژنامەنووس و کارمەندانی تری هۆیەکانی ڕاگەیاندن، پارێزراو بن و چاترین هەڵومەرجیان بۆ دابین بکرێ، بەو ڕەنگەش لەسەر هۆیەکانی ڕاگەیاندن پێویستە بەشدارییەکی گرینگ لە پاڵپشتیکردنی ئاشتی و لێکحاڵی بوونی نێودەوڵەتیدا بکەن، هەروا بەشداری لە پەروەردەکردنی لاوان بکەن بە گیانی ئاشتەوایی و دادوەری و ئازادیی. لەسەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش پێدڤییە، بەشداری لە ئەفراندنی ئەو ڕەوشەدا بکەن کە زامنی ئاڵوگۆڕکردنی ئازادانەی زانیاری و بڵاوکردنەوەی بە بەرفراوانی بکەن، هەمان شتیش بەگوێرەی پاراستنی ڕۆژنامەوان و کارمەندانی تری ڕاگەیاندن. ڕێکخراوە پیشەییەکان و ئەو کەسانەیش کە پشکداری لە مەشقکردنی

پیشەیی ڕۆژنامەنووس و کارمەندانی تردا دەکەن، پێویستە بایەخێکی تایبەتی بەو بنەمایانە بدەن کە لەو جاڕنامەیەدا هاتووە، ئەوەش لەکاتی دانانی یاسا پیشەییەکانی تەرخان بەخۆیان و هەمدەم زامنی پیادەکردنیشی بدەن.

## 5/ تاوانەکانی شەڕو تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی

### أ- «ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی تاوانی کۆمەڵکوژیی و سزادان لەسەر ئەنجامدانیدا».

( بەبڕیاری کۆمەڵەی گشتی ٢٦٠ ئەلیف (د-٣) لە ٩ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٨دا پەسەندکراوەو بۆ واژۆکردن و بڕوایی پێدان و چوونە ڕێز خراوەتەڕوو)

یەکەم ڕۆژی جێبەجێکردن: ١٢ی کانوونی دووەمی ١٩٥١، بە گوێرەی بەندی ١٣.

ئەم ڕێککەوتننامەیە لە (١٩) بەند پێکهاتووەو تێیدا دەوڵەتە لایەنەکان باوەڕیی دێنن بەوەی کە کۆکوژی «جینۆساید» ئەگەر لە ڕۆژانی ئاشتی ئەنجامدرابێ یا لەکاتی شەڕ، تاوانێکە بەپێی یاسای نێودەوڵەتی و پەیمانی بەر لێ گرتن و سزادان لەسەر ئەنجامدانی دەکەن. لە مەفهومی ئەو ڕێککەوتنەشدا جینۆساید هەریەک لەو کارانە دەگەیەنێ کە بە مەبەستی وێرانکردنێکی کولللی یا بەشگریی گرووپێکی نەتەوەیی یا ڕەگەزایەتی یان ئایینی دەکرێن. شێوازو ڕێگای ئەنجامدانی ئەو گەورە کەتنەیش لە ڕێگای بە کۆمەڵکوژی و پیلانگێڕان بۆ

بەئاکام گەیاندنی جینۆساید و هاندانی ڕاستەوخۆ و ئاشکرای بە کۆمەڵ کوشتن و هەوڵدان یان بەشداریکردن لەو تاوانە دەگرێتەوە. ئەنجامدەرانی جینۆساید، بە گوێرەی ئەو ڕێککەوتنە هەرکێ بن سزادان دەیانگرێتەوە، واتە ئەگەر دەسەڵاتداری دەستووریی بن یان کارمەندی گشتی یا تاکە کەسان هیچ جیاوازییەکی نییەو دەبێ لە بەرامبەر دادگایەکی پسپۆڕ لە دادگاکانی ئەو دەوڵەتەی تاوانەکەی لێ ڕووداوە، دادگایی بکرێن یاخود لەهەمبەر دادگایەکی سزایی نێودەوڵەتی کە پسپۆڕبێت و لایەنە ڕێککەوتووەکان دانیان بە دەسەڵاتی نابێت. لەسەر ئاستی تەسلیم کردنەوەی تاوانبارانیش ئەو تاوانە بە سیاسی دانەنراوە، بۆ ئەوەی تاوانباران سوودی لێ نەبینن و لە سزای عادیلانەو ڕەوا ڕزگاریان نەبێ.. شایانی گوتنە بەر لەو ڕێککەوتننامەیە کۆمەڵەی گشتی **UN** لە ڕۆژی ١١ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٦دا بڕیاری ژمارە ٩٦(د-١)ی دەرکردووە کە تێیدا جینۆسایدی وەک تاوانێکی نێودەوڵەتی ناساندووە، کە لەگەڵ کیان و ئامانجەکانی **UN** دژو ناکۆکە.

**ب- «ڕێککەوتننامەی بەسەرنەچوونی تاوانەکانی شەڕو تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی».**

( بە بڕیاری کۆمەڵەی گشتی ٢٣٩١ (د-٢٣) لە ڕۆژی ٢٦ی تشرینی دووەمی ١٩٦٨ پەسەندکراوەو بۆ واژووکردن و بڕوایی پێدان و چوونە ڕیز، خراوەتە ڕوو)

یەکەم ڕۆژی جێبەجێکردن: ١١ی تشرینی دووەمی ١٩٧٠، بە گوێرەی بەندی هەشتەم

ئەم ڕێککەوتننامەیە لە دێباجەیەک و (١١) بەند پێکهاتووە. بەپێی ئەو ڕێککەوتننامەیە، هەندێک تاوانی خەتەرناک بۆ مەبەستی سزادان و دادگایی کردن، لە هەروەختێکدا کرابن و چەندیان بەسەر تێپەڕبێت، بەسەرناچن، لەوانە تاوانەکانی شەڕ کە پێناسەکەی لە پێڕەوی ئەساسی دادگای نۆرمبێرگی سەربازیی نێودەوڵەتیدا هاتووە لە ٨ی ئابی ١٩٤٥ و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی، چ لە زەمەنی جەنگدا ئەنجامدرابن یا ڕۆژگاری ئاشتی، کە پێناسەکەی ئەویش هەر لە پێڕەوی دادگای نۆرمبێرگدا هاتووە. ئەو تاوانانە ئەگەر ئەنجامدران، ئەحکامی ئەو ڕێککەوتننامەیە بەسەر نوێنەرانی دەسەڵاتی دەوڵەت پیادە دەبێ و ئەو کەسانەیش کە وەک کارکردەی ئەسڵی یان پشکدار، بەشداری لە ئەنجامدانی هەریەک لەو تاوانانەدا دەکەن یان هانی غەیرە دەدەن بۆ ئەنجامدانی و ئەوانەی کە پیلان بۆ قەومانـدنی دەگێڕن. دەوڵەتانی لەلایەن ئەو ڕێککەوتننامەیە پەیمان دەدەن کە هەموو تەگبیرێکی یاسایی غەیرە یاسایی و پێویست بکەن، بۆ ئەوەی بە پێی یاسای نێودەوڵەتی، ئەو کەسانەی ئەو تاوانانەیان کردووە، تەسلیم بکرێنەوە. بایەخی دەرکردنی ئەو ڕێککەوتنە لەوەدایە کە: پیادەکردنی بنەماکانی یاسای ناوخۆی وڵاتان بەسەر تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانەکانی جەنگ، لە ڕووی «بەسەرچوونی تاوانە ئاساییەکان» وای دەکرد، کە دوای بەسەرچوونی ماوەیەکی دیاریکراو، ڕاوەدوونان و سزادانی کەسانی تاوانبار نەکرێ و بەسەربچێ، کە ئەوەش ڕای گشتی دونیا نیگەران دەکات و گرفتی گەورە دەنێتەوە لەوەدا ئەو

ڕێککەوتنە هاتە کایێ بەو پێیەش هیچ تاوانێک لە تاوانبارانی بەسەر ناچێ، بێ گوێدانە کات و زەمەنی ئەنجامدانی تاوانەکە.

**ج- « بنەماکانی ئالیکاریی نێودەوڵەتی لە تاقیب کردن و گرتن و تەسلیم کردنەوە و سزادانی کەسانی تاوانبار بە ئەنجامدانی تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی»**

( بڕیاری کۆمەڵەی گشتی ٣٠٧٤ (د-٢٨) لە ٣ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٣)

نەتەوە یەکگرتووەکان بە پشت بەستن بە بنەما و ئامانجەکانی کە لە بڕوانامەدا دیاریکراون و پەیوەستن بە هاریکاری نێوان گەلان و پاراستنی ئەمن و ئاسایشی نێودەوڵەتی، چەند بنەمایەکی ڕاگەیاند بە مەبەستی هاریکاری دەوڵەتان لە بەدواداچوون و گرتن و تەسلیم کردنەوە و سزادانی کەسانی تاوانبار بە ئەنجامدانی تاوانەکانی جەنگ و دژ بە مرۆڤایەتی لەو بنەمایانە:

تاوانەکانی جەنگ و دژ بە مرۆڤایەتی، لە هەر کوێیەک ئەنجامدرابن، جێگای لێکۆڵینەوەن، ئەو کەسانەیش کە بەڵگەی ئەوەیان لەسەرە کە ئەو تاوانەیان کردبێت، تاقیب دەکرێن و تەوقیف و دادگایی دەکرێن و ئەگەر تاوانکار دەرچوون سزادەدرێن، هەر دەوڵەتێک مافی دادگاییکردنی هاووڵاتیانی خۆی هەیە ئەگەر ئەو تاوانانەی ئەنجام دابێت، دەوڵەتان ئالیکاری یەکتر دەکەن لە پێناو وەستاندنی ئەو تاوانەو بەر لێ

گرتنی، هەروا لە بەدواداچوون و گرتن و دادگاییکردنی ئەوانەی گومانی ئەنجامدانی ئەو تاوانانەیان لەسەرە یارمەتی یەکتر دەدەن. لە تەسلیم کردنەوەی ئەو تاوانبارانەیشدا، دەوڵەتان هاوکاری یەکتر دەکەن، هەروا لە کۆکردنەوەی (بەڵگە و زانیاری) ئەوتۆ کە تاوانباران ئاشکرا بکات و بەرەو دالانەکانی دادگایان ببات، کۆمەکی یەکتر دەکەن و زانیاریی ئاڵوگۆڕ دەکەن، هیچ دەوڵەتێکیش بۆی نییە مافی پەنابەریی بە هیچ کەسێک بدات کە باوەڕ یا گومانی ئەوەی هەبێ کە ئەو تاوان و گەورە کەتنانەی قەوماندبێت، ئەوەش بەپێی بەندی (١) لە جاڕنامەی پەنابەریی ئیقلیمی کە لە ١٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٧دا دەرچووە. دەوڵەتان نابێت هیچ یاسایەک دەربکەن، یا تەگبیرێکی غەیرە تەشریعی بکەن، کە لەو ئیلتیزامە نێودەوڵەتییە کەم بکاتەوە، پەیوەندیان بە تاقیب کردن و گرتن و تەسلیم کردنەوەی ئەو تاوانبارانەوە هەیە.

## 6/ قەدەغەکردنی جیاخوازیی

### أ- «جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بنبڕکردنی هەموو شێوەکانی جیاخوازیی ڕەگەزپەرستی».

( بەپێی بڕیاری کۆمەڵەی گشتی ١٩٠٤ (د-١٨) لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣، بەڕەسمی دەرچووە)

ئەم جاڕنامەیە لە (١١) بەند پێکهاتووەو کۆمەڵەی گشتی لە ڕوانگەی بڕوانامەی UN ەوە کە جەخت لەسەر هەردوو بنەمای یەکسانی و کەرامەت و شکۆی خەڵک دەکات و لە ڕوانگەی

نێوەڕۆکی جاڕی گەردوونییەوە کە دەڵێ: مافی هەر مرۆڤێکە سوود لە هەموو ماف و ئازادییەکانی نێو جاڕنامە وەربگرێت بەبێ جیاوازیی بەهۆی ڕەگەز و ڕەنگ و بنەڕەتی نەتەوەیی، بە ڕەسمی جەخت لەسەر خێرا بنبڕکردنی جیاخوازیی ڕەگەزایەتی دەکاتەوە بە هەموو شێوەو ڕواڵەتەکانییەوە لە هەموو دنیادا، چونکە جیاخوازیی ئابڕووبردنی کەرامەتی ئینسانییە لەوەشدا دەبێ مەحکووم بکرێ. جیاخوازیی کۆسپێکە لەبەردەم پەیوەندی خۆبیانەو ئاشتیانەی نێوان گەلان، واقیعێکە بۆی هەیە ئەمن و ئاسایشی نێوان میللەتان شێلوێ بکات. دەبێ کۆششی تایبەتی بکرێ بۆ بەر لە جیاخوازیی گرتن بە ئەگەری خوێن و ڕەنگ و بنەچەی نیشتمانی، نەخوازەلا لە بواری مافە باژێرڤانییەکان، ڕەگەزنامە، فێرکردن، ئایین، کرێکاری و ئیش و کاردا، نابێت جیاخوازیی لە ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانیدا دەکرێ، مافی شکایەت و پەنا وەبەر دادگایەکی نیشتمانی سەربەخۆی هەیە. هەر تیخ تیخەدانێکی توندوتیژی و هەر کارێکی توندوتیژی کە کەسانێک یان ڕێکخراوێک لە دژی هەر ڕەنگ و بنەچەیەکی نەتەوەیی دیکە، دەیکات، بە تاوانێکی دژ بە کۆمەڵ دەژمێردرێ و بەپێی یاسا سزا دەدرێ. جیاخوازیی هەر بە تەنها ئازاری ئەوانە نادات کە لە ڕووی ڕەنگ و ڕەگەز و،.. جیان، بەڵکو ئازارەکە خۆی جوداخوازەکانیش دەگرێتەوە.

**ب- « ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی بۆ بنبڕکردنی هەموو شێوەکانی جیاخوازیی ڕەگەزپەرستی» .**

( کۆمەڵەی گشتی بە بڕیاری خۆی ٢١٠٦ ئەلیف (د-٢٠)

له ٢١ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٥دا پاڵپشتی لێ کردووەو بۆ واژۆکردن و بڕوایی پێدان خستویەتییەڕوو).

یەکەم ڕۆژی جێبەجێکردن: ٤ی کانوونی دووەمی ١٩٦٩، بەگوێرەی بەندی(١٩) ئەم ڕێککەوتننامەیە لە (٣) بەش پێکهاتووەو بەسەر (٢٥) بەنددا دابەشکراوەو زۆر لە نێوەڕۆکی جاڕنامەی پێشووی تێدا دووبارە بۆتەوە، زەقترین خاڵێکی کە ئەو ڕێککەوتننامەیە لێی خەفتاوە. بڵاوکردنەوەی هەموو بیروباوەڕێکی ڕەگەز باڵایی و بوغزو ڕقی ڕەگەزایەتی و هەموو تیخ تیخە دانێکی جیاڕەگەزی و کارەکانی توندوتیژی و هەر یارمەتی و داراکردنێکی ڕێکخراوە ڕەگەزپەرستەکان، بەتاوان دەژمێردرێ و سزای قانوونی لەسەرە. هەموو ڕەگەز و ڕەنگ و ئایین و تایەفە و بنەچەو ئول و عەقیدە و گرووپێک لە بەرامبەر یاسادا هاوشان و یەکسانن، بەتایبەتی لە سوود و کەڵک وەرگرتن لە مافی سیاسی وەک دەنگدان و خۆ هەڵبژاردن و بەشداریی حوکمی وڵات و بەیەکسانی لە وەزیفە وەرگرتن. یەکسانی لە سوود وەرگرتن لە مافە باژێرڤانییەکان وەک: مافی جموجۆڵ و جێنیشی لە نێو سنووری دەوڵەتدا و مافی جێهێشتنی هەر وڵاتێک لەوانە وڵاتەکەی، بۆ گەڕانەوەیشی مافی ڕەگەزنامە، مافەکانی هەڵبژاردنی هاوسەرو موڵکدارێتی و میرات و ئازادیی فیکرو ئول و ئایین و بیروڕا و ڕادەربڕین و پێکهێنانی سەندیکا و کۆمەڵە ئاشتەواییەکان. هەروا بە یەکسانی و بەبێ جیاوازی مافی سوود وەرگرتن لە مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکانیان هەیە، بەتایبەتی: مافی کارکردن و مافەکانی ئازادیی لە هەڵبژاردنی

جۆری کارو پاراستنی لە بێ کاری و مافی لە پەروەردەو مەشقکردن و بەیەکسانی بەشداریکردن لە چالاکییە کەلتوورییەکاندا، بەگوێرەی بەندی (٦) دەوڵەتانی لایەن بۆ هەر (مرۆڤێکی) کە لە ژێر دەسەڵاتیان دایە، مافی گەڕانەوەی دادگا نیشتمانییەکان و دامەزراوە پسپۆڕەکانی تری دەوڵەتیان بۆ دەستەبەردەکەن لە حاڵێکدا ئەگەر سیاسەتی جیاخوازییان دەرهەق جێبەجێ کرابوو و پێشێلی ئەو مافە پارێزراوانەیان کرابوو، کە لەو ڕێککەوتننامەیەو بەڵگەنامەکانی تری نێوخۆ و نێودەوڵەتی هاتبوون، هەر بۆ ئەم مەبەستەش لیژنەیەک دادەمەزرێ بەناوی «لیژنەی بنبڕکردنی جیاخوازی ڕەگەزایەتی» و ساڵانە ئەو لیژنەیە ڕاپۆرتی کارو چالاکییەکانی خۆی لە ڕێگای سکرتێری گشتی UNەوە بۆ کۆمەڵەی گشتی بەرزدەکاتەوە.

### ج- «ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی دامرکاندنەوەی ئەپارتهایدو سزادان لەسەر جێبەجێکردنی»

(بە بڕیاری کۆمەڵەی گشتی ٣٠٦٨ (د-٢٨) لە ٣٠ی تشرینی دووەمی ١٩٧٣ پەسەندکراوەو بۆ واژۆکردن و بڕوایی پێدان خراوەتەڕوو).

یەکەم ڕۆژی جێبەجێکردن: ١٨ی تەمموزی ١٩٧٦ بەگوێرەی ئەحکامی بەندی ١٥.

ئەم ڕێککەوتننامەیە لە (١٩) بەند پێکهاتووەو دەوڵەتانی لایەن لەم ڕێککەوتنە جاڕی ئەوە دەدەن کە ئەپارتهاید تاوانێکی دژ بە

مرۆڤایەتییەو ئەو کارە نا مرۆڤانەی لە مومارەسەکردنی ئەو سیاسەتە دەکەنەوە، تاوانێکن بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی پێشێل دەکەن و گەف و هەڕەشە لە ئاشتی و ئاسایشی جیهانی دەکەن. دەوڵەتانی لایەن «تاوانبارکردنی» هەموو ئەو ڕێکخراو و دامەزراو و کەسانە ڕادەگەیەنن کە تاوانی ئەپارتهاید ئەنجامدەدەن. تاوانی ئەپارتهاید، وەک ئەوەی لە باشووری ئەفەریقیادا پیادەکرا. ئەوکارە وەحشیگەرانەیە کە توێژێکی ڕەگەز پەرست زاڵ دەستی و کۆنترۆڵی خۆی بەسەر توێژ و گرووپانی تر دەسەپێنێ و بەشێوەیەکی مەنهەجی دەیچەوسێنێتەوەو مافەکانی بەو شێوازانە زەوت دەکات، بێبەشکردنی ئەندام، یا ئەندامانی توێژێکی ڕەگەز جودا لە مافی ژیان و ئازادیی شەخسی وەک کوشتن و ئەشکەنجەدانی جەستەیی و سایکۆلۆژی و دەستدرێژی کردنی شکۆ و کەرامەتیان و مامەڵەکردنی توندوتیژو دڕندانەیان و گرتن و وەستاندنیان بەشێوەیەکی ناقانوونی، هەروا خستنەژێر باریی گوزەرانێکی ئەوتۆ کە کوللەن یا بەشێکیان لێ قڕ بکات و قەدەغەکردنی ئەو گرووپە ڕەگەز جودایە مەزڵومانە، لە بەشداریکردنی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتووری وڵاتدا، بێبەش کردنیان لە مومارەسەکردنی ماف و ئازادییە سەرەکی و سەرەتاییەکانیان. تاکە کەسان و ئەندامانی ڕێکخراو و دامەزراوەکان و نوێنەرانی دەوڵەت، ئەگەر تاوانی ئەپارتهایدیان بەو شێوازانەی باسکرا، ئەنجام دابێ یان بەشداریبیان تێدا کردبێ یان بە ئاشکرا لێیان هاندابێت، یان یارمەتی ئەنجامدانیان دابێ، یا لەو پێناوەدا خۆیان لێکدابێتەوە، بەرپرسیاریتی سزایی نێودەوڵەتییان دەکەوێتە سەرو دەکرێ

لەیەک لە دادگا ناوخۆکانی دەوڵەتە لایەنەکان یان لە دادگایەکی سزایی نێودەوڵەتی بە چەند مەرجێکەوە، دادوەریی بکرێن، ئەمەو تاوانی ئەپارتهاید، بۆ مەبەستی تەسلیم کردنەوەی تاوانکاران بە تاوانی سیاسی ناژمێردرێ و دەوڵەتانی لایەن پەیمانی تەسلیم کردنەوەی تاوانکاران بەپێی ڕێککەوتننامە کار پێ کردووەکان و یاسا ناوخۆییەکانیان دەدەن.

## د- «ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی دژ بە ئەپارتهاید لە یارییە وەرزشییەکاندا».

( کۆمەڵەی گشتی پەسەندی کردووەو بەپێی بڕیاری خۆی ٤٠/٦٤ لە ١٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٥دا بۆ واژۆکردن و بڕوایی پێدان خستوویەتییە ڕوو).

ئەم ڕێککەوتننامەیە لە (٢٢) بەند پێکهاتووەو تێیدا ئەو سیاسەت و مومارەسانە لادەباو تێک دەشکێنێ، کە بەرنامەی پەرتکردن و جوداخوازیی ڕەگەز پەرستانەیان لە یارییە وەرزشیەکاندا گرتۆتەبەر، ئەوەش لە ڕوانگەی بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ و «بنەمای ئۆڵۆمپی» کە ڕێگا بە هیچ جیاوازییەک نادات کە لەسەر بنەڕەتی ڕەگەز و ڕەنگ و ئایین و ئینتیمای سیاسییەوە بکرێت. دەوڵەتانی لایەنی ئەو ڕێککەوتننامەیە، بەتوندی ئەپارتهاید مەحکووم دەکەن و پەیمان دەدەن، کە لە پێناو لابردنی هەموو شێوازەکانی ئەپارتهاید لە یارییە وەرزشییەکاندا هەموو ڕێگایەکی لەبار بگرنەبەر، هەروەها دەوڵەتانی لایەن ڕێگا بەهیچ پەیوەندییەکی وەرزشی نادەن لەگەڵ وڵاتێکدا کە مومارەسەی جیاخوازیی ڕەگەزایەتی

بکات و هەموو ئیجرائاتێکی شیاو دەکەن لە پێناو دەستەبەرکردنی پەیوەندی نەکردنی دەستەو ستاف و تیپە وەرزشییەکانی بەو جۆرە وڵاتانەوە. دەوڵەتانی لایەن پێشکێش کردنی هەموو جۆرە یارمەتییەکی دارایی و غەیرە وی، بۆ تیپ و دەستەو ستافە وەرزشییەکان، ڕەت و ڕەفز دەکەنەوە، ئەگەر ئەوە بە مەبەستی بەشداریکردن بێت لە چالاکی وەرزشیی وڵاتێکدا کە مومارەسەی ئەپارتهاید دەکەن، یان لەگەڵ تیپە وەرزشڤانانێک دابێ، لەسەر بناغەی ئەپارتهاید و جیاخوازیی هەڵبژێردرابن و بە پێچەوانەوە هەر دەوڵەتێکی لایەن ئیجرائاتی شیاو و لەبار لە دژی دەستەو ستاف و تیپ و وەرزشوانانی دەکات لەوانە: بێبەشکردنیان لە هەموو چەشنە یارمەتییەک، بێبەش کردنیان لە بەشداریکردن لە بوارە وەرزشییە نیشتمانییەکاندا، جێبەجێ نەکردنی هەندێک لە (عقد)ە وەرزشییەکان لەوانە پەیوەستە بە ئەپارتهایدەوە ئەو تیپ و وەرزشوانانە لە نیشانەو میدالیا و خەڵاتە نیشتمانییەکان لە بواری وەرزشدا، پێشوازی نەکردنیان بە شێوەیەکی ڕەسمی لەکاتی گەڕانەوەیاندا. هەروەها دەوڵەتی لایەن ئەوە ڕەت دەکەنەوە کە فیزەی سەفەر یا هاتنە ژوورەوە یان هەردووکیان، بە نوێنەرانی ستافە وەرزشییەکان یا ئەندامانی ئەو تیپانە بدەن کە نوێنەرایەتی وڵاتێک دەکەن مومارەسەی جیاخوازی و ئەپارتهاید دەکات. دەوڵەتی لایەن هەوڵ و کۆششی زۆرو زەوەند دەکەن لە پێناو زامن کردنی خۆبەستنەوەی تەواو و هەمەلایەن بە بنەمای «ئۆڵۆمپی»یەوە کە دژ بە جیاخوازییە، هەروا بە ئەحکامی ئەو ڕێککەوتننامەیەش.

**هـ- «ڕێككەوتننامەی جیاخوازیی (لە بواری وەئیش خستن و پیشە)دا».**

( ڕێككەوتننامەی (ژمارە ١١١) تایبەت بە جیاخوازیی لە بواری وەئیش خستن و پیشەدا).

( كۆنگرەی گشتی ڕێكخراوی كاری نێودەوڵەتی لە ٢٥ی حوزەیرانی ١٩٥٨ و لە خولی چل و دووەمیندا، پەسەندی كردووە)

یەكەم ڕۆژی جێبەجێكردن: ١٥ی حوزەیرانی ١٩٦٠، بەپێی ئەحكامی بەندی هەشتەم.

كۆنگرەی گشتی ڕێكخراوی كاری نێودەوڵەتی، كە ئەنجوومەنی كارگێڕیی نووسینگەی كاری نێودەوڵەتی بانگهێشتی گرێدانی لە جنێڤ داكردبوو، ڕەچاوی ئەوە دەكات كە جاڕنامەی ڤیلادلڤیا، بە چاوپۆشین لە ڕەگەزو بنەچە و ئول و عەقیدەوە، ئەوە دووپات دەكاتەوە كە هەموو مرۆڤ مافی كاركردنیان هەیە ئەوەش لە پێناو خۆشگوزەرانی ماددی و پێشكەوتنی ڕۆحییاندا و لە ڕەوشێك ئازادیی و كەرامەت و ئاسایشی ئابووری و هاو دەرفەتیان بۆ فەراهەم بكرێت، كۆنگرەكە ئەوەش لەبەرچاو دەگرێ كە «جیاخواز» پێشێل كردنێكی مافەكانی دەقنووس كراو لە جاڕی جیهانییە، بۆیە: هەر دەوڵەتێكی لایەن لەو ڕێككەوتننامەیە، پەیمانی پیرۆكردنی سیاسەتێكی نیشتمانی دەدەن، بە ئاراستەی وەدیهێنانی هاو دەرفەتی و یەكسانی لە مامەڵەكردنی وەئیش خستن و پیشەدا، بە

ڕەچاوکردنی ئەوەی هزرو هەڵاویردن یا لە پێشتر گریبەکی گشتی لە هەندێ کار دەکرێت و توانست و شیان و شارەزاییان پێویستە بە جیاخوازیی ناژمێردرێ، تێکستی ئەم ڕێککەوتننامەیە لە «١٤» بەندالدا سەقامی گرتووە.

**و- «ڕێککەوتننامەی تایبەت بە نەهێشتنی جیاخوازیی لە بواری فێرکردندا».**

(کۆنگرەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەروەردەو زانست و کەلتوورو لە ١٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٠ لە خولی یازدەمینیدا، پەسەندی کردووە)

یەکەم ڕۆژی جێبەجێکردن: ٢٢ی ئایاری ١٩٦٢ بە گوێرەی ئەحکامی بەندی١٤.

لەسەرە ڕێی نەهێشتنی جیاخوازی لە بواری فێرکردندا، دەوڵەتانی لایەن پەیمانی ئەوە دەدەن کە هەموو ئەحکامێکی یاسایی و ڕێنمایی ئیداری پووچەڵ و ئیلغا بکەنەوە کە جیاکاری لە فێرکردندا تێیدا بێت و لە ڕووی سەپاندنی ڕسومی قوتابخانەو دانی هەموو شێوەیەکی یارمەتی و هاوکاری بۆ قوتابیان و پێشکێش کردنی ئاسانکاری پێویست بۆ خوێندن لە دەرەوەی وڵات، ڕێگا بە هیچ فەرق و جیاوازییەک نەدەن لە مامەڵەکردنی هاووڵاتیاندا تەنها لەسەر بنەڕەتی «پێویستی و بە توانایی و لێهاتوویی« نەبێت و ئەو (بیانی) یانەی لەسەر خاکی هەر دەوڵەتێکی لایەن جێنشین پەیمانی هاو دەرفەتییان دەدەن لە ڕووی فێرکردنەوە، وەک هاووڵاتیانی خۆیان. هەروا

دەوڵەتانی لایەن پەیمانی هاو دەرفەتی و یەکسانی فێرکردن دەدەن لەوەی کە «فێرکردنی سەرەتایی» بە خورتی و بەخۆڕایی بێت بۆ هەمووان، فێرکردنی بالآیش لەبەردەم هەمووان‌دا و لەسەر بنەڕەتی (تاکە کەسی) ئاوەلآکراوەبێ و هەروا هاوئاستی فێرکردن لە هەموو دامەزراوە فێرکارییەکاندا و وەکیەکی هەل و مەرجی پەیوەست بە باشیی پرۆگرامی پێشکێش کراو و جۆرەکەی، هەروەها دەوڵەتانی لایەن لەسەر ئەوە رێککەوتوون کە: دەبێ ئامانجی فێرکردن وەدیهێنانی پەرەپێدانی تەواوی شەخسیەتی مرۆڤ و پاڵپشتکردنی رێزگرتن لە ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ بێت و لێک حاڵی بوون و لێک بوردن و دۆستایەتی نێوان هەموو نەتەوەو گرووپانی رەگەزایەتی و ئایینی ئاسان بکرێ. هەروا پێویستە دان بە مافی ئەندامانی کەمایەتییە نیشتمانییەکان بنرێت لە مومارەسەکردنی چالاکییە پەروەردەیی و فێرکارییەکانیاندا وەک دامەزراندن و بەڕێوەبردنی قوتابخانەو بەکارهێنانی زبانی تایبەت بە خۆیان بەو مەرجەی دەگەڵ سیاسەتی فێرکاریی دەوڵەتدا یەک بگرێتەوە. مومارەسەکردنی کەمایەتییەکان بۆ مافی پەروەردەیی و فێرکارییان، دەبێ ئەو مەرجانەی تێدا رەچاو بکرێ، یەک: پێڕەوکردنی ئەو مافە نابێت بەر لە ئەندامانی کەمینەکان بگرێ لە تێگەیشتنی زبان و کەلتووری کۆمەڵ بەگشتی، یان بەر لە بەشداریکردنیان لە چالاکییەکانی کۆمەڵ بگرێ، یاخود بە شێوەیەک گۆشەگیر بێ کار لە سەروەریی نیشتمانی بکات. دوو: ئاستی فێرکردن نابێت کەمتر بێت لەو ئاستە گشتییەی کە دەسەلآتی تایبەتمەند لە دەوڵەتدا بڕیاری

لەسەر دەدا. سێ: پەیوەندیکردن بەو قوتابخانانەوە دەبێ سەرپشکی و بە ئارەزووەوە بێت نەک بە خورتی. دەقی ئەم دۆکیۆمێنتە نێو دەوڵەتییە (١٩) بەندە.

**ز- «پرۆتۆکۆڵی دامەزراندنی لیژنەی گونجاندن و هەوڵی خێرخوازی، کە لە دووچوونی تەختکردنی هەر ناکۆکییەکی پێ بسپێردرێ کە لە نێوان دەوڵەتانی لایەن لە رێککەوتننامەی تایبەت بە نەهێشتنی جیاخوازیی لە بواری فێرکردندا، کە رەنگە رووبدەن».**

( کۆنگرەی گشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەروەردەو زانست و کەلتوور، لە ١٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٢، لە خولی دوازدەمیندا پەسەندی کردووە).

یەکەم رۆژی جێبەجێکردن: ٢٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٨، بەپێی ئەحکامی بەندی ٢٤٠.

کۆنگرەی گشتی UNESCO لە روانگەی ئاسانکردنی پیادەکردنی ئەو رێککەوتننامەیە، گەیشتە ئەوەی لیژنەیەکی تایبەت بە پێکهێنان و گونجاندن و هەوڵی خێرخوازیانە لە نێوان دەوڵەتانی لایەن دابمەزرێ بە مەبەستی چارەسەرو نەهێشتنی ئەو ناکۆکییانەی لە مابێن ئەو دەوڵەتانە دروست دەبن، سەبارەت بە «پیادەکردن و لێکدانەوە»ی نێوەرۆکی رێککەوتنی تایبەت بە لابردنی جیاخوازی لە بواری فێرکردندا، دەقی پرۆتۆکۆڵەکە (٢٨) بەندە.

**ج- «ڕێککەوتننامەی یەکسانی لە کرێدا»**

**« ڕێککەوتننامەی (ژمارە ١٠٠) تایبەت بە یەکسانی کرێکاری پیاو و ژن لە کرێدا، لەکاتی یەکسانبوونی بەهای کارەکەدا» .**

(کۆنگرەی گشتی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی لە ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٥١، لە خولی سی و چوارەمینیدا، پەسەندی کردووە)

یەکەم ڕۆژی جێبەجێکردن: ٢٣ی ئایاری ١٩٥٣ بە گوێرەی ئەحکامی بەندی ٦.

میحوەری ئەو ڕێککەوتننامەیە یەکسان بوونی ژن و پیاوە لە «کرێ»دا لە حاڵێکدا ئەگەر بەهای کرێیەکە هاوشان بێت، مەفهومی «کرێ»یش لێرەدا دەسهەق و مووچەو هەموو ئەو قەرەبووانە دەگرێتەوە کە خاوەنکار، ڕاستەوخۆ یان لاوەکی، بە کرێکاری دەدات. (ئەم دەقە ١٤بەندە).

**ی- «جاڕنامەی بنەبڕکردنی جیاخوازیی لە دژی ئافرەتدا»**

( بەپێی بڕیاری کۆمەڵەی گشتی ٢٢٦٣ (د-٢٢) لە ٧ی تشرینی دووەمی ١٩٦٧دا، بەڕەسمی دەرچووە).

کۆمەڵەی گشتی لە حاڵێکدا بەردەوامبوونی جوداکارێکی زۆر لە دژی ئافرەتدا نیگەرانی کردووەو بەوەش کە دەبینێ جیاخوازیی لە دژی ئافرەتدا لەگەڵ کەرامەتی مرۆڤ و باشەی

خێزان و کۆمەڵدا ناکۆکەو ئەو جیاخوازییە وا دەکات کە ئافرەت بەیەکسانی لەگەڵ پیاودا لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و کەلتووری وڵاتەکەیدا بەشداری نەکات، کە ڕەچاوی ئەو بایەخەی بەشداری کردنی ئافرەتیش دەکات لە ژیانی هەمە لایەنەی کۆمەڵ و دەوڵەتدا بەتایبەتی ئەو ڕۆڵەی لە نێوان خێزان و پەروەردەی منداڵدا دەیبینێ: بە ڕەسمی ئەوە جاڕ دەدات کە جیاخوازیی دژ بە ئافرەت، چ بە ئینکارکردنی بێت یا بەسەقفەوەو سنووردارکردنی ئەو مافانەی ئافرەت بێت کە لەگەڵ پیاودا یەکسانی دەکات، زوڵمێکەو ئابڕووبردنێکی کەرامەتی مرۆڤایەتییە، لەوەدا دەبێ هەموو تەگبیرێکی شیاو و لەبار وەربگیرێ بۆ پووچەڵکردنەوەی هەموو ئەو یاساو عورف و سیستەم و مومارەسانەی کە جیاکاریی لە دژی ئافرەت پێکدەهێنن، هەروەها، بە زووترین کات، دەوڵەتان بڕوایی بەو دیکۆمێنت و بڕوانامە نێودەوڵەتییانە بدەن کە لە UNو ئاژانسەکانییەوە دەرچوون و تەرخانن بە بنەبڕکردنی جیاخوازیی لە دژی ئافرەتاندا، هەموو تەگبیرێکی شیاو دەکرێ کە زامنی یەکسانیی پیاو و ژن بکات بە تایبەتیش لە مافی دەنگدان و خۆ هەڵبژاردن و دەنگدانی لە ڕیفراندۆمە گشتییەکان و مافی وەرگرتنی پلەوپایەی گشتی و وەزیفەی گشتی کە زامنکردنیان دەبێ لە ڕێگای یاساوەبێت. لە ڕووی وەرگرتنی ڕەگەزنامە و گۆڕینی، ژن و پیاو یەکسانن، شووکردنیش بە بیانی کار لەوە ناکات کە ئافرەتەکە بێ ڕەگەزنامە بمێنێتەوە یا ڕەگەزنامەی مێردەکەی بەسەردا بسەپێت. بە ڕەچاوکردنی یەکبوون و گونجاوی و تەبایی خێزان، هەموو تەگبیرێکی شیاو دەکرێت بۆ

زامنکردنی سوود وەرگرتنی ئافرەت (کچ،ژن) لە یاسای باری کەسی و یاسای شارستانی بە یەکسانی لەگەڵ پیاودا. هەموو ئەحکامێکی یاسای سزادانی دەوڵەتان، پووچەڵ دەکرێنەوە کە جیاخوازیی لە دژی ئافرەتدا تێدایە بەتایبەتیش لە بواری نەهێشتنی هەموو جۆرە بازرگانییەک پێیەوە لەوانە بازرگانی لەشی ئافرەت. هەموو تەگبیرێکی شیاو وەردەگیرێ لە پێناو یەکسانی کردنی مافی ژن و پیاو لە بواری فێرکردندا و لە هەموو ئاستەکاندا. کردنی چەند تەگبیرێکی شیاو و لەبار بۆ زامنکردنی هاوشان بوونی ژن و پیاو لە مافە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا.

### ک- «ڕێککەوتننامەی بنەبڕکردنی هەموو شێوەکانی جیاخوازیی لە دژی ئافرەتدا»

(کۆمەڵەی گشتی بە بڕیاری ٣٤/ ١٨٠ لە ١٨ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٩ پەسەندی کردووە و بۆ واژۆکردن و بڕوایی پێدان و چوونە ڕیز خستوویەتییە ڕوو).

یەکەم ڕۆژی جێبەجێکردن: ٣٠ی ئەیلوولی ١٩٨١، بەگوێرەی ئەحکامی بەندی٢٧.

دەوڵەتانی لایەن لەم ڕێککەوتننامەیە هەموو شێوەکانی جیاخوازی لە دژی ئافرەت مەحکووم دەکەن و ڕێک دەکەون کە بەهەموو ڕێگایەکی لەبار، نەهجی ئەو سیاسەتە بگرنە بەر کە جیاوازی لە دژی ئافرەت بنبڕ دەکات. دەوڵەتانی لایەن لە هەموو بوارەکانی پۆلەتیکی و سۆسیۆلۆژی و ئابووری و هیتردا، تەگبیری شیاو و لەبار دەکەن، بۆ زامن کردنی گۆڕان و

بەرەو پێشچوونی ئافرەت ئەوەش بۆ ئەوەی بتوانێت مومارەسەی ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ بکاو لەسەر ئەو بناغەیە لەگەڵ پیاودا هاوشان بێت. دەوڵەتانی لایەن هەموو تەگبیرێکی شیاو دەکەن بۆ نەهێشتنی هەموو شێوەکانی بازرگانی کردن بە ئافرەت و فرۆشتنی لەشی ئافرەت، هەروا زامنی هاوشان کردنی ژن و پیاو دەدەن لە ژیانی سیاسی وڵات و لەبەشداریکردن لە هەر ڕێکخراو و کۆمەڵەیەکی ناحکوومی کە بایەخ بە ژیانی سیاسی و گشتی وڵات بدات و بەشداری لە نوێنەرایەتی کردنی وڵاتەکەی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتان و پشکداری لە کارەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیدا بکات. هەروا دەوڵەتان زامنی یەکسان کردنی مافی ژن و پیاو دەکەن لە وەرگرتنی ڕەگەزنامەو گۆڕیندا و مافی هاوشان لە بواری پەروەردەو فێرکاری و بنبڕکردنی جیاخوازی لە بواری کارو کارگەی و دابینکردنی کۆمەڵایەتی و کرێ و پاراستنی تەندروستی و لەدایکبوون و دایکایەتی و پاراستنی لە ماوەی دوو گیانیدا لەوانە خواردن پێدان لەو ماوانەدا. دەوڵەتان ڕێوڕەسم و تەگبیری لەبار دەکەن بۆ بنبڕکردنی جیاوازی لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کاروبارەکانی پەیوەست بە یاسای مەدەنی و باری کەسی. دەوڵەتان ڕەچاوی ئەو گیروگرفتانەیش دەکەن کە ئافرەتی دێهاتی ڕووبەڕووی دەبێتەوە، لە حاڵێکدا دەورێکی گرنگ لە دابینکردنی هۆیەکانی مانی خێزانەکەی لە ڕووی ئابوورییەوە دەگێڕێ، بۆیە هەموو تەگبیرێکی شیاو لە پێناو بەشداریکردنی ئافرەتی دێهاتی لە پەرەپێدان و مەشق پێکردنی و فێرکردنی و سوود

وەرگرتنی لە زروفێکی گوزەرانی لەبار بەتایبەت لەوانەی پەیوەستن بە جێنشین کردن و خانووبەرەو، دامودەزگای تەندروستی و ئاو و کارەبا و گواستنەوە و گەیاندن. دەوڵەتانی لایەن هەموو تەگبیرێکی شیاو دەکەن بۆ نەهێشتنی جیاخوازیی لە دژی ئافرەتدا لە هەموو کاروبارەکانی پەیوەست بە مارەبەندیی و پەیوەندی خێزانییەوە، ئەم تێکستە لە (٦) بەش پێکهاتووە کە بەسەر (٣) بەنددا دابەش کراوە.

**ل- «جارنامەیەک سەبارەت بە بنەبڕکردنی هەموو شێوەکانی دەمارگیریی و جیاخوازیی لەسەر بنەڕەتی ئایین یان ئۆل و عەقیدەدا».**

(بەگوێرەی بڕیاری کۆمەڵەی گشتی ٣٦/٥٥ لە ٢٥ی تشرینی دووەمی ١٩٨١دا، بەڕەسمی دەرچووە).

کۆمەڵەی گشتی کە ڕەچاوی ئەوە دەکات ئایین یان ئۆل و عەقیدە، بۆ هەر مرۆڤێک کە بڕوای پێ هەیە، ڕەگەزێکی سەرەکییەتی لە تەماشاکردنیدا بۆ ژیان و ڕێزگرتنی ئازادیی ئایین و ئۆل و عەقیدە ئەرک و پێویستییە. بڕواییشی بەوە هەیە کە ئازادیی ئایین و ئۆل و عەقیدە پێویستە بەشداری لە وەدیهێنانی ئامانجەکانی ئاشتی جیهانی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و دۆستایەتی نێوان گەلاندا بکات و بنبڕی ئایدۆلۆژیا یان مومارەسە ئیمپریالیستی و جیاوازییە ڕەگەزایەتییەکان بکات، ئەوانەو لەبەر زۆر ئەگەری ڕەوای تریش ئەم جارنامەیە ڕادەگەیەنێت، کە هەر لە بەندی (١)دا دەڵێ: هەموو مرۆڤێک مافی ئازادیی بیرکردنەوەو ویژدان و

ئایینی هەیە، ئەو مافەش ئازادیی باوەڕ بە هەر ئایینێک یان هەر ئۆل و عەقیدەیەکی کە هەڵیدەبژێرێ، هەروا ئازادیی دەرخستن و ئاشکراکردنی ئایین و ئۆلەکەی، لە ڕێگای خواپەرستی و مومارەسەی فەرزەکان و پەروەردەی دینی، بەتەنیا یا بە کۆمەڵ بەدزی و بە ئاشکرا. بەگوێرەی ئەو جاڕنامەیە هەمدیس نابێت هیچ کەسێک دووچاری جیاخوازی ببێت لەلایەن هەر دەوڵەتێک یا دامەزراوێک یا کۆمەڵە کەسێک دووچاری جیاخوازی لەسەر بنەڕەتی ئایین و ئۆل و عەقیدەوە بپارێزرێن و ئایین و بیروباوەڕی دایک و باوکیان وەربگرن و بەپێی بەرژەوەندی ئەوان بێ، جیاخوازیی لەسەر بناغەی ئایین و ئۆل و عەقیدەوە ئابڕووبردنی کەرامەتی مرۆڤایەتییە و ئینکارکردنی بنەماکانی باوەڕنامەی **UN**ەوە بەو وەسفەی پێشێلی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ و هەردوو پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ و بەو وەسفەیش کە کۆسپ و لەمپەرە لە ڕێگای پەیدابوونی پەیوەندی دۆستانەو ئاشتیانەی نێوان گەلاندا، پێویستە مەحکووم بکرێت.

### م- «جاڕنامەیەک سەبارەت بە ڕەگەزو لایەنگیری ڕەگەزایەتی»

(کۆنگرەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ پەروەردە و زانست و کولتوور UNESCO لە خولی بیستەمینیدا، ڕۆژی ٢٧ی تشرینی دووەمی ١٩٧٨ پەسەندی کردووەو دەری کردووە)

ئەم جاڕنامەیە کە لە دێباجەیەک و (١٠) بەند پێکهاتووە، تێیدا هاتووە کە کۆنگرەی گشتی لە پاریس و لە نێوان ٢٤ی تشرینی یەکەم و ٢٨ی تشرینی دووەمدا گرێدراوە، ئەوەش هاتووە کە دێباجەی بڕوانامەی دامەزراندنی یونسکۆ، کە لە ١٦ی تشرینی دووەمی ١٩٤٥دا گرێدراوە ڕایدەگەیەنێ کە جەنگی جیهانگیری دووەم بە ئەگەری نکۆڵی کردن لە بنەماکانی دیموکراسی، بنەمایەکانی کەرامەتی مرۆڤ و هاوشانی مرۆڤ و ڕیزی یەکتر گرتن، هەڵگیرسا کە لە جێگای چەسپاندنی ئەو بنەمایانە، سیاسەتی فەرق و جودایی نێوان مرۆڤ و جیاخوازیی ڕەگەزایەتی وە هەرمێن خران، لێرەدا کە ئارمانجی یونسکۆ بە گوێرەی بەندی ١ لە بڕوانامەی دامەزراندنیدا بەشداریکردنە لە خزمەتی ئاشتی و ئاسایشدا ئەویش بە پشتەوانی کردنی هاریکاری نێوان نەتەوەکان لە میانی پەروەردەو زانست و کەلتووردا، لە پێناو زامنکردنی ڕێزگرتنی هەمووان بۆ دادپەروەری و سەروەریی یاسا و مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکانیدا، ئەوانەی کە بڕوانامەی UN بۆ هەموو گەلانی دونیای دان پێدانـاوە بەبێ هیچ جیاوازییەک بە ئەگەری «ڕەگەز یا توخم یا زبان یاخود ئایین». لەو ڕوانگەیەوە بەندی یەکەمی جاڕنامەکە تەئکیدی ئەو هەقیقەتەی کردووە کە مرۆڤ هەموو لەیەک جۆرو بنەچەکەو ڕەسەنی هاوبەشن و کە دەشێ لە ماف و کەرامەت وەک یەکن و هەر هەموو بەشێکی دانەبڕاوی ئینسانیەتن. هەموو کەس و گرووپان مافی ئەوەیان هەیە دەگەڵ یەکدا موخالیف بن، هەموو گەلانی دونیا بە توانستێکی هاوشان بۆیان هەیە بگەنە

بەرزترین ئاستی گەشەکردنی ئایدیایی و تەکنەلۆژی و ئابووری و کولتووری و پۆلەتیکی. جیاوازی دەسکەوتەکانی گەلانی جیاواز، بۆ هۆکارەکانی جیوگرافیایی و سیاسی و ئابووری و سۆسیۆلۆژی و فەرهەنگی دەگەڕێتەوەو ناشێت ئەو جیاوازییانە وەک پاساو و بروبیانووی هەر پۆلین کردنێکی جیاوازی نەتەوە و گەلان وەربگیرێت. لایەنگریی ڕەگەزایەتیش لە ڕووی مێژوویییەوە بە «نایەکسانی لە دەسەڵاتەوە» بەستراوەتەوە جیاوازی ئابووری و کۆمەڵایەتیش لە نێوان کەسان و مابەین گرووپان دا تا ئیرۆ پاساوێکە بەدەست سیاسەتی لایەنگیری و ڕەگەزیەتییەوە، بەڵام ئەو لاگیرییە بە هیچ شێوەیەک پاساوی بۆ نییە. هەر کۆت و بەستێک لەسەر ئازادیی مرۆڤ لە گەشەو نەش و نماکردنی تەواو و بەسەربەستی پێوەندی پێکەوە کردن کە لە ڕوانگەی ڕەگەز پەرستییەوە بێت یا دژ بە بنەمای یەکسانی لە ماف و کەرامەت بێ قەبوڵ ناکرێ. کەلتوور کە بەرهەمی گشت مرۆڤانەو کەلەپووری هاوپشکی مرۆڤایەتییە، پەروەردەش بە مەفهومە فراوانەکەی هۆ و ڕێگا و ئامرازی ئەوتۆ پێشکێشی مرۆڤ دەکەن، کە لە ڕوانگەیانەوە بتوانن دان بەوەدابنێن کە ڕێزگرتنی مافی هەموو کۆمەڵ و گرووپان لەوەی ناسنامەی کولتووری تەرخان بە خۆیان هەبێت و لە پەرەپێدانی ژیانی کولتووری یان (لەچوارچێوەی نیشتمانی و نێودەوڵەتیدا) جیایان بکاتەوە، ئەرکە لەسەریان. دەوڵەتان و دەسەڵاتە پسپۆڕەکان تێیاندا، هەریەکەو بەگوێرەی بنەماو ڕێورەسمی دەستووریی خۆی، بەرپرسن لەوەی کە پرۆگرامی فێرکردن و کتێبە قوتابخانەییەکان، تێروانینی زانستی و

ڕەوشتییان تێدا بێ سەبارەت بە یەکگرتوویی مرۆڤ و جۆراوجۆریان، هەروا هیچ جوداوازییەکیان تێدا نەبێ کە بە نێگەتیڤ بۆ سەر هەر میللەتێک بگەڕێتەوەو لە پێناوی وەدیهێنانی ئەو ئامانجانەیش مامۆستایان ڕابهێنرێن و مەشقیان پێ بکرێت. «هۆیەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەریی» و ئەوانەی تێدا زاڵ دەستن یا تێیدا کاردەکەن، هەروا هەموو توێژە ڕێکخراوەکانی نێو کۆمەڵگە نیشتمانییەکان، هان دەدا، لە پێناوی کارکردن بۆ پاڵپشتکردنی لێکحاڵی بوون و لێبوردن و دۆستایەتی لە نێوان تاکە کەس و گرووپاندا و لە پێناوی بەشداریکردن لە ڕیشەکێشکردنی ڕەگەزپەرستی و جودا خوازی و لاگیری ڕەگەزایەتی، هەروەها لەسەر ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەری پێویستە بوارێکی ئازاد بەو ئایدیاو بیروڕایانە بدەن، کە تاکە کەس و گرووپان لە پێناو ساناکردنی ئەو جۆرە پەیوەندییانە پێشکێشی دەکەن. دەوڵەت یەکەم بەرپرسیارە لە زامنکردنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکانیدا بۆ هەموو کەس و توێژ و گرووپان، بەیەکسانییەکی تەواو لە ماف و کەرامەتدا. لەسەر ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، جیهانی بێت یا ئیقلیمی، حکومی بێت یا ناحکومی پێویستە هەریەکە و لە بواری پسپۆڕاتی خۆی دا، یارمەتی و هاوکاری پێشکێش بکا بۆ پیادەکردنی تەواو و خرگرەوەی ئەو بنەوایانەی لەو جاڕنامەیەدا هاتوون.

**7/ ڕەگەزنامە، نەبوونی ڕەگەزنامە، داڵدەو پەنا، پەنابەران و ناهاونیشتمانان.**

### أ- «ڕێککەوتننامەیەک سەبارەت بە ڕەگەزنامەی ئافرەتی شووکردوو».

( بەبڕیاری کۆمەڵەی گشتی ١٠٤٠ (د-١١) لە ٢٩ی کانوونی دووەمی ١٩٥٧دا، بۆ واژۆکردن و بڕوایی پێدان خراوەتەڕوو)

یەکەم ڕۆژی جێبەجێکردن: ١١ی ئابی ١٩٥٨، بەگوێرەی بەندی٦. دەوڵەتانی ڕێککەوتوو کە ڕەچاوی ئەوە دەکەن کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەندی (١٥)مینی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤدا، ڕایگەیاندووە کە هەر کەسێک مافی ڕەگەزنامەیەکی هەیەو نابێت بە زوڵم هیچ کەسێک لە ڕەگەزنامەکەی بێبەش بکرێت یان لە گۆڕینی ڕەگەزنامەکەی بێبەش بکرێت، لەسەر ئەوە کۆک و ڕەزامەندن کە نابێت مارەبەندیی یا هەڵوەشانەوەی ئەو مارەبەندییە لە نێوان یەک لە هاووڵاتیانی و بێگانەیەکدا، یا کە مێردەکە لەکاتی هاوسەرایەتیدا، ڕەگەزنامەی خۆی بگۆڕێت، نابێت بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی کار بکاتە سەر ڕەگەزنامەی ژنەکە. هەروەها دەوڵەتان لەسەر ئەوە کۆک و ڕێکن کە ناشێت وەرگرتنی ئارەزوومەندانەی یەک لە هاووڵاتیانی بۆ ڕەگەزنامەی دەوڵەتێکی دیکە، یا وازهێنانی یەک لە هاووڵاتیانی بۆ ڕەگەزنامەکەی ڕێگە لە ژنی ئەو هاووڵاتییە بگرێ کە هەر ڕەگەزنامەکەی جارانی خۆی هەبێ و بیپارێزێ. هەمدیس

هەموو دەوڵەتانی ڕێککەوتوو لەسەر ئەوە ڕەزامەندن کە ئەو ژنە بیانییەی شوو بەیەک لە هاووڵاتیانیان دەکات، ئەگەر داوا بکات بۆی هەیە ڕەگەزنامەی مێردەکەی وەربگرێت و دەشکرێت دانی ئەو ڕەگەزنامەیە بخرێتە ژێر ئەو کۆت و بەستانەی کە لەوانەیە بەرژەوەندیی ئەمنی نەتەوەیی یا ئادابی گشتی بسەپێنێ. هەر «ناکۆکییەکی» کە لە نێوان دوو دەوڵەتی ڕێککەوتوو یا زیاتر دەربارەی لێکدانەوەی ئەو ڕێککەوتننامەیە یا لە پیادەکردنیدا، پەیدا دەبن لە ڕێگای دانووستانەوە چارەی ناکرێ، لەسەر داوای یەک لەلایەنەکان، حەواڵەی دادگای دادی نێودەوڵەتی دەکرێ. ئەو ڕێککەوتننامەیە بریتییە لە (١٢)بەند.

### ب- «ڕێککەوتننامەیەک سەبارەت بە کەمکردنەوەی حاڵەتەکانی نەبوونی ڕەگەزنامە».

(وەک پیادەکردنی بڕیاری کۆمەڵەی گشتی ٨٩٦ (د-٩) لە ٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٥دا، کۆنگرەی ڕاسپێردراوان کە ساڵی ١٩٥٩ و پاشان ساڵی ١٩٦١ گرێدرا، لە ٣٠ی ئابی ١٩٦١دا پەسەندی کردووە).

یەکەم ڕۆژی جێبەجێکردن: ١٣ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٥، بە گوێرەی ئەحکامی بەندی ١٨.

دەوڵەتە ڕێککەوتووەکان کەوایان پێ ڕاستترە حاڵەتەکانی بێ ڕەگەزنامەیی لە ڕێگای ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتییەوە، کەم بکرێنەوە هەر یەک لەو دەوڵەتانە ڕەگەزنامەی خۆیان بەو کەسە

دەدەن کە لە سنووری ئیقلیمییەکەیان دان و بێی ئەوە، بێ ڕەگەزنامە دەمانەوە، ئەوەش بەگوێرەی چەند مەرجێکی دیاریکراو. منداڵی بیژی - زۆڵ- کە لە ئیقلیمی یەک لە دەوڵەتە ڕێککەوتووەکان دەدۆزرێنەوە، وا دادەنرێ کە لەو ئیقلیمە و لە دایک و باوکێک کە ڕەگەزنامەی ئەو دەوڵەتانەیان هەڵگرتووە، لە دایک بووە، ئەوەش بە مەبەستی وەرگرتنی ڕەگەزنامە، (ئەگەر پێچەوانەکەی نەسەلمێ). بە مەبەستی دیاریکردنی ئیلتیزام و پابەندییەکانی دەوڵەتە ڕێککەوتووەکان لە چوارچێوەی ئەو ڕێککەوتننامەیەدا، ئەوەی لەسەر پشتی کەشتی یا نێو فڕۆکە لە دایک دەبێت، وا دادەنرێ لە ئیقلیمی ئەو دەوڵەتەدا لە دایک بووە کە ئاڵای بەسەرکەشتییەکەوەیە یا ئەو دەوڵەتەی کە فڕۆکەکەی بەناو تۆمارکراوە. ئەگەر یاسای دەوڵەتی ڕێککەوتوو، دەقنووسی ئەوەی کردبوو، کە سەندنەوە یا داماڵینی ڕەگەزنامە لە کەسێک بۆ هاوسەر یا منداڵەکانیشی هەمان حاڵەتی بەدوا دایە پێویستە ئەو سەندنەوەیە بەدەستخستن یا وەرگرتنی ڕەگەزنامەیەکی تر مەرجداربێت، هەروا ئەو دەوڵەتانە نابێت هیچ کەسێک لە ڕەگەزنامەکەی داماڵن، ئەگەر ئەوەبووە هۆی ئەوەی (بێ ڕەگەزنامە) بمێنێتەوە،. (تەنها لە هەندێک حاڵەتی وەک پێشکێش کردنی بەیاناتی بەدرۆ یا فڕوفیشاڵ نەبێت). هەمدیسان ئەو دەوڵەتانە بۆیان نییە هیچ کەسێک یا گرووپێک لە ڕەگەزنامەکەیان داماڵن، بە ئەگەرەکانی ڕەگەزایەتی و توخم پەرستی و ئایین و سیاسی. تێکستی ئەم ڕێککەوتننامەیە لە (٢١) بەند پێکهاتووە.

### ج- «ڕێککەوتننامەیەک سەبارەت بە باری کەسانی بێ ڕەگەزنامە».

( کۆنگرەی ڕاسپێردراوان لە ٢٨ی ئەیلوولی ١٩٥٤ دا پەسەندی کردووە، کە ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی بە بڕیاری خۆی ٥٢٦ ئەلیف (د-١٧) لە ٢٦ی نیسانی ١٩٥٤ دا بانگهێشتی گرێدانی کردووە).

یەکەم ڕۆژی جێبەجێکردن: ٦ی حوزەیرانی ١٩٦٠ بەگوێرەی بەندی ٣٩.

بە مەبەستی ئەو ڕێککەوتننامەیە «بێ ڕەگەزنامە» ئەو کەسە دەگرێتەوە کە هیچ دەوڵەتێک بە گوێرەی یاسای خۆی، بە هاونیشتیمانی خۆی نازانێت. نێوەڕۆکی ئەو ڕێککەوتننامەیە ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە سوود لەو (پاراستن)یا (هاریکاری)یە وەردەگرن کە یەک لەو دەزگا یا ئاژانسەکانی UN (غەیرە UNHCR) بۆی فەراهەم کردوون و ئەو کەسانەیش کە لە وڵاتێکدا نیشتەجێن، دەسەڵاتی پسپۆڕ تێیدا کۆمەڵێک ئەرک و مافی دیاریکردووە، وەک مەرجێک بۆ دانی ڕەگەزنامە، یان ئەو کەسانەی کە گومانی گەورە هەبێت لەوەی کە تاوانی دژ بە ئاشتی یان تاوانی جەنگ یاخود تاوانی دژ بە مرۆڤایەتییان ئەنجامدابێت، بەو وەسفەی کە لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتییە پەیوەستەکانەوە هاتووە، یا گەورە کەتنێکی غەیرە سیاسییان لە دەرەوەی ئەو وڵاتەی لێی نیشتەجێن و پێش وەرگرتنیان، ئەنجام دابێت، یان ئەو کەسانەی کاری دژ بە ئارمانج و مەبەستەکانی UN یان قەومانبێ، بەپێی ئەو

ڕێککەوتنە ڕەگەزنامەیان نادرێتێ. دەوڵەتە ڕێککەوتووەکان ئەحکامی ئەو ڕێککەوتننامەیە بەسەر «بێ ڕەگەزنامەکان»دا پیادە دەکەن بەبێ جیاوازیی ڕەگەز و ئایین و باری کەسیی بێ ڕەگەزنامەکان یاسای زێدگەی خۆیان بەسەردا پیادە دەبێ و ئەگەر زێدگە (نیشتمان) یان نەبوو، یاسای ئەو وڵاتەی لێی نیشتەجێن دەچەسپێ. ئەوەو ڕێککەوتننامەکە کۆمەڵێک چارەسەری دیکەی بۆ بێ ڕەگەزنامەکان تێدایە لەوانە: موڵکداریێتیماڵی گوێزەو چەسپاو و مافی هونەری و موڵکداریێتی پیشەسازی، مافی ئینتما بۆ کۆمەڵەکان، مافی دادوەریی لە دادگا، کاری بەکرێ، کاری ئازاد، پیشەی ئازاد، چاودێری، نیشتەجێ کردن، فێرکردنی ڕەسمی، یاسای کارودابین کردنی کۆمەڵایەتی، هاریکاری ئیداری، ئازادیی هاتووچۆ، کارتی ناسنامە، گوزەر نامە، باج... هتد. دەقی ئەم ڕێککەوتننامەیە لە (٦) بەش و (٤٢) بەندان پێکهاتووە.

### د- «ڕێککەوتننامەی تایبەت بە ڕەوشی پەنابەران»

(کۆنگرەی ڕاسپێردراوانی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە پەنابەر و بێ ڕەگەزنامەکان، لە ڕۆژی ٢٨ی تەمموزی ١٩٥١دا پەسەندی کردووە، ئەم کۆنگرەیە کۆمەڵەی گشتی بە پێی بڕیاری خۆی ٤٢٩ (د-٥) لە ١٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٥٠ بانگهێشتەی گرێدانی کردووە)

یەکەم ڕۆژی جێبەجێکردن: ٢٢ی نیسانی ١٩٥٤ بەگوێرەی بەندی ٤٣.

بەگوێرەی ئەو ڕێککەوتننامەیە، هەر کەسێکی بە ئەگەری

ڕووداوێـکـەوە کـە لـە پێش ١ی کـانـوونی دووەمی ١٩٥١دا قـەومـان و، بـەهۆی تـرسێـکی پـاسـاودەرو لـە دووچـاری چەوساندنەوە هاتن بە ئەگەری ڕەگەزەکەی یا ئایینی یان ڕەگەزنامەکەی یاخود بیروڕای سیاسی، یان ئینتیمای بۆ توێژێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو، لە دەرەوەی ئەو وڵاتەیە کە ڕەگەزنامەکەی هەیەو ناتوانێ یان بە هۆی ئەو ترسەوە نایەوێت بگەڕێتەوە ئەو وڵاتەی کە دەپێشدا لێی نیشتەجێ و مقیم بووە، بە پەنابەر دەژمێردرێ. هەر پەنابەرێک لە هەنبەر ئەو وڵاتەی داڵدەی داوە، چەند ئەرکێکی لەسەرە، بەتایبەتی ملکەچ بوون بۆ یاساو سیستەمی وڵاتی پەناگەو پابەندبوون بەو تەگبیرانەی کە بۆ پاراستنی ئادابی گشتی، لەو وڵاتەدا وەردەگیرێن. ئەو ڕێککەوتننامەیەش مینای ئەوەی پێشوو، کۆمەڵێک پابەندبوون و دیسپلین و ئەرک و مافی سەبارەت بە پەنابەر گرتۆتەخۆ، ئەویش لە میانی کۆمەڵێک ناونیشانی لاوەکیدا لەوانە: جیاخوازیی نەکردن، ئایین، لێبوردن لە مامەڵەکردنی بەهەمبەر، لێبوردن لە تەگبیرە هەڵاوێردراوەکان، تەگبیری وەختەکی باری یاسایی، باری کەسیی، موڵکداریێتی ماڵی چەسپاو و گوێزەوە، مافی هونەری و موڵکداریێتی پیشەسازی، مافی ئینتما بۆکۆمەڵەکان، مافی دادوەریی لە بەرامبەر دادگاکان، ئیشی بەکرێ، کارو پیشەی ئازاد، فێرکردنی ڕەسمی، یاسایی کارو دابینکردنی سۆسیۆلۆژی، یارمەتی ئیداری، ئازادیی هاتوچۆ، کارتی ناسنامە، گوزەرنامە، دەرکردن. .هتد» ئەم ڕێککەوتننامەیە لە (٧)بەش و (٤٦) بەندان پێکهاتووە.

### هـ- «پرۆتۆكۆلی تایبەت بە ڕەوشی پەنابەران»

(ئەنجوومەنی ئابووری و كۆمەڵایەتی لێی ئاگادار كردۆتەوەو لە بڕیاری ١١٨٦ (د-٤)،١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٦دا ئیقراری كردووە، هەروەك كۆمەڵەی گشتی لە بڕیاری خۆی ٢١٩٨ (د-٢١) بەرواری ١٦ی كانوونی یەكەمی ١٩٦٦دا لێی ئاگاداركردۆتەوە تێیدا ئەمینداری گشتی تكای ئەوەی كردووە كە دەقی پرۆتۆكۆڵەكە حەواڵەی دەوڵەتانی ناوبراو لە بەندی پێنجەمینیدا بكرێت بۆ ئەوەی بتوانن بێنە پاڵ ئەو پرۆتۆكۆڵە ).

یەكەم ڕۆژی جێبەجێكردن: ٤ی تشرینی یەكەمی ١٩٦٧ بەپێی بەندی (٨).

دەوڵەتانی لایەن لەم پرۆتۆكۆڵە كە ڕەچاوی ئەوە دەكەن ڕێككەوتننامەی تایبەت بە باری پەنابەران كە لە ژنێڤ ـ سویسرا، لە ٢٨ی تەمموزی ١٩٥١ مۆركراوە، تەنها ئەو كەسانە دەگرێتەوە كە لە ئاكامی ئەو ڕووداوانەی لە پێش ١ی كانووی دووەمی ١٩٥١دا ڕوویاندا بوونە پەنابەر كە ڕەچاوی ئەوەیش دەكەن لەوەتەی ڕێككەوتننامەكە پەسەند كراوە، حاڵەتی نوێی پەنابەری هاتۆتە كایێ و چوارچێوەی ڕێككەوتنەكە ناكرێ ئەوانەش بگرێتەوە، كە وایشیان پێ چاكە لە هەلومەرج و وەزعدا هەموو پەنابەران كە پێناسەی لە ڕێككەوتننامەكە داهاتوویان بەسەردا پیادە دەكرێ، یەكسان و هاوشان بن، بەبێ خۆبەستنەوەیە تا ١ی كانوونی دووەمی ١٩٥١ بۆیە لەسەر كۆمەڵێك شت ڕێككەوتن لەوانە پەیمان دانیان بە پیادەكردنی

بەندەکانی ٢ بۆ ٣٤ی ڕێککەوتننامەی تایبەت بە ڕەوشی پەنابەران، هاریکاری دەسەڵاتە نیشتمانییەکان لەگەڵ UNدا لە پێناو جێبەجێکردنی ئەحکامی ئەو پرۆتۆکۆڵە، گەیاندنی زانیاری دەربارەی یاسا نیشتمانییەکان، نەهێشتنی ناکۆکییەکان..هتد.

ئەم پرۆتۆکۆڵە گرنگە لە (١١) بەندان پێکهاتووە.

### و- «سیستەمی بنچینەیی ڕاسپێردراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران»

( کۆمەڵەی گشتی بەبڕیاری خۆی ٤٢٨(د-٥) ڕۆژی ١٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٥٠ پەسەندی کردووە).

ڕاسپێردراوی باڵای نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران، لە ژێر دەسەڵاتی کۆمەڵەی گشتیدا، ئەرکی دابینکردنی پاراستنی نێودەوڵەتی، لە ژێر چاودێری UN بۆ ئەو پەنابەرانە بە جێدەهێنێ کە ئەحکامی سیستەمی بنچینەیی دەیانگرێتەوەو ئەرکی داواکردنی ڕێگەچارەی هەمیشەیی گرفتی پەنابەران بە یاریدەی دەوڵەتان و ستافە تایبەتییەکان ـ ئەگەر ئەو دەوڵەتانە ڕەزامەندبوون، بە ئاسانکردنی گەڕانەوەی ئەو پەنابەرانە ( بەئارەزووی خۆیان) بۆ وڵاتەکانیان یا وەرگرتنیان لە کۆمەڵگە نیشتمانییە نوێیەکاندا، کاری ڕاسپێردراوی باڵا دەیانگرێتەوە، ئەو کەسانەن کە لە ڕێککەوتننامەی تایبەت بە ڕەوشی پەنابەران ناسێنران و، بە پێچەوانەوە ڕاسپێردراوی باڵا لە مومارەسەکردنی پسپۆڕایەتی

خۆی دەوەستێنێ ئەگەر ئەو کەسە پەنابەرە سەر لە نوێ و بە ئـارەزووی خۆی، چـووەوە ژێـر پـاراسـتـنی ئـەو وڵاتـەی ڕەگـەزنـامـەکـەی هـەڵـگرتـووە (لێـوەی هەڵاتـووە) یـا ئـەگـەر ڕەگەزنامەکەی لەدەست دابوو و بە ئارەزووی خۆی وەریگرتەوە، یان ئەگەر ڕەگەزنامەی وڵاتی داڵدەداوی وەرگرت، یاخود ئەگەر بە ئارەزووی خۆی گەڕایەوە ئەو وڵاتەی بەجێیهێشتبوو، یان ئـەو وڵاتـەی ئـەگـەری تـرس و تۆقـانـدن و چـەوسـانـدنـەوە لـە دەرەوەیدا ژیاوە، یان...هتد. ڕاسپێردراوی باڵا، شەونخونی بەدیار فەراهەمکردنی پاراستن و حیمایەکردنی پەنابەرانەوە دەکێشێ، ئەوانەی کە تایبەتمەندییەکانی ڕاسپێردراوێتی دەیانگرێتەوە کە لەو سیستەمەدا ڕێز بەند کراون. ڕاسپێردراوی باڵا لـە بەرامبەر کۆمەڵەی گشتی و ئـەنجوومـەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و دام و دەزگا لاوەکییەکانیان مافی خستنەڕووی بیروبۆچوونـەکـانی هەیـەو هەروەک بۆشی هەیـە، لـە ڕێـگای ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا ڕاپۆرتێکی ساڵانە بۆ کۆمەڵەی گشتی بەرزبکاتەوەو ئیختیباری داواکردنی یاریدەو هاوکاری ئاژانسە جۆراوجۆرە تایبەتیکارییەکانی هەیە.

## ز- «جاڕنامەیەک سەبارەت بە پەناگای ئیقلیمی»

(کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان بەپێی بڕیاری ٢٣١٢ (د-٢٢) ڕۆژی ١٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٧، پەسەندی کردووە).

جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ لە بەندی (١٤)یدا بڕیاری ئەوەیداوە کە هەموو کەسێکی لە چەوساندنەوە هەڵاتوو مافی

پەنابردنە بەر یان هەوڵدان بۆ پەنابردنە بەر وڵاتێکی دیکەی هەیە، بەڵام کەسێک کە بە تاوانی نا سیاسی یان کردەوی نەگونجاو لەگەڵ مەبەست و پرانسیپەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا درابێتە دادگا سوود لەم مافە وەرناگرێت، لەو ڕوانگەیەوە: هەموو دەوڵەتانی تر ڕێز لەو پەناگەیە دەگرن کە یەک لە دەوڵەتەکان وەک مومارەسەی سەروەریی خۆی، بەو کەسانەی دەدات کە شکاتیان لە بەندی ١٤ی جاڕنامەی جیهانی هەیەو ئەو مافەیان پێشێلکراوەو لێرەدا دەوڵەتی داڵدەداو خۆی پاساوی دانی پەناگا، هەڵدەسەنگێنێ. ئەوکاتەی دەوڵەتێک لە دانی پەناگا لە بەردەوامبوونی لە دانی پەناگا دووچاری گرفت و بارگرانی ببێتەوە، دەوڵەتانی تر تاک تاکەو بەکۆمەڵ یا لە میانی نەتەوەیەکگرتووەکاندا، بەگیانێکی هاوکارانەی نێودەوڵەتی ئەو تەگبیرە شیاوانە وەردەگرن کە ببێتە هۆی سووککردنی ئەو بارگرانییە. سوود وەرگرتن ومافی پەناگا بۆ هەر کەسێک کە گومانی گەورە هەبێ لەوەی تاوانەکانی دژ بە ئاشتی و جەنگ و دژ بە مرۆڤایەتییان بەگوێرەی بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکانەوە ئەنجامدابێت، قەدەغەیە.

هەر کەسێکی ئەو مافەی کە لە بەندی (١٤)ی جاڕی گەردوونیدا پارێزراوە، پێشێلکراوە، نابێت بخرێتە ژێر تەگبیرێکی وەک: قەدەغەکردنی لە هاتنەناو سنوور، یان دوورخستنەوەو گەڕاندنەوەی بە خورتی ئەو کەسەی کە هاتۆتە نێو ئەو ئیقلیمەی کە دەیەوێ پەنای بدات بۆ هەر دەوڵەتێکی کە لەوانەیە تێیدا دووچاری چەوساندنەوە ببێت و ئەو بنەمایەش تەنها بەهۆیەکی پەیوەندار بە ئەمنی نەتەوەیی، یا بۆ پاراستنی دانیشتووان

ناسەپێنرێ وەک ئەوەی ژمارەیەکی گەلێک فرە ئەو داوایە بکەن.

### ح- «جاڕنامەی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ بۆ ئەو کەسانەی کە هاونیشتمانی ئەو وڵاتە نین تێیدا دەژین»

(کۆمەڵەی گشتی بەبڕیاری خۆی ٤٠/١٤٤ لە ١٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٥دا پەسەندی کردووە).

هەر کەسێکی کە هاونیشتمانی ئەو وڵاتە نەبێت کە لێی دەژین بە (بیانی) دەژمێردرێت و لێرەدا دەبێ بیانی ڕەچاوی ئەو یاسا لە کارانەی ئەو دەوڵەتە بکات کە لێیەتی یا تێیدا نیشتەجێیەو پێویستە ڕێز لە داب و نەریتی گەلی ئەو دەوڵەتە بگرێت. بەپێی یاسای نێوخۆیی هەر دەوڵەتێک، بێگانە سوود لە کۆمەڵێک ماف دەبینێ کە زۆربەیان لە جاڕی گەردوونیدا پارێزراون، لەوانە مافی ژیان و ئاسایشی شەخسی، بەزوڵم دووچاری گرتن و گلدانەوە نەهاتن، پاراستنی بیانی لە خۆتێکەڵکردنی غەیرە یاسایی لە ژیانی تایبەتی و خێزانی وماڵ و نامە گۆڕینەوە، مافی هاوشان بوون لەهەمبەر دادگادا، مافی هەڵبژاردنی هاوسەرو هاوسەرایەتی و پێکەوەنانی خێزان، مافی ئازادیی بیروڕاو ویژدان و ئایین و مافی پاراستنی زبان و کەلتوورو داب و نەریتیان، مافی کۆمبوون و موڵکداریتی و جێهێشتنی وڵات و..تد. جگە لەمە ڕێگا بە هاوسەری ئەو بێگانەیە دەدرێ کە بەشێوەیەکی یاسایی لە ئیقلیمی دەوڵەتێکدا نیشتەجێیە کە لەگەڵ منداڵە ناکامەکانی یان ئەوانەی بە خێویان دەکات، کە لەگەڵیدا بن و بیگەنێ و لەگەڵی دابژین. بێگانە نابێت دووچاری ئەشکەنجەدان و جۆرەکانی تری مامەڵەکردنی سەخت و دژوارو

نامرۆڤانە و ئابڕوو بەر بەتایبەتیش ناکرێ بەپێی ڕەزامەندی خۆی دووچاری ئەزموون و تاقیکردنەوەی زانستنی و نوژداری بێن. ئەو بیانیانەی کە بەشێوەیەکی یاسایی لە ئیقلیمی دەوڵەتێکدان، نابێت دەربکرێن، تەنها لە ئیقلیمی دەوڵەتێکدا نیشتەجێن مافی هەلومەرجێکی کارکردنی لەبارو دروست و کرێیەکی دادوەرانە و مافی چوونە پاڵ سەندیکا و ڕێکخراو و نوژداری و سۆسیال و فێرکردن... یان هەیە، ئەم جاڕنامەیە لە (١٠) بەند پێکهاتووە.

## 8/ ئازادیی سەندیکایی

### أ- « ڕێککەوتننامەی ئازادی سەندیکایی و پاراستنی مافی ڕێکخستنی سەندیکایی».

« ڕێککەوتننامەی (ژمارە٨٧)ی تایبەت بە ئازادی سەندیکایی و پاراستنی مافی ڕێکخستنی سەندیکایی».

( کۆنگرەی گشتی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی، لە خولی سی و یەکەمین و ڕۆژی ٩ی تەمموزی ١٩٤٨دا، پەسەندی کردووە).

یەکەم ڕۆژی جێبەجێکردن: ٤ی تەمموزی ١٩٥٠، بەپێی بەندی ١٥.

کۆنگرەی گشتیی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی، کە ئەنجوومەنی کارگێڕی نووسینگەی کاری نێودەوڵەتی بانگهێشتی گرێدانی، لە سان فرانسیسکۆدا کردووەو لە خولی سی و یەکەمین و ڕۆژی ١٩٤٨/٦/١٧ لەوێ بەستراوە، بڕیاری ئەوەیدا، چەند پێشنیارێکی دیاریکراوی پابەند بە ئازادی سەندیکایی، کە

حەوتەمین بەندی بەرنامە کاری خولەکەیە، پەسەند بکات، ئەوەش دەبینێ کە دێباجەی دەستووری ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی «دانان بە بنچینەی ئازادی سەندیکایی»بە وەسیلەیەک دادەنێ بۆ چاککردنی باری کرێکارو بەرقەراربوونی ئاشتی و ئەوەش دەبینێ کە جاڕنامەی ڤیلادلڤیا سەرلەنوێ جەختی لەسەر ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی سەندیکایی کردۆتەوەو وەک دوو مەرجی سەرەکی پێشکەوتن، بۆیە ئەو ڕێککەوتننامەیە ڕایدەگەیەنێ کە هەر لە سەرەتاوە دەوڵەتانی لایەن، پەیمانی ئەوەیان داوە کە کرێکارو خاوەنی کار، بەبێ هیچ جیاوازییەک ئارەزوومەندانە، مافی دامەزراندنی ڕێکخراو و چوونە ریزی ڕێکخراوەکانیان هەیە. هەروا ئەو ڕێکخراوانەی (کرێکارو خاوەن کارەکان) مافی دانانی دەستوورو پەیڕەوی ناوخۆ و هەڵبژاردنی نوێنەرانیان هەیە بە تەواوی سەربەستییەوە، هەروەها ڕێکخستنی ئیدارەو چالاکی و فۆرمەڵەکردنی پرۆگرامیان و لەسەر ئەوە «دەسەلاتی گشتی» بۆی نییە خۆی تێکەڵی هیچ کارێک بکا کە لەو مافانەیان کەم بکاتەوە یا ببێتە کۆسپێک لەبەردەم مومارەسەی کارە ڕەواکانیاندا. ڕێکخراوەکانی کرێکارو خاوەن کارەکان ملکەچی ئەو بڕیارانە (هەڵوەشانەوە یا لە کار وەستان) نابن کە دەسەلاتێکی ئیداری دەیدات، ئەو ڕێکخراوانە مافی پێکهێنانی یەکگرتوویی و یەکێتی و هاوپەیمانییەکان و چوونە ڕیزیان هەیە. ئەم تێکستە لە (٢١) بەندان پێکهاتووە.

**ب- « ڕێککەوتننامەی مافی ڕێکخستنی سەندیکایی و دانووستانی بە کۆمەڵ» .**

« ڕێککەوتننامەی ژمارە ٩٨ی تایبەت بە پیادەکردنی پرەنسیپەکانی مافی ڕێکخستنی سەندیکایی و مافی

دانووستانی بەکۆمەڵ».

(کۆنگرەی گشتی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی لە ١ی تەمموزی ١٩٤٩ و لە خولی سی و دووەمینیدا، پەسەندی کردووە).

یەکەم ڕۆژی جێبەجێکردن: ١٨ی تەمموزی ١٩٥١، بەپێی بەندی ٨.

کۆنگرەی گشتی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی، کە ئەنجوومەنی کارگێڕی نووسینگەی کاری نێودەوڵەتی، بانگهێشتی گرێدانی کردووە لە جنێڤدا و لە ٨ی حوزەیرانی ١٩٤٩ لەوێدا گرێدراو، گەیشتە ئەو ڕایەی کە چەند پێشنیارێکی دیاریکراوی پەیوەند بەو ناونیشانەی سەرەوە پەسەند بکات، کە میحوەری بەندی چوارەمی بەرنامەی کاری خولەکە بوو. لەبەرئەوەی بڕیاریدا کە ئەو پێشنیارانە شێوەی ڕێککەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی وەربگرن، ئەو ڕێککەوتننامەیەی لای سەرەوەی پەسەندو ئیقرار کرد کە بریتییە لە (١٦)بەند، هێندێک لە خاڵە سەرەکییەکانی:

دابینکردنی پاراستنێکی تێراپی کرێکار لە هەر کارێکی جوداخوازانەی وا کە کاری نێگەتیڤانە بکاتە سەر ئازادیی سەندیکاییان، نابێت مەرجی ئیش پێکردنی کرێکار بە مەرجی نەچوونە ناو سەندیکا یا وازلێهێنانی ببەسترێتەوە، ناکرێت کرێکار بە ئەگەری ئەندامێتی لەسەندیکادا یا بەشداری سەندیکاییانەی لە دوای وەختی ئیشکردن، یا لە وەختی ئیشکردن بە ڕەزامەندی خاوەنکار، لەکار دەربکرێ یا زوڵمی دەرهەق بکرێت، ڕێکخراوەکانی کرێکاران و خاوەن کاران

پـاراسـتـنـێـکی تێرایـیـان بۆ فـەراهـەم بـکـرێ لـە دژی هـەر دەستێوەردانێکی کە بەخۆ تێکەڵکردن لە کاروباری ئێکدوو (بەهەر شێوەیەک بێت) حسێب بکرێت، هەر کاتێک پێویستی و زەرووڕەت هەبـوو، تەگـبـیری وا دەکـرێن کە لـەگەڵ «ڕەوشی نەتەوایەتیدا» بگونجێن، بە ئامانجی هاندان و ئاسانکردنی گـەشـەپێـدان و بـەکـارهێـنـانی شێـوازەکـانی دانـووسـتـانی ئارەزوومەندانـە لە نێوان خاوەن کارەکـان یا ڕێکخراوەکانی خـاوەن کـاران و ڕێـکـخـراوەکـانی کـرێـکـاران، بـە مـەبـەسـتی ڕێـکـخـسـتـنی مـەرج و ئـەحـکـامی ئـیش پێـکـردن لـە مـیـانی ڕێککەوتنی بە کۆمەڵدا.

**ج- «ڕێککەوتننامەی تایبەت بە نوێنەری کرێکار»**

« ڕێککەوتننامەی ژمارە ١٣٥ی تەرخان بە دابینکردنی پـاراسـتن و ئـاسـانـکـاری بۆ نـوێـنـەرانی کـرێـکـاران لـە دامەزراودا».

(کۆنگرەی گشتی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی لە ٢٣ی حوزەیرانی ١٩٧١ و لە خولی پەنجاو شەشەمینیدا پەسەندی کرد).

یەکەم ڕۆژی جێبەجێکردن: ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٧٣، بەپێی بەندی ٨.

کۆنگرەی گشتی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی، کە ئەنجوومەنی کارگێڕی نووسینگەی کاری نێودەوڵەتی بانگهێشتی بەستنی لە جنێڤدا کردووە، لەوێداو لە خولی پەنجاو شەشەمیندا لە ڕۆژی ٢ی حـوزەیـرانی ١٩٧١دا گـرێـدرا. بـەرەچـاوکـردنی ئـەحـکـامی ڕێـکـکـەوتـنـنـامـەی پێـشـوو، کۆنـگـرە وای پێ ڕاسـتـتـرە چـەنـد

حوکمێکی تەواوکاری سەبارەت بە نوێنەرانی کرێکارانەوە، دابنرێت و لە شێوە ڕێککەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی دابڕێژرێ، لەوەدا ئەو ڕێککەوتننامەیەی پەسندو ئیقرار کرد کە لە (١٤) بەندان پێکهاتووە.

بەندی سەرەتا بڕیاری ئەوەیداوە کە: نوێنەری کرێکاران لە دامەزراودا (المؤسسە) لە هەر کارێکی کە لەوانەیە زەرەرو زیانیان پێ بگەیەنێ، کاریگەرانە بپارێزرێن، ئەو زەرەرانەش وەک: دەرکردن بەهۆی پیشەو چالاکییەکانەوە وەک نوێنەرانی کرێکاران یان بەهۆی ئەندامێتی سەندیکاییان یان بەشدارییان لە چالاکیی سەندیکاییەکاندا. پاشان دەقنووسی ئەوەی کردووە کە نوێنەرانی کرێکاران پێویستە لە دامەزراودا ئاسانکاری وایان بۆ بکرێت کە بتوانن ئەرکەکانیان بە ڕەنگێکی خێراو کاریگەر، بەجێ بگەیەنن.

بەندی (٣) دەستەواژەی «نوێنەرانی کرێکاران» ڕووندەکاتەوە بەوەی ئەو کەسانەن کە یاسا یا عورف و مومارەسەی نیشتمانی بەو سیفەتەیان دانیان پێداناوە جا چ نوێنەری سەندیکایی بن لەوانەی لەلایەن سەندیکا یان ئەندامانی ئەو سەندیکایەوە، دیاری و دامەزرێنرابن یا هەڵبژێردرابن. یاخود ئەو نوێنەرانە بن کە کرێکارانی دامەزراو (عمال المؤسسە) بە ئازادی و بەپێی ئەحکامی یاساو پەیڕەوە نیشتمانییەکان و ڕێککەوتنە بەکۆمەڵییەکان، هەڵیان دەبژێرن. ئەحکامی ئەو ڕێککەوتننامەیە، دەکرێ لەسەر ئاستی ناوخۆی دەوڵەتانی لایەنەوەو لەمیانی یاساو پەیڕەو و گەلاڵەنامە نیشتمانییەکان و

ڕێککەوتنە بە کۆمەڵییەکان، پیادە بکرێ.

### د- «ڕێککەوتننامەی پەیوەندییەکانی کار- لە خزمەتگوزاری گشتیدا»

«ڕێککەوتننامەی ژمارە ١٥١ی تایبەت بە پاراستنی مافی ڕێکخستنی سەندیکایی و ڕێوشوێنەکانی دیارکردنی مەرجەکانی ئیش پێکردن لە خزمەتگوزاری گشتیدا»

(کۆنگرەی گشتی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی لە ٢٧ی حوزەیرانی ١٩٧٨داو لە خولی شەست و چوارەمینیدا پەسەندی کرد).

یەکەم ڕۆژی جێبەجێکردن: ٢٥ی شوباتی ١٩٨١، بەپێی بەندی ٢/١١.

کۆنگرەی گشتی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی، کە ئەنجوومەنی کارگێڕانی نووسینگەی کاری نێودەوڵەتی بانگهێشتی گرێدانی لە جنێڤدا کردو لەوێدا لە خولی شەست و چوارەمین و ڕۆژی ٧ی حوزەیرانی ١٩٧٨ بەسترا، کە تێبینی ئەوە دەکات چالاکی و بزاوتەکانی خزمەتگوزاری گشتی لە زۆر وڵاتاندا بەرفراوان بووە، پێویست بە پەیوەندی کاری دروست دەکات لە نێوان دەسەڵاتە گشتییەکان و ڕێکخراوەکانی کارمەندە گشتییەکاندا. هەروا لەبەر تەرازوو تەرزیی سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان لە دەوڵەتانی ئەندامداو جیاوازی ئەو دەوڵەتانە لە مومارەسەکردنی لەوەی پەیوەست (بۆ نموونە) بە ئیش و کارەکانی دەسەڵاتی سەنتەرو دەسەڵاتی نێوخۆ و بەکارو ئەرکەکانی دەسەڵاتی فیدراڵی و ئەوەی ویلایەتەکان و بە دامەزراوەکانی سەر بە دەوڵەت و دامو دەزگا گشتییە

سەربەخۆ و نیمچە سەربەخۆکان، هەروا بۆ تەبیعەتی پەیوەندییەکانی ئیش پێکردن و بەکارهێنان لەبەر زۆر ئەگەری دیکەیش بڕیاری دەرکردنی ئەو ڕێککەوتننامەیەی سەروەریدا... کە بەسەر هەموو ئەو کەسانەدا پیادە دەبێ کە«دەسەڵاتی گشتی» بەکاریان دەهێنێ (کارمەندە گشتییەکان) و هەروەها ڕێکخراوی کارمەندە گشتییەکان (منظمە موظفین عمومین) کە ئامانجەکەی پشتگیریکردنی بەرژەوەندییەکانی کارمەندە گشتییەکان و داکۆکیکردن لێیان بێت. بەندی (٤)ی ئەو ڕێککەوتننامەیە بڕیاری پاراستنێکی تێڕایی کارمەندە گشتییەکان (موظفین عمومین) دەدات لە هەر جیاخوازیی لەوەختی ئیش پێکردنیاندا، لەوانە: نابێت ئیش پێکردنی کارمەند بە مەرجی نەچوونە ڕیزی سەندیکایەک، یا وازهێنان لێی مەرجدار بێت و نابێت کارمەند بە ئەگەری ئەندامێتی و چالاکیی سەندیکایی دەربکرێ. لە ڕووی مافی سیاسی و مەدەنیشەوە، سایلی کرێکاران، دەبێ بۆیان زامن بکرێت.

### هـ- «ڕێککەوتننامەی سیاسەتی کرێکاریی»

( ڕێککەوتننامەی (ژمارە ١٢٢)ی تایبەت بە سیاسەتی کرێکاریی (کۆنگرەی گشتی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی، ڕۆژی ٩ی تەمموزی ١٩٦٤، لە خولی چل و هەشتەمینیدا، پەسەندی کردووە).

* یەکەم ڕۆژی جێبەجێکردن: ١٥ی تەمموزی ١٩٦٦، بەپێی بەندی٥.

کۆنگرەی گشتی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی کە ئەنجوومەنی

کارگێڕی نووسینگەی کاری نێودەوڵەتی بانگهێشتی گرێدانی لە جنێڤدا کردووەو، هەر لەوێ لە ١٧ی حوزەیرانی ١٩٦٤ و خولی چل و هەشتەمینیدا بەسترا، کە دەبینێ: جاڕنامەی ڤیلادلڤیا بەرپرسیارێتی توێژینەوەی کارتێکردنی سیاسەتی ئابووری و دارایی بەسەر سیاسەتی کرێکاریی (کرێ گرتەیی) دەخاتە ئەستۆی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتییەوە، ئەوەش لە ژێر ڕۆشنایی ئەو دەقەی کە دەڵێت: هەر مرۆڤێک، ڕەگەز و توخم و ئۆل و عەقیدەی هەرچییەک بێت، مافی کارکردنی لە پێناو خۆشگوزەرانی ماددی و پێشکەوتنی ڕۆحییەوە هەیە، لە هەل و مەرجێکدا کە ئازادیی و کەرامەت و ئاسایشی ئابووری و هاودەرفەتیان زامن بێت، کە ڕەچاوی ئەوەش دەکات، جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ دەقنووسی ئەوەی کردووە کە «هەرکەسێک مافی کارکردن و هەڵبژاردنی ئارەزوو مەندانەی کارەکەی و مەرجی کارکردنی دادوەرانەو لەبارو مافی لە پاراستنی لە بێکاری دا هەیە»... ئەوانەو لەبەر زۆر هۆ و ئەگەری دیکەش ئەو ڕێککەوتننامەیەی سەرەوەی دەرکرد کە لە (١١)بەندان پێکهاتووە. بەندی هەوەڵی ڕێککەوتننامەکە لەسەر هەموو دەوڵەتانی ئەندامی پێویست کردووە: کە بە مەبەستی هاندانی گەشەکردن و پەرەپێدانی ئابووری و بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەران و زاڵبوون بەسەر بەتاڵی و بێ کاری و کرێگرتەیی ناکامڵ، سیاسەتێکی پڕ بزاڤ ڕابگەیەنن، کە ببێتە هۆی وەدیهێنانی کرێ کارییەکی تەواو و بە بەرهەم و ئارەزوو مەندانەو ئازاد پێویستە بۆ هەموو ئەوانەی ئامادەی کارن و ئەوانەی بەدوای کاردا دەگەڕێن کار هەبێت و دەبێ ئەو

کـاره، بـه پێی تـوانـست، بـەرهـەمـدار بێت. ئـازادیی لـه هـەڵـبژاردنی جۆری کـاردا هەبێت، سیـاسـەتی کـرێـکـاریی و کرێگرتەیی دەبێ ڕەچاوی قۆناخی پەرەی ئابووری و ئاستەکەی و پـەیـوەنـدی ئـاڵۆگۆڕی نێـوان ئـامـانجـەکـانی کـرێـکـاری و ئـارمـانجـەکـانی ئـابـووری و کۆمـەڵایـەتی دیـکـەش بـکـات و کـاروئـیش بـەشێـوازێک پـیـاده بـکـرێت کـه لـەگـەڵ ڕەوش و هەلومەرج و مومارەسەی نەتەوایەتیدا بگونجێ.

### 9/ مافی سیاسیی ئافرەت

**« ڕێککەوتننامەیەک سەبارەت بە مافی سیاسیی ئافرەت»**

{کۆمەڵەی گشتی بە بڕیاری خۆی ٦٤٠ (د-٧) لە ٢٠ی کـانـوونی یـەکـەمی ١٩٥٢، بۆ واژۆکـردن و بڕوایی پێدان، خستوویەتییەڕوو}.

یەکەم ڕۆژی جێبەجێکردن: ٧ی تەمموزی ١٩٥٤، بەپێی بەندی شەشەم.

دەوڵـەتـه لایـەنـه ڕێـکـکـەوتـووەکـان لـه ئـارەزوویـانـەوه لـه وەکـارخـستنی بـنـەمای یەکسانی ژن و پـیـاو لەو مـافـانەی لە بڕوانـامـەی UNدا هـاتـوون، لـه دانـنـانـیـشـیـانـەوه بـەوەی هەر کەسێک مـافی بەشداریکردن لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی وڵاتـەکـەیدا هەیە، ڕاستـەوخۆ یا بەهۆی نوێنـەرانیـانـەوەو، هەر کـەسێک بـه هـاوشـانی لـەگـەڵ ئـیـدیـکـه مـافی دەرفـەتـدانی پلەوپایەی گشتی لە وڵاتەکەیدا هەیە. لـه ئارەزووشیـانەوه لەوەی پیاو و ژن لە سوود وەرگرتن لە مافە سیاسییەکان و

مومارەسەكردنیان یەكسان بن، بەوەی باوەڕنامەی UN و جارنامەی جیهانیی بریاریان لەسەرداوە، بۆیە لەسەر هێندێ ئەحكام ڕێككەوتن لەوانە:

ئافرەت مافی دەنگدانی لە هەموو هەڵبژاردنەكاندا هەیە، بە مەرجی یەكسانیان لەگەڵ پیاودا بەبێ هیچ جیاوازییەك. ئافرەت شیان و ئەهلیەتی ئەوەی هەیە كە بۆ هەموو دەستەو ستافەكان، لە ڕێگای دەنگدانی گشتییەوە هەڵبژێردرێ بەیەكسانی و بێ جیاوازی. ئافرەت شیان و ئەهلیەتی وەرگرتنی پلەوپایەی گشتی و مومارەسەی هەموو ئەو وەزیفە گشتییانە بكات كە بە پێی نیشتمانی دەردەچن، بە مەرجی یەكسانی و جوداوازی نەكردن. ئەم ڕێككەوتننامەیە لە (١١) بەندان پێكهاتووە.

## 10/ خۆشگوزەرانی و پێشكەوتن و پەرەپێدان لە بواری كۆمەڵایەتیدا

**أ- «جارنامەیەك سەبارەت بە پێشكەوتن و پەرەپێدان لە بواری كۆمەڵایەتیدا».**

(بەگوێرەی بڕیاری كۆمەڵەی گشتی ٢٥٤٢ (د - ٢٤) لە ١١ی كانوونی یەكەمی ١٩٦٩، بەڕەسمی دەرچووە).

هەندێ لەم بنچینەو خاڵ و میحوەرە سەرەكییانەی كە ئەم جارنامەیە بڕیاری لێداوە:

هەموو كەسان و هەموو گەلان، بەبێ هیچ جیاوازییەك بە ئەگەرەكانی (ڕەگەز، توخم، ڕەنگ، زبان، ئایین، ڕەگەزنامە،

بنەچە، مەڵبەندی خێزانی و کۆمەڵایەتی، قەناعەتی سیاسی و غەیرە سیاسی)، مافی ژیانێکی ئازادو شکۆمەندو بە کەرامەتیان هەیە، ئەوەش کە لە بەرووبوومی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بخۆن، بەو مەرجەی پشکداری لەو پێشکەوتنەدا بکەن. پێشکەوتن و پەرەپێدان لە بواری کۆمەڵایەتی، دەبێ لەسەر بناغەی ڕێزگرتن لە کەرامەتی شەخسیی مرۆڤ و بەهایەکەی بێت و دەبێ پاڵپشتیکردنی مافەکانی مرۆڤ و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی زامن بکرێت بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە هەموو شێوەکانی «نایەکسانی» بە خێرایی بنبڕ بکرێ، هەروا ئیستغلال کردنی کەسان و میللەتان، جگە لە بنبڕکردنی نازیزم و ئەپارتهاید و هەموو پۆلەتیکاو ئۆل و عەقیدەکانی کە لەگەڵ ئامانج و پرانسیپەکانی UNدا ناکۆکن. دانان بە مافە سیاسی و سڤیلیەکان، هەروا مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان و وەکارخستنیان بەبێ جیاوازی. برێ لە مەرجە بنەڕەتییەکانی پێشکەوتن و پەرەپێدان لە بواری کۆمەڵایەتی دا، ئەوانەن: سەربەخۆیی نەتەوەیی لەسەر بناغەی مافی چارەنووسی گەلان، پرانسیپی دەستێوەرنەدان لە کاروباری دەسەڵاتی هەمیشەیی دەوڵەتان بەسەر سامان و دەرامەتە سرووشتییەکانیان، پێکەوەژیانی بە ئاشتیانە.

پێشکەوتن و پەرەپێدان لە بواری کۆمەڵایەتی پێویست بە کەڵک لێوەرگرتنی تەواوی دەرامەتی بەشەری دەکات. هەروا پێویست بە زامنکردنی مافی کارکردن و بە ئازادیی هەڵبژاردنی کار دەکات. هەروەها پێویست بەبەشداریکردنی هەموو کەسانی نێوکۆمەڵ دەکات لەکاری بە بەرهەم و بەکەڵک

دا. زیادکردنی خێرایی داهاتی نەتەوەو سامان و دابەشکردنیان بە عەدالەت لە نێوان هەموو تاکە کەسانی نێو کۆمەڵ، بنچینەی هەر پێشکەوتنێکی کۆمەڵایەتییەو لەوەشدا چاککردنی مەڵبەندو شوێنی ولاتە تازەگەشندەکان لە ڕووی بازرگانی نێودەوڵەتییەوە، بۆ زیادکردنی داهاتی نەتەوەیی و بەرەوپێشبردن و پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی پێویستە. هەر حکومەتێک پێویستە ڕۆڵی یەکەم و بەرپرسیارێتی بەرودوا، لە دابینکردنی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و خۆشگوزەرانی گەلەکەیدا ببینێ.

پێویستە ئارمانجی پێشکەوتن و پەرەپێدان لە بواری کۆمەڵایەتیدا، بەدیهێنانی بەردەوام بەرزکردنەوەی هەردوو ئاستی ماددی و ڕۆحی ژیانی هەموو کەسانی نێو کۆمەڵ بێت، بەتایبەتیش لە هێنانەدی ئەو ئارمانجە سەرەکییانە: زامنکردنی مافی کارکردن لەسەر هەموو ئاستەکانداو مافی هەر مرۆڤێک لە پێکهێنانی سەندیکاو هەڤاڵبەندی کرێکاران و دانووستانی بە کۆمەڵ و بنەبڕکردنی بێ ئیش و کاری برسێتی و بەدخۆراکی و زامنکردنی مافی خۆراک پێدانێکی دروست. هەروا بنبڕکردنی هەژاریی و دابینکردنی پاراستنی تەندروستی بۆ هەموو دانیشتووان بە خۆڕایی و ڕیشەکێش کردنی نەخوێندەواری و فێرکردنی بەخۆڕایی و دابینی خانوو و خزمەتگوزارییە گشتییەکان (بەتایبەتی) بۆ سەرخێزانە زۆرەکان و داهاتە کەمەکان... دابەشکردنی بەرووبوومی پێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆژی، بەعەدالەت لە نێوان دەوڵەتە پێشکەوتووەکان و دەوڵەتە تازە گەشندەکاندا.

هاوسەنگ کردنێکی لەبار لە نێوان پێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆژی و ماددی مرۆڤ و نێوان بەرەوپێشچوونە ئایدیالی و رۆحی و کەلتوورییەکەیدا، پاراستنی ژینگەی بەشەرییەت و هەروا چاککردنیشی. «نەخشەکێشان) بۆ پێشکەوتن و پەرەپێدان لە بواری کۆمەڵایەتیدا، بەو وەسفەی بەشێکی دانەبڕاوە لە نەخشەو پلانی پەرەپێدانی سەرتاسەری و خڕگرەوەدا.

پشت بەستن بە «سیستەمی نەتەوایەتی» لە دانان و جێبەجێکردنی سیاسەت و پرۆگرامی کۆمەڵایەتیدا، لەکاتی پێویست. دەرکردن و پیادەکردنی ئەو یاساو پێڕەو و رێنماییانەی کە ئارمانجیان هێنانەکایەی بەرنامەی سەرتاسەری بێت بۆ رۆژەکانی زامنکردنی کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزارییەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی... دانانی سیاسەت و تەگبیری نەتەوەیی و نێودەوڵەتی بۆ بەرگرتن لە «کۆچکردنی عەقڵ»، هەروا بێتەوە دانانی تەگبیرو رێوشوێنی یاسایی و ئیداری بۆ پاراستن و چاککردنی ژینگەی بەشەری لەسەر هەردوو ئاستی نەتەوەیی و نێودەوڵەتیدا، بەدیهێنانی تەواوی چەک داماڵین و بەرگرتن لە تاقیکردنەوەی چەکی گەردیلەیی و نۆژەنکردن و بەرهەمهێنانی چەکی کیمیاو بەکتریۆلۆژی و قەرەبووکردنەوەی هەر زەرەرو زیانێکی کۆمەڵایەتی یان ئابووری کە لە ئاکامی دوژمنکاریدا یان داگیرکردنی خاکێک لەلایەن دەستدرێژکارێکەوە بە غەیرە قانوونی، دەکەوێت. ئەم جاڕنامە گرینگە لە (٢٧) بەندان پێکهاتووە.

## ب- «جاڕنامەی تایبەت بە مافی کەم عەقڵەکان»

(بەگوێرەی بڕیاری کۆمەڵەی گشتی ٢٨٥٦ (د-٢٦) لە ٢٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٧١، بەڕەسمی دەرچووە).

کۆمەڵەی گشتیی، کە هەردوو پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ وەبیردەهێنێتەوە، هەروا جاڕنامەی مافی منداڵ و ئەو پێوەرو پێوانانەی کە پێشتر« بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی» لە دەستوورو ڕێککەوتننامەو ڕاسپاردەو بڕیارەکانی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی و (فاو) و (یونسکۆ) و UNICIF, WHO, UNESCO, FAO و ڕێکخراوەکانی دیکەدا، ئیقرار کراون، بەوەیش کە جاڕنامەی پێشوو، پاراستنی مافی کەم ئەندام وکەم عەقڵەکانی ڕاگەیاندووە کە شیاندنەوەو دابینکردنی خۆشگوزەرانیانی پێویست کردووە، ئەو جاڕنامەیەی ڕاگەیاند کە لە هەندێ برگەیدا دەڵێ: کەم عەقڵ، (تا ئەوپەڕی ڕادەی مومکین لە ڕووی عەقڵەوە)، هەمان مافی مرۆڤانی دیکەی هەیە. کەم عەقڵ مافی چاودێری و چارەسەری نوژدارییانەی شیاوی هەیە، هەروەها بڕێک لە فێرکردن و مەشق پێکردن و شیاندنەوەو ئاراستەکردنی، بۆ ئەوەی (تا ئەو پەڕی ڕادەی مومکین) بتوانێت وزەو توانستی خۆی پەرە پێ بدات.

کەم عەقڵ مافی سوود وەرگرتن لە ئەمنی ئابووری و ئاستێکی گوزەرانی شایانی هەیەو، بەپێی تواناى، مافی کاری بەرهەمدار، یا مومارەسەی هەر پیشەیەکی بەکەڵکی هەیە.

کەم عەقڵ، مافی پاراستنی لە ئیستغلالکردن و لێ تێپەڕاندن

و مامەڵەی خراپ و ئابڕووبەر هەیە. ئەگەر چەندی لە تواناداوبوو، پێویستە کەم عەقڵ لەگەڵ خێزانەکەی خۆیدا بژیێت یا خانەوادەیەکی بەدیل و بەشداری لە شێوازە چەشناوچەشنەکانی ژیانی بە کۆمەڵ بکات و پێویستە ئەو خێزانەی کە کەم عەقڵەکەی لەگەڵ دەژی یارمەتی و هاریکاری بکرێ. ئەگەر پێویستی کرد، دەبێ کەم عەقڵ لە دامەزراو و دام و دەزگاییێکدا دابنرێت کە دەورووبەرو ڕەوشی ژیانی تێیدا، بەپێی توانا، لەوەی ژیانی ئاسایی نزیک بێت.

ئەم جاڕنامەیە لە (٧) بڕگە پێکهاتووە.

**ج- «جاڕنامەی جیهانیی تایبەت بە ڕیشەکێشکردنی برسێتی و بەدخۆراکی».**

( بەپێی بڕیاری کۆمەڵەی گشتی ٣١٨٠ (د-٢٨) لە ١٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٣دا، کۆنگرەی خۆراکی جیهانی لە ١٦ی تشرینی دووەمی ١٩٧٤دا پەسەندو پشتی پێ بەستووە، پاشان کۆمەڵەی گشتی لە بڕیاری خۆی ٣٣٤٨، (د-٢٩) لە ١٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٤دا ئیقراری کردووە).

کۆنگرەی خۆراکی جیهانی، بەهەمووانی ڕادەگەیێنێ کە: هەر ژن و پیاو و منداڵێک مافی دەربازبوونی لە دەست برسێتی و بەدخۆراکی هەیە، بۆ ئەوەی توانای جەستەیی و ئاوەزیی بەتەواوی گەشە پێبداو بیپارێزێ.

بەرپرسیارێتی سەرەکی حکوومەتان ئەوەی بەیەکەوە کاربکەن لە پێناو زیادکردنی بەرووبوومی خۆراکی و دابەشکردنیشی

بەشێوەیەکی دادیارانە لەسەر دەوڵەتان و ناوەوەیاندا. هەروا پێویستیشە لەسەر حکوومەتان هەڵمەتێکی یەکگرتووانەی خێراو گەورە بکەنە سەر ئەو نەخۆشییە درێژخایەنانەی لە ئەنجامی بەدخۆراکی و کەم خۆراکی تووشی توێژە لاوازو داهاتە کەمەکان دەبێت.

پێویستە لەسەر لایەنی ئینسانی گیروگرفتی خۆراک توند بکرێت، لەو وەختانەی ئامادەکردن و ڕاپەڕاندنی «پلان و پرۆگرامی نەتەوەیی» بۆ گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەلایەتی، دەبێ دان بە ڕۆڵی گرینگی ئافرەتدا بنرێ لەبەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و ئابووری دێهاتی لە زۆربەی وڵاتانداو، لە پێناو فێرکردنی شیاو و پرۆگرامی ڕێنماییکارو دارایی بۆ ئافرەت کار بکرێت. لەسەر هەموو وڵاتان، بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی کە لە پیشەسازکاریدا ئاستی بەرزیان هەیە، پێویستە هانی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای بەرهەمهێنانی خۆراک بدەن. لەسەر هەموو وڵاتان پێویستە: لە پێناو هێنانەکایەی سیستەمێکی کاریگەر بۆ «ئەمنی خۆراکی جیهانی» هاریکاری ئێک و دوو بکەن.

کۆنگرە داوا لە هەموو «گەلان» دەکا بۆ «کاری هاوشان» لە پێناو نەهێشتنی مۆتەکەی برسێتی، کە لە چەندین چاخەوە خۆی بەسەرە ملان داداوە.

**د- «جارنامەی تایبەت بە بەکارهێنانی پێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆژی لە بەرژەوەندیی ئاشتی و خێری بەشەریەتدا».**

(بەگوێرەی بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ٣٣٠٤ (د-٣٠) لە ١٠ی تشرینی دووەمی ١٩٧٥دا، بە ڕەسمی دەرچووە).

کۆمەڵەی گشتی کە تێبینی ئەوەی کردووە، پێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆژی بۆتە یەک لە هۆکارە گرنگەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگەی ئینسانی؛ کە بە نیگەرانییەوە ئەوەش دەبینێ دەسکەوتە زانستی و تەکنەلۆژییەکان ڕەنگە بۆ زیادکردنی ڕکەی پێشبڕکێی خۆپڕچەککردن بەکاربێن، هەروا بۆ لێدانی بزووتنەوە ڕزگاریخوازییە نیشتمانییەکان و بێبەشکردنی کەسان و گەلان و ماف و ئازادییە مرۆڤایەتییە بنەڕەتییەکانیان، ئەوەش دەبینێ کە لەوانەیە دەسکەوتە زانستی و تەکنەلۆژییەکان لەوانەیە مافە مەدەنی و سیاسییەکانی تاکە کەس یا کۆمەڵ و گرووپان، هەروا کەرامەتی مرۆڤایەتی دووچاری مەترسی بکات. لەگەڵ دانانیشی بەوەی پێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆژی، بایەخێکی پڕ بەهای لە خێرا پەرەپێدانی ئابووری وڵاتدا هەیە، کە جارێکی دیکەش جەختی لە«مافی چارەنووسی گەلان» و پێویستی ڕێزگرتنی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان و کەرامەتی مرۆڤی لە هەلومەرجی پێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆژی کردەوە. لەبەر زۆر ئەگەری دیکەش ئەو جاڕنامەیەی ڕاگەیاند کە لە (٩)برگە پێکهاتووەو هەر لەسەرەتای ئەو برگانەوە بڕیاری ئەوە دراوەکە: پێویستی سەرشانی هەموو دەوڵەتانە کە پەرە بە هاریکاری نێودەوڵەتی بدەن بە مەبەستی بەکارهێنانی ئاکامەکانی پێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆژی لە خزمەت

پتەوکردنی «ئاشتی و ئاسایشی نێو دەوڵەتیدا» و هەروا، ئازادی و سەربەخۆییدا. لەسەر هەموو دەوڵەتان پێویستە ڕێوشوێن و تەگبیری وا بکەن کە بەکارهێنانی پێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆژی: بۆ سنووردانان یا کۆت و بەستکردنی ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ نەبێت. لەسەر هەموو دەوڵەتان پێدڤییە قەدەغەی هەر کارێک بکەن کە تێیدا ئەو دەسکەوتە زانستی و تەکنەلۆژیانە بۆ مەبەستی پێشێلکردنی سەروەری و سەلامەتی ئیقلیمی دەوڵەتێک بەکاردەبرێن، یا بۆ دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆی دەوڵەتان، یان بۆ شەڕی دوژمنکارانە، یا تێکشکاندنی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان و... تاد.

### هـ- «جاڕنامەی تایبەت بە مافی کەم ئەندامەکان»

(بەگوێرەی بڕیاری کۆمەڵەی گشتی ٣٤٤٧ (د-٣٠) لە ٩ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٥دا، بەڕەسمی دەرچووە).

کۆمەڵەی گشتی کە ئاماژەی بە بڕیاری ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەلایەتی ١٩٢١ (د-٥٨) لە ٦ی ئایاری ١٩٧٥ دەکات سەبارەت بە کەم ئەندامەکان و جاڕنامەی پێشکەوتن و پەرەپێدان لە بواری کۆمەلایەتیدا کە پاراستنی مافی کەم ئەندام و لەکارکەوتووەکانی لە ڕووی جەستەیی و ئاوەزیی و دابینکردنی خۆشگوزەرانی و خستنەوە سەرپێیان، پێویست دەکات. کە ئەوەش لە بەرچاو دەگرێت: پێویستی خۆ پاراستن لە کەم ئەندامی لە ڕووی جەستەیی و عەقلییەوەو زەروورەتی یارمەتیدانی لەکارکەوتوو و کەم ئەندامەکان بە مەبەستی پەرەپێدانی توانایان لە بوارەکانی چاکیبە تەرزاو تەرزەکانداو پێویستی کارکردن بە پێی توانا بۆ بەستنەوەیان بە ژیانی ئاساییەوە. کە هەستیش

دەکات وڵاتانێک هەن، لەو قۆناغەی گەشەکردنیاندا، ناتوانن هەوڵ و کۆششێکی شایستە، تەرخان بکەن، لە ئەمانەو لەبەر زۆر هۆی دیکەش ئەو جاڕنامەیەی ڕاگەیاند کە لە (١٣) بڕگە پێکهاتووەو لەسەرەتا مەبەستی یاسایی (کەم ئەندام) ڕوون دەکاتەوەو پاشان پاراستنی مافەکانیان دیاری دەکات وەک : کەم ئەندام سوود لە هەموو ئەو مافانە وەردەگرێ کە لەو جاڕنامەیە بڕیاردراون و لێرەدا کەم ئەندامەکان وەک یەک تەماشا دەکرێن بەبێ جیاوازی بە ئەگەری ڕەگەز یا توخم یا ڕەنگ، یاخود زبان، یان بیروڕای سیاسی و غەیرە سیاسی، یان بنەچەکی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی، یان سەروەت و سامان، یان... هتد. کەم ئەندام، هەمان مافی هەیە کە هاووڵاتییەکی ئاسایی لە تەمەنی خۆیدا هەیەتی، بەتایبەتیش مافە مەدەنی و سیاسییەکان، کەم ئەندام مافی چارەسەری نۆژداری و سایکۆلۆژی و وەزیفی هەیە، هەروا مافی لە ئەمنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئاستی گوزەرانێکی شایستەشدا هەیە، کەم ئەندام و لەکار کەوتووان مافی ئەوەیان هەیە کە لە هەموو قۆناخەکانی نەخشەکێشانی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا، پێداویستییەکانیان لەبەرچاو بگیرێت، هەروا مافی ژیان و گوزەرانی لەگەڵ خانەوادەکەی خۆی، یان یەکێکی ئەلتەرناتیڤیدا هەیەو بۆی هەیە پشکداری لە هەموو چالاکییە کۆمەڵایەتی یا ئەفراندیاری یا ئەوانەی ڕابواردن بکات و دەبێ لەهەر ئیستغلالێک بپارێزرێ و چاکتر وایە ڕاوێژ بە ڕێکخراوەکانی کەم ئەندامان بکرێت، لەهەر کارێکی کە پەیوەستە بە مافەکانیان...تاد.

**و- «جاڕنامەیەک سەبارەت بە مافی گەلان لە ئاشتیدا»**

(کۆمەڵەی گشتی بەپێی بڕیاری خۆی ١١/٣٩، لە ١٢ی تشرینی دووەمی ١٩٨٤دا، پەسەندی کردووە).

کۆمەڵی گشتی، جارێکی دیکە دووپاتی دەکاتەوە، کە ئارمانجی بناغەیی نەتەوە یەکگرتووەکان پاراستنی هەردوو ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتییە. کە دەریش دەبڕێ: ئارەزوو و هیوای گەلان لە نەهێشتن و ڕەشکردنەوەی شەڕ لە ژیانی بەشەریەتدا، بەر لە هەرشتێک، لە دوورکەوتنەوە لە ڕوودانی کارەساتێکی ئەتۆمی لەسەر ئاستی گشتی جیهاندا و بەقەناعەت هاتنیشی بەوەی کە (ژیانی بێ شەڕ) مەرجی بنەڕەتی نێودەوڵەتییە بۆ خۆشگوزەرانی ماددی ولاتان و گەشەکردنیان و بۆ پیادەکردنی تەواوی ئەو ماف و ئازادییە سەرەکییانەی کە UN دەریکردوون. بە دەرک کردنیشی بەوەی ئاشتییەکی هەمیشەیی لەسەر ئەرز، لەو سەردەمەی چەکی ئەتۆمیدا، مەرجی بەرایی پاراستنی شارستانێتی ئینسانی و مانەوەی ڕەگەزی ئینسانییە. کە ئەوەیشی براندۆتەوە کە: زامنکردنی ژیانێکی هێمن بۆ گەلان، ئەرکی پیرۆزی هەر دەوڵەتێکە بۆیە بەڕەسمی ڕای دەگەیەنێ کە: گەلان لە ئاشتیداو هاندانی پیادەکردنی ئەو مافە، پابەندبوون و ئیلتزامێکی بنەڕەتی هەر دەوڵەتێکە. کۆمەڵەی گشتی؛ جەختی ئەوە دەکاتەوە کە مومارەسەکردنی مافی گەلان لە ئاشتیدا، ئەوەی لە دەوڵەتان گەرەکە کە سیاسەتەکانیان بەرەو ئاقاری بنبڕکردنی مەترسییەکانی شەڕ ببەن و پێش هەر شتێک شەڕی ئەتۆمی و بەکارنەهێنانی هێز لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و،، تەختکردن و نەهێشتنی ناکۆکییە

نێودەوڵەتییەکان بە وەسیلە ئاشتییەکان و لەسەر بناغەی باوەڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا.

**ز- «جاڕنامەی مافی گەشەپێدان»**

(کۆمەڵەی گشتی بەپێی بڕیاری خۆی ١٢٨/٤١لە ٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٦دا، پەسەندی کردووە).

بەگوێرەی ئەو جاڕنامەیە: مافی پەرەو گەشەپێدان یەکێکە لە مافەکانی مرۆڤ و بەهۆیەوە هەر ئینسانێک و گشت گەلان مافی بەشداریکردنی لە هێنانەدی گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتووری و سیاسیدا هەیە، هەروا سوود وەرگرتن لەو گەشەپێدانە.

مافی مرۆڤ لە پەرەپێداندا دەبێتە هۆی وەکارخستنی تەواوی «مافی چارەنووسی گەلان»یش و ئەگەر هەر میللەتێک چارەنووسی خۆی دیاریکرد، سەروەرییەکی تەواوی بەسەر سامان و دەرامەتە سرووشتییەکانییەوە دەبێت. (مرۆڤ) میحوەرو بابەتی سەرەکی پەرەو گەشەپێدانەو پێویستە پشکدارێکی چالاکی مافی گەشەپێدان و هەروا سوود لێ وەرگرتنیشی بێت. هەموو خەڵکان، تاک تاکە یا بە کۆمەڵ بەرپرسیارێتی گەشەپێدانیان دەکەوێتە ئەستۆ و پێویستە لەسەریان پشتەوانی سیستەمێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری لەبار بکەن بۆ گەشەپێدان و بیشیپارێزن. پێویستە لەسەر دەوڵەتان لە پێناو لابردنی ئەو کۆسپانەی کە دێنە ڕێگای گەشە پێدان هەنگاو هەڵێنن... ئەو کۆسپانەی کە لە ئاکامی ڕەچاو نەکردنی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، ئابووری و کۆمەڵایەتی و

کەلتوورییەکان، دروست بوون. پێویستە لەسەر گشت دەوڵەتان، هانی پاراستن و پشتەوانی کردنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی بکەن و بۆ ئەو مەبەستە دەبێ هەوڵی تەواو لە پێناو جێبەجێکردنی چەک دامالیندا بدەن و وابکەن ئەو مەوادانەی لە ئاکامی چەک دامالیندا ماونەتەوە، بۆ مەبەستی گەشەپێدانی سەرتاسەری، نەخاسمە گەشە پێدانی وڵاتە تازە گەشەندەکان بەکاربهێنرێ. لەسەر ئاستی نیشتمانی، پێویستە لەسەر دەوڵەتان هەموو تەگبیرو ڕێوشوێنێکی لەبار بگرنەبەر، بۆ بەکارخستنی مافی گەشەپێدان و لەوەدا دەبێ زامنی هاوەدەرفەتی هەمووان بکەن بەیەکسانی وەدەستخستنی دەرامەتە سەرکییەکان و فێرکردن و خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان و خۆراک و نیشتەجێکردن و کارو دابەشکردنی دادیارانەی داهات... هتد. ئەم جاڕنامەیە لە (١٠)بەندان پێکهاتووە.

## 11/ مافی کەلتوورو پەرەپێدان و ئالیکاریی کەلتوریی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی

*** «جاڕنامەی بنەماکانی ئالیکاری کەلتووریی نێودەوڵەتی»**

( کۆنگرەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەروەردەو زانست و کەلتوور، لە خولی چواردەمینیدا، ڕۆژی ٤ی تشرینی دووەمی ١٩٦٦، دەریکردووە).

کۆنگرەی گشتی ڕێکخراوی UNESCO کە لە پاریس لە ڕۆژی ٤ی تشرینی دووەمی ١٩٦٦، چواردەمین خولی خۆی گرێدا، لە وەختێکدا (١٩٦٦) کە (٢٠) ساڵ بەسەر دامەزراندنی ئەو

ڕێکخراوەدا تێپەڕی بوو؛ ئەو جاڕنامەیەی دەرکرد، بۆ ئەوەی حکوومەت و ستاف و ڕێکخراو و هەڤاڵبەندی و دامەزراوەکانی بەرپرس لە چالاکییە کەلتوورییەکان، بەردەوام سوود لە بنەماکانی ئەو جاڕنامەیە ببینن. بەندی سەرەتا لەو جاڕدانە ئیقراری ئەوەی کردووە کە، هەر (کەلتوورێک) پێویستی بە هاوکەڕامەتی هەیەو پێویستە بپارێزرێ و ڕێزی لێ بگیرێ، ماف و ئەرکی هەر گەلێکە کە کەلتوورەکەی گەشەپێبدا، هەموو کەلتوورەکان بە هەموو جیاوازی و جۆراوجۆری کارلێکییەوە، بەشێکی ئەو (کەلەپورە) پێکدەهێنن کە هەموو مرۆڤان لە خاوەندارێتییاندا هاوبەشن. ئالیکاری کەلتووری نێودەوڵەتی هەموو بوارەکانی چالاکییە زەینییە بیرەکیەکان و ئەفراندیاریەکان پەیوەست بە پەروەردەو زانست و کەلتوور دەگرێتەوە. ئالیکاری کەلتووری ماف و ئەرکی هەموو گەل و نەتەوەکانەو پێویستە ئەو زانست و مەعریفە و زانیارییانەی لەلایانە، دارو بەشی بکەن. پێویستە ئالیکاری کەلتووری، بایەخێکی تەواو بە پەروەردەی ڕەوشت و هزر بدات بۆ ئەوەی گیانی دۆستایەتی و لێکحاڵیبوونی نێودەوڵەتی و ئاشتی پەرەی پێبدرێ. چاککردنی ڕەوش و زروفی ژیانی ڕۆحی و هەبوونی ماددی مرۆڤ لە هەموو لایەکی جیهاندا، ئارمانجێکی دیکەی هاریکاری کەلتووری نێودەوڵەتانە. ئەم جاڕنامەیە لە (١١)بەندان پێکهاتووە.

## أ- «ڕێککەوتننامەی تایبەت بە کۆیلایەتی»

(لە جنێڤ، لە ٢٥ی ئەیلوولی ١٩٢٦دا مۆرکراوە)

(یەکەم ڕۆژی جێبەجێکردن: ٩ی ئاداری ١٩٢٧، بەگوێرەی بەندی ٢٧). (لەسەردەمی کۆمەڵەی گەلاندا دەرچووە).

لەسەرەتادا هەردوو زاراوەی «کۆیلە»و و «بازرگانی کۆیلە» ناسێنراون و پاشان لایەنە باڵایە ڕێککەوتووەکان، هەر یەکەو لەو ئیقلیمەی تێیدا سەروەرە، یا دەسەڵاتدارە، یا پێی ڕاسپێردراوە، یا دەیپارێزێ، پەیمان دەدەن بە قەدەغەکردنی بازرگانی کردن بە کۆیلەو سزادان لەسەر ئەنجامدانی و بەرەبەرە کارکردن بۆ بنبڕکردنی تەواوی کۆیلایەتی بەهەموو شێوەکانییەوە.

هەموو لایەنە باڵایە ڕێککەوتووەکان پەیمانی هەموو تەگبیرکردنێکی لەبار دەدەن، لە پێناو یاساغکردن و تێکشکاندنی بارکردن و داگرتن و گواستنەوەی کۆیلە لە ئاوی ئیقلیمیان و لە گشت ئەو کەشتیانەی ئاڵای ئەوانیان هەڵگرتووە. هەر ئەو لایەنانە هەموو یارمەتی و ئالیکارییەکی ئێکدی دەکەن لە پێناو ڕیشەکێشکردنی یەکجارەکی کۆیلایەتی و بازرگانی کۆیلەدا، دانیش بەوەدا دەنێن کە پەنا وەبەر کاری بەخورتی و کاری بێگار، دان ڕەنگە ئاکامی خەتەرناکی لێ بکەوێتەوەو لەوەدا هەریەک لە سنووری دەسەڵاتی خۆیدا، هەموو هەوڵێک دەدا بۆ ئەوەی کاری بە خورتی و کاری بێگار نەشوبهێنە ڕەوشێکی نزیک بە ڕەوشی کۆیلایەتی. ئەو ڕێککەوتننامەیە لە (١٢)بەندان پێکهاتووەو دەقە

ئەسڵییەکەی بە «پارێزراوەکانی کۆمەڵەی گەلان» سپێردراوە و فۆتۆی مۆرکراو و باوەڕ پێکراویشی بۆ هەموو دەوڵەتە واژۆکارەکان نێردراوە، ئەوەش بە پێی بەندی دوانزدەهەم.

**ب- «پرۆتۆکۆڵی دەسکاریکردنی ڕێککەوتننامەی تایبەت بە کۆیلایەتی لە جنێڤ واژۆکراو، ڕۆژی ٢٥ی ئەیلوولی ١٩٢٦»**

(کۆمەڵەی گشتی بە بڕیاری خۆی ٧٩٤ (د-٨) لە ٢٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٣ دا پەسەندی کردووە)

یەکەم ڕۆژی جێبەجێکردن: ٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٥٣ بە گوێرەی بەندی سێیەم.

ئەم پرۆتۆکۆڵە، لە (٥) بەندان پێکهاتووە، لەسەردەمی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دەرچووەو تێیدا دەوڵەتانی لایەن لە پرۆتۆکۆڵەکە بە ڕەچاوکردنی خودی ڕێککەوتننامەی تایبەت بە کۆیلە (١٩٢٦/٩/٢٥) کە هەندێ ئەرک و وەزیفەی دیاریکراوی بە کۆمەڵەی گەلان سپاردبوو، پێی باشبوو کە نەتەوە یەکگرتووەکانیش لە گرنگیدان بەو ئەرک و وەزیفانەوە بەردەوام بێت بۆیە ئەم پرۆتۆکۆڵە دەرچوو، کە بریتییە لە دەسکاری کردنی ڕێککەوتننامەی سەردەمی کۆمەڵەی گەلان، هەروا ئەو پرۆتۆکۆڵە پاشەبەندێکیشی هەیە کە تێیدا سکرتێری گشتی کۆمەڵەی گەلان گۆڕاوە بە سکرتێری UN و دادگاری بەردەوامی دادی نێودەوڵەتی کراوە بە دادگای دادی نێودەوڵەتی و کۆمەڵەی گەلان کراوە بە UN..تاد.

**ج- «ڕێککەوتننامەی تەواوکاریی پووچەڵکردنەوەی کۆیلایەتی و بازرگانی کۆیلەو ئەو عورف و پەیڕەوی و**

**مومارەسانەی هاوچەشنی کۆیلایەتین».**

(لەلایەن کۆنگرەی ڕاسپێردراوانەوە پەسەندکراوە کە بەبڕیاری ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی ٦٠٨ (د-٢١) لە ٣٠ی نیسانی ١٩٥٦دا بانگهێشتی گرێدانی کردووەو، لە جنێڤدا لە ٧ی ئەیلوولی ١٩٥٦دا نووسراوە).

یەکەم ڕۆژی جێبەجێکردن: ٣٠ی نیسانی ١٩٥٧بەگوێرەی بەندی ١٣.

ئەم ڕێککەوتننامەیە کە لە دێباجەیەک و (١٥) بەندان پێکهاتووەو بەسەر پێنج لقاندا پۆلێن کراوە، تەواوکەری ڕێککەوتننامە و پرۆتۆکۆڵی تایبەت بە کۆیلایەتییەو ئەو کەلێن و بۆشاییانەی پڕکردۆتەوە کە لەواندا هەبوونە. دەوڵەتە لایەنەکانی ئەو ڕێککەوتننامەیە کە ئاگایان لەوە هەیە کە کۆیلایەتی و بازرگانی کۆیلەو ئەو عورف و مومارەسانەی دەشوبهێنە کۆیلایەتی تا ئێستا لە تەواوی دونیادا بنبڕ و لانەبردراون، بۆیە هەموو کارو تەگبیرێکی یاسایی و غەیرە یاسایی شایستە بە جێبەجێکردنی مەیدانی دەکەن، بە مەبەستی بەرە بەرە پووچەڵکردنەوەی ئەو عورف و مومارەساتە یا تەرک کردنیان و بە خێرایش لەوانە:

ـ بارمتە گرتنی قەرزدار بەوەی خاوەن قەرز بە بیانووی قەرزەکە قەرزدار یان یەکێکی سەر بە قەرزدار ناچار بکا بە پێشکێش کردنی خزمەتێک، ئیشێک کە نە قەرزەکەی پێ پاکۆ دەکرێتەوەو نەتەبیعەت و سرووشت و ماوەی ئیشەکەش دیارییە. کۆیلە خاکایەتی کە مەبەست لێی بارو ڕەوشتی کەسێکە کە بە هۆی عورف یان یاسا یا لە ڕێگای ڕێککەوتنێکەوە، مولزەمە بە ژیان و کارکردن و جەفاکێشانی

لەسەر خاک و عەرزی کەسێکی تر کە ڕەنجەکەی بۆی هەیە بێ بەرامبەریش بێت و ئەو کەسە نەشتوانێ بە هیچ شێوەیەک باری خۆی بگۆڕێ و لەکاتی فرۆشتنەوەو گواستنەوەی خاوەندارێتی موڵکەکەش (عاردەکە) لە خۆڕا، ئەوانیش لەگەڵ عەرزەکەدا موڵکدارێتییان دەگوازرێتەوە.

ـ هەر مومارەسە یا عروفێکی کە ڕێگا بە بەڵێن دان بە شووپێکردنی ئافرەت بدات یا بە فعلی بە زۆر بەشوو بدرێت، بێ ئەوەی ئەو کچە مافی ڕەفزکردنەوەی هەبێ، ئەوەش لە بەرامبەر بڕە پارەیەک یا بڕە ماڵێک کە پیاوەکە دەیدا بە دایک و باوکی کچە، یا هەرکەس و گرووپێکی دی، لێرەدا ئەو حاڵەتە وەک (شێوە شیربایییەک) وایە.

ـ ڕێگا دان بە مێرد یا خانەوادەکەی یا عەشیرەتەکەی کە تەنازول لە (ژنەکەی) خۆی بکات بۆ کەسێکی تر، لەبەرامبەر بڕە پارەیەک یا بژاردنێکدا.

ـ بە میراتکردنی ئافرەت وەک کەلوپەل، ڕوونتر وا لە ئافرەت بکرێ کە دوای مردنی مێردەکەی وەک میراتێک بۆ کەسێکی دی بگوزارێتەوە.

ـ هەر عورف یا مومارەسە و پەیڕەوێکی کە ڕێگا بە دایک و باوک یان یەکێکیان بدا، کە منداڵ یا هەرزەکارێکی کەمتر لە ١٨ساڵی بدەنە کابرایەکی تر، لەبەرامبەر بۆبژاردنێک یا بێ ئەوەش بە مەبەستی ئیستغلال کردنی منداڵەکە یا هەرزەکارەکە یان ئیستغلال کردنی کاروپیشەکەیان...هتد.

گواستنەوەی کۆیلە، یا هەوڵدان بۆ گواستنەوەی یاخود بەشداریکرن تێیدا، بە گوێرەی یاسای دەوڵەتانیی لایەن لەو

ڕێککەوتننامەیە، بە تاوان دەژمێرێ و ئەوانەی بە هۆی ئەو تاوانەوە مەحکووم دەکرێن، توندترین سزا دەدرێن.

دەوڵەتانی لایەن لەو ڕێککەوتننامەیە پەیمانی هاریکاری نێوانیان و نێوان نەتەوە یەکگرتووەکان دەدەن لە پێناوی جێبەجێکردنی ئەحکامی ئەو دەقە نێودەوڵەتییەدا.

### د- «ڕێککەوتننامەی بێگاریی»

### « ڕێککەوتننامەی ـ ژمارە ٢٩ی تایبەت بە بێگاری»

(کۆنگرەی گشتی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی، لە خولی چواردەمینیدا، لە ڕۆژی ٢٨ی حوزەیرانی ١٩٣٠دا، پەسەندی کردووە)

(یەکەم ڕۆژی جێبەجێکردن: ١ی ئایاری ١٩٣٢، بەگوێرەی ئەحکامی بەندی ٢٨).

ئیشی بێگار یا کاری بە خورتیی، هەموو ئەو شۆل و کارو خزمەتگوزارییانە دەگرێتەوە کە بەزۆر بەسەر هەچ کەسێک دادەسپێنرێ لە ژێر گەف و هەڕەشەی سزاداندا، واتە ئەو کەسە لە کارەکەدا سەرپشک و ئارەزوومەند نەبووە، لەوەدا هەر ئەندامێکی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی کە ئەو ڕێککەوتننامەی مۆرکردووە پەیمانی قەدەغەکردنی کاری بێگار یان کاری بەخورتی دەدات بە هەموو شێوەکانییەوە و لەزووترین وەختی مومکیندا، بەڵام بەپێی ئەو ڕێککەوتننامەیە هەندێ کارو خزمەتگوزاریی هەن ناکەونە خانەی کاری بێگار یا کاری بە خورتی لەوانە، هەر کارێک یان خزمەتێک بە پێی یاساکانی خزمەتی سەربازیی دەسەپێنرێن، هەر کارێک یا

خزمەتگوزاریەکی وەک بەشێک لە ئەرکە شارستانییە ئاساییەکانی هاوولاتییە لە ولاتێکدا کە خودموختاری تەواوی هەبێ، هەر کارێک یا کارگوزارییەکی کە بەپێی ئیدانەیەکی دادوەریی بەسەر کەسێکدا دەسەپێنرێ. یان هەر کارێک یا خزمەتگوزارییەکی کە لە حاڵەتە تەنگانەییە نا ئاساییەکان دەسەپێنرێ وەک حاڵەتی شەڕ یا سووتان و لافاو و حاڵەتەکانی برسێتی و قاتوقڕی و بوومەلەرزە و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی...هتد کە بۆ ئەو حاڵەتانەش ئەحکام و ڕێوڕەسمی دیاریکراو دانراون وەک ئەوەی بۆ نموونە لە بەندی (١/٧) ئاماژە کراوە، کە نابێت ئەو سەرۆکانەی مومارەسەی وەزیفەی ئیداری ناکەن، پەنا وەبەر کاری بێگار یا بە خورتی ببەن. ئەوەیشی کە مومارەسەی ئەو وەزیفانە دەکات دەبێ ڕووخسەتی بە ڕاشکاوی لە دەسەڵاتی پسپۆڕەوە وەربگرێ بۆ سەپاندنی کاری بێگاری ئەویش بە مەرجی خۆبەستنەوە بەو ئەحکامانەی، کە لە بەندی (١٠)ی ئەو ڕێککەوتننامەیەدا هاتوون...هتد. ئەو ڕێککەوتننامەیە لە (٣٣) بەندان پێکهاتووە.

**هـ- «ڕێککەوتننامەی تەحریم کردنی سوخرە و بێگاریی»**

« ڕێککەوتننامەی ـ ژمارە ١٠٥ی تایبەت بە تەحریم کردنی بێگاری» .

(کۆنگرەی گشتی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی لە ٢٥ی حوزەیرانی ١٩٥٧دا، لە خولی چلەمینیدا ئیقراری کردووە)

یەکەم ڕۆژی جێبەجێکردن:١٧ی کانوونی دووەمی ١٩٥٩، بەگوێرەی بەندی٤.

کۆنگرەی گشتی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی کە ئەنجوومەنی کارگێڕیی نووسینگەی کاری نێودەوڵەتی بانگهێشتی گرێدانی لە جنێڤ کردووەو تێیدا لە ڕۆژی ٥ی حوزەیرانی ١٩٥٧دا بەسترا، کە تەماشای بابەتی بێگاری کرد بەوەی بەندی چوارەمی بەرنامەی کاری خولەکەی پێکدەهێنێ، کە تێبینی ئەوەشیکرد کە: ڕێککەوتننامەی تایبەت بە کۆیلایەتی (١٩٢٦) لەسەرکردنی هەموو تەگبیر و ڕێوشوێنێک دەقنووسی کردووە کە کاری بێگار یا بە خورتی نەگۆڕینە ڕەوشێکی نێزیک بە ڕەوشی کۆیلایەتی، کە تێبینی ئەوەشی کرد کە ڕێککەوتننامەی تایبەت بە پاراستنی کرێ و دەسهەق (١٩٤٩) لەسەر پێویستی دانی کرێ لەوەختی خۆی و قەدەغەکردنی دەرکردندا، تێکست نووسی کردووە، ئەو ڕێککەوتننامەیەی دەرکرد کە هەر لە بەندی بەراییدا هەموو ئەندامانی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی، کە باوەڕییان بەو ڕێککەوتنەداوە، پەیمانی قەدەغەکردنی هەموو شێوازەکانی بێگاری یا کاری بەزۆر و بەخورتی دەدەن. پەیمانی ئەوەش دەدەن کە وەک وەسیلەیەکی ناچارکردن یا ئاڕاستەکردنی سیاسی یا وەک سزایەکی بیروباوەڕێکی سیاسی پەنای بۆ نەبەن. هەروەها پەیمان دەدەن کە وەک شێوازو ئوسلوبێکی کۆکردنەوەی «هێزی کارگەر» و بەکارهێنانی لەپەرەپێدانی ئابووریدا یاخود وەک وەسیلەیەک بۆ سەپاندنی دیسپلین بەسەر کرێکاران یا وەک سزای بەشداریکردن لە خۆپیشاندانەکان یان وەک وەسیلە و ئامرازێکی جیا ڕەگەزی یا کۆمەڵایەتی یا نەتەوەیی یا ئایینی، پەنا وەبەر کاری سوخرەو بێگار نەبەن.

ئەم ڕێککەوتننامەیە لە (١٠) بەندان پێکهاتووە.

**و- «ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی بازرگانی کردن بە کەسان و ئیستغلال کردنی داوێن پیسیی غەیرە»**

(کۆمەڵەی گشتی بە بڕیاری خۆی ٣١٧(د-٤)، ڕۆژی ٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٩، پەسەندی کردووە)

یەکەم ڕۆژی جێبەجێکردن: ٢٥ی تەمموزی ١٩٥١، بە گوێرەی بەندی ٢٤.

لەبەرئەوەی کە داوێن پیسی و بەرەڵلایی، دژ بە کەرامەتی شەخسی بەشەرییە و خۆشگوزەرانی تاکە کەس و خێزان و کۆمەڵ دەخاتە مەترسییەوە، لایەنەکانی ئەو ڕێککەوتننامەیە لەسەر سزادانی هەر کەسێک ڕێککەوتن کە (پێناوی) بۆ کەسێکی تر بکات یا «وەخۆی بکات» یا «لە ڕێی لابدات» بە مەبەستی داوێن پیسی و بەرەڵلایی، ئەگەر چی بەڕەزامەندی ئەو کەسەش بێت. هەروا لەسەر سزادانی ئەو کەسەش ڕێککەوتن کە ئیستغلالی داوێن پیسی کەسێکی تر بکات بە مەبەستی بازرگانی ئەگەر چی بە ڕەزامەندی ئەویش بێت. لەسەر سزادانی هەموو ئەو کەسانەیش کۆک و ڕێکن کە «شوێنی داوێن پیسی- ماخور-» بەڕێوەدەبەن یان هەیانە، یاخود بە زانینەوە تەمویلی دەکەن یا بەشداری تێدا دەکەن، هەروا بێتەوە ئەو کەسەی کە بینایەک یا شوێنێک دەکرێت یا بەکرێ دەگرێ، بە مەبەستی ئیستغلالکردنی داوێن پیسی غەیرە، لەو سنوورەی کە یاسای نێوخۆیی ڕێگای پێدەدا، هەر هەوڵدانێک بۆ بە ئاکام گەیاندنی هەر تاوانێکی کە پەنجە نمایان بۆکرا، یا بۆ هەر کارێکی خۆ ئامادەکاریی بۆ ئەو ئەنجام

گەیاندنە، سزای لەسەرە. ئەم ڕێککەوتننامەیە کە زۆر ئەحکام و ڕێوشوێنی گرنگی بۆ بەرلێگرتنی لەو کارە ئابڕووبەرە تێدایە، لە دیباجەیەک و(٢٨) بەندو پرۆتۆکۆڵی کۆتایی پێکهاتووە.

## 13/ هاوسەرایەتیی، خێزان، منداڵێتی و لاوان

### أ- «ڕێککەوتننامەی ڕازی بوون بە هاوسەرایەتی و، کەمترین ڕادەی تەمەنی هاوسەرایەتی و، تۆمارکردنی مارەبەند ـ عەقد ـ ی هاوسەرایەتی».

(کۆمەڵەی گشتی بەبڕیاری خۆی ١٧٦٣ ئەلیف (د-١٧) لە ٧ی تشرینی دووەمی ١٩٦٢دا، بۆ واژۆکردن و باوەڕی پێدان خستوویەتییەڕوو).

* یەکەم ڕۆژی جێبەجێکردن: ٩ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٤، بەپێی بەندی ٦.

دەوڵەتە ڕێککەوتووەکان لە ئارەزوویانەوە بۆ پشتەوانیکردن و ڕەچاوکردنی ماف و ئازادییە سەرەکییەکانی مرۆڤ بۆ هەمووان بەبێ جیاوازی بە ئەگەری ڕەگەز یاتوخم یان زوبان یاخود ئایین، کە بەندی (١٦)ی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤیش وەبیران دەهێننەوە کە تێکست نووسی ئەوەی کردووەکە: ژن و پیاو، کەنگێ بالق بوون، مافی هاوسەریی و پێکەوەنانی خێزانیان هەیە بەبێ هیچ کۆت و بەستێکی بە ئەگەری ڕەگەز یا توخم یاخود ئایین و، هەردووکیان لەکاتی هاوسەرییدا مافی وەک یەکیان هەیە ئەو هاوسەرییەش تەنها بە ڕەزامەندی (بێ زۆرداری) هەردوولایان دەبێت.

که ئەوەش بیردەخەنەوە، کۆمەڵەی گشتی بەبڕیاری خۆی ٨٤٣ (د-٩) لە ١٩٥٤/١٢/١٧دا جاڕی ئەوەی داوە کە هەندێ یاساو دابونەریتی کۆنی پەیوەست بە هاوسەرێتی لەگەڵ بنچینەکانی بڕوانامەی UN و جاڕنامەی جیهانیدا دژو ناکۆکن. لەبەرئەوانە، لەسەر ئەحکامی ئەو ڕێککەوتننامەیە کۆک بوون کە هەر لە سەرەتادا، بڕیاری ئەوە دەدات کە هاوسەرێتی ـ زواج ـ لە ڕووی یاساییەوە بەو مەرجانە دەبەسترێ کە بە ڕەزامەندی هەردوولابێت و بەخۆیان تەعبیر لە هاوسەرێتییەکە بکەن و دەسەڵاتی پسپۆڕو شایەد لە مارە بەندییەکەدا ئامادەبن بەو پێیەی یاسا دیاریکردووەو، لەباری نائاساییدا دەکرێ یەک لەلایەنەکان ئامادە نەبێت ئەگەر دەسەڵاتی پسپۆڕ قەناعەتی بەو بارە نائاساییە هەبوو، دەوڵەتانی لایەن لەو ڕێککەوتننامەیە هەموو ڕێوشوێن و تەگبیرێکی یاسایی پێویست دەکەن بۆ دیاریکردنی کەمترین تەمەنی هاوسەرێتی و دەسەڵاتی تایبەتمەند دەبێ هەموو مارەبەندییەکان لە تۆمارێکی ڕەسمیی لەباردا تۆمار بکات. ئەو ڕێککەوتننامەیە لە (١٠) بەندان پێکهاتووە.

**ب- «ڕاسپاردەیەک سەبارەت بە ڕازی بوون بە هاوسەرێتی و کەمترین ڕادەی تەمەنی هاوسەرایەتی و تۆمارکردنی مارە بەندییەکانی ـ عقود ـ هاوسەرایەتی».**

(بڕیاری کۆمەڵەی گشتی ٢٠١٨ (د-٢٠) لە ١ی تشرینی دووەمی ١٩٦٥دا).

کۆمەڵەی گشتی، کە هەستی بە پاڵپشتیکردنی قەوارەی خێزان کردووە بەو ڕەنگەی یەکەیەکی سەرەکییە لە هەموو کۆمەڵگەیەکداو، بەوەی نێرومێ لەوانەی بالقبوون مافی

هاوسەرێتی و پێکەوەنانی خێزانیان هەیەو لەو مافەدا یەکسانن و بڕیاری خۆیشی دەکات: ٨٤٣ (د-٩) لە ١٧ی کانووی یەکەمی ١٩٥٤، کە ئاماژەیش بە بەندی ٢ لە ڕێککەوتننامەی تەواوکاریی پووچەڵکردنەوەی کۆیلایەتی و بازرگانی کردن بە کۆیلەو ئەو عورف و مومارەسانەی دەشوبهێنەوان (١٩٥٦)، کە هەندێ ئەحکامی پەیوەست بە تەمەنی هاوسەرایەتی و ڕەزامەندبوون و تۆمارکردنی مارەبەندیی تێدایە...تاد. لەبەرئەوانەو زۆری تریش، سێ پرانسیپی لەمیان ئەو تێکستەدا، ڕاسپاردو تێدا هەریەک لەو دەوڵەتە ئەندامانە ڕادەسپێرێت کە هێشتا تەگبیری یاسایی و غەیرە یاساییان بەپێی سیستەمی دەستووری دابو نەریت و ئایینەکانیان، لەبارەی نێوەڕۆکی ئەو ڕاسپاردەیەوە، نەکردووە نووکە ئەنجامی بدەن. لەو ڕاسپاردانەیش:

لە ڕووی یاساییەوە، مارەبەندیی ناکرێ، تەنها بە ڕەزامەندی و دەربڕینی ئارەزوومەندانەی هەردوولا نەبێ+ ئامادەگی شایەدو دەسەڵاتی تایبەت بە مارەبەندیی (بەپێی قانون). مارەبەندیی بەهۆی بریکارو کەسی سێیەمەوە دەوڵەتانی ئەندام یاسای پێویست، بۆ دیاریکردنی ڕادەی کەمی تەمەنی هاوسەرێتی، دەردەکەن بەو مەرجەی لە (١٥) ساڵ کەمتر نەبێت. دەسەڵاتی پسپۆڕ هەموو مارە بەندییەکان لە تۆمارێکی ڕەسمی شیاودا تۆماردەکات. لەگەڵ چەندین ئەسپاردەی تر.

### ج ـ «جاڕنامەی مافەکانی منداڵ»

(بە گوێرەی بڕیاری کۆمەڵەی گشتی ١٣٨٦ (د-١٤) لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ١٩٥٩دا، بەڕەسمی دەرچووە).

کۆمەڵەی گشتی بە ڕەسمی «جارنامەی مافەکانی منداڵ» ڕادەگەیەنێ بۆ ئەوەی زارۆک بتوانێ لە منداڵییەکی بەختەوەردا بژێ و بۆ خێرو چاکەی خۆی و کۆمەڵ، سوود لەو ماف و ئازادییانەی ئەو جارنامەیەدا ببینێ و، بۆ ئەوەش داوا لە دایکان و باوکان، ژنان و پیاوان، هەریەکەو بەتەنیا دەکات، هەروەها بانگهێشتی ڕێکخراوە ئارەزوو کارەکان و دەسەڵاتە نێوخۆییەکان و حکوومەتە نەتەوەییەکان دەکات کە دان بەو مافانەدا بنێن و تەگبیری یاسایی و غەیرە یاسایی، بەپێی ئەو پرەنسیپانەی لەو جارنامەیەدا هاتوون، لە پێناودا بکەن. لەو بنەماو پرەنسیپانەیش:

پێویستە منداڵ سوود لە هەموو ئەو مافانە وەربگرێت کە لەو جارنامەیەدا بڕیاردراون. ئەوەش بەبێ هیچ جیاوازییەک بە ئەگەرەکانی: ڕەگەز، توخم، زبان، ئایین، بیرورای سیاسی یا غەیرە سیاسی، بنەچەی نەتەوەیی یا کۆمەڵایەتی. دەرامەت و سامان... تاد.

پێویستە منداڵ حیمایەو پاراستنی تایبەتی هەبێ، لە ڕێگای یاساو وەسیلەی ترەوە، بە دەرفەت و دەلیڤەو ئاسانکاریی پێویستی بۆ مەیسەر بکرێت لە پێناو گەشەکردنی جەستەیی و عەقڵی و ڕۆحی و کۆمەڵایەتی خۆیدا، بەشێوەیەکی دروست و سرووشتی و لەکەش و هەوایەکی ئازادو پڕ کەرامەتدا. منداڵ هەر کە لە دایک دەبێت مافی (ناوێک) و ڕەگەزنامەی هەیە. پێدڤییە منداڵ سوود لە کەڵکەکانی دابینکردنی کۆمەڵایەتی وەربگرێ. منداڵی کەم ئەندام و ئیفلیج، پێویستە لە ڕووی جەستەیی و ئاوەزیی و سۆسیۆلۆژییەوە چارەسەری بکرێت و ئەو بایەخەی بدرێتێ کە حاڵەتەکەی پێویستی دەکات. منداڵ

مافی فێربوونی بە خۆڕایی هەیە، لە قۆناغەکانی سەرەتایی بەلای کەمەوە دەبێت منداڵ لە هەموو ڕەوش و زروفێکدا، لە پێشەوەی ئەوانە بێت کە سوود لە پاراستن و بەهاناوە هاتن وەردەگرن.

پێویستە منداڵ لە هەموو شێوەکانی پشگوێ خستن و توندوتیژی و ئیستغلال کردن بپارێزرێ و بازرگانی کردن پێیەوە قەدەغەیە، ناشبێت پێش کەمترین تەمەنی لەبارو شیاو کاری پێبکرێت...تاد.

**د- «جاڕنامەیەک سەبارەت بە پاراستنی ئافرەت و منداڵ، لە حاڵەتەکانی تەنگانەو ناکۆکی چەکداریدا».**

( بەپێی بڕیاری کۆمەڵەی گشتی ٣٣١٨ (د-٢٩) لە ١٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٤دا، بەڕەسمی دەرچووە).

کۆمەڵەی گشتی UN ک ڕەچاوی پێویستی دابینکردنی پاراستنی تایبەتی ئافرەت و منداڵان دەکات لە نێو خەڵکی مەدەنیدا، بە ڕەسمی ئەو جاڕنامەیە دەردەکات کە پەیوەستە بە پارێزگاریکردنی ئافرەت و منداڵ لە حاڵەتەکانی تەنگاوی ناکۆکی چەکداریداو، داوا لە هەموو دەوڵەتانی ئەندامیش دەکات بە وردی ئیلتیزام بەو جاڕنامەیەوە بکەن. ئەو خاڵە سەرەکییانەی نێوەڕۆکی ئەو جاڕنامەیە گرتوونیەخۆ:

دەستدرێژیکردنە سەر خەڵکی مەدەنی و بۆردومانکردنیان قەدەغەیە، بەتایبەتیش ئافرەت و منداڵ کە بێ بەرگریترن. بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و بەکتریۆلۆژی لە کاتی پرۆسە سەربازییەکاندا، بە پێشێلکردنی خەتەرناکی پرۆتۆکۆڵی جنێڤ

(١٩٢٥) و ڕێککەوتننامەکانی جنێف (١٩٤٩) و بنەماکانی یاسای ئینسانیی نێودەوڵەتی دەژمێردرێ، چونکە زەرەرو زیانی گەورە بە خەڵکی مەدەنی دەگەیەنێ، لەوانە ئافرەت و منداڵی بێ دیفاع!! لەسەر هەموو دەوڵەتانی بەشداربوو لە ناکۆکی چەکدارییدا، یان لەو پرۆسە سەربازیيانەی لە ئیقلیمیە بیانییەکان یا لەو ئیقلیمیانەی تا ئێستا لە ژێر کۆنترۆڵی ئیمپریالیزمدان، پێویستە هەرچییەکی لە توانایاندایە بیکەن لە پێناو دوورخستنەوەی ئافرەت و منداڵ لە ئاگری شەڕ. هەروا پێویستە، بۆ زامنکردنی بەرگرتن لە هەرکارێکی وەک چەوساندنەوەو ئەشکەنجەدان و مامەڵەکردنی توندوتیژو ئاوڕووبەر، هەموو پێنگاڤێکی پێدڤیی بهاوێژن، بەتایبەتی ئەو کارانەی لە دژی ئافرەت و منداڵدا دەکرێن. گشت شێوەکانی تێکشکاندن و مامەڵەکردنی توندوتیژ و نامرۆڤانەی ئافرەت و منداڵ بەکاری ئیجرامی دەژمێردرێن، لەوانە: بەندکردن و ئازاردان و ئیعدامی دەسرێژی گوللەو گرتنی بە کۆمەڵ و سزادانی بەکۆمەڵ و خاپوورکردنی خانوو ماڵ و دەرکردن...هتد.

ئەم جاڕنامەیە لە سەرەتایەک و (٦) بڕگە پێکهاتووە.

**هـ- «جاڕنامەیەک سەبارەت بە..**

**نموونەکانی ئاشتی و ڕێزگرتنی یەکترو لێکحاڵیبوون لە نێوان گەلاندا».**

(بەگوێرەی بڕیاری کۆمەڵەی گشتی ٢٠٣٧ (د-٢٠) لە ٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٥دا، بەڕەسمی دەرچووە).

کۆمەڵەی گشتی، کە ڕەچاوی ئەوە دەکات کە هەر لاوانن توندترین ئازاریان پێگەیشت و زۆرترین قوربانیان لەشەڕ بەخشی کە ئینسانیەت بە ئاگرەکەی داخ بوو. لە قەناعەت هاتنیشیانەوە بەوەی ئاشتی و ئازادی و دادپەروەریی بایەخدارترین گرەنتییە لە هیواکانیان لە بەختەوەریدا وەدی دەهێنێ. لە قەناعەت هاتنیشیانەوە بەوەی پەروەردەکردنی لاوان بەگیانی ئاشتەوایی و ڕێزلێکنان و لێکحاڵیبوون لە نێوان گەلاندا، بەشداری کردنێکە لە چاککردنی پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکان و پاڵپشتیکردنی ئەمن و ئاسایش...هتد، ئەوانەو لەبەرزۆر ئەگەری تریش بە ڕەسمی ئەو جاڕنامەیە ڕادەگەیەنێ و داوا لە حکوومەت و ڕێکخراوە ناحکوومییەکان و بزووتنەوەکانی لاوان دەکات، دان بەو (٦) بنچینەو بناغەیەدا بنێن کە تێیدا هاتووە.

بنچینەی یەکەم لەو جاڕنامەیەدا بڕیاری داوە، کە لە پێناو پاڵپشتی کردنی یەکسانی هەموو مرۆڤان و هەموو نەتەوەکان لە مافەکانیانداو، لە پێناو پشتەوانی کردنی بەرەو پێشچوونی ئابووری و کۆمەڵایەتی و چەک و داماڵین و پاراستنی ئەمن و ئاسایشی نێودەوڵەتی، پێویستە لاوان لە سەرگیانی ئاشتەوایی و دادپەروەری و ئازادی و ڕێزلێکنان و لێک گەیشتن پەروەردە بکرێن. پێویستە لاوان بە گیانی کەرامەت و یەکسانیی لە نێوان هەموو مرۆڤاندا پەروەردە بکرێن بەبێ جیاوازی. هەروا دەبێ بەگیانی ڕێزگرتن لە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ و مافی گەلان لە چارەنووسی خۆیاندا، ڕابهێنرێن... تاد.

**و- «جارنامەی پەیوەست بەو بنەما کۆمەڵایەتی و یاساییانەی بەندیوار بە پاراستنی منداڵ و چاودێری کردنیان، لەگەڵ بایەخدانی تایبەتی بە ساوایەتی و بە منداڵ گرتن - التبنی - لەسەر هەردوو ئاستی نیشتمانی و نێودەوڵەتیدا».**

(کۆمەڵەی گشتی بە پێی بڕیاری ٤١/٨٥ لە ٣ی کانوونی ١٨٦دا پەسەند کردووە).

کۆمەڵەی گشتی، کە ئاماژە بە ئەحکامی جارنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ و هەردوو پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان و مافە باژێرڤانی و پۆلەتیکییەکان دەکات. هەروا کە ئاماژە بە ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی بنبڕکردنی هەموو شێوەکانی جیا ڕەگەزی و ڕێککەوتننامەی ڕیشەکێشکردنی هەموو شێوەکانی جیا ڕەگەزی لە دژی ئافرەت و جارنامەی مافەکانی منداڵ (١٩٥٩) دەکات.

کە هەست بە نیگەرانیش دەکات لەبەر زۆری ئەو منداڵانەی کە لە ئاکامی توندوتیژی و ئاڵۆزی و پشێوی ناوخۆ یان ناکۆکییە چەکدارییەکان یاخود، تەنگژە ئابوورییەکاندا، هەتیو دەکەون و...

کە هەستیشی بە پێویستی جارنامەیەکی ئاوا خڕ گرەوە کردووە، بڕیاری چەند بنەواو پرانسیپێکی لەمیان (٢٤) بەنداندا... لەو بنەوایانەش!

لەسەر هەر دەوڵەتێک پێویستە چاودێری، منداڵ و خێزان، لە

پێشتر بگرێ. چاودێری منداڵ لەسەر فەراهەمکردنی چاودێرییەکی لەباری خێزان دەوەستێ. بۆ مەبەستی چاودێری منداڵ، دایک و باوکی ئەسڵی خۆی لەهەمووان لەپێشترن، ئەگەر ئەوە مومکین نەبوو، پێویستە چاودێرێک لە خزم و نزیکەکانی دایک و باوکی بۆ دابندرێ یان خێزانێکی ئەلتەرناتیف، یا ئەگەر پێویستی کرد، چاودێری لەلایەن دامەزراوێکی شایستەوە بۆ دابندرێ. منداڵ لە هەموو وەختێک ناوو ڕەگەزنامەو نوێنەری قانوونی هەیە. دایەنگای منداڵ پێویستە بەهۆی یاساوە ڕێک بخرێ. ئەو منداڵەی کە دایک و باوکە ئەسڵییەکەی ناتوانن چاودێری بکەن...تاد.

## مافی کەمایەتییەکان

### بەرایی

پێکهاتەی دانیشتووان لە دەوڵەتانی هەر چوار ئیقلیمی دونیادا، میللەت و نەتەوەو ئایین و تایەفەو زمان و توخم و ڕەگەزی لێکجودان کە لە هەمووو ڕووەکانی سیاسی و سۆسیۆلۆژی و کولتووری و ڕۆحی و... هتد؛ ئادگارو خەسڵەتی جوێکاری تەرخان بە خۆیان هەیە. لە نێو ئەوانەداو لە چوارچێوەی تخوبی هەر دەوڵەتێکدا هەن «زۆرینە» پێکدەهێنن و حوکمڕان و باڵا دەستن و، ئەوەی تر «کەمایەتی»ن کە وەک بەناوەکەیانەوە دیارە کەمترو بچووکترن و لە بارێکی زاڵ نەبوودان، نەک وەک ئەو کەمینە سپی پێستە چوارپێنج ملیۆنییەی باشووری ئەفەریقیا کەلە ژێر سایەی سیستەمی بەدناوی ئەپارتهایددا حوکمی بەسەر نێزیکەی بیست و پێنج ملیۆن ئینسانی ڕەش پێستدا دەکرد، مەرجێکی کەمینایەتی ئەوەیە کە قەڵەمڕەو نەبن. پێکەوە ژیانی ئاشتییانە لە نێوان زۆرینەو کەمینەدا، سڕو نهێنی پێشکەوتن و پەرەسەندنی هەمەلایەنەی، هەر وڵات و کۆمەڵگایەکی بەو

ڕەنگە بووەو لە سێبەری ئەوەشدا، مافی مرۆڤ پارێزراو و ڕێزلێگیراو بووە، بەرچاوترین نموونەی زیندووش فیدراڵیەتی سویسرایە لە ئەورووپا (لە باسێکماندا کە لە شوێنێکی تری ئەم کتێبەدا هاتووە، ئاماژەمان بۆ ئەو مەسەلەیە کردووەو ناگەڕێینەوە سەری).

بە پێچەوانەوەش ئەگەر زۆرینە دانی بە کەمایەتیدا نەنابێت، ئەوا مەسەلەی بە ئاشتی ژیان و بەرەوپێشچوونی ئەو وڵاتە لە خانەی مەحاڵ دابووەو پشێوی و شەڕو شۆڕو ئاژاوەو نائارامی سیاسی و کۆمەڵایەتی و لە ئاکامیشدا برسێتی و قاتوقڕی لە بڕی ئەو پێشکەوتنەدابووە، بە ڕادەیەک کە لە زۆرکات و شوێندا، گەف و هەڕەشەو گیروگرفتی سیاسی بۆ وڵاتانی دەورووبەر دروست بووە، یا دروستیان کردووە. ئەو پرسە پەلکێشی خاڵێکی ترمان دەکات، ئەویش پاراستنی مافی کەمایەتییەکانە لە سایەو سێبەری ئەو داننەنان و شەڕو ئاژاوە نێو خۆییانەدا؟... ئایا هیچ ئیلتیزامێکی نێودەوڵەتی لە گۆڕێ بووە، کە لە پێناوی پاراستنی مافی کەمایەتییەکاندا، دیواری سەروەری و سەلاری وڵاتانی بڕیبێت و بە ڕاستەقانیی گەرەکی بووبێت کە مافی «داکۆکیکردن و لەسەرکردنەوە» بەخۆی بدات؟.. یا ئەوەتا پاراستنی مافی مرۆڤ تەنها پاساو و ئامرازێکی دەستی دەوڵەتانی تەماعکارو زەبر بەدەست بووە کە وەک بڕوبیانوو لە دژی دەوڵەتانی لاوازدا بەکاریان هێناوەو بەهۆیەوە، خۆیان لە ئیشوکاریان هەڵقورتاندوە؟ گۆڕانکارییەکانی پێشڤەچوونی پاراستنی مافی کەمینەکان، لەمەیان ئەو ئیلتزامە نێو نەتەوەییانەوە چی بوون؟

سەرەتاو لەسەدەی هەژدەیەمدا، مافی کەمایەتییەکان، وەسیلەیەکی دەستێوەردان بووەو، لە ڕادەی زەبرو دەسەڵاتکشانی دەوڵەتییەکەشیدا بەسەر ئەو دەوڵەتەی کە کەمینەکەی تێدابووە، (هێز)ی ئەو دەوڵەتەی یەکەم «دەستدرێژکار» سەنگی مەحەک بووەو خۆتێ هەڵقورتاندنەکە ئارمانج و ستراتیژێکی سیاسی لە دواوە بووە. ئەو کاتەی گوایە لە کەمایەتی دەپێچێتەوە، بەهۆی پتر، لە ڕوانگەی پاراستنی مافی (ئایینی)یەوە بووەو لە ژێر پەردەی ئەو (پاراستن)ەدا دەسدرێژی بێ ئاوڕووانە کراوەتە سەر دەوڵەتانی لاوازو، بڕێجار ئەگەر ئیلتیزامێکی نێودەوڵەتی لە ئارادا بووبێت، ئەوا ئەویش کراوەتە پەردەیەکی ئەستوورو دەستێوەردانەکەی پێدا پۆشراوە، وەک ئەو پرۆتێست و ناڕەزاییانەی کە ڕووسیا پێشکێشی دەوڵەتی عوسمانلی (پیاوە نەخۆشەکە)ی دەکردن، سەبارەت بە چەوساندنەوەی کەمینە مەسیحییەکان لەوەی دوایی، لەوەشدا دیارە بەندی حەوتەمی پەیمانانامەی کۆچک کینارچی ـ ١٧٧٤ ـ وەک پاساوی ئەو پرۆتیستانە، لەباربووە.

لەبەرانبەر ئەوەشدا هەوڵی ئەوە هەبووە کە مافی کەمینەکان بخرێتە چوارچێوەی پەیمانانامەو ڕێککەوتننامەی وستڤالیا(١٦٤٨) هەندێ بەندی پێبەند بە پاراستنی مافی کەمینە ئایینییەکانی گرتۆتەخۆی. دوای ئەوەش بەندی ١٢ لە پەیمانانامەی وازهێنان کە لە ١٨١٦/٣/١٦ لە نێوان سەردینیاو سویسرادا مۆرکراوە، باسی مافی کەمایەتییە کاسۆلیکەکان دەکات، پرۆتۆکۆڵی کۆنگرەی لەندەن (١٨٣٠) سەبارەت بە سەربەخۆیی یۆنان و تێکستێکی تەرخان بە

پاراستنی کەمایەتییەکانی تێدایەو پەیماننامەی پاریس (١٨٥٦/٣/٣٠) لە نێوان فەرەنساو تورکیادا، کە لە بەندی نۆیەمینیدا داوای جیاوازی نەکردن دەکات لە مابەین ڕەگەزی جیاوازدا. هەروا پەیماننامەی بەرلین (١٨٧٨) کە لە نێوان ئەڵمانیاو تورکیادا گرێدراو بەو پێیە (وەک مەرجێکی دان پێدانان) دەوڵەتە نوێیەکانی وەک بولگاریاو سرب و مۆنتیگرۆ و ڕۆمانیا ناچارکردووە، کە ڕێز لە مافی کەمینە ئایینییەکان بگرن، جگە لە ڕێککەوتنی جنێف کە لە ١٥ی مایسی ١٩٢٢ دا لە نێوان ئەڵمانیاو پۆڵۆنیادا بەسترا، سەبارەت بە مافی نەتەوەیی و هاووڵاتی بوون و پاراستنی کەمینەکانی سیلیزیای سەروو و پەیماننامەی فاراسۆفیا (١٩٢٢/٣/١٧) لە نێوان پۆڵۆنیاو ئەستۆنیاو فینلەندەو لیتوانیاو... هتد. ئەوانەو زۆری تریش... سەرباری پەیمانی «کۆمەڵەی گەلان»، کە ڕەچاوی پاراستنی کەمایەتییەکانی کردووەو کۆنگرەی ئاشتی پاریس (١٩١٩-١٩٢٠) کە سیستەمێکی وای هێنایە گۆڕێ، بەو پێیە ئەندامانی ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان مافی ئەوەیان هەیە کە سەرنجی ئەنجوومەن بۆ تەماشاکردنی هەر سەرپێچییەک یا هەوڵدانێک ڕابکێشن کە هەریەک لەو دەوڵەتانەی لایەن لەو ڕێککەوتننامانە بۆ نەکردن یا کەمو کەسرکردنی هەر ئیلتیزامێکی سەرشانی لەو بارەیەوە ئەنجامی دەدەن، بەڵام کە دیارە تەنها ئەندامانی ئەنجوومەن ئەو حەقەیان هەبووەو بەگوێرەی ئارەزووی خۆیان و هەڵسەنگاندنی سیاسیانەیان بووە لە هەڵبژاردنی ئەو «سکالانامەو شکایەت»انەی کە بۆیان هاتووە!!..

لە دوای بە کۆتاهاتنی جەنگی جیهانگیری دووهەم، وەک

بەرەنجامێکی کارەسات و نەهامەتییەکانی ئەو شەڕەو بەرگرتن لە دووبارە نەبوونەوەیان و وەک بە دیلێکی کۆمەڵەی گەلان کە نەیتوانی زۆر لە ئەرکە نەخشە بۆ کێشراوەکانی بەجێ بهێنێ، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان UN وەک گوزارشتکارێکی واقعی دوای شەڕ، سیستەمێکی بۆ ئەوکات گونجاو و بڕوانامەییێکی (دەستوورێکی نێودەوڵەتی، کە گەورەترین و فرەترین پەیماننامەی بە کۆمەڵی نێونەتەوەییە جێبەجێکردنی مولزەمە) دامەزراندو دەرکرد. ئەو بڕوانامەیە هەر لە دێباجەکەدا، بایەخێکی تری پڕ بەهای بە مافەکانی مرۆڤداوەو لە ڕوانگەی ئینسانیەتی ئینسان و بەرەنگێکی سەرتاپاگیرو گشت گرەوە ئەو مافانەی چەسپاندووەو زامن کردووە.

بڕوانامەکە باس لە مافەکانی مرۆڤ دەکات نەک مافی کەمایەتییەکان، ئەوەش ڕەنگە لەو تێڕوانینەوە سەری هەڵدابێت کە مرۆڤ ئیدی مرۆڤەو چ قەیدێکی نییە ئەگەر سەر بە گرووپێکی کەم بێ یان زۆر، چ جوداوازییەکی نییە ئەگەر لە هەر توخم و ڕەگەزێک، زبانێک، ئایین و ئۆل و عەقیدە و مەزەبێک بێت... یا ڕەنگبێ لە کاتەکانی گێنگشەو فۆڕمەڵەو دەرکردنی ئەو بڕوانامەیەدا، بیروباوەڕی ئەوە لە ئارادا بووبێت بەوەی کە ئەگەر (کەمینە) و مافەکانیان لەوانیتر جودا بکرێنەوەو بە تەرخان تەماشا بکرێن و لەسەریان بە وەلام بن، لەوانەیە گیروگرفتەکانیان ئاڵۆزترو پتر بچەوسێندرێنەوەو مافەکانیان زەوت بکرێ!..

بەلام ئەو بۆچوونانە ناکرێ بووترێ لە شوێنی خۆیاندان و

دەسـتـەواژەی مـەفـهـومی (گـشـتی) هـەرگـیـز شـوێـنی ئـەوە ناگرێتەوە، دەست لەسەر برینەکە دابندرێت. بەهەرحاڵ، وەک ئاماژەیەک. دیباجەی بروانامەکە هەر لە سەرەتادا جەخت دەکاتەوە کە گەلانی نەتەوە یەکگرتووەکان باوەڕی دێنن بە مافی بنەڕەتییەکانی مرۆڤ و بەوەی نەتەوەکان بە گەورەو (بچووکیانەوە) مافی هاوشانیان هەیە... لە بەندی (٣/ ١)یشداو لە چوارچێوەی مەبەست و ئارمانجەکانیدا، ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی، لە بەشێکیدا، بۆ پشتەوانیکردنی ڕێزگرتن لە مافەکانی هەر هەموو مرۆڤ و ئازادییە سەرەکییەکانی خەڵک و هاندانیدا دەگەڕێنێتەوە، بەبێ جیاوازی ڕەگەزو ئایین و زبان و...تاد. لەوەش گرنگتر ئەو ڕێکخراوە نێونەتەوەییە کاری ڕێزگرتن و ئیلزام بە مافەکانی مرۆڤی بە دەزگا سەرەکییەکانیشی سپاردووە، وەک کۆمەڵەی گشتی لە (بەندی ١٣/ب)و ئەنجوومەنی ئاسایش (بەندی ٢/ ٢٤) و ئـەنجـوومـەنی ئابـووری و کۆمـەلایـەتی (بـەنـدەکـانی ٥٥، ٥٦، ٦٠)، ئـەنجـوومـەنی ڕاسـپـاردن، (بـەنـدەکـانی ٧٦، ٨٧)، ئەوە بێجگە لە ئاژانس و نووسینگە سەرەکی و لابەلایەکانی نموونەیی «مەڵبەندی مافی مرۆڤ ـ نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان جنێف ـ سویسرا» کە ئێمە ئەو نامیلکەیەی بەردەستمانمان لێوەکردۆتە کوردی. جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤیش (١٩٤٨)، هەر بەشێوەیەکی گشتی لە بەندی (١/٢)یدا باسی پاراستنی مافەکانی مرۆڤی کردووە بە مافی کەمینەکانیشەوە، کە وای تێکستنووس کردووە: «هەموو مرۆڤێک بەبێ هیچ جیاوازییەک وەکو

جیاوازی بە هۆی ڕەگەز، ڕەنگ، جنس، زمان، ئایین، بیروڕای سیاسی یا هەر ڕایەکی دیکەو بنەچەو بنەمای نیشتمانی، کۆمەڵایەتی، دارایی و لەدایکبوون یان هەرشتێکی دیکە، شیاوی سوود وەرگرتنە لە تەواوی ئەو ماف و ئازادییانەی کە لەم بانگەوازەدا هاتوون».

ئەوە بێجگە لە چەندین پەیماننامەو ڕێککەوتننامەی تر کە ناویان لە خودی لێکۆڵینەوەی بە کوردی کراوی (مافی کەمایەتییەکان)دا هاتووەو بە پێویستمان نەزانی دووبارەیان بکەینەوە.

دوا دەستووری ئێراقیش کە دەستوورێکی کاتییەو بەپێی بڕیاری ژمارە ٧٩٢ لە ١٦/٧/١٩٧٠دا دەرچووە، لە بەندی (٥/ب)دا، لە تەنها ئاماژەیەکیدا بۆ کەمایەتییەکان دەڵێ: «گەلی ئێراقی لە دوو نەتەوەی سەرەکی پێکهاتووە، ئەوانیش نەتەوەی عەرەب و نەتەوەی کوردەو ئەو دەستوورە دان بە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردو مافە ڕەواکانی «تەواوی کەمایەتییەکان» دادەنێ لە چوارچێوەی یەکێتی ئێراقیدا)؛ بەگوێرەی ئەو بەندەو بەندەکانی بڕوانامەو جاڕنامەو پەیماننامە نێو دەوڵەتییەکانەوە بێت، کە ئێراقیش وەک دەوڵەتێکی لایەن، بە جێبەجێکردنیانەوە مولزەمە، دەسەڵاتی ئێراقی لە پێشێلکردنی پڕ توندوتیژی مافی کەمایەتییەکانەوە بەدەر چتێکی دیکەی ئەنجام نەداوە، ئەو دەسەڵاتە ئەگەر تا هەنگاوێش هیچ تەخسیرییەکی بە لەنێوبردن و تەرحیلکردنی کوردی بە قەولی خۆی «نەتەوەی سەرەکی» دانەکردبێ، کە بە

خوێن و خەبات فورسەتی ڕووبەڕووبوونەوەو داکۆکی لە خۆکردنی لە ڕووی چەندو چلۆناییەتییەوە پترو چاکتر بۆ خۆی ڕەخساندووە، دەبێ لەهەمبەر کەمینەکاندا چی ئەنجام دابێ و بە چ نیازێک بووبێت. ؟!

پرسارێکەو وەڵامەکەی لای هەمووانە، بەتایبەت براکەمایەتییەکانمان، کەچی دیدو بۆچوونی خودی کورد بەرامبەر «کەمایەتی» ڕێک پێچەوانەی ئەوەی دوژمن بووە.

دوای ڕاپەڕین و هاتنەکایەی دەسەڵاتی نیشتمانی لە کوردستاندا، بایەخێکی نیازپاکانەو شایستەو جێگای باس بە کەمایەتییەکان دراو، وەک مافێکی ئاسایی خۆیان، کورسییان لە پەرلەماندا بۆ تەرخانکراو لە کابینەی حکوومەتیشدا هەمان شت، هەروەک پێ بەپێ لەگەڵ کوردا مومارەسەی ژیانی سیاسی و حزبایەتی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتووری و زبان و ئایینی و مەزەبیی خۆیان بە فرەو مشەیی کردووەو بەردەوامیشن، بێ ئەوەی ڕێگرو پێگرێکیان هەبووبێت، یان هەبێت.. بەڵام ڕەهاکردنی هەندێ لایەنی دیموکراسی و ئیفرازاتی شەڕی ناوخۆ وایان کرد کە هەندێ دەنگی نەشاز (لەوانەی کە دەنگ و ڕەنگ و نوێنەری ڕاستەقینەی گرووپ و میللەتی خۆیان نین و ڕاسپێردراون) لە کەلێنەکاندا بێنە ژوورەوەو (بە پێچەوانەی دەستووری دژ من کە وەک نەتەوەیەکی سەرەکی کوردی ناسیوە)، ئەوان دان بە کورددا نەنێن و نەیانەوێ بزانن کە (هەرێمی کوردستان) ناوی چییەو لە کوێیە؟! لە حاڵێکدا کە خۆیان ڕۆژنامەو تەلەفزیۆن و

ڕادیۆیان تێدا وەکارخستووە منداڵەکانیان تێدا فێری کەلتوورو زبانی زگماکی خۆیان دەکەن و مومارەسەی ژیانی سیاسی تێدا ئەنجامدەدەن، بە شێوەیەک لە هەندێ هەڵوێستیاندا دژ بە نەهج و پرۆگرامی «حکوومەتی کوردستان»ی موڵکی هەموو لایەک بوونە. کورد «بەراوردێکی ڕێژەیی» بیرو بۆچوونی دیموکراسییانەو برایانەو ئینسانانەیەو حەقیقەت و واقعی مێژوو جوگرافیاش بەکەس ون ناکرێ، بۆیە ئەو دەنگە نەشازو پڕ زاق و زیقانە واچاکترە حەساسیەت و دەمارگیری بەلاوەنێن و بگەڕێنەوە سەر ڕاستە شەقامی برایەتی. کەمایەتییەکان وەک گروپ گەلی تەرخان و جیاواز، زۆر هەڵدەگرن کە لەسەریان بنووسێ و بکۆڵدرێتەوەو مافی ڕەوایان بپارێزرێ و پەرەی پێ بدرێ، هەر لەو ڕوانگەیەوە دەمێک بوو ئارەزووی ئەوەم دەکرد لەسەر ئەو لایەنە دژی زیندووەی کۆمەڵگەی بەشەرییەت مشتێک بنووسم، بەڵام ئەو زنجیرە ناميلکەیەی (لاپەڕەی ڕووداوەکان) کە لە مەڵبەندی مافی مرۆڤ ـ جنێفدا دەرچووە، ئەو ئەرکەی لە کۆڵ کردمەوەو لە بریتیدا ئەرکی بە کوردی کردنەکەم بەجێهێنا.

ئەو چەند لاپەڕەیە، زۆر ڕاستیی دەردەخا و ئادگارو خەسڵەتی کەمینەکان ڕوون و ڕۆشن دەکاتەوە، ئەویش لە میان چەند نیشانەیەکی وەک (ژمارەیان، زاڵ نەبوونیان، جیاوازییان لە شناسنامەی ڕەگەزایەتی نەتەوایەتی و کەلچەری یاخود ئایینیاندا هەڵوێستی تاکە کەسییان، کەمایەتی و گەلانی بناوان و ڕەسەن و ...هتد). بێجگە لە چەند پاشبەندێکی جێگای باس کە یەکەمیان ئیجرائات و ڕێوڕەسمی تایبەت بە

سکاڵانامەیە، لەوانە «ئیجرائی ۱۵۰۳» کە ژمارەی بڕیاری ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی بەخۆوە هەڵگرتووەو «پرۆتۆکۆڵی ئیختیاری» و «نەهێڵانی جیاخوازی ڕەگەزایەتی» لە ڕێگای هەوڵدانی هەریەک لەو تاکە کەس و گرووپانەی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە مافەکانی لە بواری جیاوازی ڕەگەزایەتیدا پێشێلکراون، بۆی هەیە سکاڵای خۆی بەرێتەبەر لیژنەی بنبڕکردنی جیاکاریی ڕەگەزایەتی سەر بە UNو... تاد.

پاشبەندێکی تر، کە ناوی چەندین نووسەرو توێژەرەوە و نێوی لێکۆڵینەوەکانی تێدا تۆمارکراوە، کە خوێنەر بۆی هەیە بۆ پتر زانیاری، بەگوێرەی ئەو ناونیشانانەی بە ئینگلیزی نووسراون ئەو سەرچاوانە بدۆزنەوەو وەدەستیان هێنا کەڵک و سوودیان لێ ببینێ. دوا پاشبەندیش کە لە هەموویان گرنگترە، جاڕنامەیەکی تایبەت و تەرخانە بە مافی کەسانی سەر بە کەمایەتییە نەتەوەیی یا ڕەگەزایەتییەکان و سەر بە کەمینە ئایینی و زبانییەکان. واتە جاڕنامەیەکی تایبەت بە مافی کەمایەتییەکان. مایەوە سەر ئەوەی کورتە پێناسینێکی «مەڵبەندی مافی مرۆڤ، جنێف» بخەینە ڕوو کە وەک یەکەیەکی سکرتاریەتی نەتەوە یەکگرتووەکان وایەو لە پرسەکانی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ دەتۆژێتەوەو بریکاری سکرتێری گشتی UN بۆ کاروباری مافی مرۆڤ، سەرۆکایەتی ئەو مەڵبەندە دەکاو لە (۷) بەش پێکهاتووە، کە نووسینگەی بریکاری سکرتێری گشتی یەکێکیانە.

«مەڵبەندی مافی مرۆڤ» لە پێناوی پاراستن و پاڵپشتیکردن

و پراکتیککردنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکانی، کە لە بڕوانامەی UN جاڕنامەی جیهانی و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان و بڕیارەکانی کۆمەڵەی گشتیدا، تێکست نووس کراون، یاریدەو هاریکاری کۆمەڵەی گشتی و کۆمەڵەی مافی مرۆڤ و ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ستافەکانی تر دەکات. و لەو ڕوانگەیەوەو لەسەر داوای هەیئەت و ستاڤی نێونەتەوەییەکان لێکۆڵینەوە لەسەر مافی مرۆڤ ئەنجامدەداو ڕاپۆرت لەسەر پیادەکردنی ئەو مافانە ئامادە دەکاو وەدوویان ڕادەچێ، دیارە کە ئەو توێژینەوەی بەردەستیشتان هەر لەو گۆشەنیگایەوە بووەو بەهۆیەوە، ئەو مەڵبەندە خزمەتێکی چاکی لە ڕووی هۆشیاری یاسایی و ڕۆشنبیرییەوە پێشکەش کردووە.

گەلی کوردستان بەگشتی و (کورد) بەتایبەتی لەو بەلاڤۆکە بە سوودانەی مەڵبەندی مافی مرۆڤ بێ بەشە، سەرەڕای هەبوونی دەیان ڕێکخراوی سەربە نەتەوەیەکگرتووەکان و دەوڵەتان لە کوردستاندا.. ئێ ئاخر **UN** خۆ (دول المتحدە) ناگەیەنێ تا وەک ئێمە نەگرێتەوە، بەڵکو (أمم المتحدە)یەو ئێمەش (أمە) یەکێن لەو (أمم)ەدا!! بەو ئومێدەی سوودێکمان گەیاندبێت.

**«هەموو گرووپ و تاقە کەسان مافی جوداوازییان دەگەڵ غەیرەدا هەیە، لەوەیش کە خۆیان و غەیرەش ئەوان بە جوداواز بژمێرن»**

جاڕنامەی سەبارەت بە ڕەگەزپەرستی و جیاخوازیی ڕەگەزایەتی (یۆنسکۆ ١٩٧٨).

ئایا لە جیهاندا وڵاتێک هەیە تەڤ دانیشتووانی بەهەمان زبان بئاخڤن و، سەربە هەمان ڕەگەزبن و لە هەمان کەلتوورو نەریت و ئۆل و عەقیدەوە پشکداربن؟ نەخێر، بەرسڤی ئەو پرسیارەیە.

حاڵەتی باو لە دنیای نوێماندا ئەوەیە کە بونیادی دەوڵەتان، میللەتانی ئاڵوواڵان. لە زۆربەی وڵاتاندا، چەند زۆرینەیەک هەن کە لە مێژوویەک و ئێک باکگراوندی کولتووریدا بەشدارن چەند گرووپێکی چووکەتریش هەن، کە کەمایەتییەکانن، هەر یەکەیان چەند ئادگارێکی تایبەت بە خۆی هەیە.

لەچار چۆڤەی توخیبی هەریەک لە وڵاتانیشدا، پێکەوەژیانی ئاشتییانە لە نێوان چەشنەها کۆمەڵی نەتەوەیی یان ڕەگەزایەتی یاخود زوبانەوانی یان ئایینیدا، بەدەسکەوت دەژمێردرێ، چونکە یەکێکە لە چاوگەکانی دەوڵەمەندبوونی سۆسیۆلۆژی و ڕەوشەن هزری.

ئەوەیش خەون نییە، زۆر دەوڵەتان لە گونجاندن لە نێوان بەها مەزنەکان ئێکسانی، جوداوازی نەکردن و، ئاسایشی نەتەوەیی و، سەلامەتی خاک و سەربەخۆیی سیاسی ـ لەوەی بەندیوارە بە شناسنامەی جۆرەها گرووپ و کۆمەڵ لە هاووڵاتیانی و پاراستنیاندا، سەرکەوتن.

وەلێ، پێکڤە ژیان لە نێوان گرووپە جیاوازەکاندا هەر گاڤ بە ئاشتی نابێت و، ڕەنگە چەندین ناکۆکی ڕەگەزایەتی، کە بە وێرانکاری و توندوتیژی وەسف دەکرێن، سەر هەڵبدەن و ببنە هۆی چەند دژە تەگبیرێکی تێکشکێنی و هەڕەشە لە یەکێتی

ئەو دەوڵەتانە بکەن، کە تێیدان و، لەوانەیە وڵاتە هاوسێکانیشی تێوە بگلێن.

لەهەر کوێیەکیش کەمینەکان لە مافەکانیان بێبەشکران، مافەکانی مرۆڤ کە لە ڕووی جیهانییەوە بەڕەسمی ناسراون، پێشێل دەکرێن.

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتییەوە، چەند پێوەرێک بۆ مافەکانی مرۆڤ دانران کە هەموو بوونەوەرێکی بەشەری دەگرێتەوە، لەوەدا کەسانی کەمایەتییەکان و غەیرە وان ئێکسانن؛ سەربارى ئەوە نەتەوە هەڤگرتووەکان لەگەلەک هەڵکەفتنیاندا، لە بزاڤە ئارمانج گرەکانیدا بۆ پاڵپشتیکردنی مافەکانی مرۆڤ و پاراستنیان، هەڵوەستەی لە چەند حاڵەتێکی دەستنیشان کراودا کردووە، کە تایبەتە بە مافەکانی کەمینەکان.

لەگەڵ ئەوەیشدا، دانانی چەند پێوەرو پێوانەیەک کە ببنە هۆی ئەفراندنی چەند مافێکی زیادەکی و چەند حازرایی کردنێکی تایبەتی، سەبارت بەو کەسانەی کە سەر بە کەمایەتییەکانن و بۆ کۆمارییەکانیان وەک کۆمەڵ و گرووپان، هەر چەندە پتر لە چل ساڵە یەکێکە لە مەبەستە ئاشکراکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ـ بەشێنەیی بەرەوپێش چوو.

لەو ساڵانەی دوایشدا، بە وێنەیەکی بەرچاو بایەخدان بەتەنگ و چەڵەمەکانی کەمینەکان زێدەتربوو، بەروبوومی ئەو گرنگی دانەیش لەزکردن بوو لەکارکردنی نێو نەتەوەیی بە ئامانجی دیاریکردنی مافەکانی کەمایەتییەکان و چەسپاندنیان و پارێزگاری کردنیان.

لەچوارچێوەی نەتەوە هەڤگرتووەکان و بە پلەی یەکەم ـ لەوەی پابەندە بە مافی کەمینەکان، «لاپەڕەی ڕووداوەکانیش» ئەو شولانە پوخت دەکاتەوە.

کە بە فیعلی هاتوونەتە بەرهەم یا لە قۆناغی جێبەجێ بووندان، چێ دبت لە ژێر دوو ناونیشانی گشتیی دیکە بتوێژرێنەوە ئەوانیش جیاوازی نەکردن و مافە تایبەتییەکان و چەند تەگبیرێکی تایبەتین.

## قەدەغەکردنی جیاکاریی

جیاکاریی کە شێوەی مامەڵەکردنی زوڵمکارانەی چ لەسەر ئاستی سیاسی یان سۆسیۆلۆژی یاخود کولتووری یا ئابوورییەوە، دەرهەق بە کەمایەتییەکان وەرگرتووە؛ هێژ بڵاوەو چاوگەیەکی سەرەکییە لەسەرچاوەکانی بارگرژی لە زۆرلای جیهاندا. سەرەڕای مەحکوومکردنی چەند جارەی لەو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییانەی، کە گشت ئەندامانی نەتەوە یەکگرتووەکان واژۆیان کردووە.

بڕوانامەی نەتەوە یەکگرتووەکان و جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤە، کە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٤٨دا پەسەندی کردووە، لەسەر جیاکاریی نەکردن و هەمبەریی لە سەوداگەریدا دەقنووسی کردووە بەوەی کە دوو ڕێسای بنەماکانی یاسای نێونەتەوەیی مافەکانی مرۆڤن.

دوو پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە ئابووریی و سۆسیۆلۆژی و کولتوورییەکان و مافە باژێرڤانیی و سیاسییەکانیش هەن، کە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٦٦دا پەسەندی کردوون و هەر دوویان زۆر بە درێژی باسی ئەو مەسەلانە دەکەن.

هەروەسا جیاکاری نەکردن لە ژمارەیەک ڕێککەوتننامەو جاڕنامەی نێودەوڵەتی تایبەتمەندەوە هاتووە، لەوانە:

ـ ڕێککەوتننامەی نێونەتەوەیی بۆ بنبڕکردنی هەموو شێوەکانی جیاخوازیی ڕەگەزایەتی (نەتەوە ئێکگرتووەکان، ١٩٦٥)؛

ـ ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی هەموو شێوەکانی جیاکاری دژی ئافرەت ( نەتەوە یەکگرتووەکان، ١٩٧٩)؛

ـ جاڕنامەیەک سەبارەت بە بنبڕکردنی هەموو شێوەکانی دەمارگیری و جیاکارییێکی کە لەسەر ئایین یا بیروباوەڕەوە هەڵنراون ( نەتەوە یەکگرتووەکان، ١٩٨٩)؛

ـ ڕێککەوتننامەی مافەکانی منداڵ (نەتەوە ئێکگرتووەکان، ١٩٨٩)؛

ـ ڕێککەوتننامەی جیاخوازیی لە بواری بەکارهێنان و پیشەدا.

ـ ڕێککەوتننامەی ڕێکخراوی کارکردنی نێودەوڵەتی ژمارە ١١١،٩٥٨، ڕێککەوتننامەی تایبەت بە نەهێشتنی جیاخوازی لە بواری فێرکردندا (یونسکۆ، ١٩٦٠)؛

ـ جاڕنامەیەک سەبارەت بە ڕەگەزایەتی و جیاکاری ڕەگەزایەتی (یونسکۆ ١٩٧٨).

هەروەک دەقە ئیقلیمییەکان بۆ مافی مرۆڤ بەگشتی لەسەر جیاوازیی نەکردن دەقنووسییان کردووە، لەو دەقانەیش ڕێککەوتننامەی ئەورووپی و، بڕوانامەی سۆسیۆلۆژی ئەورووپایی و، جاڕنامەی (دەمارگیری ـ هەڕەشە لە دیموکراسی دەکات) (کە هەمووشیان تێکستن و ئەنجوومەنی ئەورووپا پەسەندیان کردووە)، ڕێککەوتننامەی ئەمەریکایی مافەکانی مرۆڤ و گەلان ( ڕێکخراوی یەکێتی ئەفەریقیا ).

ئەو ڕێککەوتننامە و جاڕنامە نێودەوڵەتیانەش ئەو بنەمایانە دەگرنەوە کە بە پاڵپشت پێیانەوە، ڕێگا بە جیاکاریی نادرێت و، زۆربەی بارو حاڵەتەکانی باس دەکەن، ئەگەر هەموویشیان نەبێت، کە تێیاندا کەمایەتییەکان و تاقە کەسانێ، لە ئێکسانی لە مامەڵەکردندا بێبەش دەکەن.

گرنگترینی ئەو گەرەنتیانەیش کە تاقە کەسانی کەمینەکان مافی خۆیانە هەیانبێت دانانە بە کەسایەتی یاسایی و یەکسانی لەبەرامبەر دادگاو هاوشانی لەهەمبەر یاسادان و وەک یەکێ لە مافی یاسا پارێزییەوە بەو ڕەنگەی کە لە جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە باژێرڤانی و پۆلیتیکییەکانەوە، دەستنیشان کراون.

بەوشێوەیە، پرانسیپی یەکسانی لە مامەڵەکردنی کەسانی کەمایەتییەکان، دانانێکی بەرفراوانی وەدەستهێنا،

ئەگەرچیش واقیع پێشبینی ئەوەدەکات کە جیاوازییەکی زۆر لە بەینی ئەودانـنـانـەو لـە نێـوان ئـەوەی پێـویـسـتـە دا هـەیـە، بەچاوپۆشین لـەوبـارە زیـادەڕەویـانـەی کە جیـاخـوازیی تێـیـانـدا دەبێتە مەسەلەیەکی سیاسی نیشتمانی و مومارەسەکردنێکی کۆمـەڵایـەتی. بـەڵام ئـەو بـوارەی کـە برێـکی زۆر ژێـرتـر لـە ڕێککەوتننامە دەنوێنێ مافە تایبەتییەکان و مامەڵەی لە پێشتر گەرییانەی کەمینەکانە کە پێویستە لەگەڵ زۆرینەی دانیشتواندا پێ بە پێ بەیەکسانی دابندرێن.

## مافە تایبەتییەکان و چەند تەگبیرێکی تایبەت بۆ کەمایەتییەکان

بیروڕای باو لە کاتی دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکان لە دوا دواکانی شەڕی جیهانی دووەمدا ئەوەبوو کە ئەگەر پاراستنی لەبار بۆ مافەکانی مرۆڤ بۆ هەرتاقە کەسێک فەراهەم بکرێت پێویست بە ئـەحکامی تـایبـەت نـاکـات سەبـارەت بـە مـافی کەمینەکان.

لە بڕوانامەی نەتەوە یەکگرتووەکانیشدا ناوی کەمایەتییەکان نەهاتووەو، پڕۆژەی پەیماننامەی پاراستنی کەمایەتییەکان کە هەنگاریا پێشکێشی کۆنگرەی ئاشتی کردبوو کە لە لەندەن ساڵی ١٩٤٦دا گرێدرا، ڕەتکرایەوە.

ئەو پێشنیارانەیش کە خوازیاری تێنووسکردنی حوکمێک بوون لـە جـاڕنـامـەی جـیـهـانـیی مـافی مـرۆڤـدا سـەبـارەت بـە کەمایەتییەکان سەری نەگرت.

لەسەر ئەوەش مەسەلەی مافی کەمایەتییەکان بەلاوەنەنرا. نەتەوە یەکگرتووەکان لیژنەیەکی لابەلای بۆ قەدەغەکردنی جیاوازیی و پاراستنی کەمایەتییەکان کە هەیئەتێکە چەند خەبیرو شارەزایەکی سەربەخۆی ـ لە ساڵی ١٩٤٧دا دامەزراند، بەو سیفەتەی لقە دەزگایەکی سەر بە کۆمیتەی مافی مرۆڤە.

لە بڕیارێکیشدا کە لە کۆمەڵەی گشتی لەساڵی ١٩٤٨دا دەرچووە، هاتووە کە چێ نابت نەتەوە هەڤگرتووەکان لەهەمبەر چارەنووسی کەمایەتییەکان، هەڵوەستەییێکی کەمتەرخەمانە بکات. لێ ئەو بڕیارە زەحمەتی پەسەندکردنی چارەیەکی کۆنکرێتی « بۆ مەسەلەیەکی وردو ئاڵۆز بەرجەستە کرد، کە لە هەر وڵاتێکی لێی دەوروژێت چەند ئادگارێکی تایبەتی هەیە» . پێش ئەوەیش کارە ئەنجامدراوەکان و ئەو کارانەی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی سەبارەت بە پاراستنی کەمایەتییەکان، لە قۆناغی تەواوبوونیدا، بخەینەڕوو، بەرجەستەکردنی ئەو خاڵەی دادێ پێویستە ئەویش ئەوەیە کە مافە تایبەتییەکان چاکەکاریی نین، بەڵکو شێوەیەکە لە تەگبیرە پۆزەتیڤەکان، کە دەرفەت بە کەمینەکان دەدەن داب و نەریت و تایبەتمەندییەکانیان بپارێزن، ئەوەیش مینای جیاخوازیی نەکردن، هەمان بایەخی لەوەدیهێنانی ئێکسانی لە مامەڵەکردندا هەیە.

ئەوەیش کە لە توانستی کەمایەتییەکاندا نەبێت کە زوبانەکانیان بەکاربهێنن و، کاروباری قوتابخانەکانیان بەڕێوەببەن، سوود و ماف لەو خزمەتگوزارییانەی تر ببینن کە

خۆیان ڕێکیان خستووە، سەرباری پشکداری بوونیان لە ژیانی سیاسی و ئابووری دەوڵەتان، دەلیڤەی گەیشتن بە ئاستی زامنکراوی زۆرینەکانی نابێت.

## تێکستە نێودەوڵەتییەکان

تابە ئەمڕۆ ڕادەگا، تاقە تێکستێکی نێودەوڵەتی نییە کە مافەکانی کەمینەکان بەشێوەیەکی سەرتاپێگر بگرێتەوە، بەڵام بڕێک ڕێککەوتننامەی بایەخدار هەن کە دەلیڤەی گوزارشتکردن لە خاسیەتە کولتووری و ئایینی و زوبانییەکان و پاراستنیان، بۆ کەسانی سەر بە کەمینەکان دەڕەخسێنی.

لە گرنگترینی ئەو تێکستانەیش لەو بوارەدا پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە باژێرڤانی و پۆلیتیکییەکانە، کە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە هەڤگرتووەکان لە ساڵی ١٩٦٦دا پەسەندی کردووەو بەندی ٢٧ لە پەیمانەکە لەسەر ئەوەی دادێ دەقنووس کراوە:

«لەو دەوڵەتانەی کە کەمینەی ڕەگەزایەتی یا ئایینی یاخود زوبانەوانییان تێدایە نابێت کەسانی سەر بە کەمایەتییە ناوبراوەکان لە مافی هەبوونی کولتووری تایبەتی خۆیان یان ئاشکراکردنی ئایینەکەیان و فەرزبەجێ هێنانەکانیان یاخود بەکارهێنانی زمانیان؛ بەبەشداریکردن لەگەڵ ئەندامانی دیکە لە گرووپەکانیان، بێبەش بکرێن».

کۆمیتەی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤیش، کە ستافێکە لە چەند

خەبیرو شارەزایەکی سەربەخۆ پێکهاتووە، کە چاودێری پێگیربوون بە پەیمانەکەوە دەکات، چەند بیرورایەکی سەبارەت بە کۆمەڵێک گەیاندن (بلاغ) پێشکێش کرد کە کەسانێک حەواڵەی کردبوون لە پێشێلکردنی بەندی ۲۷دا شکایەتیان هەیە.

لە ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی تریش، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە مەسەلەکانی مافی کەمینەکانەوە هەس ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی تاوانی ڕەشەکوژی و سزادان لەسەر ئەنجامدانی (نەتەوە یەکگرتووەکان، ۹٤۸)و، ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی هەموو شێوەکانی جیاخوازیی ڕەگەزایەتی (نەتەوەیەکگرتووەکان ۱۹٦٥)و، ڕێککەوتننامەی مافەکانی منداڵ (نەتەوەیەکگرتووەکان ۹۸۹) و ڕێککەوتننامەی تایبەت بە قەڵاچۆکردنی جیاخوازی لە بواری فێرکردندا (یونسکۆ ۹٦۰).

دەوڵەتانیش ئەوانەی کە بڕوایی بە هەر یەکێک لەو ڕێککەوتننامانە دەدەن یا دەچنە ڕیزییەوە، پەیمان دەدەن بە دەسکاریکردنی یاسا نیشتمانییەکانیان و مومارەسە کارگێڕی و یاساییەکان بەو شێوەیەی لەگەڵ ئەحکامی ئەو ڕێککەوتننامانە ڕێک و کۆک بن.

جاڕنامەی بنەماکانی ئالیکاری کولتووری نێودەوڵەتی (یونسکۆ ۹٦٦) ئەویش هەر پەیوەندی بە مافی کەمایەتییەکانەوە هەس بەوەی دەقنووسی کردووە، کە هەر کولتوورێک بە هاو شکۆمەندایەتی هەیەو پێویستە ڕێزیان لێ

بگیرێ و پارێزگاریـیان بکرێت و مافی هەر گەلێکیشە و ئـەرکـیـشـە بۆی کـە کـولـتـوورەکـەی گـەشـە پێـبـدات و خۆ کولتوورەکان بەشێکی ئەو کەلەپووره پکێدەهێنن کە هەموو بەشەر لە خاوەندارێتییەکەیدا پشکدارن.

## ڕاپۆرت و توێژینەوەکان

پاراستنی کەمایەتییەکان نێوەرۆکی چەندین توێژینەوە بوو کە نەتەوە هەڤگرتووەکان هەر لەشەستەکانەوە چەند لایەنێکی بۆ ئەنجامدانیان تەکلیف کرد.

هەوەڵینی ئەو توێژینەوانەی ڕێزدار فرانشیسکۆ کابۆتورتی، ئامادەی کردبوو، کە ئەندامە لە لیژنەی لابەلا بۆ قەدەغەکردنی جیاخوازی و پاراستنی کەمینەکان.

بەڕێز کابۆتورتی لە ڕاپۆرتی دیاهی ساڵی ١٩٧٧دا ڕایسپارد کە هەتا دەکرێ کەڵک لەو ڕێوڕەسمانە (أجراءات) وەربگیرێ کـە پـەیمـانی نێـودەوڵـەتی تـایـبـەت بـە مـافـە بـاژێرڤـانی و پۆلەتیکیەکان ڕەخساندوونی بۆ جێبەجێکردنی ئەو حوکمەی کە تێیدا هاتووەو پەیوەستە بە کەمایەتییەکانەوە (بەندی ٢٧) هـەر وەک لـەسـەر ئـاستی نیـشـتـمـانـیـدا ڕای سـپـارد کە هۆو ئامرازەکانی زامن بە چارەسەرکردنی پێشێلکارییەکانی مافی کەسانی کەمایەتییەکان کە ناواخنی ئەو بەندە کراون، فەراهەم بـن، هـەروەسـا فۆڕمـەڵـەکـردنی جاڕنـامـەیـەکی نێـودەوڵـەتی سەبارەت بە مافی کەسانی سەر بە کەمایەتییەکان پێشنیاز کرد.

له ساڵی ١٩٨٩یشدا ئەندامێکی دیکە لە لیژنەی لابەلا، کە ڕێزدار ئیسپێورک ئەیدییە، گەلاڵەکردنی ڕاپۆرتێکی دەربارەی ئەزموونە نیشتمانییەکان پەیوەند بە ڕێگەچارەی ئاشتیانەو بنیادنەرەکانی گرفتەهای کەمایەتییەکانی پێ سپێردرا و ڕاپۆرتێکی قۆناغ ئامێزی دەرهەق مەسەلەکە لە ١٩٩٠دا پێشکێش کردو ڕاپۆرتێکی سەرەتاییش لە ساڵی ١٩٩١دا.

هەروەک خاتوو کلێر بالی، کە ئەویش ئەندامە لە لیژنەی لابەلا، بەرنامەیەکی کاری لە ساڵی ١٩٨٩دا دەربارەی ڕێگاو ئامرازە شیاوەکان پێشکێشکرد، بۆ ساناکردنی چارەکردنێکی ئاشتییانەو بونیادنەرانەی بارەکانی پەیوەست بە کەمینە ڕەگەزایەتی و نیشتمانیی و ئایینی و زوبانییەکان.

### جاڕنامەیەک لە سەروبەری ئامادەکرندا

کۆمیتەی مافی مرۆڤ پشتەوانی بیرۆکەی ئامادەکردنی دەقێکی نێودەوڵەتی کرد، دەربارەی مافی کەسانی سەر بەکەمینە نەتەوەیی و ڕەگەزایەتی و ئایینی و زووبانییەکان، تیمێکی کارگێڕی (فریق عامل) نارەسمی، بە ئەندامبوون لەبەر گشت ئەندامەکانیدا والا، دامەزراند، بۆ تەماشاکردنی پرۆژەیەک کە یۆگسلاڤیا پێشکێشی کردبوو، لە ساڵی ١٩٨٥دا ڕێزدار جۆل دێشین، کە ئەندامە لە لیژنەی لابەلا بۆ قەدەغەکردنی جیاکاری و پاراستنی کەمایەتییەکان چەند پرانسیپێکی ئاڕاستەکاری پێشکێش کرد، کە لە داڕژتنی جاڕنامەکە، لەوەی پەیوەندە بە پێناسینی زاراوەی «کەمایەتی»دا پەنایان دەبرێتە بەر.

لە ساڵی ١٩٩١ تیمی کارگێڕ، کە لیژنەکە هەموو ساڵێک دایان دەمەزرێنێتەوە، خوێندنەوەی دووەمی پرۆژەی جاڕنامەکەیان کردەوە، سەبارەت بە مافی کەسانی سەر بەکەمینە نەتەوەیی یا ڕەگەزایەتییەکان و بۆ کەمینە ئایینی و زووبانییەکان.

لە نێوان ئەو مافانەیشدا کە پێدڤیی پشتەوانیکردن و پاراستنیان دەکات، تیمی کارگێڕ مافی کەمایەتییەکانی لە هەبوونی کولتووری تایبەتی خۆیانداو ئاشکراکردنی ئایینەکەیان و مومارەسەکردنی و بەکارهێنانی زبانی تایبەتییان و پەیوەندی پەیداکردن و هێشتنەوەی لەگەڵ تەواوی ئەندامانی گرووپی کەمینەکەو هەروەسا مافی جێهێشتنی هەر وڵاتێک، لەوانە وڵاتەکەی خۆیان بۆ زڤڕینەوەیشی، لە پرۆژەی جاڕنامەکەدا ئاخنی.

پرۆژەی جاڕنامەکە داوا لە دەوڵەتان دەکات کە چەند تەگبیرێکی پۆزەتیڤانە بکەن بۆ پاڵپشتکردن و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بناغەییەکانی کەسانی سەربەکەمینەکان، نەخوازەڵا لە بوارەکانی فێرکردن و پەروەردەو کەلچەری و ڕاگەیاندندا..

هەروەسا گەرەکیشە لە دەوڵەتان کە بوونی کەمینەکان و ناسنامەی نەتەوەیی یا ڕەگەزایەتی و کولتووری و ئایینی و زوبانەوانیان بپارێزێت.

تیمە کارگێڕەکە، جەختیشی کردەوە کە جاڕنامەکە کار لە ئیلتیزامە نێو نەتەوەییەکانی دەوڵەتان ئەوەی پەیوەیست بەو

کەسانەی کە سەربەکەمینەکانن، ناکات، هەبوونی مافی مرۆڤ و ئازادییەکانیش بۆ هەموو کەسان، کەلە ڕووی جیهانییەوە دانیان پێنراوە، لاسەنگ ناکات و ڕووخسەت بەو چالاکی و بزاڤانە نادات کە لەگەڵ سەروەریی دەوڵەتان و سەلامەتی ئیقلیمییان و سەربەخۆیی سیاسییان دژو ناکۆکن، یاخود دەگەڵ ئارمانج و پرانسیپەکانی نەتەوە هەڤگرتووەکاندا ناکۆک بن.

پرۆژەی جاڕنامەکە، ناواخنی ئەوەیشی کردووە کە کەسانی سەربە کەمایەتییەکان دەبێ ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ و سەربەستییە بنەڕەتییەکانی غەیرە بگرن، پێویستیشە مافی بەشداریکردنیان لە کاروباری دەوڵەتان بۆ برەخسێنرێ، لەوەرگرتنی بڕیارەکانی پەیوەست بەو ئیقلیمیانەش کە تێیدا نیشتەجێن.

## لێکۆڵینەوەو خزمەتە ڕاوێژکارییەکان

خەبیرو شارەزایە سەربەخۆیەکان، ئەوانەی کە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ توێژینەوە لە باری مافی مرۆڤ لە خودی وڵاتانێکداو لە چەند مەسەلەیەکی دەستنیشانکراوی وەک دەمارگیری ئایینی و بۆ پێشکێشکردنی ڕاپۆرت دەربارەیان، دایان دەمەزرێنن، ڕووبەڕووی هەندێ حاڵەت دەبنەوە کە قەومانی پێشێلکارییەکانی مافی کەمایەتییەکانیان بۆ ئاشکرا دەکەن. ئەو دەرەنجام و ڕاسپاردانەیش کە ئەو بڕیاردەرە تایبەتییانە هەڵی دەهێنجن بڵاودەکرێنەوەو گفتوگۆیان لەسەر دەکرێ و مەسەلەکە بۆ ڕای گشتی نێو دەوڵەتی دەخرێتەڕوو یا وەک دەلیلێک کە حکوومەتە پەیوەستەکان ڕێ بەدێی پێوە

دەکەن یاخود وەک وەسیلەیەکی فشار بۆ سووککردنی، یان لابردنی ئەو گرفتانەی کە دەیووروژێنێ، بەکاردەهێنرێت.

چێ دبت، حکوومەتانیش یارمەتی لە خزمەتگوزارییە ڕاوێژکارییەکان و ئالیکارییە تەکنیکییەکان وەربگرن کە مەڵبەندی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ، لە پێناوی چاککردنی باری کەمینە نەتەوەییەکان، فەراهەمیان دەکات، ئەو خزمەتگوزارییانەیش دابینکردنی ئەو خەبیرو شارەزایانە دەگرێتەوە کە دەکرێ لە فۆرمەڵەکردنی یاساکان و ڕێکخستنی پرۆگرامەکانی مەشق و ڕاهێنانی نیشتمانی و ئیقلیمی و ئەڵقەکانی کارکردن و ئەڵقەکانی خوێندن و پێشکێشکردنی بەخشین و هەڤالینییە (منحە و زمالە) دیراسییەکاندا، یارمەتییان وەربگیرێ.

## نەهجی ئیقلیمی

لە فۆرمەڵەکردنی مافی کەمایەتییەکاندا، ئەورووپا لە هەرێمەکانی تری دونیا لە پێشترە. بڕوانامەی دیماهیی کۆمبوونی کۆنگرەی ئەمن و ئالیکاری لە ئەورووپا کە لە ڤییێنا لە ساڵی ١٩٨٩دا گرێدرا بڕیاری شوونەوار قووڵی بۆ کەمایەتییەکاندا کە بە مۆرکی جیاخوازیی نەکردن و لەهەمان دەم تایبەتی، دەناسرێتەوە.

ئەو مافانە بارێکی تر لە کۆبوونەوەی کۆنگرەکە لە کۆبنهاگن لە ساڵی ١٩٩٠داو لە کۆمبوونی خەبیرو شارەزایان لە جنێف لە ساڵی ١٩٩١دا، دووپات کرانەوە.

بڕوانامەی پاریس ـ یش، کە ئەو سەرەک دەوڵەتانەی لە کۆنگرەی ئەمن و ئالیکاری لە ئەورووپا لە تشرینی دووەمی ١٩٩٠دا پشکداریان کرد، واژوویان کردووە، باسی کۆمەڵێک مەسەلە دەکات لەوانە گرفتی نەتەوایەتییەکان و هەڵوێستی خۆی لەسەر پشتەوانی کردنی مافەکانی ئەو کەمایەتییانەوە، دەربڕی.

لیژنەی ئەورووپایش بۆ هەقاندنی دیموکراسی لەمیانەی یاسادا، کە لیژنەی شالیاریی سەربە جڤاتی ئەورووپا دایمەزراند، لە ئایاری ١٩٩٠دا لیستێکی بە مافەکانی کەمینەکان ئامادەکرد.

## ڕۆڵی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان

ڕێکخراوە ناحکوومییە نێو دەوڵەتییەکان ڕۆڵێکی گرنگ لە پشتگیرکردنی مافەکانی مرۆڤ و پاراستنیاندا دەبینن، ئەوان لە نزیکەوە، یا ڕاستەوخۆ یاخود لە میان لکە نیشتمانییەکانیانەوە، بارەکانی ناکۆکی و، تەنگانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و بارگرژی چاودێری دەکەن. ئەوانە زۆر جاران لە پرۆسەکانی نێوانکاریدا بەشداری دەکەن، توانستیشیان لەسەر هەست بزواندنی ڕای گشتی نێودەوڵەتی و نیشتمانیدا هەیە گاڤا مافی کەمینەکان تووشاری کەمتەرخەمی یا پێشێلکردن، دەبن.

ڕێکخراوە ناحکوومییەکانیش مەودایەکی نوێ بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان زیاد دەکەن، لەمیان توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتان و بەکارهێنانیان وەک چەند مینبەرو کەناڵێک بۆ

گرووپە چەوساوەکان، ئەوە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە لە ڕێگای پێشکێشکردنی زانیاری وردو دروست دەربارەی گرفتەکانی مافی مرۆڤ بۆ ستاف و هەیئەتە حکوومییە نێو دەوڵەتییەکان، ئەوەش کاریگەرییێکی بەرچاوی بەسەر تێگەیشتنی مەسەلە پەیوەندداەرکان بە مافی کەمینەکان و چەند تەگبیرکردنێک بۆ چارەکردنیان هەیە.

## پێناسەی کەمایەتی

کەمایەتی کێن؟ بەگشتی گرنگە کەمایەتی پێناسەیەکی لە ڕووی جیهانییەوە پەسەندکراوی هەبێت، چونکە پاراستنی کەمینەکان لە جوداخوازیی و چەوساندنەوە یەکێکە لە کۆنترینی ئەو مەسەلانەی کە یاسای نێودەوڵەتی بایەخیان پێداوە. هەروەک زۆر وەختان یاساکان پێناسەیەک بۆ کەڵک لێ وەرگرتنیان پێویست دەکەن. بەڵام ئەو کۆششەی تا ئیرۆ کراوە بۆ پێناسەکردنی (کەمایەتی) بەشێوەیەک کە هەموو لێی ڕازی بن، سەری نەگرت.

گەڕانیش بەدوای پێناسەیەکی جیهانی بۆ تێرمی (کەمایەتی) ئەورۆ جێگای بایەخێکی کێمترە وەک لە ڕابردوو، بەڵام گفتوگۆ و گێنگەشە یارمەتی زۆر لە کێشە بەندیوارەکانی دا.

زەحمەتییش لە تەرزاو تەرزیی هەلومەرجی کەمایەتییەکان دایە، برێ لەو کەمایەتییانە لە چەند ناوچەیەکی ئادگار دیاریکراودا دەژین و لە گرووپی زەبر بەدەستی دانیشتواندا جوداو لاتەریکن. ئەوانی تر بەسەر کەرتەکانی کۆمەڵگای

نیشتمانیدا دابەش دەبن. هەندێ کەمایەتیش هەستێکی بەهێزیان بە ناسنامەی جەماعی هەیە، کە لەسەر مێژوویەک هەڵنراوە وەچەکان لەبیریان نەکردووە، یان نووسراوە، لەکاتێکدا کەمایەتییەکانی دن تەنها بیرۆکەیەکی پەرژو بڵاو لەسەر کەلەپووری هاوبەشیان دەپارێزن.

لەهەندێ حاڵەتانیشدا، کەمایەتییەکان پلەیەکی بەرزی سەربەخۆیی خۆییان هەیە، یان هەبووە. لەبازێ باری تریشدا، کەمینەکان سەربەخۆیی خۆیی با خودموختاربیان هەر نەزانیوە.

لەبەرئەوەیش ئەفراندنی پێناسەیەکی، بەگشتی پەسەندو لێ رازی، کە هەموو ئەو کەمایەتییانەی دنیا بگرێتەوە کە ئاتاجیان بە پاراستنی تایبەتی هەیە، قورس و گران بووە، وەسفێکی باو بۆ کەمایەتی هەیە کرۆکەکەی ئەوەیە کە، گرووپێکی نەتەوەیی یا ڕەگەزایەتی یان ئایینی یاخود زوبانەوانییە لەگەڵ گرووپەکانی تر کە لە نێو دەوڵەتی خودان سەروەرییدا هەن، جیاوازن.

هەروەسا پێوەرو پێوانەی تریش هەن کە بە پێکەوەیی، هەموو کەمایەتییەکان دەگرێتەوە، ئەوانیش:ـ

**ژمارەکانیان**

ئاشکرایە کەمایەتییەکان لە ڕووی ژمارەوە دەبێت لە باقی دانیشتووان ئەوانەی کە زۆربە دەنوێنن، کەمتر بن، بەڵام ڕەنگبێ هەندێ حاڵەت هەبن کە تێیاندا هیچ گرووپێک زۆرینە نانوێنن، پێویستیشە قەوارەی کەمایەتی لە پلەیەکی باڵای وا

دابێت کە ڕێگا بە پێکهێنانی خاسیەتە جوێکارەکانی خۆی بدا.

بەڵگە نەویستیشە کە نابێت هیچ کەمینەیەک، هەرچەندە قەوارەکەی چووکەبێت، دووچاری هیچ یەکێک لە شێوەکانی سەوداگەریی خراپ یان جوداکاریی ببێت و تاقە کەسەکانی پێدڤییە کو ئەحکامە گشتییەکانی مافی مرۆڤ بیانگرێتەوە کە لە یاسادا ناواخن کراون.

زاڵ نەبوونیان

پێویستە کەمایەتیی لە بارێکی زاڵ نەبوودابێت کە پاساوی دابینکردنی پاراستنی بدات. هەندێ کەمایەتی زەبر بەدەست هەن پێویستییان بە پاراستن نییە، بەڵکو بازێ کەمایەتی زاڵ، هەندێ جار، بەشێوەیەکی کاریگەرانە، پرانسیپەکانی یەکسانی، جیاخوازیی نەکردن و گوزارشت کردن لە ئیرادەی گەل، وەک ئەوەی لە جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ تێکست نووسکراون، پێشێل دەکەن.

جیاوازییان لە شناسنامەی ڕەگەزایەتی یا نەتەوایەتی، لە کەلچەر یا زوبان یاخود ئایینیدا

کەمایەتییەکان ئادگاری ڕەگەزایەتی یا ئایینی یا زوبانەوانی چەسپاو و جێگیریان هەیە کە جیاوازن لە ئادگارەکانی زۆرینەی دانیشتووان لەدەوڵەتدا. لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگبێ ئەو خاسیەتانە بۆ ئەو گرووپانە ڕاستبن کە کەمینە ڕاستەقینەکان نانوێنن وەک کرێکارە کۆچکردووەکان و پەنابەران و بێ ڕەگەزنامەکان و

بیانییەکانی تر. کەسانی سەر بەو گرووپانەش کە پێشتر ناوهێنران، ئەحکامە گشتییەکانی یاسای نێودەوڵەتی، لە جیاکاریی دەیانپارێزێت.

مافی زیادەشیان دەبێت بۆ نموونە ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی سەبارەت بە پاراستنی مافی هەموو کۆچکردووەکان و ئەندامانی خێزانەکانیان و ڕێککەوتننامەیەک سەبارەت بەباری پەنابەران، زامنیان دەکات. هەروەک جاڕنامەیەک هەیە پەیوەستداره بە مافەکانی مرۆڤ بۆ ئەو کەسانەی کە هاونیشتمانی ئەو وڵاتە نین کە تێیدا دەژین.

ئەوەی بەگشتیش ڕێککەوتنی لەسەرکراوە، تاقەکەسانی کەمینە دەبێ لە هاووڵاتیانی ئەو دەوڵەتە بن کە تێیدا دەژین.

**هەڵوێستی تاکەکەسییان**

تاقەکەسانی کەمایەتی بۆ دەربڕینی شناسنامەکەیان دوو ڕێگەیان لەبەرە، یەکەم: بەشداریکردنی گرووپەکە، بە ئارەزووی بەهێزیانەوە، لە پاراستنی خاسیەتەکانیدا، ئەو هەست بە هاوکاری کردنەیش وەک عادەت لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە گرووپەکە بە درێژایی ڕۆژگارێکی زۆر پارێزگاری لە مۆرکی تایبەتی خۆی کردووە.

ئەگەربوونی گرووپ یا کۆمەڵێک بەهۆی شناسنامەیەکی ڕەگەزایەتی یا ئایینی یان زووبانەوانی تایبەتی، لەبەرامبەر دانیشتووانیدا بەگشتی، چەسپاو و جێگیربوو، ئەندامەکانی هاوکاری کردنیان و ئیرادەی هاوبەشی خۆیان لە پاراستنی

خاسیەتە جویّ کارەکانیان، نیشاندەدەن.

ڕێگای دووەمیش بۆ گوزارشتکردن لە شناسنامە، مومارەسەی سەر پشک بوونە لە نێوان ئینتما بۆ کەمایەتی یان نەکردنی. هەندیّ کەس لەوانەیە پێیان چاکتر بێت لەگەڵ زۆرینەی دانیشتواندا یەک بگرن، ئەوەیش مافی خۆیانە و چیّ نابت کەمینە یاخود زۆرینە کۆسپ بخەنە ڕێگایانەوە.

### کەمایەتییەکان و گەلانی بناوان

بەشێوەیەکی گشتی، وا دەبینریّ کە گەلانی بناوان، بە ئاوەژووی کەمایەتییەکانەوە، دانیشتووانی ڕەسەن و ئەسڵی ئەو خاکەن کە لە دێر زەمانەوە لەسەری نیشتەجێن.

## ڕێڕەوی دوارۆژ

لەسەر ئاستی کۆمەڵە ئەحکامی یاسای نێودەوڵەتی، کە دەکریّ لە سەرکەمایەتییەکان پیادە بکرێن، بەرەو پێش چوونێکی جێگای خۆشحاڵی لە هەردوو گرێی ڕابردوودا هاتەجیّ و بوارو مەیدانی جیاوازیی نەکردن ڕووبەرێکی فراوانی لە ڕێککەوتننامەو جاڕنامە نێودەوڵەتییەکانەوە گرتۆتەوەو هەندیّ مافی تایبەتی کەمایەتییەکان بە فیعلی لە دەقە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ، بڕیار دراون.

پێوەرو پێوانەی نوێیش هەن بۆ مافی مرۆڤ کە ئێستا لە ژێر

مشت و مردان و، قەوارەی یاسا نیشتمانییەکانی پەیوەند بەو باسە، ڕوو لە زیادبوونە.

لەو ڕاپۆرتانەی کە حکوومەتەکان پێشکێشی ڕێکخراوە نێو نەتەوەییەکانی دەکەن و لەو لێکۆڵینەوانەی کە بڕیاردەرە تایبەتییەکان سەبارەت بە مافی مرۆڤ ئامادەی دەکەن و لەکارەکانی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان و توێژینەوە ئەکادیمییەکاندا، گەواهیی پتر دەبینین لەسەر ئەوەی کە مافی کەمینەکان، مەسەلەیەکە، لە حاڵی حازردا، جێگای بایەخدانە.

هەروەک دەردەکەوێ کە تا ئێستاش زۆر ماون کە دەبێ بکرێن، زۆر لە کەمایەتییەکان مافە بنەڕەتییەکانیان تووشاری پێشێلکردنی سەخت و بەردەوام دەبێت. ئەزموونی درێژیش نیشانی دەدا بەوەی کە نە تێکشکاندن ـ کە پێچەوانەی ئەوەی یاسای نێودەوڵەتی دەیسەپێنێ لە دژی کەمینەکان پەیڕەوی دەکرێ ـ و نە پشتگوێ خستنی گرفتەکانی ئەو کەمایەتییانە بونیادێک بۆ پەیوەندییەکانی نێوان گرووپە خاسیەت جیاوازەکان، لەهەمان وڵاتدا، دابین و دەستەبەر دەکەن.

هەندێ کاتیش پرۆسەی تێکەڵکردن تاقی کراوەتەوە، بەڵام لە زۆر وەختاندا مایە پووچ بووە، هۆگریی بۆ پاراستنی شناسنامە بەهێزەو پیادەبوونی لەسەر دەوڵەت ـ نەتەوە، لەسەر کەمایەتییەکانیش پیادە دەبێ.

لەبەرئەوەیش کە تەنگ و چەڵمەکانی کەمینەکان لەڕووی بوارو چوارچێوەیان و گرفتە دەرەکییەکانیان بە تێپەڕبوونی

وەخت دەگۆڕێت، هیچ شتێک بەوەمان ناگەیەنێ کە گرووپە پەیوەندارەکان، یان داواکارییەکانیان، لادەچێ و نامێنێ، ئەگەر دەرهەقیان چەند تەگبیرێکی ئیجابی نەکرێن.

لە ئەزموونی ئەو وڵاتانەیش کە زۆرینەی دانیشتووان بەتەبایی لەگەڵ کەمینەیەک یا زیاتردا دەژین ئەوە هەڵدێنجرێ کە ئەو تەگبیرانە خۆیان لە دانان بە مافی کەمایەتییەکان دەنوێنن، ئەو ڕێگایانەش دەگرنەوە کە ڕێزگرتنی ئەو مافانە دەستەبەر دەکەن.

لە ئالی نەزەریشەوە، مافە تایبەتییەکان و تەگبیرە تایبەتییەکان کە بۆ زامنکردنی شناسنامەی کەمینەکان و کەلەپووریان و شکۆمەندییان پێویستن، چەند شێوەیەک وەردەگرن:

مافی کەمایەتییەکان لە هەبووندا،

هەبوونی کولتوورو زوبان و پێشخستنیان،

دامەزراندنی کەمایەتییەکان بۆ قوتابخانەو ئەوانی دیکە لە دامەزراوە مەشقی و فێرکارییەکان و بەڕێوەبردنیان و کۆنترۆڵکردنی پرۆگرام و فێربوون بە زمانە تایبەتییەکانیان:

چەند گەرەنتییەک سەبارەت بە نوێنەرایەتی سیاسی لە کاروبارە سیاسییەکانی دەوڵەتدا.

بەخشینی سەربەخۆیی خۆیی لە چارەسەرکردنی ئەو کاروبارە

ناوخۆییانەی کە تایبەتن بە گرووپەکانەوە، لانی کەم لە بوارەکانی کەلچەری و فێربوون و ئایین و ڕاگەیاندن و کاروبارە سۆسیۆلۆژییەکان، پەیوەندار بە ئامرازە پێویستەکان بۆ بەجێگەیاندنی ئەو کارە گرینگانە، لە ڕێگای باجەوە یاخود بەخشینەوە.

## * پاشبەندی یەکەم *

## ڕێوڕەسمەکانی پەیوەست بە سکالانامە

نەتەوە یەکگرتووەکان، بوار بە چەند ڕێوڕەسم و ئیجراییێکی نهێنی دەدات کەچێ دبت کەسانی سەر بە کەمایەتییەکان، ئەوانەی وای دەبینن ماف و ئازادییە سەرەکییەکانیان تووشاری ژێر پێ خستن هاتووە، بەکاریان بهێنن و گرنگترینی ئەو ڕێوڕەسمانەیش ئەوانەن:

## ڕێوڕەسمی ١٥٠٣

## «پەیوەسست بە شێوازێکی چەسپاو لە پێشێلکارییەکان»

ئەو ڕێوڕەسمە بەپێی بڕیاری ١٥٠٣ی ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەلایەتی سەر بەنەتەوە هەڤگرتووەکان داندراو بەپێی ئەوە لیژنەی لابەلای قەدەغەکردنی جیاکاریی و پاراستنی کەمایەتییەکان ئەو بەلاغانە وەردەگرن کە ئەو حالەتانە ئاشکرا دەکەن لە ماوەیەکی درێژدا کار لە ژمارەیەکی زۆری خەلک دەکەن.

## ڕێوڕەسمی

## (پرۆتۆکۆڵی ئیختیاری)

ئەو ڕێـوڕەسم و ئیـجرایـە لە پرۆتـۆکۆڵی لێ سەرپشک کراوی پاشبەند بە پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە باژێرڤانیی و پۆلیتیکییەکاندا بڕیاردراوەو بەپێی ئەوە دەشێ لیژنەی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ، بەلاغەکان لەو تاقەکەسانە وەربگرێ کە ئیدعا دەکەن دەوڵەت مافەکانیانی ژێر پێ خستووە، تەماشای ئەو گەیانراو و بەلاغانە بکات.

## نەهێشتنی جیاکاریی ڕەگەزایەتی

هەریەکێک لەو تاقە کەس یا گرووپانەی ئیدعا دەکات کە مافەکانی وەک ئەوەی لە ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی بۆ بنبڕکردنی هەموو شێوەکانی جیاکاری ڕەگەزایەتی دەقنووس کراون، ژێـر پێ خـراون، بۆی هـەیـە بۆ لـیژنـەی نـەتـەوە یەکگرتووەکان بۆ بنبڕکردنی جیاکاری ڕەگەزایەتی، بنووسێت و داوای تەماشاکردنی سکاڵانامەکانی لێ بکات.

لاپـەڕەی ڕووداوەکـان ژمـارە (٧) کـە نـاونیـشـانـەکـەی (ڕێـوڕەسـمی تـایـبەت بـەنـامـە)ی زانـیـاریی پـتـر دەربـارەی بەکارهێنانی ئەو ئیجرائاتانە پێشکێش دەکات (لەوانە کۆت و بەستەکانیان).

لاپـەڕەکـە هـەروەسـا ڕێـگـاکـانی تـر بۆ سـکـاڵاکـردن لـە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ دەخاتەڕوو، کە نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی و، ڕێکخراوی

نـەتـەوەيـەكـگـرتـووەكـان بۆ پـەروەردەو زانـست و كـولـتـوور (يۆنسكۆ)، بواريان پێ دەدەن.

## * پاشبەندی دووەم *

### چەند خوێندنەوەیەكی زیادە، دەربارەی مافی كەمایەتییەكان

ALFREDSSON, GUDMUNDUR. EQUALITY AND NONDISCRIMINATION MINORITY RIGHTS. COUNCIL OF EUROPE

DOCUMENT (H/COOL{90}6)

ـ فرانشیسكۆ كابۆتورتی: لێكۆڵینەوەیەك دەربارەی مافەكانی كەسانی سەربەكەمینەی ڕەگەزایەتی و ئایینی و زوبانەوانی. زنجیرەی لێكۆڵینەوەی مافەكانی مرۆڤ ژمارە (٥) (بڵاونامەكانی نەتەوە یەكگرتووەكان، ژمارەی فرۆشراو A.91.XIV.2).

ـ ئەسپیۆرن ئەیدی: ڕێگاو ئامرازە شیاوەكان بۆ ساناكردنی چارەسەركردنی ئاشتیانەو بنیادنەرانەی ئەو گرفتانەی كەمایەتییەكان دەگرێتەوە.

ڕاپۆرتێكی قۆناغ ئامێزە كە پێشكێشی لیژنەی لابەلای قەدەغەكردنی جیاكاری و پاراستنی كەمایەتییەكان كراوە لە خولی چل و دووهەمیندا.

(E/CN4/SUB.2/1990/46).

ڕاپۆرتی سەرەتایی پێشکێشی لیژنەی لابەلای قەدەغەکردنی جیاکاری و پاراستنی کەمایەتییەکان کراوە لە خولی چل و سێ هەمینیدا.

.(E/CN.4.SUB.2/1991/43)

ـ کلێرپالی: ڕێگاو ئامراز لەبارەکان بۆ ئاسانکردنی گەیشتن بە چارەسەرێکی ئاشتی و بنیاتنەرانە بۆ ئەو حاڵەتانەی کە کەمایەتییە ڕەگەزایەتی و نیشتمانی و ئایینی و زووبانەوانییەکان دەگرێتەوە، بەرنامەی کار کە بۆ لیژنەی لابەلا بۆ قەدەغەکردنی جیاکاری و پاراستنی کەمایەتییەکان خراوەتە ڕوو لە خولی چل و یەکەمیندا.

.(E/CN.4/SUB.2/1989/43)

تیمی کارگێڕی تایبەت بە مافەکانی کەسانی سەربە کەمایەتییە نەتەوەیی یا ڕەگەزایەتی یا ئایینی یاخود زووبانەوانییەکان:

ڕاپۆرتێکە بۆ کۆمیتەی مافی مرۆڤ لە خولی چل و حەوتەمیندا.

.(CORR.1,E/CN.4/1991/53)

(تێکست)

**جاڕنامەیەک سەبارەت بە مافی کەسانی سەربە کەمایەتییە نەتەوەیی یا ڕەگەزایەتییەکان و سەر بە کەمینە ئایینی و زووبانییەکان**

* لیژنەی مافی مرۆڤ لە خولی چل و هەشتەمینیدا کە لە ساڵی ١٩٩٢دا گرێدرا، پەسەندی کردووە.

**کۆمەڵەی گشتی:**

**کە جارێکی تر جەختی دەکاتەوە:** یەکێک لە ئارمانجە سەرەکییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، وەک ئەوەی بڕوانامەکە جاڕیداوە، پشتەوانیی کردنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان و هاندانی ڕێزگرتنیانە بەگوێرەی هەمووان، بەبێ جیاوازی بە ئەگەری ڕەگەز یا توخم یاخود زوبان یان ئایینەوە. باوەڕیی خۆی بە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ و بەهاو شکۆمەندیی مرۆڤ و بەمافە یەکسانییەکانی پیاوان و ژنان و نەتەوەکانیش بەگەورەو بچووکیانەوە.

**كە تەئكيديش دەكاتەوە كە ئارەزوويش دەكات**، لەپشتەوانيی كردن لەوەكارخستنی بنەماكانی هاتوو لە بڕوانامەی نەتەوە هەڤگرتووەكان و جاڕنامەی جيهانيی مافەكانی مرۆڤ و ڕێككەوتننامەی قەدەغەكردنی تاوانی ڕەشەكوژی و سزادان لەسەری و ڕێككەوتننامەی نێونەتەوەيی بۆ بنەبڕكردنی هەموو شێوەكانی جياكاريی ڕەگەزايەتی و پەيمانی نێودەوڵەتی تايبەت بە مافە ئابووری و سۆسيۆلۆژی و كولتوورييەكان و جاڕنامەی لەمەڕ ڕيشەكێش كردنی هەموو شێوەكانی دەمارگيری و جياخوازيی ئەنجامدراو لەسەر بناغەی ئايين يان ئول و عەقيدەو ڕێككەوتننامەی مافەكانی منداڵ و هەروەها دەقە (الصكوك) نێودەوڵەتييە پەيوەستدارەكانی تر كە لە سەر ئاستی جيهانی يا ئيقليمی پەسەندكراون و ئەوانەی لە نێوان ئێكانەی (الاحاد) دەوڵەتانی ئەندام لە نەتەوە هەڤگرتووەكاندا بەستراون.

**كە هەڵيش دەهێنجێ**، ئەحكامی بەندی ٢٧ لە پەيمانی نێودەوڵەتی تايبەت بە مافە باژێرڤانيی و پۆليتيكييەكان، پەيوەستدار بە مافی كەسانيی سەربەكەمايەتييە ڕەگەزايەتييەكان يان ئاينييەكان ياخود زوبانييەكان، **كە دەيشبينێت،** پاڵپشتكردن و پارێزگاريكردنی مافی كەسانی سەر بە كەمايەتييە نەتەوەيی يا ڕەگەزايەتييەكان و سەر بەكەمايەتييە ئايينی و زوبانييەكان، پشكداری دەكەن لە ئيستقرار و ئارامی سياسی و سۆسيۆلۆژی و ئەو دەوڵەتانەی تێيدا دەژين، ، **كە پێش دا دەگرێت**، لەسەر ئەوەی كە پشتگيريكردن و وەكارخستنی بەردەوامی مافی كەسانی

سەربەکەمایەتییە نەتەوەیی یا ڕەگەزایەتییەکان و سەربەکەمایەتییە ئایینی و زوبانییەکان، وەک بەشێکی دانەبڕاو لە گەشەسەندنی تەواوی کۆمەڵ و لە نێو چوارچێوەیەکی دیموکراسی کە پشت بە حوکمی یاسا ببەستێ، بۆیان هەیە بەشدار بکەن لە پاڵپشتیکردنی دۆستایەتی و ئالیکاری لە نێوان دەوڵەتان و گەلاندا، **کە دەیشبینێت**، نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە پاراستنی کەمایەتییەکاندا، **کە لەبەرچاویشی دەگرێت**، ئەو کارانەی تا ئێستا لە چوارچێوەی ڕێکخراوی نەتەوەهەڤگرتووەکاندا جێبەجێکراون و بەشێوەیەکی تایبەتی لیژنەی مافی مرۆڤ و لیژنەی لابەلای قەدەغەکردنی جیاکاریی و پاراستنی کەمایەتییەکان و هەروەها لەو دەستەوستافانەی کە بەپێی هەردوو پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ دامەزراون و دەقە نێودەوڵەتییە پەیوەستدارەکانی تری مرۆڤ، سەبارەت بە پشتگیریکردن و پاراستنی مافی کەسانی سەر بە کەمایەتییە نەتەوەیی یا ڕەگەزایەتییەکان و سەر بەکەمینە ئایینی و زوبانییەکان، **کە لە بەرچاویشی دەگرێت، ئەوکارە گرنگەی کە ڕێکخراوە حکومییە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوە غەیرە حکومییەکان، پێی هەڵدەستن لە پاراستنی کەمایەتییەکان و لە پاڵپشتکردن و پارێزگاریکردنی مافی کەسانی سەر بەکەمایەتییەکان و نەتەوەیی یا ڕەگەزایەتییەکان سەر بە کەمایەتییە ئایینی و زوبانییەکان، کە هەستیش دەکات،** هەروەها بەزەرورەتی دەستەبەرکردنی چالاکی زێدەتر، لەبەجێ گەیاندنی دەقە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤی

پەیوەستدار بە مافی کەسانی سەر بەکەمینە نەتەوەیی یان ڕەگەزایەتییەکان و سەر بەکەمایەتییە ئاینی و زوبانییەکان.

سەبارەت بە مافی کەسانی سەر بە کەمایەتییە نەتەوەیی یان ڕەگەزایەتییەکان و سەر بەکەمینە ئایینی و زوبانییەکان، **ئەم جاڕنامەیە دەردەکات:**

**بەندی 1**

١- لەسەر دەوڵەتان پێویستە، هەریەکەو لە ئیقلیمی خۆی، هەڵبستێت بە پاراستنی بوونی کەمایەتییەکان و ناسنامەی نەتەوەیی یا ڕەگەزایەتی و، ناسنامەی کولتووری و ئایینی و زوبانەوانییان و بە خەملاندنی هەل ومەرجی زامن بە پشتگیریکردنی ئەم ناسنامەیە.

٢- دەوڵەتان پشت بە چەند تەگبیرێکی یاسایی و تەگبیری تری شیاو و لەبار دەبەستن بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە.

**بەندی2**

١- کەسانی سەر بەکەمایەتییە نەتەوەیی یان ڕەگەزایەتییەکان و سەر بەکەمینە ئایینی و زوبانییەکان (لەوەی دادێ بەکەسانی سەر بەکەمایەتییەکان ئاماژەیان بۆکراوە) مافی کولتووری تایبەتی خۆیان هەیە و جاڕدان و پەیڕەوکردنی ئایینی تایبەتیان و بەکارهێنانی زمانی تایبەتیان، بەنهێنی و ئاشکرا، ئەوەش بەسەربەستی و بەبێ خۆتێ هەڵقورتاندن یا هەر شێوەیەک لە شێوەکانی جیاوازیی.

٢- کەسانی سەربە کەمایەتییەکان مافی پشکداریکردن لە ژیانی کولتووری و ئایینی و سۆسیۆلۆژی و ئیکۆنۆمی و گشتییان هەیە، بەشێوەیەکی فیعلی.

٣- کەسانی سەربەکەمایەتییەکان، مافی بەشداریکردنی چالاکانەیان هەیە لەسەر ئاستی نیشتمانی و هەروەها لەسەر ئاستی ئیقلیمی هەچ کاتێک ئەوە لەباربوو، لە بڕیارەکانی تایبەت بەو کەمینەی کە تێیدان یان لەو ناوچانەی کە تێیدا دەژین، بەو مەرجەی ئەم بەشدارییە بەشێوەیەک بێت، لەگەڵ یاسای نیشتمانی ناکۆک نەبێت.

٤- کەسانی سەربەکەمایەتییەکان مافیان لە دامەزراندنی هەڤاڵبەندییەکانی تایبەت بەخۆیان و پاراستنی بەردەوام بوونیان هەیە.

٥- کەسانی سەربەکەمایەتییەکان مافیان هەیە کە پەیوەندیی ئازادانەو ئاشتییانە لەگەڵ تاقەکەسانی گرووپ و کۆمەڵی خۆیان و کەسانی سەربەکەمایەتییەکانی تر ببەستن و پارێزگاری لەسەر بەردەوامییەکەی بکەن و هەروەها پەیوەندی پێکەوەکردن بەنێو سنووردا لەگەڵ هاووڵاتیانی دەوڵەتانی دیکە، ئەوانەی کە پەیوەندییەکانی نەتەوەیی یان ڕەگەزایەتی یاخود ئایینی یان زوبانەوانی، بەبێ جیاوازی، بە ئەوانیان دەبەستنەوە.

**بەندی3**

١- کەسان سەربەکەمایەتییەکان، دەشێ مومارەسەی

مافەکانیان بکەن، لەوانە، ئەوانەی لەو جاڕنامەیەدا دیاریکراون، وەک تاکەکەس و هەروەها بە پشکداریکردن لەگەڵ تاقەکەسانی تری کۆمەڵەکەیان و بەبێ جیاوازیی.

٢- نابێت پەیڕەو و موومارەسەکردن، یان موومارەسە نەکردنی ئەو مافانەی لەو جاڕنامەیەدا ڕوونکراونەتەوە، هیچ زەرەروزیان گەیاندنێکی بەکەسانی سەربەکەمایەتییەکان ،لێبکەوێتەوە.

**بەندی4**

١- لەسەر دەوڵەتانە، بەپێی پێویست، چەند تەگبیرێک بکەن کە بواری موومارەسەکردنی تەواو و کاریگەری، مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکانی تایبەت پێیانەوە، بۆ کەسانی سەر بەکەمایەتییەکان دەستەبەر بکات.

٢- لەسەر دەوڵەتانە، چەند تەگبیرێک بکەن و بۆ خەملاندنی هەڵ ومەرجی هاتەو لەبار، بۆ ئەوەی توانست وەبەر کەسانی سەر بەکەمایەتییەکان بخەن کە گوزارشت لە خاسیەتەکانی خۆیان و لە پێشخستنی کولتوور و زوبان و ئایین و خوونەریتی خۆیان بکەن، تەنها لەو حاڵەتانەدا نەبێت کە تێیدا پەیڕەو و موومارەسەکردنێکی دیارکراو، پێشێلی یاسایی نیشتمانی بێت و سەرپێچی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان بێت.

٣- پێویستە لەسەر دەوڵەتان چەند تەگبیرێکی شیاو و لەبار بکەن بۆ ئەوەی هەر کاتێک توانرا زامنی ئەوە بکەن کەسانی سەر بە کەمایەتییەکان دەرفەتی تێرایان هەبێت بۆ فێربوونی

زمانی زگماکیان یان بۆ فێربوون بە زمانی زگماکیان.

٤- لەسەر دەوڵەتان پێویستە، هەر کاتێک ئەوە لەباربوو چەند تەگبیرێک لە بواری فێربووندا بکەن لە پێناوی هاندانی شارەزابوون بەمێژوو و خوو نەریت و زوبان و کەلتووری ئەو کەمایەتییانەی کە لە چوارچێوەی خاکەکەیاندا هەن، پێویستییشە دەرفەتی لەبار بەکەسانی سەربەکەمایەتییەکان بدرێت بۆ ناسینی تەواوی کۆمەڵگە.

٥- پێویستە لەسەر دەوڵەتان سەرنج لە وەرگرتنی چەند تەگبیرێکی شیاو و لەباربدەن، کە پشکداریکردنی تەواوی کەسانی سەر بە کەمایەتییەکان، لە پێشکەوتنی ئابووری و پەرەپێدان لە وڵاتەکەیاندا دەستەبەر بکات.

**پەندی5**

١- نەخشەو جێبەجێکردنی سیاسەت و پرۆگرامەکانی نیشتمانی، هاوکات لەگەڵ بایەخدانی پێویست بە بەرژەوەندییە ڕەواکانی کەسانی سەر بەکەمایەتییەکان دەبێت.

٢- پێویستە پلان و بەجێگەیاندنی پرۆگرامەکانی ئالیکاری و یارمەتیدان لە نێوان دەوڵەتاندا لەگەڵ بایەخدانی پێویست بە بەرژەوەندییە ڕەواکانی کەسانی سەر بەکەمایەتییەکان بێت.

**پەندی6**

پێویستە لەسەر دەوڵەتان لەکاروبارەکانی پەیوەستدار بە

کەسانی سەربەکەمایەتییەکان، ئالیکاری بکەن، لەوانە ئالوگۆڕی زانیاری و شارەزایی، لە پێناوی پاڵپشتکردنی لێکگەیشتن و بڕوا گۆڕینەوە.

**بەندی7**

پێویستە لەسەر دەوڵەتان لە پێناوی پشتەوانیکردن لە ڕێزگرتنی ئەو مافانەی لەو جاڕنامەیەدا دیاریکراون، هاریکاری یەکتر بکەن.

**بەندی8**

١- ئەو جاڕنامەیە هیچ شتێکی تێدانییە کە ببێتە هۆی ئەوەی دەوڵەتان ئیلتزامە نێونەتەوەییەکانیان لەوەی پەیوەست بەکەسانی سەر بەکەمایەتییەکان، جێبەجێ نەکەن و بەشێوەیەکی تایبەتی لەسەر دەوڵەتانە کە بەنیاز پاکییەوە ئەو ئیلتزام و پەیمان دانانە جێبەجێ بکەن کە بەپێی پەیماننامەو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانەوە، کەلایەنێکە تێیاندا، وە ئەستۆی خۆی گرتووە.

٢- مومارەسەکردنی ئەو مافانەی لەو جاڕنامەیەدا هاتوون، هەبوونی مافەکانی مرۆڤ و سەربەستییە بنەڕەتییەکان، بەهەمەوو کەسانێک، کە لە ڕووی جیهانییەوە دانی پێدانراوە، لاسەنگ ناکات.

٣- ئەو تەگبیرانەی کە دەوڵەتان دەیکەن، لە پێناوی زامنکردنی هەبوونی ڕاستەقانیی ئەو مافانەی لەو جاڕنامەیەدا

هاتوون، لەڕووی گریمانەی مەبدەئییەوە، نابێت وا حسێب بکرێت، سەرپێچی بنەمای یەکسانییە کە لە جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ داهاتووە.

٤- بەهیچ شێوەیەک نابێت بەشێکی ئەم جاڕنامەیە والێک بدرێتەوە کە ڕێگا بە هەر چالاکییەک دەدات لەگەڵ ئامانج و بنەماکانی نەتەوە هەڤگرتووەکاندا ناکۆکە، لەوانە یەکسانی لەسەروەریی نێوان دەوڵەتان و دروستی و سەلامەتی ئیقلیمی و سەربەخۆیی سیاسی.

## بەندی9

دامودەزگاو ئاژانسە تایبەتکارەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان هەر یەکێک لە بواری پسپۆڕی خۆیدا، لەوەکارخستنی تەواوی ئەوماف و بنەمایانەی لەو جاڕنامەیەدا ڕوون کراونەتەوە، پشکداریی دەکەن.

## ئەشکەنجەدانی جەستەیی و
## سایکۆلۆژی گۆشەنیگایەکی یاساییانە...

گرتنەبەری ڕێگای ئازاردانی جەستەیی و سایکۆلۆژیی کورد، لەلایەن دەسەڵاتی حوکمڕانی عێراقەوە، بەمانای جینۆساید کردنی بەشێنەیی و لەسەرەخۆی ئەو گەلەیە لە ڕوانگەی جیاڕەگەزی و نیشتمانپەروەرییەوەو، دەستدرێژی و سووکایەتی کردنە بەکەرامەتی مرۆڤایەتی، ئەوەش تاوانێکە و خودی ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی جینۆساید (١٩٤٨/١٢/٩) تەحریمی کردووەو هەمدەم سەرپێچی و ژێر پێ خستنی ئەم بڕوانامە یاساییانەی خوارەوەیە:

١- دەستووری کاتیی عێراقی (١٩٧٠/٧/١٦) کە بەندی بیست و دووهەم: أ،وا دەقنووس کراوە: شکۆمەندیی مرۆڤ پارێزراوەو مومارەسەکردنی هەریەک لە جۆرەکانی ئەشکەنجەدانی جەستەیی و دەروونی قەدەغەیە.

٢- یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ی

دەسکاریکراو، لەو سێ تێکستانەی خوارەوەدا ئاماژەی بە مەسەلەی ئەشکەنجەدان کردووە:

أ- بەندی ۳۲۳: هەر فەرمانبەرێک یان کارمەندێکی گشتی (ڕاژەی گشتی پێ سپێردراو) بەگرتن سزا دەدرێ، ئەگەر سزای دا، یان فەرمانی دا بەسزایەکی توندتری کەسی مەحکومکراو، لەوەی کە بەپێی یاسا بۆی دانراوە، یان بەسزایەک کە پێی حوکم نەدراوە، لەگەڵ پێزانینیشی بەوەی کارەکەی سەرپێچی یاساییە.

ب- بەندی ۳۲٤: هەر فەرمانبەرێک یا کارمەندێکی گشتی (ڕاژەی گشتی پێ سپێردراو) ئەگەر ئیدارە یان پاسەوانداریێتی گرتووخانەو بەندیخانە یان دامەزراوەکانی تری تایبەت بە جێبەجێکردنی سزا یان تەدبیری ئیعترازی پێ سپێردرابوو، و بەپێی فەرمانی دەسەڵاتی تایبەتمەند، کەسێکی وەرگرت، یاخود فەرمانێکی کە بۆ بەرەڵاکردنی زیندانییەک دەرچووە جێبەجێی نەکرد، یان... بەگرتن سزا دەدرێت.

ج- هەر فەرمانبەرێک یا کارمەندێکی گشتی (ڕاژەی گشتی پێ سپێردراو)، ئەگەر ئەشکەنجەیدا، یا فەرمانی بە ئەشکەنجەدانی تاوان دراوە پاڵ، یا شایەدێک، یاخود خەبیرو شارەزایەک بە مەبەستی ناچارکردنی لەسەر دانـان بە تاوانێکدا...، بەگرتن (الحبس) یا زیندانیکردن (السجن) سزا دەدرێت و بەکارهێنانی هێز یا گەف و هەڕەشە لە حوکمی ئەشکەنجەدان دایە.

٣- یاسای چۆنێتی دادگاییکردنی سزایی، ژماره ٢٣ی ساڵی ١٩٧١ی دەسکاری کراو، له بەندی ١٢٧یدا ئەوە دەردەبڕێ کە بەمەبەستی کارتێکردنە سەر تاوان دراوەپاڵ لەسەر دان پێدانانی، نابێت هۆو وەسیلەی ناڕەوا بەکاربهێنرێت، خراپ مامەڵەکردن و گەفکردن بە ئەزیەت دان و ئیغراکردن و بەڵێن دان و هەڕەشەکردن و کارتێکردنی سایکلۆلۆژی و بەکارهێنانی داو و دەرمان و لەهۆش خۆبەرەکان و سەرخۆشکارەکان، بەهۆو ئامرازی ناڕەوا دەژمێرێن.

٤- جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ (١٩٤٨) له بەندی (٥)ـەمینیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە (هیچ مرۆڤێک ئەشکەنجەو سزانادرێت و ڕەفتاری توندوتیژ و دڕندانەو ئابڕووبەری لەگەڵدا ناکرێت).

٥- پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە باژێرڤانی و پۆلیتیکیەکان: له بەندی (٧)ـەمینیدا داهاتووە کە (نابێت هیچ کەسێک بخرێتە ژێر ئەشکەنجەدان، یا سزایەک، یاخود هەڵسوکەوتێکی توندوتیژ یا هۆڤییانە یان ئاوڕووبەر).

٦- جاڕنامەی پاراستنی هەموو کەسان له تووشبوون بە ئەشکەنجەدان و جۆرەکانی تری ڕەفتار یا سزای: توندوتیژی یا نامرۆڤانە یاخود ئاوڕووبەرانە، کە بەبڕیاری کۆمەڵەی گشتی ژمارە ٣٤٥٢ (د-٣٠) لە ٩/١٢/١٩٧٥ دادەرچووە، لەبەندی (٢)ەمینیدا بە ڕاشکاوی پەنجەنمای ئەوە دەکات کە: (هەریەک لە کارەکانی ئەشکەنجەدان یا جۆرەکانی تری ڕەفتارکردن یان سزای: توندوتیژ یاخود نامرۆڤانە یا ئابڕووبەر،

سووکایەتی کردنە بە شکۆمەندیی ئینسانیەت و بەو تانوپۆیەی کە نکۆڵیکردنی ئارمانجەکانی بڕوانامەی نەتەوەیەکگرتووەکانەو پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادیيە بنەڕەتییەکانە کە لە جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤدا دەقنووس کراوە، مەحکووم دەکرێت. هەروا بەندی (٣)ی هەمان جاڕنامە دەبێژێ: (نابێت هیچ دەوڵەتێک ڕێگا بە ئەشکەنجەدان، یا جۆرەکانی تری ڕەفتارکردن یان سزای: توندوتیژ یا نامرۆڤانە یاخود ئاوڕووبەرانە بدات، یا چاوی لێ بپۆشێو، ڕێگا بە وەرگرتنی بارە نائاساییەکانی وەک باری شەڕ یان خەتەرناکیی شەڕ، یاخود نائارامی سیاسیی ناوخۆ، یان هەر حاڵەتێکی نائاسایی گشتیی دیکە نادرێت، کە وەک بروبیانوویەک بهێنرێتەوە بۆ پاساوی ئازاردان یا چەشنەکانی دیکەی ڕەفتار یان سزای: توندوتیژ یا وەحشیگەرانە یاخود ئاوڕووبەرانەوە.

٧- ڕێککەوتننامەی دژ بە ئەشکەنجەدان و جۆرەکانی تری هەڵسوکەوت یا سزای: توندوتیژ یا نامرۆڤانە یاخود ئاوڕووبەرانەوە، کە بەبڕیاری کۆمەڵەی گشتی ٤٦/٣٩ لە ١٠/١٢/١٩٨٤ دا دەرچووەو لە ١٩٨٧/٦/٢٦ ئامادەیی کارپێکردن بووە، هەر بۆ نموونە لە بەندی (٢/٢)یدا دەڵێ: نابێت بروبیانوو بۆ بارە نائاساییەکان، وەک پاساوێکی ئەشکەنجەدان، بهێنرێنەوە. هەر چۆنێک بوون. ئەگەر ئەو بارووزروفە حاڵەتی شەڕبێت یا گەف و هەڕەشەی جەنگ، یاخود نائارامی سیاسیی ناوەخۆ، یا هەر یەک لە حاڵەتەکانی نائاسایی گشتی دیکە هەمدیسان (د ـ٣)ی هەمان

ڕێککەوتننامە: نابێت بڕوبیانوو بەو بڕیار و فرمانانە بهێنرێنەوە کە وەک پاساوێکی ئەشکەنجەدان...هتد، لە کارمەندانی باڵاوە یان لە دەسەڵاتی گشتییەوە دەرچوون.

٨- بنچینە نموونەییەکانی لانی کەمی ڕەفتارکردن لەگەڵ زیندانییەکان: کە لە ١٣/٥/١٩٧٧دا دەرچووە لە خاڵی (٣١)یەمینیدا تەئکید دەکاتەوە کە سزای جەستەیی و سزای لە زیندانی تاری ئاخنین و، هەر سزایەکی توندو بێ ویژدانانە، یا نامرۆڤانە یاخود ئاوڕووبەر، وەک سزایەکی تەئدیبی (ئاقڵ کردن)بە هەموو شێوەیەک قەدەغەیە.

لە خاڵی (١/٣٢)یش لەهەمان بنچینە نموونەییەکاندا دەڵێ: لە هەر وەختێکدا بێ نابێت زیندانیی بەگرتنی ئینفرادی یاخود بەکەمکردنەوەی ئەو خۆراکەی کە دەیدرێتێ سزا بدرێت، تەنها پاش ئەوە نەبێت کە پزیشک تەماشای کردووەو بە نووسین شایەدی ئەوەی داوە کە زیندانییەکە بەرگەی سزای لەو بابەتە دەگرێت...تاد.

سەرەڕای هەبوونی گشت ئەو بڕوانامە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییانەی کە ئەشکەنجەدانی لەشی و ڕۆحیان قەدەغەو یاساغ کردووەو ئەوانەی سەرەوە نموونەی خەرواریێکیان بوون، کەچی دوژمن بە تاسەوەبوونی بۆ سڕینەوەی ناسنامەی کوردو بیروباوەڕی نەتەوەیی وای لێکردووە کە دانانی یاساو باوەڕیدان بەبەڵگەنامە نێونەتەوەییەکان وەک خەت خەتۆکانێیەکی کاتی بێزاری خۆی دابنێ و بە بەربڵاوی داهێنان لە شێوازەکانی ئەشکەنجەداندا بکات.

دەسەڵاتی حوکمڕانی عێراق، ئەو جۆرەها ئەشکەنجەدان و ئازاردانی جەستەیی و سایکۆلۆژی. هەرواگرتن و گلدانەوەو بەندکردن و تەوقیف و وەستاندن، کە ئەنجامی داون نایاسایانەو هەروایی لە گۆترەو ڕەمەکییانەبوون، ئەوانەی کەگیراون بێ تەحقیق توێژینەوە، بێ دادگاییکردن یا داکۆکی لە خۆکردن یان ڕێککەوتن لەگەڵ پارێزەرێکدا ئیعدام کراون و لە زیندانەکاندا توندکراون، یا ئەوەتا لە ڕێگای دادگایەکی کورت یا شکلی و وێنەییدا، یاخود بێ ڕوخسەتی دەسەڵاتی دادوەریی گیراون و دیارە کە دەسەڵاتی تەنفیزی و جێبەجێکردنیش (بەدەر لە تاوانە ئاساییەکان) دام و دەزگای سەربەو دەسەڵاتە حوکمڕانەبوون لە تەسکترین ئەڵقەدا. ئەوە لەکاتێکدا جاڕی جیهانیی مافی مرۆڤ لە بەندی (٩)یەمینیدا لەسەر ئەوە ڕژدە کە نابێت هیچ مرۆڤێک بە شێوەیەکی ڕەمەکی بگیرێت، دەست بەسەر بکرێت، یان دووربخرێتەوە. بەڕەمەکی گرتنی خەڵک لە شوێنە گشتییەکانی مینای (بازاڕو دام و دەزگاکانی دەوڵەت و شوێنی کارکردن و کوچەو کۆڵانەکان)، سەربار، ئازارو ئیرهابێکی نەفسی و ڕۆحیی کاریگەری بۆ خانەوادەی ئەو خەڵکە گیراوە دروست دەکرد، چونکە شوێنە ون و بێ چارەنووس دەمانەوەو دەسەڵاتی حوکمڕان ئەو خێزانانەی لەگرتنی خزم و خۆیش و کەس و کاریان ئاگادار نەدەکردەوە، بە پێچەوانەی بەندی (٩٢) یەمینی بنچینەکانی لانی کەمی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ زیندانییاندا (١٩٧٧/٥/١٣) کە ڕێگای بە تاوان دراوە پاڵ (المتهم) داوە کە هەر زووبەزوو خێزانەکەی لەگرتنی خۆی ئاگادار بکاتەوەو لێرەشدا دیارە کە

فەراهەم کردنی (پێداویستییەکانی ئاگادارکردنەوە)، لەسەر دەسەڵاتی حوکمڕان... هەر لەو ڕوانگەشەوە بەندو بنچینەی ناوبراو، داوای هەموو ئاسانکارییەکی شیاو دەکات کە بۆ کەسە گیراوەکە بکرێت، بۆ ئەوەی بتوانێ پەیوەندی بە خێزان و هاوەڵەکانی خۆی بکات و دیدارو پێشوازیشیان لێبکات.

ئەو شێوازانەی کە دوژمنانی کورد، لە ئەشکەنجەداندا، وەک ڕێگەو میتۆدێکی جینۆساید بەکاریان خستووە لە مێژووی گەلاندا کەم وێنەیەو زۆر لە زیندانییەکان لەژێر باری ئەشکەنجەدانی جەستەیی یا سایکۆلۆژیدا گیانیان لەدەستداوە. مشتێکی ئەو شێوازانە: کونکردنی دەست و پێ بە بزمار یا بە دریلی کارەبایی، شکاندنی لووت و پەنجە بە چەکوشی ئاسن، لەتکردنی دەمووزمان. بەرزکردنەوەی پلەی گەرمای ژووری زیندان بۆ ژوور ( ٥٠ ) پلەی سەدی.

جێهێشتنی تەرمی زیندانییە ئیعدامکراوەکان لە نێو هاوەڵەکانیدا بۆ چاندنی ترس و لەرزو ئیرهاب و بڵاوکردنەوەی نەخۆشی، دەستدرێژیکردنە سەر ژن و دایک و خوشکی زیندانیکراو و ڕووتکردنەوەیان لەبەرچاویدا، کە وەک ئامرازێکی ئیعتراف پێکردن بەکاردەهات، تواندنەوەی زیندانیکراو لە نێو تیزابی چڕدا، خەساندن، لنگەوقوچ هەڵواسینی ئافرەتی بێ نوێژ، ناچارکردنی زیندانیکراو لەبابەتی مامۆستایانی ئایینی و زانکۆ و نووسەرانی ناسراو، بەماچکردنی بنی پێڵاوی ئەمنەکان، هەرکاتێکی میزاجیان هاتبێتە سەر ئەوە...تاد.

بەو ئاوایە، بوون و کەرامەتی ئینسانی کورد، لە ئالّی دوژمنانییەوە، یەجۆرێک هەرەشەو ژێرپێ خراوە، کە ئەگەر هەندێ جار زیندانییەکان لە ژێر گوشاری ئەشکەنجەدان گیانیان لەدەست نەدابێ، ئەوا دانیان بەو تاوانەدا ناوە کە دارو دەستەی دەسەلاّتی عێراقی بۆیان هەلّبەستووەو ئەو کۆنووس و مەحزەرانەیان ئیمزاو واژۆکردووە، کە ئەوان پێشتر ئیملایان کردبوو.

لێرەدا، واژۆکردن و برِوایی پێدان و چوونە رِیزی دەسەلاّتی زالّدەستی عێراقی بۆ ئەو رِێککەوتننامەو جارِنامەو برِیارو پرِۆتۆکۆلاّنەی لەمەرِ مافی مرۆڤ و، تێکستنووس کردنیان لە دەستووری ولاّتدا، دەریدەخا کە تەنها بۆ (پەردەپۆشکردنی تاوان و گەورەکەتنەکانی بووە)، نەک لە باوەرِیی بوونییەوە بە رِێزگرتن لە مافەکانی ئینسان، هەروەک لەلای (زۆر) لە دەولّەتان و پرِۆگرام و پەیرِەوی نێوخۆی حزبە دەسەلاّتدارەکانیش هەر وایە... (مافی مرۆڤ)! قوربانییەکەو لە راگەیاندن و پەیوەندی نێودەولّەتی و سیاسەتاندا، بازرگانی و سەداو پرِوپاگەندەی پێوەدەکرێ....

بەگشتی ئەگەر پرِۆتۆکۆلّێک یان یاسایەکی نێوخۆی تایبەت بە برِواییدانی پەیماننامەیەکی نێودەولّەتی، ئیمزاکراو دەرچوو، رِووداوەکانی مێژوو دەریدەخەن کە لە ژێرەوە قەسابخانەیەک نراوەتەوەو ئیهانەو هەرِەشەی بوون و کەرامەتی گرووپ و خەلّکانێک کراوە...

ئەو وەختەی کە دەچنە رِێزی رِێککەوتننامەیەک لەمەرِ

نەهێشتنی چەکێکی کۆکوژو کوشندە، ئەوە هەڵدەهێنجرێ کە بەرنامەی تەواوکاریی هەمان ئەو چەکە بەکۆتا هاتبێ!

ئەمێستا، (مافی مرۆڤ)یی (داهێنەر)و (بەستەزمان)، مۆدێلێکی سەردەمەو دروشمی سەر لەوح و دارشتەی نێو پەیرەو و پرۆگرامی دەسەڵاتدارانی موخالیف بەو مافانەیە، کە بە چنگی خوێناوییانەوە خۆیانی پێ رادەوەشێنن و لافی پێوە لێدەدەن...

(مافی مرۆڤ) بۆ ئەوانە پاساودەرێکی بێ نەزیری (تاوانباری) و (سیاسەتبازی) یانە پەردەپۆشی دەستێوەردان و خۆتێ هەڵقورتاندنەکانە.

دوای راپەرین و سەرهەڵدانی خەڵکی باشووری کوردستان و پێکهێنانی پەرلەمان و حکومەت، (نەخوازەڵا لەکاتی سیاسەتی پەنجا بە پەنجای، عاقیبەت شەروماڵوێرانیدا)، خەڵکی خودان راپەرین، ئەوجار بەرشاڵاوی پێشێلکاری حزبە کوردستانییەکان و شەری ناوخۆ کەوت و ئازارو ئەشکەنجەی جەستەیی و جا ئەگەر پاساو و بروبیانوو بۆ ئیبادەو ئەشکەنجەدانەکانی دوژمن پێشتر لە گۆرێ دابوون، ئەوا تاقە پاساوێکیش بۆ دەسەڵاتی نیشتمانی مومکین نییە.

بێگومان سیستەمی ناسەرکەوتووی فیفتی فیفتی و ئیفرازاتی شەری ناوخۆ دەورو کاریگەری نێگەتیڤانەیان کردە سەر ساردکردنەوەی خەڵک و بروا لەق بوون لە کێشەی میللەت و بڵاوبوونەوەی یەئس و بێ ئومێدی و تا رادەی وڵات بەجێهێشتن!...

نامیلکەی (میکانیزمی نەهێلانی ئازارو ئەشکەنجەدان) کە نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان، مەڵبەندی مافی مرۆڤ ـ بارەگای ـ جنێڤ ـ سویسرا، لە ژێر ناوی (هەڵمەتی جیهانگیری مافەکانی مرۆڤ) بە زنجیرەی ژمارە (٤) و بە (٤٦) لاپەڕە لە ١٩٩٠دا بلاویکردۆتەوەو ئێمە لێرەدا کردوومانەتە کوردی، ئامرازێکی بەهاداری هۆشیاری یاساییەو دەکرێ پەرلەمانی کوردستان، هەروا وەزارەتە پەیوەندارەکان (دادو ناوخۆو...) لە حکوومەتی کوردستاندا لە ڕووی یاسایی و کردەییدا، کەڵک و سوودی شایانی لێ ببینن. نووسینی لەو تەرزە باسانە ڕەنگە بۆ پسپۆڕانی بواری یاسا، زۆر بە ئەرک و گران نەبن، بەڵام ئەوەی وای لەمن کرد، لەجیاتی نووسین، پەناوەبەر کوردی کردنی ئەو تێکستە ببەم، ئەوەبوو کە:

١- ئەو توێژینەوەیە، لەلایەنێکی پسپۆڕی وەک مەڵبەندی مافی مرۆڤ دەرچووەو لیژنەیەک ڕای پەڕاندووەو بە زمانە ڕەسمییەکانی UN، بەهەموو دنیادا پەخش و بلاوکراوەتەوە.

٢- لەکاری تاقەکەسێک، باوەڕپێکراو ترو وردتر و بەدیقەتترە.

٣- پوختکراوەیەو دەشێ بۆ غەیرە پسپۆر و پیتۆڵانی یاساو مافی مرۆڤ، شوێنی چەندان کتێب و باس بگرێتەوە.

٤- بەگوێرەی تایبەتمەندانی یاسایشەوە، دەکرێ ببێتە سەرچاوەیەکی وروژێنەری چەندان باس و لێکۆڵینەوەی زانستی دیکە...

جێگای ئاماژەیە کە ئەو توێژینەوەیە بەر لە ساڵی ١٩٨٩دا نووسراوەو لە ١٩٩٥دا کراوەتە کوردی. باسەکە خۆی لەخۆی دا کاکڵەو کرۆکە، بۆیە بە پێویستم نەزانی بەتان و پۆی ڕابچم...

پێکەوە... بەرەو نەهێڵانی ئازارو ئەشکەنجە... نەهێڵانی زەبرو زەنگ و ستەم، ئیرهاب و تالان... لە هەموو کوردستان، لەگشت سووچ و گۆشە و قوژبنێکی ئەو دنیایە... بەهیوای ئەو ڕۆژەو بەو ئومێدەی توانیبێتم مەبەست بگەیێنم.

## میکانیزمی نەهێڵانی ئازارو ئەشکەنجەدان

### بەرایی

* ئازارو ئەشکەنجەدان، بە پێشێلکردنێکی لە مەترسیدا تایبەتیی، مافەکانی مرۆڤ دەژمێرێت؛ بەو سیفەتەیشی لە یاسای نێودەوڵەتیدا کوللەن یاساغ کراوەو بەشێوەیەکی تایبەتیش لە جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤدا، کە لەبەندی پێنجەمیدا دەقنووسی کردووە «نابێت هیچ کەسێک بخرێتە ژێر ئەشکەنجەدان و ڕەفتاری یا سزادانی توندوتیژ یان دڕندانە یاخود ئاوڕووبەرانەوە».

لەپێناوی دەستەبەرکردنی پاراستنی تێرابیشدا بۆ هەمووان لە دژی ئەو سنووربەزاندنانە، نەتەوە یەکگرتووەکان ماوەی ساڵانێکی دووردرێژ هەوڵی فۆرمەڵەکردنی چەند پرانسیپێکی لە ڕووی جیهانییەوە شایانی پیادەکردن دا.

ڕێککەوتننامەی دژ بە ئەشکەنجەدان و جۆرەکانی تری ڕەفتاری یا سزادانی توندوتیژ یا دڕندانە یاخود ئاوڕووبەرانە، کە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٠ی کانوونی

یەکەمی ١٩٨٤ دا پەسەندی کردووە، هەروا زۆر لە ڕێککەوتننامەو جاڕنامەو بڕیارەکانی تری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی پەیوەندار بە بابەتەکە؛ بەڕوونی و بەبێ هەڵاوێردن دەقنووسی قەدەغەکردنی پەناوەبەر ئەشکەنجەدان دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا نەتەوە یەکگرتووەکان، هەر ئەوەندەی دەسەڵاتە تێبینی ئەوەبدات کە مومارەسەی ئەشکەنجەدان، لە ژمارەیەکی زۆری وڵاتاندا تا هەنووکەیش بەردەوام بووە.

کۆمەڵەی گشتی لە ١٩٨١دا سندووقی پیتاکی نەتەوە یەکگرتووەکانی بۆ قوربانیانی ئەشکەنجەدان دامەزراند بۆ ئەوەی یارمەتی پێشکێشی زۆر لە قوربانیانی ئەشکەنجەدان بکات، بەڵام دامەزراندنی ئەو سندووقە، لەهەر حاڵێکدا، ناکرێت مانای ڕازی بوونی ناڕاستەوخۆی ئەشکەنجەدان، بگەیێنێ و هێژ ئەرکی لە پێشتر گرتووی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕیشەکێشکردنی بەدوایی، ئەو مومارەسەیە دایە.

## ئەو ڕاییکردن و تەگبیرانەی لە دژی ئەشکەنجەدان کراون

پەنابردنە بەر ئەشکەنجەدان و ڕەفتاری توندوتیژ یا وەحشیگەرانە یاخود ئاوڕووبەرانە، هەوەڵینی ئەو کێشانە پێک دەهێنن کە تا ئێستا نەتەوەیەکگرتووەکانیان سەرقاڵ کردووەو هەر لە دوای دامەزراندنییەوە بە چەندساڵێکی کەم، بەقووڵی نیگەرانیان بزواندووە.

ڕێکخراوەکە بە کردەوەیش ماوەی چەندین ساڵ و لە ڕێگای چەندین هۆو ئامرازەوە، هەوڵی زامنکردنی پاراستنێکی تێراییی

لە ئەشکەنجەدان و جۆرەکانی تری ڕەفتاری سزادانی توندوتیژ یاخود دڕندانە یان ئاوڕووبەرانە، داوە بۆ هەمووان.

بۆ ئەو مەبەستەش پشتی بە چەند پرانسیپێکی جیهانگرو گشتگرەوە بەست، ئەو پرانسیپانەش جاڕنامەو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان بوون، هەر وەک پشتی بە چەندین ڕێسایەک بەستووە کە بەتەرخانی بەسەرگیراوەکاندا پیادە دەبن، چ بەتەنها تاوان دراوە پاڵ بووبن یان بە کردەوە ئەحکامیان بۆ دەرچوو بێت.

هەندێ شێوازی سزادانی تایبەتی یان هەڵسوکەوتی خراپیشی یاساغ کردو لە پێناوی فۆرمەڵەکردنی پرۆژەی تۆمارێک بۆ پرانسیپەکانی هەڵسوکەوتی بەرپرسانی بەجێگەیاندنی یاساو پرۆژەی تۆمارێکیش بۆ داب و نەریتی پیشەی نوژداریی، چەند توێژینەوەیەکی ئەنجامدا؛ پاشان کۆمەڵەی بنەما نموونەییەکانی لانی کەمی ڕەفتارکردن لەگەڵ گیراوەکانی پشتگیری کردو جەختی لێکردەوە، کە لەوەتی جاڕدانییەوە لە ١٩٥٥دا بواری زامنکردنی شتێ لە پاراستنی کەسە گیراوەکانی ڕەخساندووەو کاری لە یاسای زۆر وڵاتاندا کردووە.

### ١. لابردنی سزا جەستەییەکان لەو هەرێمانەی ڕاسپاردن دەیانگرێتەوە

ئەنجوومەنی ڕاسپاردە (مجلس الوصایە)ی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە ڕاپۆرتێکیدا لە هەردوو خولی چوارەم و پێنجەمینی ١٩٤٩، لابردنی خێرای سزا جەستەییەکانی لە هەندێ هەرێمی ژێر بەڕێوەبردنی کۆلۆنیالی، ڕاسپارد.

بۆ لاگیری کردنی ئەو ڕاسپاردەیەش، خودی کۆمەڵەی گشتی، لە بڕیاری خۆی ٤٤٠(د-٥) لە ٢ی ئەیلوولی ١٩٥٠دا داوای کرد کە؛ (لە پێناوی پووچەڵ کردنەوەی تەواوی سزا جەستەییەکان لە هەموو ئەو هەرێمانەی ڕاسپاردن دەیانگرێتەوە، لە هەر کوێیەکی کە تا ئێستا ئەو سزایانە مابن، ڕاییکردن و تەگبیر بکرێن)و تکای لە دەسەڵاتە کارگێڕییەکانی ئەو هەرێمانە کرد ڕاپۆرت دەربارەی ئەو کێشەیە پێشکێش بکەن.

هەروا لەو توێژینەوەیەی کە کۆمەڵەی گشتی دوای ئەوە بۆ دووساڵان بۆ ئەو ڕاپۆرتانەی کردن کە بۆی هاتن، دەرکەوت کە بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی سەرپێچییەکانی ئەو سزا جەستەییانەی بۆ دادگایی کردن بەرچاوکراون...

**٢. بنچینە نموونەییەکانی لانی کەمی ڕەفتارکردن لەگەڵ گیراوەکاندا**

لەساڵی ١٩٥٥دا هەوەڵین کۆنگرەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ قەدەغەکردنی تاوان و ڕەفتارکردنی تاوانکاران، کۆمەڵێک لە بنچینەکانی لای کەمی ڕەفتارکردن لەگەڵ گیراوەکانی پەسەند کرد. ئەو کۆمەڵە بنەمایانە کۆمیتەیەکی ڕاوێژکاریی، لە خەبیرو شارەزایان، دایان نابوو بە گوێرەی ئەو پلانەی سکرتێری گشتی ئامادەی کردبوو، دامەزراو، کۆمەڵەی گشتیش لە بڕیاری خۆی ٤١٥(د-٥) ڕێکەوتی ١ی کانوونی یەکەمی ١٩٥٠دا دانی پێدانا.

کۆمەڵە بنەماکانی لانی کەمی ڕەفتارکردن لەگەڵ گیراوەکانیش، ئارمانجەکەی دارشتنی سیستەمێکی سزایی

نموونەیی درێژو لێک کێشاوە نییە، بەڵکو مەبەستی دیاریکردنی ئەو بنچینەو بنەمایانەیە کە زامنی ڕێکخستەو سیستەمێکی سزایی لەبارەکەن و بەسەر ڕەفتارکردنی گیراوەکاندا پیادە دەکرێن، بەکەڵک وەرگرتن لەوەدا، لە چەمک و مەفهومە پەسەندکراوەکان بەگشتی لە ڕۆژانی ئەمڕۆماندا و، کۆڵەگە جەوهەرییەکانی گونجاوترینی سیستەمە نوێیەکان.

یەکێک لە بنەماکانی لانی کەمیش (بنەمای ژمارە ٣١) ناواخنی کردووە کە سزا جەستەییەکان و بەندکردن لە زیندانی تاری و هەروەها هەر سزایەکی توندوتیژ یا هۆڤییانە یاخود ئاوڕووبەرانە، پێویستە بەکارهێنانیان بەتەواوی قەدەغە بکرێن بەوەی لە سزا تەئدیبییەکانن.

کۆمەڵەی گشتی، لە بڕیاری خۆی ٢٨٥٨(د-٢٦) ڕێکەوتی ٢٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٧١، سەرنجی دەوڵەتە ئەندامەکانی بۆ کۆمەڵە بنەماکانی لانی کەمی کێشکردو داوای لێکردن کە لە بەڕێوەبردنی دامەزراوە سزایی و چاکسازییەکانیاندا چالاکانە پیادەیان بکەن، هەر وەک داوای توێژینەوە لە دەقە بەرکردنی ئەو بنچینەو بنەمایانەی لێکردن، لە یاسا نیشتمانییەکانیاندا.

**٣. پاراستن لە کردەی دەسگیرکردن و گلدانەوەی بە ناهەق**

پرۆژەی بنەماکان لەمەڕ ئەو مافەی بە گوێرەی ئەو ناکرێت کەس دەسگیر بکرێت یا بە ناهەق گل بدرێتەوە، لەسەر داوایەکی کۆمیتەی مافی مرۆڤ (بڕیار٢(د-١٧٠) ڕۆژی ١٤ی ئازاری

١٩٦١) داندرا ئەوەش لەسەر دەستی لیژنەیەکی پێکهاتوو لە چواردەوڵەتی ئەندام لە کۆمیتەکەدا.

لەوەی پەیوەستیش بە رەفتارکردنی کەسانی دەسگیرکراو یا گلدراو، ئەو پرۆژەیەی بنچینەکان، لە کۆمەڵە کارێکدا (بەندی٢٤) دەقنووسی ئەوە دەکات کە: «نابێت هیچ کەسێکی دەسگیرکراو یا گلدارو ملکەچی زوڵمێکی جەستەیی یان عەقڵی و ئاوەزیی، یا ئەشکەنجەدان یا توندوتیژی، یا گەف کردن، یاخود هەر یەکێک لە وەسیلەکانی تری گوشارکردن، یا گومراهی کردن یان لەف و مانۆری پیسکەییانە، یان ئیحادانی بەساختە، یا بە وەڵام هێنانی درێژدادڕ، یاخود خەواندنی موگناتیسی یا لە هۆش خۆبردن، یان هەر ئیجراداان و رێوشوێنێکی تر کە مایەی هەڕەشەکردنی یا کەم کردنەوەی ئازادییەکەی بێت لە ئیجرا یان بڕیار وەرگرتنێکدا یا بیردانی یان بەرچاو روونییەکەیدا بکرێت.

هەر گۆتنێکیش کە لە ژێر کارتێکردنی هەر یەکێک لەو شێوازە یاساغ و قەدەغانەی سەرەوە ئەو مانایە بگەیێنێ و هەر یەک لە رەگەزەکانی ئیسپات و سەلماندن کە لە ئەنجامی ئەو جۆرە گۆتنانە وەدەست دەهێنرێن، نابێت لەکاتی دادگایی کردندا وەک گرینە لە دژی دا حسێبیان بۆ بکرێت».

لە پێناوی دەست و برد کردن لە تەواوکردنی ئەو پرۆژەیەی بنچینەکان، لە ١٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٢دا، کۆمەڵەی گشتی لە بڕیاری خۆی ٤٣٧/٣٧ لەوەتی کردنەوەی خولی سی و هەشتەمینی، بڕیاری دامەزراندنی تیمێکی کارگێڕی سەر بە کۆمیتەی شەشەم (مەسەلە یاساییەکان)ی دا.

پرۆژەی کۆمەڵە بنچینەکانی پەیوەست بە پاراستنی هەموو ئەو کەسانەی کە دووچاری هەریەک لە شێوەکانی گلدانەوە یا زیندان دەبن، بەو داڕشتەیەی کە تیمی کارگێڕ (الفریق العامل) لە تشرینی دووەمی ١٩٨٧ دا پەسەندی کردووە، دەقنووس کراوە هەمووی ٣٩ بنچینە دەگرێتەوە، لە پێشەوەیان پێناسەی چەند زاراوەیەکی دیاریکراوە وەک و (گلدانەوە)و (دەسگیرکردن) و (کەسی گلدراوە)و (کەسی زیندانی کراو)و (دەسەڵاتی دادوەری یا ئیدیکە)،... و بنچینەی یەکەم لەو کۆمەڵەدا لەسەر هەڵسوکەوتی مرۆڤانەی هەر کەسێکی کە دووچاری هەریەک لە شێوەکانی گلدانەوە یا زیندانیکردن دەبێت لەگەڵ ڕێزگرتنی ئەو شکۆمەندێتییەی لە خودی ئادەمێتییەکەی دایە، تێکستنووس کراوە، لەوەختێکدا بنچینەی ٧ لەلای خۆیەوە ڕایدەگەیێنێ کە (لەسەر دەوڵەتانە یاسایان دەربکەن کە هەموو ئەو تەگبیرانەی پێشێلی ئەو ماف و ئەرکانە دەکەن کە لەو بنچینانە جاڕدراون، یاساغ بکەن و سەپاندنی سزای لەبار لەسەر ئەوانەی لەو ڕاییکردن و تەگبیرانە بەرپرسن دەقنووس بکەن، لە حاڵەتی سکاڵاکردندا بە پاکی و بێلایەنی لێ بکۆڵنەوە).

### ٤- جاڕنامەی پاراستنی کەسان لە تووش بوون بە ئەشکەنجەدان

کۆمەڵەی گشتی لە بڕیاری ٣٤٥٢(د-٣٠) ڕۆژی ٩ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٥، جاڕنامەی پاراستنی هەموو کەسان لە تووش بوون بە ئەشکەنجەدان و جۆرەکانی تری ڕەفتار یا سزادانی توندوتیژ یان هۆڤییانە یاخود ئابڕووبەرانەی پەسەندکرد.

ئەو جاڕنامەیەش لە دوانزدە بەند پێکهاتووەو یەکەمیان پێناسەی دەستەواژەی (ئەشکەنجەدان) دەکات بەوەی کە (هەرکارێکی کە ئازار یا ماندووبوونێکی زۆری لێ بێتە بەرهەم، جەستەیی بووبێت یا عەقڵی و ئاوەزیی و بە ئەنقەست بەکەسێک بگەیێنرێ، بەهۆی یەک لە فەرمانبەرە گشتییەکانەوە، یا بە هاندانی ئەو، بۆ چەند مەبەستێکی وەک وەدەستخستنی زانیاری یا داننان، لەو کەسە، یان یەکێکی تر، یا سزادانی لەسەر کارێکی کە ئەنجامیداوە، یا گومان هەیە لەوەی کە قەوماندوویەتی، یان تۆقاندنی یاخود ترساندنی کەسانی تر».

٥- تۆماری بنچینەکانی ڕەفتارکردن لەوەی پەیوەستە بەوەکارخستنی یاسا

کۆمەڵەی گشتی لە بڕیاری خۆی ٣٤/١٦٩ ڕۆژی ١٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٩، تۆماری بنچینەکانی ڕەفتارکردن لەگەڵ کارمەندانی بەکارخستنی یاسا پێ سپێردراو، پەسەندکردو لەگەڵ ڕاسپاردەیەکدا حەواڵەی حکوومەتانی کردن بۆ وەی کە لە چوارچێوەی یاساکان یان مومارەسە نیشتمانییەکانەوە، بەچاوی قبوڵ و ڕەزامەندییەوە تەماشا بکرێن، بەو ڕووەتەی کۆمەڵە بنچینەیەکن و پێویستە کارمەندانی بەکارخستنی یاسا پێ سپێردراو، پابەندبن پێیانەوە، بەندی ٥ لەو تۆمارەدا، لەسەر ئەوەی خوارەوە تێکست نووسی کردووە.

(هەر یەکێک لە کارمەندانی بەجێهێنەری یاسا، پێ سپێردراو، نابێت بە هیچ کارێکی ئەشکەنجەدان یا جۆرەکانی تری ڕەفتار

یا سزادانی، توندوتیژ یا دڕندانە یاخود ئابڕووبەرانەوە هەڵبسێ، یا لێی هان بدات، یان چاوی لێ بپۆشێ، هەر وەک بۆ هەر یەکێک لە کارمەندانی بەجێهێنەری یاسا پێ سپێردارو، ناشێ بڕوبیانووی بڕیارو فەرمانی لای سەرەوە، یا هەڵومەرجی نائاسایی وەک حاڵەتی شەڕ یا گەف کردن بەشەڕ یا خستنەمەترسی ئەمنی قەومی یاخود تێکچوون و نەسرەوتنی ئارامی سیاسی ناوخۆ، یان هەر یەک لە حاڵەتەکانی تری تەنگانەی گشتی، وەک پاساودانی ئەشکەنجەدان و جۆرەکانی تری ڕەفتار یا سزادانی توندوتیژ یا دڕندانە یاخود ئابڕووبەرانەوە، بهێنێتەوە».

**٦- بنەماکانی تۆروتبعەتی پیشەی نوژداری**

کۆمەڵەی گشتی لە ١٨ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٢، بەبڕیاری خۆی ١٩٤/٣٧ بنەماکانی تۆروتبعەتی پیشەی نوژداری پەسەندکرد، کە پەیوەستە بە ڕۆڵی کارمەندە تەندروستییەکان نەمازە پزیشکەکان، لە پاراستنی گیراو و گل دراوەکاندا، لە ئەشکەنجەدان و جۆرەکانی تری ڕەفتار یان سزادانی: توندوتیژ یا دڕندانە یاخود ئابڕووبەرانەوە.

یەکەم بنەما لەو بنەمایانەی تۆروتبعەتی پیشەی نوژداریش لەسەر ئەوە دەقنووسی کردووە، کە «ئەرکی کارمەندە تەندروستییەکانە، ئەوانەی چاودێری نوژداریی گیراو و گلدراوەکانیان پێ سپێردراوە، نەخوازەڵا پزیشکەکان لە نێو ئەو کارمەندانەدا، پارێزگاریی دروستیی جەستەیی و عەقڵیان بۆ دابین بکەن و چارەسەری نەخۆشییەکانیان بکەن لە هەمان

چەشن و ئاتاجی ڕێگەدراو بۆ غەیرە گیراو و گلدراو».

بەڵام بنەمای دووەم تێکست نووسی ئەوەی کردووە کە (ئەگەر کارمەندە تەندروستییەکان، نەخوازەڵا پزیشکەکان، بە ڕێگایەکی پۆزەتیڤانە بێ یا نێگەتیڤانە، کاری وا بکەن کە پشکداری بێت لە ئەشکەنجەدان و جۆرەکانی تری ڕەفتار یان سزادانی: توندوتیژ یا دڕندانە یاخود ئابڕووبەرانە یان خۆلێک دانەوە یا تیخ تیخەدان لەسەر ئەو کارانە، یا هەوڵدان بۆ قەوماندنیان؛ سەرپێچییەکی گەورەی تۆرو تبعەتی پیشەی نۆژدارییەو بە گوێرەی دەقە نێودەوڵەتییە پیادە کراوەکانەوە تاوانە).

### ٧. ڕێککەوتننامەی دژ بە ئەشکەنجەدان

کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ١٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٤دا ڕێککەوتننامەی دژ بە ئەشکەنجەدان و جۆرەکانی تری ڕەفتار یا سزادانی: توندوتیژ یا هۆڤییانە یاخود ئاوڕووبەرانەی (تەماشای هاوپێچی خوارەوە بکە) پەسەندکرد. ئەم ڕێککەوتننامەیەش لە سی و سێ بەند پێکهاتووەو دەسپێکی کارپێکردنی لە ٢٦ی حوزەیرانی ١٩٨٧ەوەیە.

### أ- تایبەتمەندێتییەکانی ڕێککەوتننامەکە:

ڕێککەوتننامەی دژ بە ئەشکەنجەدان و جۆرەکانی تری ڕەفتار یا سزادانی توندوتیژ یا دڕندانە یاخود ئاوڕووبەرانە، هەر بە دەقنووس کردنی ئەوە ناوەستێ کە دەوڵەتە لایەنەکان لەسەریان

بێت ئەشکەنجەدان لە یاسا نیشتمانییەکانیاندا یاساغ و قەدەغە بکەن، بەڵکو ئەو بە ڕاشکاوی هەموو بڕوبیانوویەک بە (هەر فەرمانێکی لای سەرەوە)یان بەهەر بارێکی نائاسایی( وەک پاساودانەوەی کارەکانی ئەشکەنجەدان یاساغ دەکات).

لەلایەکی تریشەوە، ڕێککەوتننامەکە دوو ڕەگەزی نوێی هێنایە ئارا، کە بایەخی تایبەتییان لە نەهێڵانی ئەشکەنجەداندا هەیە لە ئالی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە. ڕەگەزی یەکەم: ئەوەیە کە لە ئێستا بەدواوە، دەکرێت ڕاوەدووی ئەنجامدەری ئەشکەنجەدان بنرێت لە هەر کوێیەک لەو خاکانەی دەوڵەتانی لایەن لە ڕێککەوتننامەکەدا بێت، چونکە ئەو ڕێکەوتننامەیە ئەوە دەقنووس دەکات کە لە هەر دەوڵەتێکی لایەن بێت دەکرێت دادگایی ئیدعا لەسەرانی ئەنجامدانی کارەکانی ئەشکەنجەدان بکرێ، یا دانەوە دەست و سپاردنەوەیان بۆ دادگایی کردنیان لەو دەوڵەتە لایەنەی کە ئەو تاوانانەیان لێ ئەنجامداوە.

ڕەگەزی نوێی دووەمیش ئەوەیە کە ڕێککەوتننامەکە حوکمێکی گرتۆتە خۆی کە دەڵێ: وەختێک زانیاری بەڵگەدار هەبن ئاماژە بەوەبکەن کە ئەشکەنجەدان لە خاکی دەوڵەتێکی لایەن لە ڕێککەوتننامەکەدا بەشێوەیەکی ڕێکوپێک مومارەسە دەکرێت، تواناو ئیمکانیەتی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی نێودەوڵەتی دەبێت. لێکۆڵینەوەی لەو بابەتەیش دەکرێ سەردانەکانی کۆمیتەی دژ بە ئەشکەنجەدان کە بەپێی ڕێککەوتننامەکە دامەزراوە، بۆ خاکی دەوڵەتی لایەنی پەیوەندیدارو بە ڕەزامەندی خۆی بگرێتەوە.

سەرباری ئەوەش، دەوڵەتە لایەنەکانی ڕێککەوتننامەکە بۆ بەرگرتن لە ئەنجامدانی هەر کارێکی ئەشکەنجەدان لە هەر خاکێکی کە دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتیانەوە، پەیمانی تەگبیرو ڕاییکردنە یاسایی و ئیداری و دادوەرییەکان و ڕاییکردن و تەگبیرە کاریگەرەکانی تر دەدەن.

ناشکرێ بروبیانوو بۆ پاساودانی ئەشکەنجەدان، بەهەل و مەرجی نائاسایی هەرچییەک بێت، بهێنرێتەوە، وەک حاڵەتی شەڕ یا نائارامی سیاسی نێوەخۆ یاخود هەر حاڵەتێکی تەنگاویی دیکە.

بەپێی ڕێککەوتننامەکە هیچ دەوڵەتێکی لایەن بۆی نییە هیچ کەسێک وەدەر بنێت یا بیگێڕێتەوە ـ ڕەتی بداتەوە ـ یان بە دەوڵەتێکی دیکەی بسپێرێتەوە، ئەگەر هۆی ڕاستینەیان لەلادابین بوون بە قەناعەتی کەوتنە بەر مەترسی تووش بوون بە ئەشکەنجەدانیان ببات.

لە هەر ئەنجامدانێکی جینایی پەیوەست بەکارەکانی ئەشکەنجەدان، دەوڵەتە لایەنەکان، ئێکودوو، بەرفرەترین هاریکاریی دادوەریی لەباری یەکتر دەکەن، هەر وەک دەوڵەتە لایەنەکان ڕشت دەبن لەسەر ئەوەی کە فێربوون و ڕاگەیاندن لەوەی پەیوەندار بە قەدەغەکردنی ئەشکەنجەدان بەشێکی دانەبڕاوە لە تەیارکردن و ڕاهێنانی کارمەندە سڤیلەکان یا سەربازییەکانی ڕاسپێردراو بە ڕاپەڕاندنی یاساو کارمەندە تەندروستییەکان و کارمەندە گشتییەکان و کەسانی تر لەوانەی لە پاسەوانی کردن یا بە وەڵام هێنان یان مامەڵە کردنی

هەریەکێکی دەسگیرکراو یان گلدارو یاخود گیراو، بەهەر ڕێگایەک بێت، بەشداری دەکەن.

دەوڵەتە لایەنەکان، لە سیستەمە یاسایەکانیاندا، مافی دادوەری کردن و دەستکەوتنی قەرەبوویەکی تێرِاو دادیارانە، بۆ قوربانیانی کارەکانی ئەشکەنجەدان دەستەبەر دەکەن، لەوانە هۆ و وەسیلە پێویستەکان بۆ شیاندنەوەو خستنەوە سەرپێیان، بە تەواوترین شێوەی شیاو.

**ب ـ پیادەکردنیی ڕێککەوتننامەکە:**

کۆمیتەی دژ بە ئەشکەنجەدان، کە لە (١٠) خەبیرو شارەزا، لەسەر ئاستی ئاکاری بەرزو نکۆڵی نەکراو بەلێهاتوویيان لە بواری مافی مرۆڤدا، پێکهاتوون، سەرپەرشتی پیادەکردنی ڕێککەوتننامەکە دەکەن.

بەگوێرەی بەندی ١٩ لە ڕێککەوتننامەکە، دەوڵەتە لایەنەکان، لە ڕێگای سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، لەسەر ئەو ڕاییکردن و تەگبیرانەی کە بە پێی ڕێککەوتننامەکەو وەک ڕاپەڕاندنێکی پەیماندانەکانیان ئەنجامیان داون. ڕاپۆرتیان پێشکێشی کۆمیتەکە دەکەن.

هەر ڕاپۆرتێکیش لە کۆمیتەکەدا، لێی دەکۆڵرێتەوە کە دەتوانێت بەشێوەیەکی گشتی لەسەریان بدوێ و بۆ دەوڵەتە لایەنەکان و کۆمەڵەی گشتی، لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆی بئاخنێت.

بەگوێرەی بەندی ٢٠ لە ڕێککەوتننامەکە، ئەگەر کۆمیتەکە زانیاریی بڕواپێکراوی وەرگرت ئاماژە بەوە بکەن کە ئەشکەنجەدان بە شێوەیەکی ڕێکوپێک لە خاکی دەوڵەتێکی لایەن مومارەسە دەکرێ و بۆی دەرکەوت کە بەڵگەی بناغە پتەویان هەن، کۆمیتەکە، بۆ جێبەجێکردنی ئەو مەبەستە، داوای هاوکاری لە دەوڵەتە لایەنە مەبەستدارەکە دەکات لە لێکۆڵینەوەی ئەو زانیارییانەو خستنە ڕووی تێبینییەکانی لەمبارەیەوە.

کۆمیتەکە، ئەگەر بڕیاری دا پاساوی ئەوە هەیە، بۆی هەیە ئەندامێک یان زیاتر، لە ئەندامەکانی دیاریی بکات بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی نهێنی و خێرا پێشکێشکردنی ڕاپۆرتێک لەوبارەیەوە بۆ کۆمیتەکە، لێکۆڵینەوەکە بە ڕێککەوتن لەگەڵ دەوڵەتە لایەنەکە، سەردانی خاکی دەوڵەتە مەبەستدارەکەش دەگرێتەوە.

پێویستە لەسەر کۆمیتەکە، پاش تاوتوکردنی ئەو ئەنجامانەی کە ئەندامێکی یان ئەندامەکانی وەدەستیان دێن، ئەو ئەنجامانە لەگەڵ هەر لێدوان و بەدواداچوونێک یا پێشنیارێکی کەوا دیارە بەهۆی وەزعی ڕاهینەوە شیاوو لەباربێت، حەواڵەی دەوڵەتە لایەنە پەیوەنددارەکانیان بکات.

هەموو ڕێوشوێن و ئیجرائاتەکانی کۆمیتەکە بە نهێنی دەبێت، لەگشتی قۆناخەکانی ڕێوشوێنەکانیشدا داوای هاریکاری کردنی دەوڵەتی لایەن دەکرێت، دوای تەواوکردنی ئەو ئیجرائاتانەی پەیوەند بە هەر لێکۆڵینەوەیەکن و دوای پرس و

ڕاکردن بە دەوڵەتی لایەنی پەیوەندارەوە، کۆمیتەکە لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیدا کە بۆ دەوڵەتە لایەنەکانی دیکەو بۆ کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ئامادەی دەکات، بۆی هەیە بڕیاری ئاخنینی کورتە بەیاننامەیەک بە ئەنجامی ڕێوڕەسم و ئیجرائاتەکان بدات.

### ٨. کۆمیتەی دژ بە ئەشکەنجەدان

بەپێی بەندی ١٧ لە ڕێککەوتننامەکە، کۆمیتەیەکی دژ بە ئەشکەنجەدان دامەزرا کە لە (١٠)خەبیرو شارەزا پێکهاتووە، دەوڵەتە لایەنەکان بە دەنگدانی نهێنی، هەڵیان دەبژێرن، ئەندامانی کۆمیتە بۆ ماوەی چوار ساڵان هەڵدەبژێرین و دەتوانن جارێکی تر هەڵبژێردرێنەوە.

ئەرکی بنەڕەتی کۆمیتەی دژ بە ئەشکەنجەدان شەونخوونییە بە دیار ڕێزنان و پیادەکردنی ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی دژ بە ئەشکەنجەدان و جۆرەکانی تری ڕەفتار یا سزادانی توندوتیژ یا دڕندانە یاخود ئابڕووبەرانەوە.

کۆمیتەی ئێستایش، لەماوەی کۆبوونەوەی یەکەمدا کە دەوڵەتە لایەنەکانی ڕێککەوتننامەکە لە جنێڤ گرێیاندا، لە ڕۆژی ٢٦ی تشرینی دووەمی ١٩٨٧ پێکهێنرا، دەوڵەتانی لایەن لە ڕێککەوتننامەکە خەرجییەکانی پەیوەند بە چالاکییەکانی کۆمیتەکە دەگرنە ئەستۆ، ئەوان لە کۆمبوونی یەکەمیاندا بڕیاری دابەشکردنی خەرجییەکانیان لە نێوان خۆیاندا لەسەر بناغەی ڕێژەیی و بەگوێرەی پشکداربوونیان لە بودجەی نەتەوە

یەکگرتووەکاندا لەگەڵ ڕوونکردنەوەی ئەوەی بەهری هەر دەوڵەتێک بەتەنها نابێ لە ٢٥ ٪ خەرجییە کۆییەکان تێ بپەڕێت.

کۆبوونەوەی یەکەمی ئەندامانی کۆمیتەی دژ بە ئەشکەنجەدان و جۆرەکانی تری ڕەفتار یا سزادانی توندوتیژ یا دڕندانە یاخود ئاوڕووبەرانەوە، لە جنێڤ لە نیسانی ١٩٨٨ دا گرێدراو لە ماوەی کارەکانیشیدا کۆمیتەکە لە کۆمەڵە کارێکدا هەڵسا بە پەسەندکردنی سیستەمی ناوخۆیی خۆی و دیاریکردنی ڕێگاکانی ئیشکردنی خۆی بە گوێرەی ئەحکامی ئەو ڕێککەوتننامەیەی بەپێی ئەو دامەزراوەو لێکۆڵینەوەی هەندێ مەسەلەی ڕێوڕەسم کاری (اجرائی).

هەروەک بەم بۆنەیەوە بڕیاریدا دوو خول لە ١٩٨٩دا گرێ بدات.

کۆمیتەکە بە پێی بەندی ٦٢ لە پێڕەوی ناوخۆی خۆی، دەتوانێت ئاژانسە پسپۆڕو تایبەتمەندەکان و دەستەو ستافە بایەخدارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێکخراوە حکومییە نێودەوڵەتییە ئیقلیمییەکان و ڕێکخراوە ناحکومییە ڕاوێژکارییەکان لە ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی، بانگهێشت بکات و زانیاری و بەڵگەنامەو پێشانگەی کتێبیان، بەپێی باروزروف، پێشکێش بکات کە پەیوەندن بەو کارانەی بە مەبەستی پیادەکردنی ڕێککەوتننامەکە، گرنگییان پێ دەدەن.

ده ئەندامە هەڵبژێرراوەکانی کۆمیتەکەیش، ئەوانەی بە سیفەتی شەخسییان لە ١ی کانوونی دووەمی ١٩٨٨دا کارەکانیان دەستپێکرد، ئەوانەبوون: ڕێزدار ئەلفریدۆ ر.أ بنگزۆن (فلیپین) ڕێزدار پیتەر تۆماس بێرنز (کەنەدا) ڕێزدار کریستین شانیە (فەرەنسا)، ڕێزدار سکۆرۆ دیاز پالاسیۆس (مەکسیک) ڕێزدار ئەلکسیس دیباندا مۆیلە(کامیرۆن) ڕێزدار ڕیکاردۆجیل لاڤیدرا (ئەرجەنتین) ڕێزدار یۆری أ. خیترین (یەکێتی سۆڤیەت) ڕێزدار دیمیتار نیکۆلۆف میخائیل (بولگاریا) ڕێزدار بنت سورنسین (دانیمارک) ڕێزدار جۆزێف فوایام (سویسرا).

ماوەی دەسەڵاتی ئەو خەبیرو شارەزایانەش چوار ساڵە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە پێکهێنانی کۆمیتەکە کە هەردووساڵ نیوەی نوێ دەکرێتەوە، پێنج لە دەی خەبیرو شارەزاکان، کە ناوەکانیان لە ماوەی کۆبوونەوەی یەکەمی دەوڵەتە لایەنەکانی ڕێککەوتننامەکە ڕۆژی ٢٦ی تشرینی دووهەمی ١٩٨٧ بەخۆ و بەخت ڕاکێشرا، ماوەی دەسەڵاتیان، لەجیاتی ساڵی ١٩٩١ بە کۆتایی ساڵی ١٩٨٩ بەکۆتادێت.

### ٩. بڕیاردەرێکی تایبەت بە بەرهەڵستکاریی ئەشکەنجەدان

کۆمیتەی مافی مرۆڤی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان، سەرباری کارەکانی خۆی پەیوەند بە داننانی دەقی ڕێککەوتننامەکە، لە بڕیاری خۆی ١٩٨٥/٣٣.، بڕیاردەرێکی تایبەتی دامەزراند، بۆ وەی لە مەسەلەکانی پەیوەندار بە ئەشکەنجەدان بکۆڵێتەوە، بەشێوەیەکی تایبەتیش بۆ داواکردن و وەرگرتنی زانیاریی

جێگـای بـاوەڕ دەربـارەی ئـەو بـابـەتـە، ڕاسـپـێـردرا، کـە بێ دواکـەوتن بە پیر ئەو زانـیـاریـیـانـەوە بچێت. لە کـاتێکـیـشـدا دەسـەڵاتی کۆمـیـتـەی دژ بـە ئـەشـکـەنجـەدان، دەسـتـووری وەزیـفـەیـەکی نـیـمـچـە دادوەریی پێدەدا، ئـەو وەزیـفـەیـەی کە خـراوەتـە پـاڵ بڕیـاردەری تـایـبـەتی دەربـارەی مـەسـەلـەکـانی پـەیـوەندار بـە ئـەشکـەنجـەدانەوە، تـەواو جـیـاوازی هـەیـە، کـە لەسـەریەتی ڕاپۆرتێک بەگشتی دەرهەق دیاردەی ئەشکەنجەدان پێشـکێـشی کۆمـیـتـەی مـافی مـرۆڤی بـکـات کە لـە نوێنـەری حکوومەتان پێکهاتووە. بۆ ئەو مەبەستەش بڕیاردەری تایبەتی پـەیـوەنـدی بـە چـەشـنـەهـای حـکـوومـەتـانـەوە دەکـات و داوای زانیاریـیان لێدەکات دەربارەی ئەو ڕاییکردن و تەگبیرە یاسایی و ئـیـداریـیـانـەی کە کـراون بۆ قـەدەغـەکـردنی ئـەشـکـەنجـەدان و چارەسەرکردنی شوونەوارەکانی لەو حاڵەتانەی کە ئیحتیمالی ئەوە هەبێ، تێیاندا مومارەسە کرابن.

سەربـاری ئـەوەش، پێویـسـتـە بڕیاردەری تایبـەتی دراماتیـکانە بـتوانێت لـەگـەڵ ئـەوەی دەستی دەکـەوێ لە زانیـاری شایـستـەی باوەڕپێکردن و متـمانـەوە، بێتەوە، ئەو حوکمەش لە دەسەڵاتی بڕیـاردەری تـایـبـەتـیـدا بـووە هۆی ڕێـوڕەسمی کـاری نـاوزەدکـراو بـەدەست تێـوەردانی ڕاسـتـەوخۆ کـە بـە پـلـەیـەکی گـەورە لـە جموجۆڵی کاری بڕیاردەری تایبەتی فراوان دەکات.

بڕیاردەری تایبەتیش، کە پسپۆڕی و تـایبەتمەندییەکەی تەنها دەوڵـەتـانی لایـەنی ڕێـکـکـەوتـنـنـامـەی دژ بـە ئـەشـکـەنجـەدان ناگرێتەوە وەک ئـەوەی بە گوێرەی کۆمیـتـەکـەوە هـەیـە، بـەڵـکو

دەکشێ و درێژ دەبێتەوە بۆ ئەوەی هەموو دەوڵەتانی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان و گشت ئەوانەی پایەی چاودێریان لێ هەیە، بگرێتەوە.

ئەو (بڕیاردەرەی تایبەتی ـ و) نامە ڕووبەڕووی حکومەتان دەکاتەوە و تێیدا داوایان لێ دەکات لەو تەگبیرو ڕاییکردنانەی بۆ قەدەغەکردن، یا نەهێشتنی ئەشکەنجەدان کراون یان پێویستن، ئاگاداری بکەنەوە.

هەروەها بڕیاردەری تایبەتی داواکانی دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ، وەردەگرێ و دەیخاتە بەردەم حکوومەتە پەیوەنددارەکان بۆ وەی پاراستنی دروستیی جەستەیی و عەقڵی و ئاوەزیی کەسی مەبەست، دەستەبەر بکات.

سەرباری ئەوەیش بڕیاردەری تایبەتی لەسەر پرس و ڕاوێژکردن لەگەڵ نوێنەری حکوومەتاندا ڕژدە، ئەوانەی کە ئارەزوویانە چاویان پێی بکەوێت و بەگوێرەی دەسەڵاتەکەی بایەخ بەسەفەرو سەردان دەدات بۆ ڕاوێژکارییە مەیدانییەکان لە هەندێ ناوچەی جیهاندا.

بەگوێرەی کاری داهاتووشی، بڕیاردەری تایبەتی لە خولی دوایی کۆمیتەی مافی مرۆڤدا کە لە جنێڤ لە سەرەتای ١٩٨٨دا کۆببووەوە، ئەوانەی دادێی ڕاسپارد.

ـ جاڕی ناڕەوایی گلدانەوەی (حیجزکردنی) بە نهێنی؛

ـ هەر کەسێک کە دەسگیر دەکرێ، پێویستە بەبێ دواکەوتن بخرێتە بەردەم دادوەرێکی پسپۆڕو تایبەتمەند، کە یەکسەر ڕەوای

دەسگیرکردنەکەی یەکلا بکاتەوە و ڕووخسەتی چاوپێکەوتنی پارێزەرێکی بدات.

ـ هەر کەسێک کە دەسگیر دەکرێ پێویستە بخرێتە ژێر پشکنینی نوژدارییەوە.

ـ توێکاری کردن لە حاڵەتی مردنی گلدراوەکە بە ئامادەگی نوێنەری خانەوادەکەی دەبێت.

ـ خەبیرو شارەزا بیانییەکان شوێنەکانی حیجز و گلدانەوە، بە شێوەیەکی ڕێکوپێک دەپشکنن.

**• ئەو یارمەتی و باربوانەی بە قوربانییانی ئەشکەنجەدان دراون**

**• سندووقی بەخشینی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ قوربانیانی ئەشکەنجەدان.**

سندووقی بەخشینی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ قوربانیانی ئەشکەنجەدان، بە پێی بڕیاری کۆمەڵەی گشتی ١٥١/٣٦ لە ١٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٨١دا دامەزرا ئەوەش لە پێناوی وەرگرتنی پیتاک بە مەبەستی دابەشاندنیان، بەهۆی ڕێگا ئاساییەکانی یارمەتیدانەوە، وەک باربوویەکی ئینسانی و یاسایی و دارایی بۆ ئەو کەسانەی ئازاردراون و بۆ ئەندامانی خێزانەکانیان. سندووقەکە بەتەواوی پشت بەو پیتاک و بەخشراوانە دەبەستێ کە حکوومەت و ڕێکخراوە تایبەتییەکان و دامەزراو و تاقەکەسان، دەیدەن و ئەو (سندووقەکە) لە بودجەی ئاسایی نەتەوە یەکگرتووەکان دارا ناکرێ، سندووقەکەش سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەڕێوەی دەبا بە هاوکاری

ئەنجوومەنی ڕاگران کە لە سەرۆکێک و چوار ئەندام پێکهاتووە و شارەزایی بەرفراوانیان لە بواری مافی مرۆڤدا هەیە.

لەوەتی سندووقەکە کاری خۆی لە ۱۹۸۳دا دەست پێکردووە تاکو دیماهی ۱۹۸۸، بەپێی ئەسپاردەکانی ئەنجوومەنە کارگێڕییەکەی، ۱۳۱ باربوی وەرگرتووە کە بڕێکی کۆیی دەنوێنێ لە ۳و٦ ملیۆن دۆلار پتر بووەو لە ۳۲ وڵاتی دابەشبووی سەرچوار کیشوەران و لە ٦٧ پڕۆژەدا بەکارهاتووە.

بەشی گەورەتری ئەو باربووانەیش لە داراکردنی پڕۆژەکانی چارەسەرکردن و سازدانەوە (خستنەوەسەرپێ) بەکاردەبرێت، ئەو پڕۆژانە لە ۹۰٪ی ئەو باربووانەیە کە لە ۱۹۸۷ دا سپێردراون، بەڵام ئەوەی ماوەتەوە دەچێتە پڕۆژەکانی مەشق کردنەوە، ئامانجی ئەو پڕۆژانەیش ئەوەیە کە قوربانییەکەو خێزانەکەی بتوانن لە نۆژەنەوە ژیانێکی بەرهەمهێن و ئاسایی لە کۆمەڵگادا دەست پێبکەنەوە، بۆ کەسی گیانفیدای ئەشکەنجەدان و خانەوادەکەی ئەگەر پڕۆژەکانی چارەسەر کردن و خستنەوە سەرپێ، بەشێوەیەکی تایبەتی چارەسەرکردنی نوژداری و چارەی سرووشتیی جوولەیی و بایەخی دەروونی و سایکۆلۆژی بگرنەوە، هەروا باربووکردنی کۆمەڵایەتی و ئابووریش؛ ئەوا لایەنی (مەشق و ڕاهێنان) لە چالاکییەکانی سندووقەکە، ڕێگا بە داراکردنی مەشق کردنی پسپۆڕان دەدات لە پیشە نوژدارییەکاندا، لەسەر ئەو شێوازە تایبەتیانەی کە چارەکردنی قوربانییانی ئەشکەنجەدان، پێویستیان دەکات.

**پاشبەند**

## ڕێککەوتنننامەی دژ بە ئەشکەنجەدان و جۆرەکانی تری ڕەفتارکردنی یا سزادانی توندوتیژ یان دڕندانە یاخود ئابڕووبەرانە. (تێکست)

**(بڕیاری ٤٦/٣٩ کە کۆمەڵەی گشتی لە ١٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٤دا پەسەندی کردووە).**

**کۆمەڵەی گشتی، کەوەبیر دەهێنێتەوە؛** جاڕنامەی پاراستنی هەموو کەسان لە تووشبوون بە ئەشکەنجەدان و جۆرەکانی تری ڕەفتارکردن یا سزادانی: توندو تیژ یا دڕندانە یاخود ئابڕووبەرانە، کە کۆمەڵەی گشتی لە بڕیاری خۆیدا ٣٤٥ (د-٣٠) ڕۆژی ٩ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٥ پەسەندی کردووە.

**هەروا کە ئاماژەیش دەکات،** بۆ بڕیاری ٦٢/٣٢ ڕۆژی ٨ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٧، کە تێیدا داوای لە کۆمیتەی مافی مرۆڤ کردووە کە پرۆژەی ڕێککەوتننامەیەک دژی ئەشکەنجەدان و جۆرەکانی تری ڕەفتارکردن یا سزادانی توندوتیژ یا دڕندانە یاخود ئاوڕووبەرانە دابنێ، لەبەر ڕۆشنایی ئەو پرانسیپانەی کە لە جاڕنامەکەدا هاتوون.

**هەروا کە ئاماژەیش دەکات؛** بۆ ئەوە کە لە بڕیاری خۆی ١١٩/ ٣٨ ڕۆژی ١٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٣ تکای لە کۆمیتەی مافی مرۆڤ کرد، کە وەک مەسەلەیەکی لە پێشی پێشترو لە خولی چلەمینیدا، فۆرمەڵەی ئەو ڕێککەوتننامەیە تەواو بکات، لە پێناو پێشکێشکردنی پرۆژەیەک بۆ خولی سی و نۆیەمینی کۆمەڵەی گشتی، کە ئەحکامی وا بگرێتە خۆ، دەقنووسی جێبەجێکردنێکی کاریگەرانەی ڕێککەوتننامەی داهاتوو بکات؛

**کە بە ئاسوودەییشەوە تێبینی دەکات؛** بڕیاری کۆمیتەی مافی مرۆڤ ١٩٨٤/٢١ ڕۆژی ٦ی ئازاری ١٩٨٤ کە تێیدا بڕیاری دا دەقی پرۆژەی ڕێککەوتننامەیەکی دژ بە ئەشکەنجەدان و جۆرەکانی تری ڕەفتارکردن یا سزادانی توندوتیژ یان دڕندانە یاخود ئاوڕووبەرانە، حەواڵەی کۆمەڵەی گشتی بکات؛ لە ڕاپۆرتی تیمی کارگێڕدا هاتووە بۆ تەماشاکردنی؛

**لە ئارەزووبوونیشیەوە؛** لە ڕاپەڕاندنێکی کاراتری یاساغکردنی مومارەسەی ئەشکەنجەدان و جۆرەکانی تری ڕەفتارکردن یا سزادانی توندوتیژی یان دڕندانە یا ئاوڕووبەرانە، کە بەگوێرەی یاسای نێونەتەوەیی و نێوخۆیی هەیە.

١- **ڕێزلێنانی خۆی دەردەبڕێ:** بۆ ئەو کارەی کە کۆمیتەی مافی مرۆڤ پێی هەڵساوە لە بواری گەڵاڵەکردنی دەقی پرۆژەی ڕێککەوتننامەیەک دژی ئەشکەنجەدان و جۆرەکانی تری ڕەفتارکردن یا سزادانی: توندوتیژ یا هۆڤییانە یاخود ئاوڕووبەرانە.

٢- **پەسەندی دەکات** ڕێککەوتننامەی دژ بە ئەشکەنجەدان و جۆرەکانی تری ڕەفتارکردن یا سزادانی توندوتیژ یا دڕندانە یاخود ئاوڕووبەرانە، کە لە پاشبەندی ئەو بڕیارەدا هاتووەو دەرگای ئیمزاکردن و بڕوایی پێدان و چوونە ڕێزی دەخاتە سەرپشت.

٣- **داوا دەکات** لە هەموو حکوومەتان، وەک مەسەلەیەکی لە پێش گرتوو، تەماشای واژۆکردنی ڕێککەوتننامەکە و باوەڕبی پێدانی، بکەن؛

**• ڕێککەوتننامەی دژ بە ئەشکەنجەدان و جۆرەکانی تری ڕەفتارکردن یا سزادانی توندوتیژ یان دڕندانە یاخود ئاوڕووبەرانە.**

**دەوڵەتانی لایەن لەم ڕێککەوتننامەیە، کە دەبینن:**

دانانان بە مافە ئێکسان و چەسپاو و نەگۆڕەکان، بۆ هەموو ئەندامانی خانەوادەی بەشەری، بەگوێرەی پرانسیپە جاڕدراوەکانی بڕوانامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، بناغەی ئازادی و دادو ئاشتییە لە جیهاندا.

**کە دەرکیش دەکەن** ئەو مافانەی لە کەرامەت و شکۆمەندیی ڕەگ داکوتاوی مرۆڤەوە ڕا وەردەگیرێن کە ڕەچاویشی دەکەن.

ئەو ئەرکەی کە بە گوێرەی بڕوانامەکە، بەتایبەتیش بەپێی بەندی ٥٥ لە بڕوانامە، دەکەوێتە ئەستۆی دەوڵەتان، بە پشتگیریکردنی ڕێزنانی مافەکانی مرۆڤ و سەربەستییە بنەڕەتییەکانی و ڕەچاوکردنیان لەسەر ئاستی جیهاندا.

**لە ڕەچاوکردنیشیاندا** بۆ بەندی (٥) لە جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ و بەندی ٧ لە پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە باژێرڤانی و پۆلیتیکیەکان، کە هەردووکیان لەسەر ڕێگەنەدان بە تووشبوونی هەر کەسێ بە ئەشکەنجەدان یا ڕەفتارکردن یا سزادانی: توندوتیژ یا دڕندانە یاخود ئاوڕووبەرانە، تێکستنووسی دەکەن؛ هەروا لە ڕەچاوکردنیشیانەوە بۆ جاڕنامەی پاراستنی هەموو کەسان لە دووچاری ئەشکەنجەدان و جۆرەکانی تری ڕەفتارکردن یا سزادانی توندوتیژ یا دڕندانە لە تەواوی دونیادا، **لەسەر ئەوەی دادێ ڕێککەوتن:**

## بەشی یەکەم

### بەندی 1

١- بۆ مەبەستی ئەو ڕێککەوتننامەیە، مەنزور لە (ئەشکەنجەدان) هەر کارێکی کە ئێش و ژان یا ئازارێکی توندوتیژ، جەستەیی بێت یا عەقلی و ئاوەزیی، کە بە ئەنقەست بە کەسێکەوە بگەیێنرێ، لێ بێتە بەرهەم، ئەوەش بەنیازی وەدەست خستنی زانیاری یا دان پێدانان لەو کەسە یا لە کەسی سێیەم، یا سزادانی لەسەر کارێک کە قەوماندویەتی یا گومان هەبێ لەوەی کە کردوویەتی، ئەو یا کەسی سێیەم یان ترساندنی یاخود ناچارکردنی ئەو یا هەر کەسێکی سێیەم ـ یا ئەوکاتەی کارمەندێکی ڕەسمی یا هەر کەسێکی دی کە لە سیفەتی ڕەسمیدا هەڵسوکەوت دەکات، ئێش و ژان یا ئازاری ئاوها بگەیێنێت، لەبەر هەر یەکێک لە هۆیەکانی پەیوەست بە

هـەر جۆرێـکی جـیـاخـوازی، یـان لـەسـەری هـان بـدات یـا ڕەزامەندبێت لەسەری، یاخود خۆی لێ کڕ بکات. ئەوەش ئەو ئێش و ژانە، یا ئازارە ناگرێتەوە کە تەنها لە سزا یاساییەکان یا ئەوەی هاوبەند بەو سزایانە یا ئەوەی ئەنجامێکی هەروایی وان دەبێ؛ دێتە کایێ.

٢- ئـەو بەنـدە، هـیـچ دەقێـکی نێودەوڵـەتی، یـان یاسـایێـکی نـیـشـتـمـانی لاسـەنگ نـاکـات، کـە ئـەحـکـامی پـیـادە کردەیی گشتگرتری گرتبێتە خۆی، یان بشێ بیگرێتە خۆی.

**بەندی 2**

١- بۆ بەرگرتن لە کارەکانی ئەشکەنجەدان لە هەر ئیقلیمێکی کـەملکـەچی پـسـپۆڕییە دادوەریـەکەی بێت، هـەر دەوڵـەتێـکی لایەن ئیجرائات و ڕێوشوێنی یاسایی یا ئیداریی یا دادوەریی کاریگەر، یا هەر ئیجرائاتێکی دیکە، ئەنجام دەدات.

٢- نـابێت بڕوبیـانـوو بە هیچ هەلومـەرجێکی نـائـاسایی، وەک پاساوی ئەشکەنجەدان، بهێنرێتەوە، هەرچییەک بن، سا ئەگەر ئەو هەلومەرجانە حاڵەتی شەڕبووبن یا گەفی شەڕکردن، یاخود نـائـارامـیی سـیـاسـی نـاوخۆ، یـان هـەریـەک لـە حـاڵـەتـەکـانی تەنگاوی گشتی.

٣- نـابێت بڕوبیـانـوو بۆ ئەو بڕیـارو فرمـانـانـەی لە کـارمـەندانی پلە باڵاترەوە یان لە دەسەڵاتێکی گشتییەوە دەرچوون، وەک پاساوی ئەشکەنجەدان بهێنرێتەوە.

## بەندی 3

١- هیچ دەوڵـەتێکی لایـەن بۆی نییـە هـەچ کـەسێک وەدەربنێ یا بیگێڕێتەوە (ڕەتی بکاتەوە) یا تەسلیمی دەوڵەتێکی تری بکـاتەوە، ئەگـەر هۆی ڕاستـەقـانیی وای لـەلاپـەیدابوون، کە بڕوای کەوتنەبەر مەترسیی، دووچاری ئەشکەنجەدان هاتنی پێ بکات.

٢- دەسەڵاتە تـایبەتمەندەکان، بۆ دەستنیشـان کردنی ئەوەی کە ئـاخۆ ئـەو هۆیـانـە فـەراهـەمن، ڕەچـاوی هـەمـوو ئـیعـتـوبـارە پەیوەنددارەکان دەکەن، لەوانە لە حاڵەتی پیادەبووندا، هەبوونی شێوازی چەسپاو و نەگۆڕ لە پێشێلکارییە گەورە یا زەق یاخود بە کۆمەڵییەکانی مافی مرۆڤ لە دەوڵەتە پەیوەنددارەکەدا.

## بەندی 4

١- هـەر دەوڵـەتێـکی لایـەن زامـنی ئـەوە دەکـات کـە گـشت کـارەکانی ئـەشکەنجەدان بـەپێی یاسـا سزاییـەکـانی، تـاوانـە، هـەمـان شـتـیش پـیـادە دەبێت لـە سەروەری هـەر کـەسێک هەر هەوڵێکی مومارەسەی ئەشکەنجەدان بدات و لەسەر ئەوەی بە هـەرکـارێـکی تـر کـە خۆلێک دانـەوەو بـەشـداریـیـەک لـە ئەشکەنجەداندا پێکبهێنێ، هەڵبسێت.

٢- هـەر دەوڵـەتێکی لایـەن وادەکـات، ئـەو تـاوانـە بـەر سـزا بکەون، بە سزای شیاو و لەبار، کە تەبیعەتی خەتەرناکییان ڕەچاو بکرێ.

## بەندی 5

١- هەر دەوڵەتێکی لایەن، ئەوەی پێویستە لە ڕێوشوێن و ئیجرائات ئەنجامی دەدات، بۆ هەڵنانی دەسەڵاتە دادوەرییەکەی بەسەر تاوانەکانی لە بەندی ٤دا ئاماژە بۆکراو و لەو حاڵەتەی دادێت:

أ- لەکاتی ئەنجامدانی ئەو تاوانانە لە: هەر هەرێمێکی کە دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی دادوەریی ئەوەوە، یا لەسەر پشتی کەشتی، یا لە نێو فڕۆکەیەکی کە لەو دەوڵەتدا تۆمارکراوە.

ب- کاتێک ئەنجامدەری مەزعومی تاوانەکە لە هاووڵاتیانی ئەو دەوڵەت بێت؛

ج- کاتێک دەستدرێژیلێکراو، لە هاووڵاتیانی ئەو دەوڵەت بێت، ئەگەر ئەو دەوڵەتە ئەوەی بە شیاو و لەبار زانی.

٢- هەر دەوڵەتێکی لایەن، وەکو یەک، ئەوەی پێویستە لە ڕێوشوێن و ئیجرائات ئەنجامی دەدات، بۆ هەڵنانی دەسەڵاتە دادوەرییەکەی بەسەر ئەو تاوانانە لەو حاڵەتانەی کە تێیاندا ئەنجامدەری مەزعومی تاوانەکە، لە هەر هەرێمێکی ژێر دەسەڵاتە دادوەرییەکانی دابێت و بەکارکردن بەبەندی ٨ نایداتەوە دەست هیچ یەکێک لەو دەوڵەتانەی کە ناویان لە بڕگەی ١ی ئەو بەندەدا هاتوون.

٣- ئەو ڕێککەوتننامەیە هیچ دەسەڵاتێکی دادوەری سزایی نابوێرێت کە بە پێی یاسای ناوخۆیی مومارەسە دەکرێن.

## بەندی 6

١- هەر دەوڵەتێکی لایەن، دوای لێکۆڵینەوەی زانیارییەکانی بەردەستی، ئەگەر قەناعەتی هات کە هەلومەرج پاساوی دەست بەسەرکردنی کەسێک دەدا کە لە خاکەکەیدایەو گوایە تاوانێکی ئاماژە بۆکراو لە بەندی ٤ی قەومانـدووە، دەست بەسەری دەکات یا بە هەر ڕێوشوێنێکی یاسایی دیکە هەڵدەستێ بۆ زامن کردنی ئامادەبوونی تێیدا (لە دەوڵەتە لایەنەکەو).

دەست بەسەرکردن و ئیجرائاتە یاساییەکانی تریش ڕێک وەک یاسای ئەو دەوڵەتە دەبێت کە لەسەری دەقنووس کردووە، بەو مەرجەی دەست بەسەرکردنی کەسەکە درێژە نەکێشێ و تەنها لەو ماوە پێویستە دابێت کە دەتوانرێ هەر داوایەکی جینایی تۆمار بکرێت یان هەر ئیجرات کردنێک بۆ پێ سپاردنەوەی دەسبەسەرەکە.

٢- ئەو دەوڵەتە لەوەی پەیوەنداره به ڕووداوەکانەوە، زووبەزوو لێکۆڵینەوەی سەرەتایی ئەنجام دەدات.

٣- هاریکاری هەر کەسێک دەکرێ بەپێی برگەی ١ی ئەو بەندە دەسبەسەرکراوە ئەوەش بە خێرا پەیوەندیکردن بە نێزیکترین نوێنەری تایبەتی دەوڵەتەکەی خۆی، یان بە نوێنەری ئەو دەوڵەتەی کە بە ئاسایی تێیدا نیشتەجێیە، ئەگەر بێ ڕەگەزنامە بوو.

٤- بەگوێرەی ئەو بەندە، ئەگەر دەوڵەتێک کەسێکی دەسبەسەرکرد، زوو بەزوو ئاگاداری دەوڵەتانی لە برگەی١ی

بەندی ٥دا ئاماژە بۆکراوە، دەکاتەوە بە دەسبەسەرکردنی ئەو کەسە و ئەو هەل ومەرجانەی باساوی گرتنی دەدەن. لەسەر ئەو دەوڵەتیش ئەرکە کە ئەو لێکۆڵینەوە سەرەتاییەی بڕگەی ٢ی ئەو بەندە پێویستی کردووە، ئەو ئەنجامانەی بەدەستی هێناوە دەسبەجێ بۆ دەوڵەتە ناوبراوەکانی بەرزبکاتەوە لەگەڵ ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە ئاخۆ نیازی مومارەسەکردنی دەسەڵاتە دادوەرییەکەی هەبوو بێت.

## بەندی7

١- ئەو دەوڵەتە لایەنەی، کەسێک لە هەرێمی ژێر دەسەڵاتە دادوەرییەکەیەتی و گوایە هەریەک لەو تاوانانەی قەوماندووە کە لە بەندی ٤دا دەقنووس کراون، لەو حاڵەتانەیش کە بەندی ٥ پێویستیان دەکات، کێشەکە دەخاتە بەردەم دەسەڵاتە تایبەتمەندەکانی خۆی بە مەبەستی دانە دادگایی کەسەکە، ئەگەر تەسلیمی نەکردبێتەوە.

٢- ئەو دەسەڵاتانە، بەهەمان ئەو شێوازەی کە لە حاڵەتی ئەنجامدانی هەر تاوانێکی ئاسایی مەترسی ئامێزدا پەیڕەوی دەکەن، بڕیاری خۆیان بەگوێرەی یاسای ئەو دەوڵەتە، دەدەن.

لە حاڵەتەکانی ئاماژە بۆکراویشدا لە بڕگەی ٢ی بەندی ٥دا پێویستە پێوەرو پێوانەکانی ئەو بەڵگانەی کە بێ دادوەریی کردن و مەحکووم کردن پێویستن، لە هیچ حاڵەتێکدا کەم بایەخ تر نەبن لەوانەی لە حاڵەتەکانی بڕگەی ١ی بەندی ٥دا ئاماژەیان بۆ کراوە، پیادە دەبن.

٣- لەوەی پەیوەندار بە هەر یەکێک لە تاوانەکانی لە بەندی ٤دا ئاماژە بۆ کراو، لە هەموو قۆناخەکانی ئیجرائاتی یاساییدا، مامەڵەکردنی دادپەروەرانە، بۆ هەر کەسێکی کە ئەو ئیجرائاتانەی لە دژدا دەکرێت، زامن دەکرێ.

**بەندی 8**

١- لەهەر پەیماننامەیەکی تەسلیم کردنەوەی تاوانکاراندا کە لە نێوان دەوڵەتە لایەنەکاندا هەبێت، تاوانەکانی لە بەندی ٤دا ئاماژە بۆ کراو، بە تاوانی قابیل و شایان بە تەسلیم کردنەوەی ئەنجامدەرانی دەژمێردرێن، دەوڵەتە لایەنەکانیش لەهەر پەیماننامەیەکی تەسلیم کردنەوەدا کە لە نێوانیاندا گرێ دەدرێ پەیمان دەدەن بە تێنووسکردنی ئەو تاوانانە وەک تاوانی شایان بە تەسلیم کردنەوەی ئەنجامدەرانی.

٢- ئەگەر دەوڵەتێکی لایەن داوایەکی پێ سپاردنەوەو تەسلیم کردنەوەی لێکرا لەلایەن دەوڵەتێکەوە کە پەیماننامەی تەسلیم کردنەوەی تاوانکارانی مۆرنەکردووەو، دەوڵەتی یەکەم وا بکات کە تەسلیم کردنەوە بە مەرجی پەیماننامەیەک بێت بە سپاردنەوەی تاوانکاران، ئەو دەوڵەتە بۆی هەیە ئەو ڕێککەوتننامەیە، لەوەی پابەندە بەبابەتی وەک ئەو تاوانانە؛ وەک بناغەیەکی یاسایی تەسلیم کردنەوە بژمێرێت، تەسلیم کردنەوە دەکەوێتە ژێر ڕکێفی مەرجی تریشەوە، کە لە یاسای ئەو دەوڵەتەی کە دوای تەسلیم کردنەوەی پێشکێش دەکرێ، تێکست نووسکراون.

٣- دەوڵەتە لایەنەکان، ئەوانەی کە تەسلیم کردنەوە

مەرجدارناکەن بە هەبوونی پەیماننامەیەک، دانی پێدادەنێت کە ئەو تاوانانە قابیل و شایانن بە تەسلیم کردنەوەی ئەنجامدەرانی لە نێوانی خۆیاندا، بەپێی ئەو مەرجانەی کە لە یاسای ئەو دەوڵەتەی کە داوای تەسلیم کردنەوەی پێشکێش دەکرێ، دەقنووس کراون.

٤- مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو تاوانانە، بۆ مەبەستی تەسلیم کردنەوە لە نێوان دەوڵەتە لایەنەکاندا، وا دەبێت وەک ئەوەی نەک هەر لەو شوێنەی لێی ڕوویداوە ئەنجامدراوە، بەڵکو هەروا لە خاکی دەوڵەتانی داوالێکراو بە هەڵنانی دەسەڵاتی دادوەرییان بەگوێرەی بڕگەی ١ی بەندی ٥.

## بەندی 9

١- سەبارەت بە هەر یەکێک لەو تاوانانەی لە بەندی ٤دا ئاماژە بۆ کراو، لەوەی پەیوەندارە بەو ئیجرائاتە سزاییانەی کە کراون، لەسەر هەر دەوڵەتێکی لایەن پێویستە، گەورەترین بڕی یارمەتی پێشکێشی دەوڵەتە لایەنەکانی تر بکات، لەوانە دەستەبەرکردنی هەموو ئەو بەڵگانەی کە لەلایەنی و بۆ ئیجرائات وەرگرتن پێویستن.

٢- دەوڵەتە لایەنەکان، بەپێی بڕگەی ١ی ئەو بەندە، ئیلتیزام و پابەند بوونەکانیان جێبەجێ دەکەن، بەگوێرەی ئەو پەیماننامەی کە ڕەنگە لە نێوانیاندا هەبێت؟ بۆ ئاڵوگۆڕکردنی یارمەتی دادوەریی.

## بەندی 10

١- هەر دەوڵەتێک خستنە ناوی فێربوون و ڕاگەیاندن، لەوەی پەیوەندبە کوللەن یاساغکردنی ئەشکەنجەدانەوە، لە پرۆگرامەکانی مەشقکردنی کارمەندانی ڕاپەڕاندنی یاسا پێ سپێردراو، دەستەبەردەکات، سا ئەگەر مەدەنی بووبن یا سەربازیی و کارمەندانی بواری نوژداری و کارمەندە گشتییەکان.

یان غەیرەزوان، لەوانەی کە ڕەنگە پەیوەندییان بە دەستەبەرکردنی هەر کەسێکەوە بووبێت کە دووچاری هەریەک لە شێوەکانی وەستاندن یا گرتن یان بەندکردن یاخود بە وەڵام هێنانی ئەو کەسە یا مامەڵەکردنییەوە بێت.

٢- هەر دەوڵەتێکی لایەن، ناواخن کردنی ئەو یاساغکردنە لەو یاساو ڕێنماییانەی کە دەردەچن، لەوەی تایبەت بە ئەرک و وەزیفەی وەک ئەوان کەسانە، دەستەبەرو زامن دەکات.

## بەندی 11

١- هەر دەوڵەتێک بنچینەکانی بەوەڵام هێنان و ڕێنمایی و شێواز و مومارەسەکانی بە وەڵام هێنان، بە ئاشکراییەکی هەردەم ڕێک و پێک دەهێڵێتەوە و هەروا حازرییەکانی پەیوەند بە گلدانەوەو ڕەفتارکردنی ئەوان کەسانەی کە دووچاری هەریەک لە شێوەکانی وەستاندنی یا گرتن یا بەندکردن دەبنەوە، لە هەر هەرێمێکی کە دەچێتە ژێر دەسەڵاتە دادوەرییەکەیەوە و ئەوەیش بە مەبەستی بەرگرتن لە ڕوودانی هەر حاڵەتێکی ئەشکەنجەدان.

## بەندی12

هەر دەوڵەتێکی لایەن، هەر کاتێک هۆو ئەگەری لەبارهەبوون بەو قەناعەتەی ببات، یەک لەکارەکانی ئەشکەنجەدان لە هەریەکێک لەو ئیقلیمانەی ژێر دەسەڵاتە دادوەرییەکەیدا، ئەنجامدراون، پێ هەستانی دەسەڵاتە تایبەتمەندەکانی بە لێکۆڵینەوەیەکی خێراو بابەتییانە، زامن دەکات.

## بەندی 13

هەر دەوڵەتێکی لایەن، بۆ هەر کەسێکی کە بانگەشەی ئەوە بکات، لە هەر هەرێمێکی ژێر دەسەڵاتە دادوەرییەکەیدا دووچاری ئەشکەنجەدان هاتووە مافی بەرزکردنەوەی سکالانامە بۆ دەسەڵاتە تایبەتمەندییەکانی و لەوەی کە ئەم دەسەڵاتانە بە خێرایی و بابەتییانە تەماشای حاڵەتەکەی بکەن، زامن و دەستەبەر دەکات، بۆ زامنکردنی پاراستنی سکالادارو گەواهی دەرەکانیش لە گشت جۆرە ڕەفتارێکی بەدو خراپ یا ترساندنێکی ئەنجامی سکالاکەیدا، یا بۆ هەر بەڵگەیەکی کە پێشکێش دەکرێ، پێویستە هەنگاوی پێویست بهاوێژرێن.

## بەندی 14

١- هەر دەوڵەتێکی لایەن، لە سیستەمی یاسایی خۆیدا، دادیارو هەقدانی، ئەو کەسەی دووچاری یەک لە کارەکانی ئەشکەنجەدان دەبێتەوە، زامن دەکات هەروا سوود وەرگرتنیشی لە مافی شایان بەجێبەجێکردن لە قەرە بوویەکی شیاو و دادوەرانە

لەوانە: کەرەستەکانی سازدانەوە خستنەسەرپێ بە تەواوترین شێوەی لەبارو لە حاڵەتی مردن دەستدرێژکراویشدا لە ئەنجامی یەک لە کارەکانی ئەشکەنجەدان، ئەو کەسانەی کە دەیژیاندن مافی بۆ بژاردنەوەیان هەیە.

٢- هیچ شتێک لەو بەندە دانییە، کار لە هەر مافێکی دەستدرێژی لێکراو یان کەسانی دیکە بکات، ئەگەر بەپێی یاسای نیشتمانی بۆ بژارکردنەوەیەک هەبێت.

## بەندی 15

هەر دەوڵەتێکی لایەن، هەر قسەیەکی کە ئیسپات دەبێت لە ئەنجامی ئەشکەنجەداندا، گوتراوە، نەهێنانەوەی وەک بەڵگە لە هەر ڕێوشوێن و ئیجرائاتێکدا زامن دەکات، تەنها ئەگەر ئەوە لە دژی کەسێکی گومانبار بە ئەنجامدانی ئەشکەنجەدان بوو، وەک بەڵگە لەسەر دەربڕینی ئەو قسانە.

## بەندی16

١- هەر دەوڵەتێکی لایەن، پەیمان دەدات، لە هەر هەرێمێکی کە لە ژێر دەسەڵاتە دادوەرییەکەیدایە، قەومانی هەر کارێکی تر لە کارەکانی ڕەفتارکردن یا سزادانی: توندوتیژیان دڕندانە یاخود ئابڕووبەرانە قەدەغە بکات کە ناگەنە ڕادەی ئەشکەنجەدان، وەک ئەوەی بەندی «أ» دەستنیشانی کردووە، ئەوەش ئەو وەختەی فەرمانبەرێکی گشتیی یا کەسێکی دی کە بە سیفەتێکی ڕەسمی هەڵسوکەوت دەکات، ئەو کارانە ئەنجام دەدا یا لەسەری هان دەدا

یا کاتێک بە ڕەزامەندی ئەو یا بەخۆکڕکردنی ئەو لەسەریان، ئەنجام دەدرێن.

ئەو ئیلتیزام و پایەندبوونانەش کە لە بەندەکانی (١٠، ١١، ١٢، ١٣)دا هاتوون بە شێوەیەکی تایبەتی، پیادە دەبن، ئەمەش لەجیاتی ئاماژەکردن بە ئەشکەنجەدان، بە پەنجەنماییکردنی جۆرەکانی تری ڕەفتارکردن یا سزادانی: توندوتیژ یا دڕندانە یاخود ئاوڕووبەرانە.

٢- ئەحکامی ئەو ڕێککەوتننامەیە، هیچ دەقێکی نێودەوڵەتی دیکە یان یاسای نیشتمانی لاسەنگ ناکات کە قەدەغەی ڕەفتارکردن یا سزادانی: توندوتیژ یا دڕندانە یاخود ئاوڕووبەرانە بکات، یان پەیوەندار بێت بە سپاردنەوەو تەسلیمکردنەوەی تاوانکاران یا وەدەرنانیان.

## بەشی دووهەم

### بەندی 17

١- کۆمیتەیەک لە دژی ئەشکەنجەدان دادەمەزرێت ( لەمەودوا بە کۆمیتەکە ئاماژەی بۆ دەکرێت)، بایەخ بەو ئەرکانە دەدات کە لە پاشان دەقنووس کراون. کۆمیتەکە لە «دە» خەبیرو شارەزا پێکهاتووە لەسەر ئاستێکی بەرزو نکۆڵی نەکراو لە لێهاتوویی لە بواری مافی مرۆڤدا، بە سیفەتی شەخسی یان لە کۆمیتەکەدا کاردەکەن. دەوڵەتە لایەنەکانیش هەڵیان دەبژێرن لەگەڵ ڕەچاوکردنی: دابەشکردنی جوگرافیایی دادپەروەرانە و

کەڵکی بەشداریکردنی هەندێک کەس لە خاوەن خیبرەو شارەزاییە یاساییەکان.

٢- ئەندامانی کۆمیتەکە لە ڕێگای دەنگدانی نهێنی، بە لیستێکی ئەو کەسانەی کە دەوڵەتە لایەنەکان دەیان پاڵێون، هەڵدەبژێرین. هەر دەوڵەتێکی لایەنیش بۆی هەیە یەک کەس لە هاووڵاتیانی بپاڵێورێت.

دەوڵەتە لایەنەکانیش سوودی پالاوتنی کەسانێکی کە هەروا لە کۆمیتەی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ ئەندامن، لەبەرچاو دەگرن کە بەپێی پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان دامەزراوەو ئامادەگییان هەیە بۆ کارکردن لە کۆمیتەی دژ بە ئەشکەنجەداندا.

٣- هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەکە لە کۆبوونەوەکانی دەوڵەتە لایەنەکانەوە دەبێت کە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان هەردوو ساڵ جارێک داوای گرێدانی دەکات. لەو کۆبوونەوانەیش کە پێویستە بەهری یاساییەکەی لە دوو لە سێی دەوڵەتە لایەنەکان پێک بێت و کەسە هەڵبژێردراوەکانیش بۆ ئەندامێتی کۆمیتەکە ئەوانەن: کە زۆرترین ژمارەی دەنگەکانیان وەدەست هێناوەو بەگوێرەی زۆرینەی ڕەهای دەنگی نوێنەرانی دەوڵەتە لایەنە ئامادەبووە دەنگدەرەکانەوە.

٤- هەڵبژاردنی سەرەتایی لە وەختێکدا لە ڕێککەوتنی کارپێکردنی ئەو ڕێککەوتننامەیەوە شەش مانگ تێنەپەڕیوە. لەپێش کاتی هەر هەڵبژاردنێکیشدا بە چوار مانگان بەلایەنی

کەمەوە، سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان نامە بۆ هەموو دەوڵەتە لایەنەکان دەنێرێ و تێیدا داوایان لێدەکات کە لە ماوەی سێ مانگدا پاڵێوراوەکانیان پێشکەش بکەن.

بەو ڕووکارە، سکرتێری گشتی لیستێک بەناوی هەموو پاڵێوراوەکان و بەپێی ڕێکخستنی ئەبجەدی ئامادە دەکات، لەگەڵ دیاریکردنی ئەو دەوڵەتە لایەنانەی کە پاڵاوتویانن؛ ئەو لیستەیەش پێشکێشی دەوڵەتە لایەنەکان دەکرێت.

٥- ئەندامانی لیژنەکە بۆ ماوەی چوار ساڵان هەڵدەبژێرێن و لە حاڵەتی جارێکی تر پاڵاوتنیاندا، توانای هەڵبژاردنەوەیان دەبێت، بەڵام ماوەی پێنج لەو ئەندامانەی کە لە جاری یەکەمدا هەڵبژێراون، پاش دوو ساڵ بە کۆتا دێت و سەرۆکی کۆبوونەوەی ئاماژە بۆ کراو لە برگەی 3ی ئەوبەندە، ڕاستەوخۆ دوای هەڵبژاردنی یەکەم، ناوی ئەو پێنج ئەندامە لە ڕێگای پشک کێشانەوە، پژاردە دەکات.

٦- لە حاڵەتی مردنی یەک لە ئەندامانی کۆمیتەکە، یا وازهێنانی، یا نەشیان و پێککەوتنی لە بەجێهێنانی ئەرکەکانی پەیوەنددار بە لیژنەکەوە، بەهەر هۆ و ئەگەرێکی تربێت، ئەو دەوڵەتە لایەنەی کە پاڵاوتوویەتی خەبیرێکی تر لە هاووڵاتیانی دەستنیشان دەکات بۆ کارکردن لە کۆمیتەکەدا لەو ماوەیەی کە لە وەختی ئەندامێتییەکەیدا ماوەتەوە، بەمەرجی وەدەستخستنی ڕەزامەندی زۆربەی دەوڵەتە لایەنەکان و ڕەزامەندیش وا دادەنرێ تەواو بووە تەنها ئەگەر وەڵامی نیوەی ژمارەی دەوڵەتە لایەنەکان یا زیاتر لەسەر ئەوە نێگەتیڤ بوو،

ئەوەش لەماوەی شەش حەوتووان پاش ئەوەی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەستنیشان کردنە پێشنیارکراوەکانیان پێ ڕادەگەیینێ.

٧- دەوڵەتە لایەنەکان خەرجییەکانی ئەندامانی کۆمیتەکە، لەکاتی بەجێهێنانی ئەرکە پەیوەستەکانیان بە کۆمیتەکەوە، وە ئەستۆ دەگرن.

## **بەندی** 18

١- کۆمیتەکە ئەندامانی نووسینگەکەی بۆ ماوەی دوو ساڵ هەڵدەبژێرێ و دەکرێ هەڵبژێردرێنەوە.

٢- کۆمیتەکە پەیڕەوی ناوخۆی خۆی دادەنێ، بەو مەرجەی لە کۆمەڵەکارێکدا، لەسەر ئەوانەی دادێ دەقنووس بکرێ:

أ- ڕێژەی یاسایی ئامادەبوونی شەش ئەندام تەواو ببێت.

ب- بڕیاردراوەکانی کۆمیتەکە بە زۆرینەی دەنگی ئەندامە ئامادەبووەکان بێت.

٣- سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەوەی پێویستە لە کارمەندان و ئاسانکاری دابین دەکا بۆ ئەوەی کۆمیتەکە ئەرکەکانی خۆی بەگوێرەی ئەو ڕێککەوتننامەیە، بەشێوەیەکی کاریگەرانە بەجێ بگەیێنێ.

٤- سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بانگهێشتی بەستنی کۆبوونەوەی یەکەمی کۆمیتەکە دەکات و پاش بەستنی

کۆبوونەوەی یەکەمینی، کۆمیتەکە لەو وەختانەی کە پێڕەوی ناوخۆی دەقنووس و دیاریکردووە، کۆدەبێتەوە.

٥- دەوڵەتە لایەنەکان بەرپرسن لە بەئەستۆوەگرتنی خەرجییەکان لەوەی پەیوەندی بە گرێدانی کۆبوونەوەکانی دەوڵەتە لایەنەکان و کۆمیتەکەوە هەیە، لەوانە گەڕاندنەوەی هەر خەرجییەک بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان وەک خەرجیی کارمەندان و ئەو ئاسانکارییانەی کە ڕەنگە نەتەوە یەکگرتووەکان، بەگوێرەی بڕگەی ٣ی ئەو بەندە، وە ئەستۆی گرتبن.

## بەندی19

١- دەوڵەتە لایەنەکان لە ڕێگای سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، ڕاپۆرتان دەربارەی ئەو ڕاییکردن و تەگبیرانەی بۆ جێبەجێکردنی پەیماندانەکانیان بەپێی ئەو ڕێککەوتننامەیە، کردوویانن، پێشکێشی کۆمیتەی دەکەن. ئەوەش لە ماوەی یەکساڵدا، پاش دەسپێکی ڕاپەڕاندنی ئەو ڕێککەوتننامەیە بەگوێرەی دەوڵەتی پەیوەندار.

دوای ئەوە دەوڵەتە لایەنەکان هەر چوار ساڵ جارێک ڕاپۆرتی تەواوکاریی پێشکەش دەکەن، دەربارەی هەر تەگبیرو ڕاییکردنێکی نوێ کە کراون و ڕاپۆرتی تریش کە ڕەنگە کۆمیتەکە داوایان بکات.

٢- سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕاپۆرتان ڕەوانەی گشت دەوڵەتە لایەنەکان دەکات.

٣- کۆمیتەکە تەماشای هەموو ڕاپۆرتێک دەکات و بۆیشی هەیە هەر لێدوانێکی گشتی کە بە لەباری دەبینێ دیاری بکا و بۆ دەوڵەتی لایەنی پەیوەندداریان بنێرێ، دەوڵەتی لایەنیش بۆی هەیە بەو تێبینیانەی کە پێی چاکن، ڕەتی کۆمیتەکە بداتەوە.

٤- کۆمیتەکە بۆی هەیە، لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیدا کە بەپێی بەندی ٢٤ ئامادەی دەکات، وەک چۆنی دەبینێ، بڕیاری ناواخن کردنی هەر تێبینییەک بدات کە بەپێی بڕگەی ٣ی ئەو بەندە، نیشانیداون، لە پاڵ ئەو تێبینیانەی کە لە دەوڵەتی لایەنی پەیوەندارەوە سەبارەت بەو تێبینیانە بۆی هاتوون، هەروا کۆمیتەکە بۆیشی هەیە کە فۆتۆیەکی ڕاپۆرتی بە گوێرەی بڕگەی ١ی ئەو بەندە پێشکێشکراو، هاوپێچ بکات، ئەگەر دەوڵەتی لایەنی پەیوەندار، داوای ئەوەی کرد.

## بەندی 20

ئەگەر کۆمیتەکە زانیاری جێگای بڕوای وەرگرت و وای بینی کە بەڵگەی بناغە بەهێز دەگرنە خۆ، ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەشکەنجەدان بەشێوەیەکی ڕێک و پێک لە خاکی دەوڵەتێکی لایەن مومارەسە دەکرێ؛ کۆمیتەکە داوای هاوکاری کردن لە دەوڵەتە لایەنە پەیوەندارەکە دەکات لە لێکۆڵینەوەی ئەو زانیارییانەو بۆ هێنانەدی ئەو مەبەستەش سەبارەت بەو زانیارییانە داوای تێبینی دان دەکات.

٢- کۆمیتەکە، دوای ئەوەی هەر تێبینییەک لەبەرچاو دەگرێ کە دەوڵەتە لایەنە پەیوەندارەکە پێشکێشی کردبێت، هەروا هەر

زانیارییەکی پەیوەنداری ڕێگەپێدراویش، بۆی هەیە، ئەگەر بڕیاری دا کە پاساو بۆ ئەوە هەیە، ئەندامێک یا پتر لە ئەندامەکانی دەستنیشان بکات بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی نهێنی و پێشکێش کردنی ڕاپۆرتێکی خێرا لەم بارەیەوە، بۆ کۆمیتەکە.

٣- لە حاڵەتی لێکۆڵینەوە سازکردنیشدا بەپێی بڕگەی ٢ی ئەو بەندە، کۆمیتەکە داوای هاریکاری دەوڵەتە لایەنە پەیوەندارەکان دەکات و ڕەنگە لێکۆڵینەوەکە بە ڕێککەوتن لەگەڵ دەوڵەتی لایەن سەردانی خاکی دەوڵەتە پەیوەندارەکانیش بگرێتەوە.

٤- لەسەر کۆمیتەکە پێویستە، دوای تاوتوکردنی ئەو ئەنجامانەی کە ئەندامێکی یا ئەندامەکانی بەگوێرەی بڕگەی ٢ی ئەو بەندە، پێیان دەگات، ئەو ئەنجامانە لەگەڵ هەر لێدوان و پێشنیارێکی کە بە ئەگەری وەزعی ڕاهینەوە ڕەنگە لەبار دیاربن، ڕەوانەی دەوڵەتە لایەنە پەیوەندارەکەیان بکات.

٥- هەموو ڕێوشوێن و ئیجرائاتەکانی کۆمیتەکە، کە لە بڕگەکانی ١ تا ٤ی ئەو بەندەدا ئاماژەیان بۆ کراوە بە نهێنی دەکرێن، لەگشتی قۆناغی ڕێوشوێنەکانیشدا، داوای هاوکاریکردنی دەوڵەتە لایەنەکە دەکرێت. کۆمیتەکە بۆشی هەیە پاش تەواوکردنی ئەو ئیجرائات و ڕێوشوێنانەی پابەند بە هەر لێکۆڵینەوەیەکی کە بە پێی بڕگەی ٢ ئەنجام دەدرێ، لە پاش پرس و ڕاکردن بە دەوڵەتە لایەنە پەیوەندارەکەوە، بڕیاری ناواخن کردنی کورتە بەیاننامەیەک بە ئەنجامی ڕێوشوێن و

ئیجرائاتەکان بدات، لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆی، بەپێی بەندی ٢٤ی ئامادەکراو.

**بەندی21**

١- هەر دەوڵەتێکی لایەن لەو ڕێککەوتننامەیە، بەگوێرەی ئەو بەندەو لە هەروەختێکدا بۆی هەیە ڕای بگەیەنێ، کە ئەو دان بە تایبەتمەندێتی کۆمیتەکە دادەنێ، لەوەی: کە پەیامی (بلاغ) وا وەربگرێ ئەوە بگەیەنن کە دەوڵەتێکی لایەن بانگەشەی ئەوە دەکات کە دەوڵەتێکی دیکەی لایەن، بەگوێرەی ئەو ڕێککەوتننامەیە ئیلتیزامەکانی جێبەجێ ناکات و لەوەی: کە تەماشای ئەو پەیامانە بکات. بەگوێرەی ئەو ئیجرائات و ڕێوشوێنانەی لەو بەندەدا دیاری کراون، نابێت پەیامەکان وەربگیرێت و تەماشا بکرێن تەنها لە حاڵەتی پێشکێش کردنیانەوە نەبێت لەو دەوڵەتە لایەنەی، کە لەوەی پەیوەندی بە خودی خۆیەوەیە، دانانی خۆی بە تایبەتمەندێتی کۆمیتەکە ڕاگەیاندبێت. بەگوێرەی ئەو بەندە، بۆ کۆمیتەکە نییە لە هیچ پەیامێک بپێچێتەوە ئەگەر پەیوەندار بێت بە دەوڵەتێکی لایەن کە نموونەی وەک ئەو پەیامەی دەرنەکردبێت، لێ پێچانەوەی ئەو پەیامانەیش کە بەگوێرەی ئەو بەندە هاتوون، بەپێی ئەو ئیجرائات و ڕێ و شوێنانەی خوارەوە دەبن:-

أ- هەر دەوڵەتێکی لایەن، ئەگەر دیتی دەوڵەتێکی دیکەی لایەن، ئەحکامی ڕێککەوتننامەکەی ئێستا پیادە ناکات، بۆی هەیە بەنامەیەکی دەسنووس سەرنجی ئەو دەوڵەتە لایەنە بۆ ئەو کارە ڕابکێشێ و لەسەر ئەو دەوڵەتە لایەنەیش پێویستە، کە

نامە وەردەگرێ، لەماوەی سێ مانگان لە ڕۆژی وەرگرتنی نامەکەوە، تەفسیرو لێکدانەوەیەک یا هەر بەیانێکی دەسنووس پێشکێشی ئەو دەوڵەتە لایەنە بکات کە نامەکەی بۆ ناردووەو تێیدا مەسەلەکە ڕوون بکاتەوەو بەقەد ئەوەی دەکرێ و لەبارە، ئاماژەیەکی بۆ ئەو ئیجرائات و ڕێوشوێن و ئامرازانەی دادەوەریی کردنی ناوەخۆ تێدا بێت، کە ئەنجامدراون، یا لە چاوەڕوانی بەجێگەیاندنیانن، یاخود ئەوانەی بەگوێرەی ئەو کارەوە فەراهەمن.

ب- لە حاڵەتی چارە نەکردنی گرفتەکە بەو ڕەنگەی کە هەردوو دەوڵەتە لایەنە پەیوەندارەکان ڕازی بکات، لەماوەی شەش مانگان لە ڕۆژی هاتنی نامەی یەکەم بۆ دەوڵەتی نامە وەرگر، هەر یەکێک لە دوو دەوڵەتەکان مافی حەواڵەکردنی گرفتەکەی هەیە بۆ کۆمیتەکە بەهۆی ئاگادارکردنەوەیەک (أخطار) کە بەرەو ڕووی کۆمیتەکەو دەوڵەتەکەی تری دەکاتەوە.

ج- کۆمیتەکە لە هیچ مەسەلەیەک ناپێچێتەوە کە بەپێی ئەو بەندە حەواڵەی دەکرێن، تەنها پاش ئەوەی دڵنیا دەبێ لەوەی بەگوێرەی ئەو کارە، پەنا وەبەر هەموو ئامرازەکانی دادوەریی ناوخۆیی بەردەست بردراوەو کۆتاییان پێ هاتووە، ئەوەش بەپێی بنەماکانی یاسایی نێودەوڵەتی، کە بەگشتی دان پێدانراون.

لە حاڵەتی درێژکردنەوەی ماوەی پیادەکردنی ئامرازەکانی دادوەریکردن بە شێوەیەکی ناماقووڵ، یا لە حاڵەتی بەدوور زانینی دادیار و هەقدانی ئەو کەسەی بووەتە قوربانی

پێشێلکردنی ئەو ڕێککەوتننامەیە بەشێوەیەکی کاریگەر، ئەو بنەمایە پیادە ناکرێت.

د- کۆمیتەکە، لەکاتی لێکۆڵینەوەی ئەو پەیام و بەلاغانەی کە بەگوێرەی ئەو بەندە پێشکێشی دەکرێن، کۆبوونەوەی داخراو گرێ دەدا.

هـ- لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەحکامی بڕگەی لاوەکی(ج)، کۆمیتەکە دەرفەتی هەوڵە خێرخوازییەکانی خۆی دەدات بۆ دەوڵەتە لایەنە پەیوەندارەکان، بەمەبەستی گەیشتن بە چارەیەکی دۆستانە بۆ مەسەلەکە، لەسەر بناغەی ڕێزگرتن لەو ئیلتیزام و پابەندییانەی لەو ڕێککەوتننامەیەدا دەقنووس کراون، بۆ بەدیهێنانی ئەو ئارمانجە، کۆمیتەکە بۆی هەیە، بەپێی لیژنەیەکی تایبەت بە گونجان کاری دابمەزرێنێ.

و- کۆمیتەکە دەتوانێ داوا لە دەوڵەتە لایەنە پەیوەندارەکان بکات کە لە بڕگەی لاوەکی (ب)دا ئاماژەیان بۆ کراوە، هەر زانیارییەکی پەیوەست بەهەر مەسەلەیەکی کە بەگوێرەی ئەو بەندە، حەواڵەی کراون. پێ بدەن.

ز- دەوڵەتە لایەنە پەیوەندارەکان کە لە بڕگەی لاوەکی (ب)دا ئاماژەیان بۆ کراوە، لەکاتی تەماشاکردنی کۆمیتەکە بۆ مەسەلەکە، مافیان هەیە ببنە نوێنەرو یاداشتی زارگۆیی یا دەسنووسی، یان هەردووکیان پێشکێش بکەن.

ح- لەماوەی دوانزدە مانگان لە ڕۆژی وەرگرتنی ئەو

ئاگادارکردنەوەیەی کە لە بڕگەی لاوەکی (ب)دا دەقنووس کراوە، کۆمیتەکە ڕاپۆرتێک پێشکێش دەکات.

١- لە حاڵەتی گەیشتن بە چارەسەرێک لە چوارچێوەی ئەو ئەحکامەی بڕگەی لاوەکی (هـ) داهاتوون، کۆمیتەکە ڕاپۆرتەکەی تەنها لەسەر کورتە بەیاننامەیەکی ڕووداوەکان دەبێت، هەروا ئەو ڕێگەچارەیە کە پێی گەیشتووە.

٢- لە حاڵەتی نەگەیشتن بە ڕێگە چارەیەک لە چوارچێوەی ئەحکامی بڕگەی لاوەکی (ج)دا، ڕاپۆرتی کۆمیتەکە تەنها لەسەر کورتە بەیانێکی ڕووداوەکان دەبێت، بەو مەرجەی یاداشتە دەسنووسەکان و کۆنووسێک (محضر) بەو یاداشتە زارگۆییانەی کە لە دەوڵەتە لایەنە پەیوەندارەکان ئامادەیان کردبوو، پێوە هاوپێچ بکرێت، لەهەر مەسەلەیەکیشدا، ڕاپۆرتەکە تەبلیغی لایەنە پەیوەندارەکان دەکرێت.

٣- حوکمەکانی ئەو بەندە کارپێکراو دەبێت ئەگەر پێنج لە دەوڵەتە لایەنەکانی ئەو ڕێککەوتننامەیە، جاڕدانیان بەگوێرەی بڕگەی ١ی ئەو بەندە کردو دەوڵەتە لایەنەکان ئەو جاڕدانانە بە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەسپێرن، کە دانەی لێ بۆ دەوڵەتە لایەنەکانی تر دەنێرێت. کێشانەوەی هەر جاڕدانێکیش لە هەر وەختێکدا دەکرێ، بە ئاگادارکردنەوەیەکی کە بەرەو ڕووی سکرتێری گشتی دەکرێتەوە، ئەو کێشانەوەیەش کار لە تەماشاکردنی هیچ مەسەلەیەک ناکات کە بابەتی پەیامێک (بلاغ) پێکدەهێنێ، پێشتر بەگوێرەی ئەو بەندە حەواڵەی کراوە، دوای ئەوەیش سکرتێری گشتی ئاگاهی

نامەی کێشانەوەی جاڕدانەکە وەردەگرێ؛ نابێت هیچ پەیامێک لە هیچ دەوڵەتێکی لایەن، بەگوێرەی ئەو بەندە وەربگیرێ، ئەگەر دەوڵەتە لایەنە پەیوەندارەکە جاڕدانێکی نوێی دەرنەکردبێت.

**بەندی 22**

١- هەر دەوڵەتێکی لایەن لەو ڕێککەوتننامەیە، لەهەر وەختێکدا بۆی هەیە ڕابگەیێنێ کە ئەو بەگوێرەی ئەو بەندە، دان بە تایبەتمەندێتی کۆمیتەکەدا دەنێت لەوەرگرتن و لێکۆڵینەوەی ئەو پەیامانەی لە تاکە کەسانەوە هاتوون، یا لە جیاتی تاکە کەسانێکی کە دەکەونە ژێر دەسەڵاتە یاساییەکەی و ئیدعا دەکەن کە ئەوانن قوربانیانی پێشێلکردنی دەوڵەتێکی لایەنی ئەحکامی ڕێککەوتننامەکە.

ناشبێت کۆمیتەکە هیچ پەیامێک وەربگرێت، ئەگەر پەیوەنداربێت بە دەوڵەتێکی لایەن لەو ڕێککەوتننامەیە، ئەگەر بابەتی وەک ئەم جاڕدانەی دەرنەکردبێت.

٢- هەر پەیامێکی بەگوێرەی ئەو بەندە پێشکێش کرابێت: ئەگەر ئیمزا نەکرابوو، یان ئەگەر دیتی کەوا خراپییەکە لەبەکارهێنانی مافی پێشکێشکردنی لەو جۆرە پەیامانە، یا ئەوەی کە لەگەڵ ئەحکامی ئەو ڕێککەوتننامەیەدا ناگونجێت، کۆمیتەکە بەناپەسەندی دادەنێت.

٣- لەگەڵ ڕەچاوکردنی دەقەکانی بڕگەی ٢، کۆمیتەکە سەرنجی

ئەو دەوڵەتەی لایەن لەو ڕێککەوتننامەیە ڕادەکێشێ کە بەگوێرەی بڕگەی ـ١ـ جاڕدانێکی دەرکردووەو ئیدعا دەکرێ بەوەی کە هەر کام لە ئەحکامی ڕێککەوتننامەکە پێشێل دەکات و، هەر جاڕدانێکی کە بەپێی ئەو بەندە خراوەتە بەردەمی.

ئەو دەوڵەتەیش کە سەرنج ڕاکێشانە ئاماژە بۆ کراوەکەی وەرگرتووە لە ماوەی شەش مانگاندا، تەفسیرو لێکدانەوە یان بەیاننامەی دەسنووس پێشکێش دەکات کە گرفتەکە ڕوون دەکاتەوە هەروا ئەو ئامرازی دادوەری کردنانەیش کە ئەو دەوڵەتە وەری گرتوون، ئەگەر هەبن

٤- کۆمیتەکە لەبەر ڕۆشنایی هەموو ئەو زانیارییانەی لەبەردەستیدان، تەماشای ئەو پەیامانە دەکات کە بەگوێرەی ئەو بەندە لە پەیامدەر یا نوێنەرەکەی و لە دەوڵەتە لایەنی پەیوەندار، وەریان دەگرێت.

٥- کۆمیتەکە تەماشای هیچ کام لەو پەیامانە ناکات هەر یەکێک بەگوێرەی ئەو بەندە پێشکێشیان بکات، ئەگەر نەی کۆڵیبێتەوە لەوەی کە:

أ- خودی مەسەلەکە لێی نەکۆڵراوەتەوە، لێیشی ناکۆڵرێتەوە بەگوێرەی هەریەکێک لە ئیجرائات و ڕێوشوێنی لێکۆڵینەوە یان چارەسەرکردنی نێودەوڵەتی؛

ب- ئەو کەسەی هەموو وەسیلەکانی دادوەریی کردنی

بەردەستی ناوخۆیی تەواوکردووە، لە حاڵەتی درێژکردنەوەی ماوەی پیادەکردنی ئامرازەکانی دادوەری کردنیش، بەشێوەیەکی ناماقووڵ یا لە حاڵەتی بەدوور زانینی دادیارو هەقدانی ئەو کەسەی کە دەبێتە قوربانییەکی پێشێلکردنی ئەو ڕێککەوتننامەیە، بەشێوەیەکی چالاکانە، ئەو بنچینەیە پیادە ناکرێت.

٦- کۆمیتەکە، لەوەختی لێکۆڵینەوەی ئەو پەیامانەی کە بەگوێرەی ئەو بەندە پێشکێشی کراون، کۆبوونەوەی داخراو گرێدەدا.

٧- کۆمیتەکە، بۆچوونەکانی خۆی بۆ دەوڵەتە لایەنی پەیوەندارو ئەوەی پەیامەکەی پێشکێش کردووە، دەنێرێت.

٨- حوکمەکانی ئەو بەندە کارپێکراو دەبن، ئەگەر پێنج لە دەوڵەتە لایەنەکانی ئەو ڕێککەوتننامەیە، جاڕدانیان بەپێی بڕگەی ١ی ئەو بەندە دەرکرد.

دەوڵەتە لایەنەکانیش ئەو جاڕدانانە بە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەسپێرن کە دانەی بۆ دەوڵەتەکانی تر دەنێرێت.

کێشانەوەی هەر جاڕدانێکیش لە هەر وەختێکدا بێ دەکرێت، بە ئاگاهی نامەیەک بێ کە بەرەو ڕووی سکرتێری گشتی دەکرێتەوە، ئەو کێشانەوەیەش کار لە تەماشاکردنی هیچ مەسەلەیەکی کە نێوەڕۆکی پەیامێک پێک دەهێنێ، ناکات کە پێشتر بەپێی ئەو بەندە حەواڵەی کراوە؛ دوای ئەوەش کە

سکرتێری گشتی ئاگاهی نامەی کێشانەوەی ڕاگەیاندنەکە وەردەگرێ، نابێت هیچ پەیامێک لە هیچ دەوڵەتێکی لایەن بەگوێرەی ئەو بەندە وەربگیرێت، ئەگەر دەوڵەتە لایەنە پەیوەندارەکە جاڕدانێکی نوێی دەرنەکردبێت.

**بەندی 23**

ئەندامانی کۆمیتەکەو ئەندامانی کۆمیتە تایبەتمەندەکانی هەماهەنگی، ئەوانەی کە بەپێی برگەی لاوەکی ١ (هـ) لە بەندی ٢١ دادەمەزرێن، مافی ئاسانکاریی و سەرووپشکی (أمتیاز) و حەسانەیان هەیە کە ئەو خەبیرو شارەزایانەی بۆ ئەرکەکانی پەیوەند بە نەتەوە یەکگرتووەکان نێردراون، هەیانە، وەک ئەوەی لە لقەکانی پەیوەست بە ڕێککەوتننامەی سەرووپشکی و حەسانەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا تێکست نووسکراون.

**بەندی 24**

کۆمیتەکە ڕاپۆرتی ساڵانە دەربارەی ئەو چالاکییانەی کە بەگوێرەی ئەو ڕێککەوتننامەیە پێی هەستاوە، پێشکێشی دەوڵەتە لایەنەکان و کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات.

## بەشی سێیەم

### بەندی 25

١- دەرگای ئیمزاو واژۆکردن لەسەر ئەو ڕێککەوتننامەیە بۆ هەموو دەوڵەتان والآ دەکرێت.

٢- ئەو ڕێککەوتننامەیە دەکەوێتە ژێر ڕێوشوێنی بڕوا پێدانەوەو دەقەکانی بڕوایی دانیش بە سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان دەسپێردرێت.

### بەندی 26

دەرگای چوونە ڕێزی ئەو ڕێککەوتننامەیە بۆ هەموو دەوڵەتان دەخرێتە سەر پشت و چوونە ڕیزەکەی لەکاتی سپاردنی تێکستی چوونە ڕێز بە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، کارپێکراو دەبێت.

### بەندی 27

١- کارکردن بەو ڕێککەوتننامەیە لە سییەمین ڕۆژی دوای ڕێکەوتی سپاردنی دەقی بیستەمی بڕواپێدان یان چوونە ڕێز، بە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، دەست پێدەکات.

٢- کارکردنی ئەو ڕێککەوتننامەیە، بەگوێرەی هەر دەوڵەتێکی کە بڕوایی پێدەکا یان دەچێتە ڕیزییەوە، پاش سپاردنی دەقی بیستەمی بڕوایی دان یا چوونە ڕیز لە ڕۆژی سییەمی دوای ڕێککەوتنی پێ هەستانی دەوڵەت بە سپاردنی بەڵگەنامەی بڕوایی دان یا چوونە ڕیزی تایبەت بەخۆی، دەست پێدەکات.

## بەندی 28

١- لەکاتی ئیمزاکردن، یا بڕوایی دان بەو ڕێککەوتننامەیە، یا چوونە ڕیزیەوە، بۆ هەر دەوڵەتێک دەشێ ڕای بگەیێنێ کە ئەو دان بە تایبەتمەندێتی ئەو کۆمیتەیە نانێت کە لە بەندی ٢٠دا دەقنووسکراوە.

٢- هەر دەوڵەتێکی لایەن کە بەگوێرەی بڕگەی ١ی ئەو بەندە، خۆ پارێزی نیشان دابێت، بۆی هەیە لە هەر کاتێکی بیەوێت، بە ناردنی ئاگادار کردنەوەیەک بۆ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەو خۆپارێزییە بکێشێتەوە.

## بەندی 29

١- هەر دەوڵەتێکی لایەن لەو ڕێککەوتننامەیە بۆی هەیە پێشنیاری دەسکاری کردنی بکات و پێشکێشی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانی بکات. بە پشت بەستن بەمە، سکرتێری گشتی دەوڵەتە لایەنەکان بە دەسکارییە پێشنیارکراوەکە تەبلیغ دەکات، لەگەڵ داوای ئاگادار کردنەوەی ئەو، بەوەی کە ئاخۆ ئەو دەوڵەتانە ئارەزووی بەستنی کۆنگرەیەکی دەوڵەتە لایەنەکان دەکەن بۆ تەماشاکردنی پێشنیارەکەو دەنگدان لەسەری.

لە حاڵەتی لاگیری سێیەکی دەوڵەتە لایەنەکان بەلایەنی کەمەوە، لەماوەی چوار مانگان ڕا لە ڕێککەوتی ئەو تەبیلغ کردنەوە، بۆ گرێدانی ئەو کۆنگرەیە، سکرتێری گشتی لە ژێر

چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان بانگهێشتی بەستنی دەکات.

هەر دەسکاری کردنێکیش کە زۆرینەی دەوڵەتە لایەنە ئامادەبوو و دەنگدەرەکان لە کۆنگرەدا پەسەندی بکەن، سکرتێری گشتی دەیخاتە بەردەم هەموو دەوڵەتە لایەنەکانەوە بۆ قبوڵکردنی.

٢- کارپێکردن بە هەر دەسکارییەکی کە بە گوێرەی برگەی ١ی ئەو بەندە پەسەند دەکرێت، ئەوکاتە دەست پێدەکات کە دوو لە سێی دەوڵەتە لایەنەکانی ئەو ڕێککەوتننامەیە ئاگاداری سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن بە ڕازی بوونیان بە دەسکاری کردنەکە، بەگوێرەی ئیجرائات و ڕێوشوێنی دەستووریی هەر یەکێکیان.

٣- دەسکاری کردنەکان، لە دەسپێکی کارپێکردنیان، بۆ ئەو دەوڵەتە ئەندامانەی کە قبوڵیان کردووە، مولزەمە، دەوڵەتە لایەنەکانی تریش کە دەمێننەوە پابەندن بە حوکمەکانی ئەو ڕێککەوتننامەیەو بەهەر دەسکاری کردنێکی پێشوویش کە پێیان ڕازی بوون.

**بەندی 30**

١- هەر ناکۆکییەکی کە لە نێوان دوو دەوڵەت یا زیاتر لە دەوڵەتانی لایەن دروست دەبێت، لەوەی پەیوەست بە تەفسیرو لێکدانەوەی ئەو ڕێککەوتننامەیە یان جێبەجێکردنی و، ناکرێ لە ڕێگای دانوستانەوە چارەسەر بکرێ، لەسەر داوای یەک لەو دەوڵەتانە بۆ دادوەریکردن (التحکیم) دەخرێتە ڕوو.

ئەگەر لایەنەکان لە ماوەی شەش مانگان لە ڕۆژی داواکردنی دادوەریکردن نەیانتوانی لەسەر ڕێکخستنی دادوەریکردن ڕەزامەندی دەربڕن، هەر یەک لەو لایەنانە بۆی هەیە ناکۆکییەکە ڕەوانەی دادگای دادی نێودەوڵەتی بکات، بە پێشکێش کردنی داوایەک، بەپێی پێڕەوی ئەساسی ئەو دادگایە.

٢- هەر دەوڵەتێک بۆی هەیە لەوەختی ئیمزاو واژۆکردنی ئەو ڕێککەوتننامەیە، یا بڕوایی پێدانی، یاخود چوونە ڕیزییەوە، ڕای بگەینێ کە ئەو خۆی بە پابەند مولزەمی بڕگەی١ی ئەو بەندە نازانێ، دەوڵەتە لایەنەکانی تریش پابەند نابن بە بڕگەی١ی ئەو بەندە بەگوێرەی هەر دەوڵەتێکی لایەن کە ئەو خۆپاریزییەی نیشاندابێت.

٣- لەهەر وەختێکدا بۆ هەر دەوڵەتێکی لایەن کە بەپێی بڕگەی ٢ی ئەو بەندە پارێز وەرگرتنی نیشانداوە، دەشێ ئەو خۆپارێزییە بە ناردنی ئاگادارکردنەوەیەک بۆ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بکێشێتەوە.

### بەندی 31

١- هەر دەوڵەتێکی لایەن دەکرێ پەیوەست بوونی خۆی بەو ڕێککەوتننامەیەوە کۆتایی پێ بهێنێ، ئەوەش بە ئاگادارکردنەوەیەکی دەسنووس بۆ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەنێرێت.

بە کۆتاهاتنیش لە دوای ساڵێک تێپەڕین بەسەر ڕێککەوتی

ئاگاداری وەرگرتنەکەی سکرتێری گشتییەوە، کارپێکراو دەبێت.

٢- ئەو بە کۆتاهێنانە نابێتە هۆی لێبوردنی دەوڵەتە لایەنەکە لەو ئیلتیزامانەی کە بە پێی ئەو ڕێککەوتننامەیە کەوتوونە سەری، لەوەی پەیوەست بە هەر کارێک، یا بێ ئاگاییەکی کە پێش ئەو ڕێککەوتەی بەکۆتاهێنانی تێدا کارپێکراو دەبێت، ڕوودەدات.

بەکۆتاهێنانیش بە هیچ شێوەیەک کار لەبەردەم تەماشاکردنی هەر مەسەلەیەک ناکات کە کۆمیتەکە بە فیعلی، پێش ئەو ڕێککەوتەی کە تێیدا بەکۆتاهێنان کارپێکراو دەبێت، لە تەماشاکردنیدا بەردەوام بووە.

٣- دوای ئەو ڕێککەوتەی کە تێیدا ترازاندنی دەوڵەتی لایەنە بە ڕێککەوتننامەکەوە کاری پێدەکرێ، کۆمیتەکە تەماشاکردنی هیچ مەسەلەیەکی نوێ دەست پێ ناکات کە پەیوەندارە بەو دەوڵەتەوە.

## بەندی 32

سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەموو ئەندامانی نەتەوە یەکگرتووەکان و خڕ ئەو دەوڵەتانەی کە ئەو ڕێککەوتننامەیەیان ئیمزا کردووە یا چوونەتە ڕیزییەوە، بەو نێوەڕۆکانەی خوارەوە بەخەبەر دەکات:

أ- ئەو ئیمزاکردن و باوەڕی پێدان و چوونە ڕیزانەی کە بەپێی هەردوو بەندی ٢٥و٢٦ ئەنجامدەدرێن.

ب- ڕێکەوتی سەرەتایی کارکردن بەو ڕێککەوتننامەیە،

بەگوێرەی بەندی ٢٧ و هەروا ڕێکەوتی سەرەتایی کارکردن بەهەر دەسکاری کردنێکی کە بەپێی بەندی ٢٩ لێی دەکرێت.

ج- حاڵەتەکانی بە کۆتاهێنان بە گوێرەی بەندی ٣١.

**بەندی 33**

١- ئەو ڕێکەوتننامەیە، کە تێکستە ئیسپانی و ئینگلیزی و ڕووسی و چینی و عەرەبی و فەڕەنسییەکەی لە هێزو بەڵگەدا یەکسانن، بە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەسەپێنرێت.

٢- سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دانەی بڕوایی پێدراوی ئەو ڕێککەوتننامەیە، بۆ هەموو دەوڵەتان دەنێرێت.

# چەند سەرە قەڵەمێک

## (1)

## لە نێوان «مافی مرۆڤ» و «یاسای مرۆڤایەتیدا»

ڕەنگبێ هەبن کە هەردوو یاسای «مرۆڤایەتی ـ ئینسانیی» و «مافی مرۆڤ» لە ماناو مەفهوم و زەمەن و بواری پیادەکردندا، تێکەڵاوی ئێکدی بکەن و ڕێک بە هاو واتای یەکترو یەکبابەتیان بزانن، هۆی ئەوەش لەوانەیە ناشارەزایی فەرهەنگییانەی مافی مرۆڤ بێت یا لەبەروەی هەردوو زاراوە لە ڕووخساردا زۆر لێک نزیکن...

یاسای مرۆڤایەتی و مافی مرۆڤ، دوو بوارو نێوەڕۆکی لە ئێکدی جودان، ڕوونتر هاومانانین، وەلێ وێکدەچن و کەلێنی نێوانیان گەورەو گشتگرەوە نییە، دوو جۆگەی سەرچاوەیێکن و میحوەرو مەنزورو ستراتیژی هەر تاکێکیان «مرۆڤ» و پاراستنی مافەکانێتی، بەڵام یەک لە ئەویتریان بەرفرەترەو لەگشت وەختانیش پیادە دەکرێت...

یاسای مرۆڤایەتی (ئینسانیی ـ هیومانیزم) کە (یاسای بە ئینسانی کردنی جەنگ)یشی پێ دەوترێ بەگشتی، لە کۆمەڵێک بنچینەو بنەمای یاسایی پێکهاتووە کە پاراستنی خودی مرۆڤ و دروستیی مرۆڤ و مومارەسەی مافەکانی لەکاتی شەڕدا دەستەبەر دەکات، وەک تەرخانیش تایبەتە بە چاککردنی باری بریندارو زامدارو پەککەوتەو نقوم بووەکانی هێزە چەکدارییە زەمینی و دەریاوانییەکان و مامەڵە و سەودای مرۆڤانە لەگەڵ دیلەکانی جەنگ و پاراستنی هاووڵاتییە شارستانەکان و ئەوانی لە حوکمی ئەوانە دان... بەو ڕەنگە یاسای مرۆڤایەتی کە وەک لکێکی نوێی یاسای گشتی نێودەوڵەتی تەماشای دەکرێت، تایبەتە بە بارو زەمەنی جەنگ و بۆ سووک کردن و کەم کردنەوەی کارەسات، مەینەتیی شەڕ، هاتۆتەکایێ...

لە حاڵێکدا مافی مرۆڤ هەموو ڕێککەوتننامەو پەیماننامەو پرۆتۆکۆڵ و جاڕنامەو بڕیارانەی پاراستنی مافی هەمە چەشنەی مرۆڤ دەگرێتەوە کە لە هەموو (کات و شوێنێکدا) و بەپێی پێویست وەک بنچینەو بنەمای (ئامر) دەبێ قەدرو ڕێزی شایستەی لێ بگیرێ و پیادە بکرێ و چارەسەری پێشێلکارییەکانی پێوە بکرێت...

## (2)

## مەڵبەندی مافی مرۆڤ...

## جنێڤ زنجیرەی نامیلکەی مافی مرۆڤ

مەڵبەندی مافی مرۆڤ کە بارەگاکەی لە جنێڤ ـ سویسرایە، لە

پاڵ ڕاپەڕاندنی دەیان کاری تر، لە ژێر ناوی «مافی مرۆڤ» ڕووپەڵی ڕووداوەکان، هەڵمەتی جیهانگیریی مافەکانی مرۆڤ زنجیرەییێک نامیلکەی دەرکردووە کەوێ دەچێ بەهەر شەش زبانە ڕەسمییەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان بن.

ئەو زنجیرە نامیلکەیە ئامرازێکی پڕ بەهای خزمەتکردنە لەڕووی هۆشیاریی یاسایی و پەخشکردنی فەرهەنگی یاسایی و مافی مرۆڤ و بەرزکردنەوەی ئاستی فەرهەنگی لە تێگەیشتن لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤداو وەسیلەیەکی بەخۆداچوونەوەی پێشێلکارانیشە. بایەخی بەراییشی لەوەدایە کە پوخت کراوەیە، «پسپۆرو پیتۆلانی بواری یاساو مافی مرۆڤی لێ بترازێ»، دەکرێ بۆ خوێنەر ببێتە ئەلتەرناتیڤی چەندان کتێب و وتارو بەس.

ئەو نامیلکەیە کە ناوی «یاسای ئینسانیی نێودەوڵەتی و مافەکانی مرۆڤ»ـە، لە زنجیرەکەدا (١٣)مین ئاڵقەیەو چەندین تێرم و موفرەداتی لە دوو توێ دایە کە ڕەنگە بیرمان بۆ ئەوە نەچووبێ پاراستنی مافی مرۆڤ بۆ ئەو ئاقارانەیش هەڵکشابێت؛ بەگشتی هێندێک لە ناوونیشانە لاوەکییەکان ئەوانەن: «بەرفراوان کردنی ڕێککەوتننامە نێو دەوڵەتییەکان؛ ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان، کۆنگرەی تارانی مافی مرۆڤ ١٩٦٨، تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی، پاراستنی ئافرەت و منداڵ، پاراستنی ڕۆژنامەنووسان، چەکی تەقلیدی، چەکی ئەتۆمی، چەکی کیمیاوی و بەکتریۆلۆژی، کاسەلێس و شڕەخۆر، تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و لابردن و پووچەڵکردنەوەی بەسەرچوون لە هێندێک تاواندا...تاد».

## (3)
## جارنامەی مافی مرۆڤ و هاونیشتمانان (١٧٨٩) و حکوومەتی کوردستان

هەڵکەوتەیێکی هاتەو پڕ بە پێستە، کە دێباجەی «جارنامەی مافی مرۆڤ و هاونیشتمانانی فەرەنسی ١٧٨٩» لە دەسپێکییەوە وەبیربێنینەوە (کە لە پێشەکی جارێ گەردوونی چاپی ئەنستیوتی کوردی ـ پاریس، بڵاوکراوەتەوە) کە دەڵێ: «نوێنەرانی گەلی فەرەنسا، کە ئەنجوومەنی نەتەوەییان پێکهێناوە، نەزانین و کەمتەرخەمی، یان بەبچووک بینینی مافەکانی مرۆڤ، وەکو تەنیا هۆیەکی بەد بەختی گشتی و فەسادی حکوومەتەکان دەبینن، بۆیە بڕیاریان دا کە مافە سرووشتی و جێگیرە پیرۆزەکانی مرۆڤ لە ڕاگەیاندنێکی ڕەسمیدا، دیاریان بکەن، تاکو هەمیشەو بەبێ جیاوازی لە بیری هەموو ئەندامانی کۆمەڵدا ماف و ئەرکەکانیان وەبیر بێنێتەوە، بۆ ئەوەی کردەوەکانی دەسەڵاتی تەشریعی و دەسەڵاتی بەجێهێنان دەگەڵ ئامانجەکانی هەموو دەزگا سیاسییەکاندا بگونجێن و ڕەچاو بکرێن و پتریش ڕێزیان لێ بگیرێ، بۆ ئەوەی سکاڵای هاونیشتمانان، ئیدی لەسەر بناغەیەکی سادەو بێ پێچ و پەنا بونیاد بنرێن و هەمیشە پاراستنیان ببێتە ئامانجی قانوونی بنەڕەتی و بەختەوەری گشتی...».

دەقەکە لە ماهییەت و مەغزاو مەبەستدا ڕوون و ڕۆشنەو پێویست بە شرۆڤە کردن ناکات و لەو ڕوانگەیەڕا، ئەگەر حکوومەتی کوردستان، هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە، نەیتوانیبێ خزمەت بە مرۆڤی ماندوو و لێبڕاوی کوردستان

بکات، بەڵکو ئەوی لە خزمەت خۆیدا نابێت، ئەوا لەمەودوا ئەرکی سەرشانیەتی ئەو غوبن و ستەمەی پێشوو لەسەر مرۆڤ و خەڵکی کوردستان هەڵگرێ و بەرە بەرە لە هەموو ڕووەکانی مافەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئیدی، چاک و چاکتر بیحەوێنێتەوەو بیحەسێنێتەوە... پێویستە پەرلەمانی کوردستانیش چەلەنگانە لەمەیدانی یاسادانانەدا هەوڵی داڕشتنی بنەواو پرانسیپەکانی مافی مرۆڤ بدات لە چەند یاساییێکی سەربەخۆدا...

بەگوێرەی دێباجەی ئەو جاڕنامەیەی سەرەوە بێت، لەو ماوەیەی ڕابردوو «بەتایبەتیش لەسەردەمی فیفتی فیفتیدا» مرۆڤی کوردو خەڵکی کوردستان، هەر ئەرک و ماندوو بوون و بارگرانییان لەسەر شان بووە، بەبێ مافێکی شایانی باس!!... لەسەر ئەوە ئەنجوومەنی ئەوجار دەبێت هەوڵ بدات (مافەکان)دابین بکات و سکاڵای هاووڵاتیان چارەسەر بکات و برینی پێشێلکارییە زەق و کاریگەرەکان، سارێژ بکات.

فورسەتێکەو میللەت خۆی وەدەستی هێناوە، با گرنگی دان بە مافەکانی مرۆڤ و بەهەند هەڵگرتنیان و بەگەورەو پیرۆزگرتنیان، بەفیعلی و ڕاستەقانیی ئارمانجیی بەرو دوای حکوومەتی کوردستان بێت و لە ڕوانگەی هەستکردن بە مەسئولیەتی مێژوویی، دابینکردن و گێڕانەوەی ئەو مافانە، وەک قەرزێکی ئەستۆی خۆی بزانێت و بەبێ چاوەڕوانی دەستخۆشانەو پیرۆزبایی و پروپاگەندەی ئیعلامی...

## یاسای ئینسانیی نێودەوڵەتی و
## مافەکانی مرۆڤ

هەر چەندە مێژووی یاسای ئینسانیی نێودەوڵەتی گەلەک لە مێژنییە، زۆر ڕووداوی تێدایە، ئەوەش لەبەر ئەوەی دەوڵەتان هەتا نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم، لەسەر بنەما نێودەوڵەتییەکانی دوورخستنەوەی ئادەمی لە ئێش و ئازارە بێ پاساوەکانی کاتی شەڕ، ڕێک نەکەوتبوون؛ ئەو بنەمایانەی کە لە ڕێککەوتننامەیەکی ڕەسمیدا پابەندی ڕەچاوکردنیان بوون.

لەو وەختی ڕا، مۆرکی ناکۆکییە چەکدارییەکان گۆڕاوەو توانستی خاپوورکاریی چەکە نوێیەکان بە ڕادەیەک پتربووە، هاوزەمان پێویست دەکات یاسای ئینسانیی، گەلێک بژاردەو زیادەکاریی، بۆ فرەکردنی چوارچێوەکەی تێدا بکرێت، کە ئەوەش دانووستانی بەر درێژو ئارامگرتووانەی گەرەکە. ئەو ژمارەیەی ڕووپەڵی ڕووداوەکان و دوو گۆڕانکارییەکانی یاسای ئینسانیی ڕادەچێ و بە پوختی پەنجەنمای واتاو چوارچێوەی ئێستای دەکات، هی ئەو جەنگاوەرو باژێرڤانیانەی کە دەکەونە دوای ناکۆکی چەکدارییەوەیە.

لەیەکەم سەرەتا، پێویست بە پێناسەیەکە، مەبەست لە یاسای ئینسانیی نێودەوڵەتی چییە؟ چی دەبێت پێناسەی کرۆکی ئەو یاسایە بکرێ بەوەی ئەو بنەماو بنچینانەیە، کە سنوورێک بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی دادەنێن لەوەختی ناکۆکییە چەکدارییەکاندا.

**ئارمانجەکانیشی ئەوانەن:**

پاراستنی کەسانێکی ڕاستەوخۆ بەشدارنەبوو، یان ئەوانەی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ وازیان لە هاوبەشیکردن لەکارە دوژمنکارییەکان هێناوە، واتە برینداروو نقوم بوو و دیلەکانی شەڕو بازێرڤانییەکان، سنووردانان بۆ شوێنکارەکانی توندوتیژی لە وەختی کوشتاردا، وەک هەوڵێک بۆ وەدیهێنانی ئارمانجەکانی شەڕ.

پەرەسەندنی یاسای نێودەوڵەتی لەوەی پابەند بە پاراستنی قوربانییەکانی شەڕو شێوازی ئیدارەی شەڕ، بەکشانی پاراستنی یاسایی بۆ سەر مافەکانی مرۆڤ، لە دوای شەڕی جیهانگری دووهەمەوە، زۆر کاریگەربووە.

متمانەدانی دەقە نێودەوڵەتییە گرنگەکانی بواری مافەکانی مرۆڤ وەک جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ ١٩٤٨ و ڕێککەوتننامەی ئاورووپایی مافەکانی مرۆڤ ١٩٥٠ و پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە بازێرڤانی و پۆلیتیکیەکان ١٩٦٦ـ بەشداری لە جەخت کردنەوەی ئەو بیرۆکەیەدا کرد کە دەڵێ: مافی هەر کەسێکە سوود لە مافەکانی مرۆڤ وەرگرێت، چ لە کاتی ئاشتی یان وەختی شەڕدا.

بەڵام سوود وەرگرتن لە هەندێک مافی مرۆڤ، لە باروزروفی دیاریکراودا لەکاتی شەڕ یا لە حاڵەتی تەنگانە گشتییەکاندا ڕەنگبێ کۆت و بەست بکرێت، بەندی (٤) لە پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە بازێرڤانی و پۆلیتیکیەکان دەوڵەتان سەرپشک دەکات کە «لە حاڵەتی تەنگاوییە نائاسانکارییەکاندا کە هەڕەشە لە ژیانی نەتەوە دەکات» بەشێوەیەکی کاتی خۆ بە هەندێک لەو پابەندبوونانەی کە بەگوێرەی پەیمانەکە لێیان دەکەنەوە، نەبەستنەوە؛ بەو مەرجەی ئەوە لە «تەسکترینی ئەو سنوورەدابێت کە بارەکە پێویستی دەکات».

ڕێککەوتننامەی ئاورووپایش بۆ مافەکانی مرۆڤ بنەمایەکی وەک ئەوەی تێدایە، لیژنەی لابەلای قەدەغەکردنی جیاخوازیی و پاراستنی کەمایەتییەکانیش ساڵانە حاڵەتە تەنگاوییەکان و مەودای ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ لەوەختی ئەو باروزروفانەدا، دەخاتەڕوو.

لەسەر ئەوە، باوەڕی تەواو بە پێویست بوونی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ هات، بەقیسی لەکاتەکانی شەڕیشدا، بەندی ٣ لەهەر چوار ڕێککەوتننامەکانی جنێڤی تەرخان بە یاسای ئینسانیی بۆ ساڵی ١٩٤٩ تێکستنووسی کردووە کە لە کاتەکانی ناکۆکی چەکدارییدا، ئەو کەسانەی ڕێککەوتننامەکان پارێزگارییان دەکەن، گەرەکە (لەهەموو بارێکدا مامەڵەیەکی مرۆڤانە بکرێن بەبێ هیچ جیاوازییەکی بەزەڕ کە لە ڕەگەز یا ڕەنگ یان ئایین یاخود ئۆل و عەقیدە یا

توخم یاخود شوێنی لەدایکبوون یا سەروەت و سامان یان هەر پێوەرێکی وێچووی تردا بکرێت).

لە خولی چل و سێیەمینی داهاتووی لیژنەی لابەلای قەدەغەکردنی جیاخوازیی و پاراستنی کەمایەتییەکانداو لە چوارچێوەی بەندی ٤ی بەرنامەی کاری وەختیدا، سەبارەت بە هۆشیارکردنەوە لە مەسەلەی ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ لەوەختی ناکۆکییە چەکدارییەکاندا، ڕاپۆرتی سکرتێری گشتی پێشکێش دەکرێت (E/CN.4/Sub.2/1991/5).

دووساڵیشە، لیژنەی لابەلا بڕیاری ١٩٨٩/٢٤ی سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ لەوەختی ناکۆکییە چەکدارییەکان پەسەندکردووە کە تێیدا بێزاری خۆی لە چەند بارە ڕێزنەگرتنی ئەحکامە پەیوەندارەکانی یاسای ئینسانیی نێودەوڵەتی و یاسای مافەکانی مرۆڤ، لەکاتی ئەوان ناکۆکییانەدا، دەربڕیووە. هەروابێتەوە، کۆمیتەی مافی مرۆڤ لە خولی چل و شەشەمینیدا بڕیاری ١٩٩٠/٦٦ی پەسەندو پاڵپشت کردووە کە تێیدا باوەڕی بەو ڕۆڵە زیندەگانییە دەهێنێ کە لیژنەی نێو دەوڵەتی خاچی سوور لە پەخشکردنی یاسای ئینسانی نێودەوڵەتیدا بەجێی دەهێنێ و تێیدا داوای لە دەوڵەتان کردووە کە «بایەخی تایبەتی بە هۆشیارکردنەوەی خڕتاکە کەسانی هێزەکانی ئاسایش و هێزە چەکدارییەکانی ترو گشت دام و دەزگاکانی جێبەجێکردنی یاسابدەن، لە بواری یاسای نێو دەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ و یاسای ئینسانیی نێودەوڵەتی پیادە کراو لە ناکۆکییە چەکدارییەکاندا».

سێ تەیارو تەوژمی سەرەکی هاوبەشییان لە پێکهێنانی یاسای ئینسانیی نێو دەوڵەتیدا کردووە، ئەوانەیش: «یاسای جنێڤ» کە ئەو رێککەوتننامەو پرۆتۆکۆڵە نێو نەتەوەییانە دەنوێنێ کە لە ژێر چاودێری لیژنەی نێودەوڵەتی خاچی سووردا هاتۆتە کایێ و تاقە مژۆڵکارییان پاراستنی قوربانیانی ناکۆکییەکانەو (یاسای لاهای) کە پشت بەو ئاکامانە دەبەستێ کە کۆنگرەکانی ئاشتی کە لە پێتەختی هۆڵەندا لە هەرتک ساڵی ١٨٩٩و ١٩٠٧ گرێ دران، پێیان گەیشتن، کە لە بنەڕەتدا شێوازو ئامرازە رێگا پێدراوەکان لەشەڕەکان باس دەکات، ئەو کۆششانەیش کە نەتەوە یەکگرتووەکان دەیانکات بۆ دەستەبەرکردنی رێزنان لە مافەکانی مرۆڤ لە ناکۆکییە چەکدارییەکان و هەروەها بۆ سنوور دانان لەبەکارهێنانی چەند چەکێکی دیاریکراو. ئەو سێ تەیارانەیش پتر پێک دەگەن بۆ ئەوەی ئاوەڕۆی ئێک کار پێک بهێنن.

لە سەرەتاوە وەختێک هەردوو سوپای فەرەنسی و نەمساوی، شەڕی سۆلفرینۆیان لە باکووری ئیتاڵیادا لە حوزەیرانی ١٨٥٩دا، گڕدەدا، لە زەینی هێنری دۆنان دا کە هاووڵاتییەکی لاوی سویسرایییە، بیرۆکەی سووککردنی ئێش و ئازاری نەخۆش و بریندارەکان، لەکاتی شەڕدا هاتەکایەوە.

لە دوای شەڕەکە، نێزیک بە رێکەوت، دۆنان خۆی لە نێو هەزاران فەرەنسایی و نەمساوییدا، ئەوانەی کە برینداربوون دۆزییەوە؛ بە هاوکاری ژمارەیەکی کەم لە خۆبەخشەکان، بەهەرچی توانستێکی تێیدا بوو بۆ سووککردنی ئێش و

ئازارەکانیان کاری کرد، پاشان دوای ئەوەی دیمەنە تۆقێنەرەکانی کە دیتنی ترساندنی، دەستی دایە نووسینی کتێبێک بە ناوونیشانی (یادگارییەکانی سۆلفرینۆ) کە لە ساڵی ١٨٦٢دا بڵاوکرایەوە، تێیدا ئاماژە بە زەروورەتی دامەزراندنی کۆمەڵە نیشتمانییەکان دەکات بۆ چاودێریکردنی نەخۆش و زامدارەکان بە چاوپۆشین لە ڕەگەز یان ڕەگەزنامە یاخود ئایینیان. هەروا بێتەوە پێشنیاری کرد کە دەوڵەتان پەیماننامەیەک گرێ بدەن و تێیدا دان بەو ڕێکخراوانە بنێن و بە هۆیانەوە دەستەبەری مامەڵەی چاتری زامدارەکان بکرێت.

دۆنان لەگەڵ چوار لە هەڤاڵەکانی لیژنەی نێودەوڵەتیی یاریدەدانی بریندارەکانی پێکهێنا کە بە خێرایی ناوەکەی بووە «لیژنەی نێودەوڵەتی خاچی سوور».

هزروبیری دۆنان بە پیرەوەچوونێکی بەرفراوانی کرا. لە کۆمەڵێک دەوڵەتدا کۆمەڵەی نیشتمانی هاتنە دامەزراندن و لە کۆنگرەی دیپلۆماسی کە لە جنێڤ لە ساڵی ١٨٦٤دا گرێدرا، وەفدی ١٦ دەوڵەتی ئەورووپایی ڕێککەوتننامەی چاککردنی باری زامدارە سەربازییەکانیان لە مەیداندا، پەسەندکرد.

ئەو بڕوانامەیە، کە ڕێککەوتننامەی جنێڤی یەکەمە، هەردوو پرانسیپی جیهانگیرێتی و لێبوردن لە کاروبارەکانی پەیوەند بە ڕەگەزو ڕەگەزنامەو ئایین، بەرجەستە دەکات.

ئەو سیمبوڵەی کە خۆی لە خاچێکی سوور لەسەر زەوینەیەکی سپی دەنوێنێ، هەڵبژێردرا بۆ ئەوەی ببێتە نیشانەیەکی دیار بۆ تاکە کەسە سەربازییەکانی خزمەتگوزارییە نوژدارییەکان.

بەڵان نیشانەی جیاکەرەوە لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا مانگێکی سووری یەکشەوەیە لەسەر زەوینەیەکی سپیدا. لەو وەختەیەش بەدوا، کەسانی خزمەتگوزارییە نوژدارییەکان و دامەزراوە نوژدارییەکان، بەبێ لایەن دەژمێررێن. بەو شێوەیە، رێککەوتننامەکە بەرەسمی کۆڵەگەکانی یاسای ئینسانیی نێودەوڵەتی، جێگیرکرد.

## بەرفراوانکردنی رێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان

زەروورەتی بەرفراوانکردنی رێککەوتننامەی جنێڤ، هەر زووبەزوویی روون و رۆشن بۆوە، ساڵی ١٨٦٨ پرۆژەی رێککەوتننامەیەکی نوێ ئامادەکرا بە مەبەستی بەرفراوان کردنی پرانسیپە پەسەندکراوەکانی پێش ئەوە بە چوار ساڵ بۆ ئەوەی ناکۆکییە دەریاییەکانیش بگرێتەوەو، لە هەوڵێکی تردا جاڕنامەی پیترسبۆرگی ساڵی ١٨٦٨ داوای بەکارنەهێنانی ئەو چەکانەی لە دەوڵەتان کرد کە بەبێ هۆ، دەبنە هۆی ماکی ئێش و ئازارو جاڕنامەکە قەدەغەکردنی بەکارهێنانی گوللەی تەقیوەش زامن دەکات.

پاشان کۆنگرەکانی ئاشتی کە لە هەردوو ساڵی ١٨٩٩ و ١٩٠٧ لەلاهای دا گرێدران، چەند رێککەوتننامەیەکیان پەسەند کرد کە یاساو عورفی کارە جەنگییەکان دەستنیشان دەکاو چەند جاڕنامەیەکیش کە هێندێک مومارەسە یا ساغ دەکات لەوانە: بۆمباباران کردنی شارە بێ دیفاعییەکان و، بەکارهێنانی گازە ژەهراوییەکان و گوللەی سەرنەرم و کۆنگرەکان بۆ چارەکردنی ئەو ناکۆکییانەی گەف لە ئاشتی

دەکەن، لەسەر ڕێککەوتن لەسەر سیستەمێکی ناوبژی کردنی مولزەم، سەرنەکەوتن.

لە ساڵی ١٩٠٦یشدا، ڕێککەوتننامەی جنێڤی یەکەم، بۆ دەستەبەرکردنی بڕی زیاتری پارێزگاریی قوربانیانی شەڕ لە وشکانیدا، بژاردەکراو، ساڵی دواتر بەرەسمی گشت ئەحکامەکانی بەرفراوان کران بۆ ئەوەی حاڵەتەکانی شەڕی دەریاش بگرێتەوە.

ڕێزگرتن لە ڕێککەوتننامەی جنێڤ و ئەو پرۆسانەی کە جێی بایەخی لژنەی نێودەوڵەتی خاچی سووربوون، ڕۆڵێکی زیندەگانی لە ڕزگارکردنی گیانی مرۆڤایەتی و بەرگرتن لە شێوەکانی ئێش و ئازاری بەبێ هۆی شەڕی جیهانگیری یەکەم ١٩١٤-١٩١٨ دابینی.

بەڵان ئەوەی ئەو شەڕە لە عاقیبەتی خراپەدا نایەوە لە ڕووی زۆری قوربانیانی ئادەمی، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە: پێویست بوونی پشتگیری کردنی ڕێککەوتننامەکە، ڕازی کرد.

ئا بەو گیانەوە، کۆنگرەیەک لە جنێڤ لە ساڵی ١٩٢٩داگرێدرا، ڕێککەوتننامەیەکی پەسەندکرد کە ئەحکامی چاکتری، لەوەی پەیوەند بە مامەڵەکردنی نەخۆش و زامدارەکانی گرتۆتە خۆو، ڕێککەوتننامەی دووەمیش سەبارەت بە مامەڵەکردنی دیلەکانی جەنگ بووە.

پێش ئەوەیش بە چوار ساڵان، کۆنگرەیەک کە کۆمەڵەی گەلان

بەستبووی، پرۆتۆکۆلێکی دەربارەی یاساغ کردنی بەکارهێنانی گازە خنکێنەرو ژەهراوییەکان، پەسەندکرد.

شەڕی ناوخۆی ئیسپانیا ١٩٣٦ـ١٩٣٩ و جەنگی جیهانگیری دووەمیش بەڵگەیەکی بنبڕ یان دایە دەست، لەسەر زەرووەرەتی چەلێکی دی کارکردن لەسەر دەستەبەرکردنی هاوشانکردنی یاسای ئینسانیی نێودەوڵەتی دەگەڵ مۆرکی گۆڕاوی شەڕدا.

بڕیاری دەسپێکی لاپەڕەیەکی نوێش دراو ڕێککەوتننامە نوێیەکانی جنێڤ فۆرمەڵەکران بۆ ئەوەی نەخۆش و زامدارەکانی هێزە چەکدارەکان لە وشکانیی (ڕێککەوتننامەی یەکەم)، زامدارو نەخۆش و نقوم بووەکانی هێزە چەکدارەکان لە دەریادا (ڕێککەوتننامەی دووەم) و پاراستنی قوربانییە مەدەنییەکان (ڕێککەوتننامەی چوارەم) بگرنە خۆیان.

ئەو ڕێککەوتننامانەیش لە کۆنگرەیەکی دیپلۆماسیی نێونەتەوەیی کە لە جنێڤ لە ماوەی نێوان نیسان بۆ ئابی ١٩٤٩ داگرێدرا، پەسەندکران.

لەکارە نوێیە بایەخدارەکانیش ـ کە هەموو ڕێککەوتننامەکان تێیدا هاوبەشن دانانی بنەماکانی لانی کەمییە، کە دەبێت لە ناکۆکییە چەکدارییەکانی ناوخۆدا ڕەچاوبکرێن.

چوار ڕێککەوتننامەکانی جنێڤ، تا ئەوڕۆش کارپێکراون، بەڵام چوارگرێیەکانی ڕابردوو، دەرکەوتنی شێوەی نوێیان لە ناکۆکییە چەکدارییەکان بەخۆوە دیوە، کەلای زیاتر بە توندوتیژی و دڕی دەناسرێنەوە.

ئەگەر چیش بوارەکەیان لە چەند شوێنێکی دیاریکراو بەدەر، دەرنەچووەو چەند ژمارەیەکی سنوورداری لە کەسانی هێزە سەربازییەکان و جەنگاوەرانی دیکە گرتۆتەوە؛ مۆرکی گۆڕاوی ناکۆکی سەربازی پێویستی تەگبیرکردنی زێتری کردووە.

لە پاشان، کۆنگرەی دیپلۆماسی تایبەت بە جەخت کردنەوەی یاسای ئینسانیی نێودەوڵەتی و پێشخستنی، کە کۆبوونەوەکانی لە جنێڤ لە ماوەی ١٩٧٤ تا ١٩٧٧ بەستران، دوو پرۆتۆکۆڵی سەربازی پەسەندکرد کە لەگەڵ ڕێککەوتننامەکانی جنێڤی ساڵی ١٩٤٩ خران.

پرۆتۆکۆڵی یەکەم باسی پاراستنی قوربانیانی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان دەکات، بەڵام پرۆتۆکۆڵی دووەم پەیوەستدارە بە قوربانیانی ناکۆکییە چەکدارییەکانی ناوخۆ، لەوانەش ئەو ناکۆکییانەی کە لە نێوان هێزە چەکدارەکانی سەر بە یەک لە حکوومەتەکان و هەڵگەڕاوەکانی، یا ئەو گرووپ و ڕێکخراو و گەلانەی تر کە کۆنترۆڵی بەشێکی خاکی خۆیان دەکەن، هەڵدایسێن، بەڵام باسی پشێوی و بارگرژییەکانی ناوخۆ ناکات کە شێوەی کارە تێکدەرییەکان وەردەگرێ، یا کارە توندوتیژە لاتەریکە جیاجیاکانی دیکە.

هەروەها کۆنگرەی دیپلۆماسی بانگهێشتەی گرێدانی کۆنگرەیەکی تایبەتی ڕاسپارد سەبارەت بە مەسەلەی قەدەغەکردنی بەکارهێنانی چەند چەکێکی تەقلیدی دەستنیشانکراو، لەبەر هۆیە ئینسانییەکان.

له ٣١ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٠یشدا، ١٦٤ دەوڵەت بوونە لایەن لە ڕێککەوتننامەکانی جنێڤ، لەکاتێکدا ٩٩ دەوڵەت بڕواییان دا بە پرۆتۆکۆڵی دووەم یا چوونە ڕیزییەوەو لەسەر داوای کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بە شێوەیەکی دەوری دەرهەق باری قبووڵبوونی هەردوو پرۆتۆکۆڵەکە، ڕاپۆرتیان پێشکێش دەکات.

### چەند خاڵێک لە دوو پرۆتۆکۆڵەکە

هەندێ لایەنی دوو پرۆتۆکۆڵەکە، بەو سیفەتەی مۆدێرنترین گۆڕانکارییەکانی یاسای جنێڤ دەنوێنن، شایانی ئەوەن پتر بەتانو پۆیانڕابچین، پرۆتۆکۆڵی یەکەم (ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان) پەرە بە بنچینەکانی تایبەت بەو دەورە دەدات کە ئەو دەوڵەتە پارێزەرانە پێی هەڵدەستن، ئەوانەی هەر یەک لەلایەنەکانی ناکۆکییەکە بۆ سەرپەرشتی پیادەکردنی ڕێککەوتننامەکان و هەردوو پرۆتۆکۆڵەکە دیارییان دەکەن.

پرۆتۆکۆڵی یەکەم بۆ چاککردنی حاڵی بریندارو نەخۆش و نقووم بووەکان چەند ئەحکامێک دەگرێتە خۆی و کۆکردنەوەو پێشکێش کردنی زانیاری لەسەر کوژراو و گوم بووەکان، پێویست دەکات.

پرۆتۆکۆڵی یەکەمیش بە یاساغ کردنی بەکارهێنانی ئەو شێوازو ئامرازانەی کوشتارکاری کە بۆیان هەیە ئەنگاوتن و پێکرانی سەربارو موعانات و گیرۆدەی پێویست نەکردە بنێنەوەو زیانی

گەورەو بەرفراوان و مەودا درێژ بە ژینگە بگەیێن، دەبێتە گەواهی دەرێک لەسەر بەکۆتاهاتنی لێک هەڵاویردنی یاسای جنێڤ و یاسای لاهای.

هەر جەنگاوەرێکیش بکەوێتە چنگ دوژمن بە ئێخسیری جەنگی دەژمێرێ، وەلێ چلکاو خۆرو سیخورەکان، بەگوێرەی پرۆتۆکۆڵەکە ئەو مافەیان نییە کە پلەی ئیخسیرەکانی شەڕیان هەبێت.

پرۆتۆکۆلی یەکەم لەسەر پاراستنی باژێرڤانییەکان و پاراستنی ئەوەی لەوانە، دەکەوێتە چنگ دوژمن تێکست نووسی کردووەو لەسەر هەردوولایەنی ناکۆکییەکە پێویست دەکات کە هەر گاڤ لە نێوان باژێرڤانی و جەنگاوەراندا جیاوازی بکەن و بەدەستنیشان کراوی برسیکردنی باژێرڤانییەکان و دەسدرێژی کردنە سەر ژینگەی سرووشتی قەدەغە دەکات.

هەروا پرۆتۆکۆڵەکە چارەسەری تایبەتی بۆ پاراستنی ئافرەت و منداڵی گرتۆتە خۆ؛ هەر وەک دەقنووسی کردووە کە مامەڵەی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی بۆ ئەرکی تایبەتی نێردراون، بەو وەسفە بێت کە باژێرڤانین؛

هەروەک بە شێوەیەکی تایبەتی مامەڵەیەکی جیاکار بەکەسانی خزمەتگوزارییە نوژدارییەکان دەبەخشێ، چ لە شارییەکان بن یا لە ئاینییەکان و لە گواستنەوەی کەرەستەو کەلوپەل و هیمادەکانیشیاندا.

پـرۆتۆكۆڵی دووەمـیش، چەنـد بـنـەمـایـەكی وێـكـچـووی لـە حاڵـەتـەكـانی نـاكـۆكی چەكـداریی نـاوخـۆدا گـرتـۆتـەوەو چـەنـد بنەمایەكی پەیوەست بە قوربانیانی ناكۆكی چەكداریی غەیرە نێو دەوڵـەتی تێدایە، كە بەوەش ئەو بنەما بنەڕەتییانەی لە بـەنـدی ۳دا دیـاریـكـراون تـەواو دەكـات (هـاوپێـچی ڕێككەوتننامەی جنێڤی ساڵی ۱۹٤۹).

سـەربـاری ئـەوانـەش، هـەردوو پـرۆتـۆكـۆڵ داوای سـەوداگـەریی ئـیـنـسـانـیـیـانـەی هـەمـوو كـەسـانی بـەشـدارنـەبـوو لـەكـارە دوژمنكارییەكان دەكەن، یا ئەوانەی وازیان لە هاوبەشی كردن لێی هێـنـاوەو بـەتـەواوی یـاسـاغی كـارەكـانی كـوشـتن و ئەشكەنجەدان و شێواندن و سزا جەستەییەكان دەكەن.

هەروەک چەند ئـەحكـامێكی پەیـوەندار بە چاودێری كردنی نەخۆش و زامدارو نقووم بووەكان و پاراستنی باژێرڤانان لە كارەكانی توندوتیژی یا گەف و هەڕەشە بەهۆیانەوەو، هەروا لە برسی كردن وەک یەكێک لە شێوازەكانی كوشتارو لە ڕاگوێزان، دەگرنەخۆ.

هـەروەهـا قـەدەغـەی كـارە دوژمـنـكـاریـیـەكـان دەكـەن لـە دژی شوێنەوارە مێژووییەكان یاكارە هونەرییەكان یاخود شوێنەكانی خواپەرستی ـ یا بەكارهێنانیان بۆ پاڵپشت كردنی ئـارمـانجە سەربازییەكان.

### ڕۆڵی نەتەوە یەكگرتووەكان

پاراسـتنی ئاشتی و بەرگرتن لە ناكۆكی چەكداری، دووكاری هەرە لە پێشی نەتەوە یەكگرتووەكانن، هەروەک ڕێزگرتن لە

مافەکانی مرۆڤ لە هەموو وەختێکدا و لەگشتی شوێنێکدا، یەکێکە لە پرانسیپە سەرەکییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان.

ساڵی ١٩٤٩، لیژنەی یاسای نێونەتەوەیی بڕیاریدا کە مەسەلەی یاسای ناکۆکییە چەکدارییەکان لە بەرنامەی کاری خۆی دانەنێت، لەترسی ئەوەی نەبادا بایەخدان بەو لکەی یاسای نێودەوڵەتی، بەبڕوایی نەبوون بە توانستی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەیی لێک بدرێتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا ستافەکانی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان هەر لە بەراییدا، ئاماژەیان بە رێککەوتننامەکان و دوو پرۆتۆکۆڵەکەی جنێڤ کردووە، هەر وەک مافی دەوڵەتانیان داوە لەسەر بڕوایی پێدانیان یان رێنمایی لێ وەرگرتنیان.

پرسی پیادەکردنی یاسای ئینسانیش هەر گاف لە گێنگەشەو بڕیارەکانی کۆمیتەی مافی مرۆڤ و لیژنەی لابەلای قەدەغەکردنی جیاکاریی و پاراستنی کەمایەتییەکاندا، بەرجەستە دەبێت.

نەتەوە یەکگرتووەکان لە شەستەکاندا بۆ دامەزراندنی سیستەمێک بۆ یاسای ئینسانیی نێودەوڵەتی بەشدارییەکانی پترکردن و قۆناخێکی نوێ لە هاریکاری و کارلێک کردن و پشتگیریی دوولایەنە لە نێوان نەتەوە یەکگرتووەکان و لیژنەی نێودەوڵەتی خاچی سوور، لەبارەی دەسپێشخەرییە ئینسانییەکانەوە، دەستی پێکرد.

له ساڵی ١٩٦٧یشدا ئەنجوومەنی ئاسایش (بڕیاری٢٣٧) لەسەر زەرورەتی ڕێزگرتن لە گشت لایەنەکانی هەر ناکۆکییەکی مافی مرۆڤ پێی داگرت هەروا پێویستی بەجێهێنانی هەموو ئەو پابەندبوونانەی لە ڕێککەوتننامەکانی جنێڤی ساڵی ١٩٤٩ پێیان ڕازی بوون.

کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانیش بەبڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایش (بڕیاری کۆمەڵەی گشتی ٢٢٥٢)خۆشحاڵ بوو، زۆر جاریش بیری خستۆتەوەو جەختی لێ کردۆتەوە.

## کۆنگرەی تاران

کۆنگرەی نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ کە لە تاران لە ساڵی ١٩٦٨ دابەسترا، (ساڵی نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ) هات و جاڕی دا کە دەبێ بنەما ئینسانییەکان لەکاتی ناکۆکی چەکداریدا سەروەربن.

لەهەمان ساڵیشدا، کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بڕیاری خۆی ٢٤٤٤(د-٢٣) لاگیریی ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی کرد، بەوەی کە سکرتێری گشتی بەڕاوێژ لەگەڵ لیژنەی نێودەوڵەتی خاچی سوور، سەرنجی هەموو دەوڵەتانی ئاراستە بکات و تا ئەوکاتەی چەند بنچینەیەکی نوێ ئیقرار دەکرێن لەسەر دابینکردنی پاراستنی باژێرڤانی و جەنگاوەران هانیان بدات، بەگوێرەی بنەماکانی یاسای نەتەوەکانی هەڵقوڵاو لەنەریتە پەیرەوکراوەکانی نێوان گەلانی شارستان و لە یاساکانی هیۆمانیزمی و ئەوەی ویژدانی گشتی پێویستی دەکات.

بۆ زامنکردنی پاراستنێکی چاکتری شارستانەکان و دیلەکانی جەنگ و جەنگاوەران، هەروەها لەسەر پێویستیەتی بەرگرتن لە هەندێک مومارەسەی سەربازیی و شێوازەکانی کوشتار بەوەی زۆر خراپ لە ئینسانیەت دامالراون، کۆنگرەکە لەسەر زەروورەتی دانانی چەند بنچینەیەکی نوێ ڕێک کەوت.

هەمدیسان، بڕیاری کۆمەڵەی گشتی جەختی کردەوە، ئەو بڕیارەی کە کۆنگرەی دوانزەمینی نێو نەتەوەیی خاچی سوورو مانگی سوور (ڤییێنا ١٩٦٥)دای و سێ بنەمای سەرەکی چەسپاند کە پێویستە لە ناکۆکییە چەکدارییەکاندا ڕەچاو بکرێن، بەو سیفەتە کارێکی قەدەغەیە.

لەهەموو وەختێکدا دەبێ جیاوازی لە نێوان دەستەی ئەو کەسانەی کە بەشداری لەکارە دوژمنکارییەکاندا دەکەن و دەستە (فئە)ی کەسانی دانیشتووانە شارستانەکان بکرێ، بە ئارمانجی پاراستنی دەستەی دوایی و دوورخستنەوەی لە زیان بە پێی توانا. بەدەرکردنی بڕیاری ٢٤٤٤یش کۆمەڵەی گشتی ڕایگەیاند کە بیرۆکەی شەڕ گردان لە دژی هەموو دانیشتووان، لە هەولی ناچارکردنی دوژمن بۆ خۆ بەدەستەوەدان، بیرۆکەیەکی ناپەسەندە.

هەروا بڕیارەکە هەنگاو هەڵێنانێکە بەرەو لێکدانی هەرسێ تەیارو تەوژمەکەی یاسای ئینسانیی نێودەوڵەتی ـ جنێڤ و لاهای و نەتەوە یەکگرتووەکان ـ لەیەک ئاوەڕۆی سەرەکیدا.

ئەو دان بە کارلێکردنیشدا دەنێت لە نێوان ئەو بنەمایانەی کە

ئارمانجیان پاراستنی قوربانیانی شەڕە و هەروا دانانی چەند بنچینەیەک بۆ شێوازەکانی کوشتارو پاراستنی مافی مرۆڤە لەوەختی چەکدارییدا.

هاوبەندییەکانی هاریکاریش لە پەیوەندییەکانی نێوان نەتەوە یەکگرتووەکان و لیژنەی نێودەوڵەتی خاچی سووریش پشتگیری کرا کە لە دواییدا بە پێ بەخشینی پلەی چاودێر لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە تشرینی یەکەمی ١٩٩٠ بڕیاری دانپێدانانی بەڕەسمی دەدرێت.

### ڕاپۆرتەکانی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان

یەکەمین ڕاپۆرت، لەو زنجیرە ڕاپۆرتانەی کە سکرتێری گشتی دەربارەی مافی مرۆڤ لەوەختی ناکۆکییە چەکدارییەکاندا ئامادەی دەکات، لە ساڵی ١٩٦٩دا دراوەتە کۆمەڵەی گشتی.

کاردانەوەی کۆمەڵەی گشتیش ئەوەبووە کە داوا لە سکرتێری گشتی بکات بەدوای مەسەلەکە دابچێت و بایەخێکی تایبەتی بە پاراستنی مافەکانی باژێرڤان و جەنگاوەران بدات لە خەباتی گەلاندا، لە پێناوی ڕزگاربوون لە ژێر دەسەڵاتی کۆلۆنیالی و بیانی و دەسکەوتنی مافی خۆیان لە بڕیاری چارەنووس و پیادەکردنێکی چاکتری ڕێککەوتننامەو بنچینە پیادەکراوەکانی یاسای ئینسانیی نێودەوڵەتی.

بەڵام ڕاپۆرتی دووەم لە ساڵی ١٩٧٠دا پێشکێش کراو ئەو

پاراستنەی کە تێکستەکانی (صکوک) نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ لەوەختی ناکۆکییە چەکدارییەکاندا زامنی دەکات، خرایەڕوو، لەوانە هەر بۆ نموونە پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافی شارستانی و پۆلەتیکی.

ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بە تەرخانکردنی چەند شوێنێک کرد بۆ پاراستنی شارستانییەکان و قەدەغەکردنی چەکی کیمیاوی و بەکتریۆلۆژی.

هەروا ڕاپۆرتەکە زانیاری پێشکەشکرد دەربارەی ئەو کەسانەی کە پێویستە لە حاڵەتی ناکۆکییەکانی ناوخۆ و شەڕی پارتیزانیدا بپارێزرێن.

ئەو مەرجانەیشی دیاریکرد کە پێویستە تێیاندابن بۆ بەخشینی پلەی جەنگاوەری جیاواز (دیلەکانی شەڕ بەو ڕەنگەی کە ڕێککەوتننامەی سێیەمی جنێڤ ناساندوونی).

ڕێککەوتننامەکە ئاماژەی بە پێویستی پیادەکردنی ڕێککەوتننامەی چوارەمی جنێڤ کردووە بەسەر خەباتگێڕانی پێناوی ئازادیدا، هەروەک تلنیشانی زەرووەرەتی بەرفراوانکردنی ئەو ڕێککەوتننامەیەی کردووە بۆ ئەوەی ئەو ناکۆکییانە بگرێتە خۆی کە مۆرکێکی نێودەوڵەتییان نییە.

لە زنجیرە بڕیارێکیشدا کە لە ساڵی ١٩٧٠دا دەریکرد، کۆمەڵەی گشتی بەوانەی خوارەوە هەستا:

ـ ڕێککەوت لەسەر ئەوەی کە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ کە لە

یاسای نێودەوڵەتیدا پەسەندکراوەو لە تێکستە نێونەتەوەییەکاندا دەقنووس کراوە، لە حاڵەتی ناکۆکیی چەکداریی بەتەواوی پیادەکراوییەوە دەمێننەوە؛

ـ داوای دەسپێکی فۆرمەڵەکردنی ڕێککەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی کرد، سەبارەت بە پاراستنی ڕۆژنامەنووسان، ئەوانەی ئەرکی خەتەرناک بەجێ دەهێنن.

ـ جەختی کردەوە کە بەشداربووانی بزووتنەوەی بەرهەڵستکاری نیشتمانی و خەباتگێڕانی پێناوی ئازادی، لە حاڵەتی دەسگیرکردنیاندا دەبێ مامەڵەی دیلەکانی شەڕیان لەگەڵدا بکرێت.

ـ بۆردومانکردنی دانیشتووانە شارستانەکانی بە بۆمب مەحکووم کردو هەروەها بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و بەکتریۆلۆژی.

ـ گەڕاندنەوەی دیلەکانی شەڕی زامدارو نەخۆشە ترسناکەکان بۆ وڵاتی خۆیانیان بە پێویست بینی و گەڕاندنەوەی ئەو دیلانەی شەڕ کە ماوەیەکی درێژیان لە دیلێتی بەسەر بردووە، بۆ وڵاتی خۆیان یاخود سپاردنیان بەگرتووخانەیەک لە وڵاتێکی بێ لایەندا.

ـ داوایکرد، هەموو ئەو کەسانەی کە پاراستنی ڕێککەوتننامەی سێیەمی جنێڤ دەیانگرێتەوە، مامەڵەیەکی مرۆڤانە بکرێت و دەوڵەتێکی پارێزەر، یان ڕێکخراوێکی

ئینسانی وەک لیژنەی نێودەوڵەتی خاچی سوور، پرۆسەی پشکنینێکی ڕێکوپێکی شوێنەکانی حیجز و گلدانەوە، بکات.

ـ خۆشحاڵی بەبڕیاری لیژنەی نێودەوڵەتی خاچی سوور دەربڕی، بە بەستنی کۆنگرەیەک بۆ تەئکید کردنەوەی یاسای ئینسانیی پیادەکراو بەسەر ناکۆکی چەکداری و گەشەپێدانی و پێی لەسەر بایەخی هاریکاری توندوتۆڵی نێوان نەتەوە یەکگرتووەکان و لیژنەی نێودەوڵەتی خاچی سووردا گرت.

کۆمەڵەی گشتی پێی لەسەر ڕێگەنەدان بە ئەنجامدانی پرۆسەی سەربازییەکانیش داگرت لە دژی ماڵ و خانوو و پەناگاو ناوچە تەرخانکراوەکان بۆ نەخۆشخانە و لەو دام و دەزگایانەی تر، ئەوانەی دانیشتووانە شارستانەکان بەکاریان دەهێنن.

هەروەسا لەسەر ڕێگەنەدان بە ئەنجامدانی کاری تۆڵەسەندنەوە لە دژی دانیشتوانە شارستانەکان یا بە تۆبزی ڕاگواستنیان یاخود دەسدرێژکاری بەهەر ڕەنگێکی تر بۆ سەر دروستی و سەلامەتییان، توندی کرد.

هەمدیس کۆمەڵەی گشتی ڕایگەیاند کە پێشکێش کردنی «بەهاناوە هاتنی نێودەوڵەتیی دانیشتوانە شارستانەکان کارێکە لەگەڵ بروانامەی نەتەوە یەکگرتووەکان و جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ و لە دەقە نێودەوڵەتییەکانی تردا، ڕێکە».

لەو ساڵانەی دوای ئەوە، کۆمەڵەی گشتی حەوت ڕاپۆرتی

دەربارەی مافەکانی مرۆڤ لەوەختی ناکۆکییە چەکدارییەکاندا وەرگرتووە کە سکرتێری گشتی پێشکێشی کردوون و هەمدیسان دەربارەی یاسای نێودەوڵەتی کەباسی قەدەغەکردنی یا سنووردارکردنی بەکارهێنانی چەند جۆرێکی دیاریکراو لە چەک دەکات، و پاراستنی ڕۆژنامەنووسان و بەکارهێنانی بۆمبی ناپاڵم و چەکە سووتێنەرەکانی تر، ڕاپۆرتی پێشکێش کردوون.

## تێکۆشەران لە ڕێگای ئازادیدا

کۆمەڵەی گشتی لە ساڵی ١٩٧٣دا حاڵەتی یاسای ئەو جەنگاوەرانەی دەستنیشان کرد کە لە دژی ڕژێمە کۆلۆنیاڵی و ڕەگەز پەرستەکانداو لە پێناوی بەکارخستنی بڕیاری چارەنووسی خەبات دەکەن.

بنەما لەسەر ڕێککەوتووەکانیش ئەوانەن:

ئەو چەشنە خەباتە، خەباتێکی ڕەوایە بەتەواوی لەگەڵ بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتیدا ڕێکدەکەوێ.

هەر هەوڵدانێک بۆ تێکشکاندنی خەبات لە دژی سیستەمە کۆلۆنیالییە ڕەگەزایەتییەکان، بە کارێکی ناکۆک لەگەڵ بڕوانامەی نەتەوە یەکگرتووەکان و جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ، جاڕنامەی سەربەخۆیی دان بە وڵات و گەلە کۆلۆنیالیکراوەکان دەژمێررێت، هەروا لەگەڵ بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی پەیوەست بە پەیوەندی دۆستایەتی و ئالیکاری

نێوان دەوڵەتان ناکۆکە، ئەو هەوڵدانانەیش هەڕەشە لە ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی دەکەن.

بەگوێرەی ئەحکامی ڕێککەوتننامەی سێیەمی جنێڤ، ئەوانەی ئێخسیر دەکرێن لە جەنگاوەران، پێویستە پلە (مرکز)ی ئێخسیرەکانی شەڕیان پێ ببەخشرێ.

بەکارهێنانی چڵکاو خۆران لە دژی جووڵانەوە ڕزگاریخوازە نیشتمانییەکان بەکارێکی ئیجرامی دەژمێردرێت. ژێرپێ خستنی یاسای جەنگاوەران، بەگوێرەی بنچینەکانی یاسای نێودەوڵەتی، بەرپرسیارێتێکی تەواوی لێ دەکەوێتەوە.

### پاراستنی ئافرەت و منداڵ

کۆمەڵەی گشتی لە ساڵی ١٩٧٤ دا جاڕنامەی پەیوەست بە پاراستنی ئافرەت و منداڵ لەکاتی بارە تەنگانەییەکان و ناکۆکییە چەکدارییەکان دەرکرد.

جاڕنامەکە دەقنووسی کردووە کە هەموو ئەو کارانەی بەشەڕهاتووەکان لەکاتی کردە سەربازییەکاندا یا لە ئیقلیمیە داگیرکراوەکاندا دەیقەومێنن کە شێوەگەلێک، لە شێوەکانی تێک شکاندن و مامەڵەی توندوتیژ و دڕندانە بۆ ئافرەت و منداڵان پێکدەهێنن، لەوانە: گرتن، ئەشکەنجەدان، گوللە پێوەنان، بەکۆمەڵ زیندانی کردن، سزادانی بەکۆمەڵ و، تێکدانی ماڵ و خانوو بەزۆر دەرکردن، بەکاری ئیجرامی دەژمێرێن.

بەگوێرەی ڕێککەوتننامەکانی جنێڤی ساڵی ١٩٤٩، چێ دبت ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە ئەرکەکانیان لە ناوچەکانی ناکۆکییە چەکدارییەکان (المنازعات المسلحە)دا ئەنجامدەدەن، چەند جۆرێکی دیاریکراو لە پاراستنیان بدرێتێ.

بەڵام هێندێک دەستەی ڕۆژنامەنووسان ئەوانەی ئەرکی خەتەرناک ئەنجام دەدەن، بەوپێیەی کۆمەڵەی گشتی لە ساڵی ١٩٧٠دا تێبینی کردووە، پاراستن نایانگرێتەوە.

بەگوێرەی ئەو دەسەڵاتەیش (الولایە)کە کۆمیتەی مافی مرۆڤ لەلایەن کۆمەڵەی گشتی و ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە پێیدراوە، کۆمیتەکە لە ساڵی ١٩٧٢دا پرۆژەی ڕێککەوتننامەیەکی ئیقرارکرد کە پاراستنی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی ئەرکی خەتەرناک لە ناوچەکانی ناکۆکی چەکداریدا ئەنجامدەدەن، دەستەبەر دەکات.

پرۆژەی ڕێککەوتننامەکە حەواڵەی کۆنگرەی دیپلۆماسی لیژنەی نێودەوڵەتی خاچی سووری تایبەت بە تەئکیدکردنەوەی یاسای ئینسانیی و پەرەپێدانی، کرا. ئەو خاڵە لە بەندی ٧٩ی پرۆتۆکۆڵی یەکەم کە کۆنگرەکە لە ساڵی ١٩٧٧دا پەسەندی کردووە چارەسەرکرا.

ئەو بەندە لەسەر ئەوە دەقنووسی کردووە کە ڕۆژنامەنووسان، ئەوانەی ئەرکی خەتەرناک ئەنجامدەدەن، وەک شارستانەکان مامەڵە دەکرێن و پارێزگاریکردن دەیانگرێتەوە، بەو مەرجەی

هیچ کاریکی وانەکەن کە مەڵبەندو پلەیان وەک شارستان لاسەنگ بکات و پرۆتۆکۆڵەکە پاترۆنێک دیاریی دەکات بۆ کارتی سەلماندنی ناسنامەکە حکومەتی ئەو وڵاتەی رۆژنامەوانەکەی سەرپێوەیە؛ دەری دەکات.

### پێڕاگەیاندن دەربارەی بێ سەروشوێن و کوژراوەکان

رێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، سەبارەت بە مردنی بێ سەروشوێنان، لە ساڵی ۱۹۵۲دا هاتە مەیدانی کارکردن، پاشان لە کاروەستا ـ دوای ئەوەی دواخستنی کارکردنی لە ساڵی ۱۹٦۷دا دووجار نوێ کرایەوەو زەحمەتە یاساییەکان کە لە نادیاربوونی کەسانێک لە ئاکامی ناکۆکی چەکدارییەوە سەری هەڵدا، لەوانەی کە ناتوانرێ بڕیاری مردنیان بدرێ، ئەمێستا پرۆتۆکۆڵی یەکەمی پاشبەند بە رێککەوتننامەکانی جنێڤی ساڵی ۱۹٤۹ دەیانگرێتە خۆی.

پرۆتۆکۆڵەکە دەقنووسی کردووە کە هەر لایەنێک لەلایەنەکانی ناکۆکی وەک بنەمایەکی گشتی و هەر کە هەل ومەرج بەوە رێگای پێ بدات و ئەوپەڕەکەی لە دوای بەکۆتاهاتنی کارە دوژمنکارییەکان، عەمدەن بە دوای ئەو کەسانەی کە ون بوونیان راگەیێنراوە، بگەڕێن و بە هەموو زانیارییەکی پەیوەنددار ئاگاداری لایەنی دوژمن بکاتەوە.

### چەک: قەدەغەو کۆت و بەستکارییەکان

هەر لە جاڕنامەی سان پترسبۆرگەوە ساڵی ۱۸٦۸، کۆششی چەند جارەکراوە، لەکاتی دانووستانی نێودەوڵەتی بۆ

قەدەغەکردن یان کۆت و بەستکردنی بەکارهێنانی ئەو چەکانەی کە دەبنە هۆی موعاناتی بێ یاساو بۆ جەنگاوەران، یان ئەوانەی ئەو دانیشتووانە سڤیلانەی بە ناکۆکی چەکداریی کاریگەرن، دەخەنە مەترسییەوە.

## چەکی ئەتۆمی

هەر لە سەعاتەکانی یەکەمی دامەزراندنیدا بایەخی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر چەکە ئەتۆمییەکانەوە بوو، هەوەڵین بڕیارێک کە کۆمەڵەی گشتی لە ١٩٤٦دا دای، لەسەر دامەزراندنی لیژنەیەک بۆ وزەی گەردیلەیی دەقنووسی کردووە، کە یەک لە ئەرکەکانی دانانی چەند پێشنیارێکە بۆ لەنێوبردنی چەکە ئەتۆمییەکان لە ئەمبارە نیشتمانییەکاندا.

لە وەختێکیشدا کە گرنگیدان هەر لەسەر داماڵینی چەک بوو، مەسەلەی بەکارهێنان چەک لە زەمەنی شەڕو ئەو ئاسەوارانەی کە بەکارهێنانی چەک لەسەر مافە سەرەکییەکانی مرۆڤ جێی دەهێڵێ، لەوانە مافی ژیان، لە شەستەکانی ئەو سەدەیەوە لەبەرنامەی کاری ستافەکانی نەتەوەیەکگرتووەکاندا سەری دەرهێنا.

کۆمەڵەی گشتی لە بڕیاری خۆی ١٦٥٣(د-١٦) کە لە ١٩٦١دا دەرچووە، ڕایگەیاند کە بەکارهێنانی چەکە ئەتۆمییەکان و ئەتۆمە گەرمییەکان بە پێشێل کردنێکی ڕاستەوخۆی بروانامەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەژمێرڕێت و دەبێتە هۆی ئێش و ئازارو، وێرانکاریی شەلم کوێرمانە بۆ

توخمی ئادەمی و شارستانێتی ئینسان و سەرپێچی پرانسیپەکانی یاسای نێودەوڵەتی و یاسای هیومانیزمە.

هەر وەک هەر دەوڵەتێک ئەو چەکانە بەکاربهێنێ وا دەژمێردرێ کە پێچەوانەی یاسا ئینسانییەکان ڕەفتاری کردووەو تاوانی دژ بە بەشەرییەت و ژیاریی ئەنجامداوە ئەو بڕیارە لەساڵەکانی ۱۹۷۸ و ۱۹۷۹، ۱۹۸۱ جارێکی تر جەخت کرایەوە.

بەڵام پەیماننامەی بەرگرتن لە تاقیکردنەوەی چەکە ئەتۆمییەکان لە هەواو لە بۆشایی دەرەوەو ژێر ئاودا، لە ساڵی ۱۹٦۳دا هاتە مەیدانی جێبەجێکردن و هەرچەندە پەیماننامەکە لە ژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکاندا نەبەسترا، کۆمەڵەی گشتی ئیقراری کرد.

لایەنەکانی ئەو پەیماننامەیە ڕایدەگەیێنن کە ئەوان هیوای هاتنەدیو وەستانی هەموو تەقاندنەوە ئەزموونگەرییەکانی چەکە ئەتۆمییەکان و بۆ تا هەتا، دەخوازن و ئەوان لەسەر کۆتایی هێنانی پیسکردنی ژینگە بە مەوادە تیشکاوییەکان هلۆڤانن.

لە پەیماننامەی بنەمای چالاکی ڕێکخەرەکانی دەوڵەتان لە بواری دۆزینەوەو بەکارهێنانی بۆشایی دەرەوە لەوانە مانگ و ئەستێرەکانی تری ئاسمان (۱۹٦٦)، دەوڵەتانی لایەن لە پەیماننامە بەڵێن دەدەن بە دانەنانی هەر تەنێک کە هەر چەکێکی ئەتۆمی یان هەر جۆرێکی تری لە چەکی کۆکوژی هەڵگرتبێ، لەسەر هەر خولگەیەک بەدەوری زەویدا.

هـەر وەک پـەیمـان دەدەن کـە ڕەچـاوی بـەکـارهێـنـانـی مـانـگ و ئـەستێرەکـانـی تـری ئـاسـمـان بۆ تـەنـهـا مـەبـەسـتـە ئـاشـتـیـیـەکـان بکەن.

دوای ئەوە بەدووساڵ، کۆمەڵەی گشتی ستایشی پەیماننامەی بڵاوبوونەوەی چەکە ئەتۆمییەکانی کرد کە بەپێی ئەوە هەر یەک لـەو دەوڵـەتـانـەی لایـەن کـە چەکـە ئـەتۆمـیـیـەکـانـیـان هـەیـە، بەشێـوەیەکی ڕاسـتـەوخۆیێت یا ناڕاسـتـەوخۆ بـەڵێن دەدەن کە هیچ چەکێکی ئەتۆمی یا دام و دەزگا تەقێنەرەوەی ئەتۆمی یان کۆنترۆڵ کردنیان، بۆ هیچ لایێکی دیکە نەگوێزنەوە.

هەروەها پەیمان دەدەن بەوەی یارمەتی یا هانی یان دنەی هەر یەکێک لەو دەوڵەتانە نەدەن کە چەکی ئەتۆمییان نییە، لەسەر دروست کردن یاخود دەستخستنی چەکی ئەتۆمی.

هەر وەک کۆمەڵەی گشتی ستایشی پەیماننامەی بەرگرتن لە دانانی چەکە ئەتۆمییەکان و چەکە کۆکوژییەکانی تر لە قوڵایی دەریاو ئۆقیانووسەکان و لە ژێر زەوییەکانیان کردو، لە ساڵی ١٩٧١دا بۆ واژۆکردن خستیەڕوو.

دەوڵەتە لایەنەکانی پەیماننامەکە ئیلتزام بەوە دەکەن کە هیچ چـەکێـکی لـەو جۆرە یـان هـەر وەسیـلـەیـەک بۆ هـاوێژتـنـی یـا جەڕباندنی ئەوان چەکانە، لە قووڵایی دەریاو ئۆقیانووسەکان یا لە ناواخنی خاکەکەیدا دانەنێن.

لە جاڕنامەی پەیوەست بە قەدەغەکردنی ڕوودانی کارەساتێکی

ئەتۆمی، کۆمەڵەی گشتی لە ساڵی ١٩٨١دا بیری خستەوە کە دەوڵەتان یاخود ئەو سیاسییانەی دەستیان بەبەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی کردووە.

بەوە گەورەترین تاوان دەرهەق بە مرۆڤایەتی ئەنجامدەدەن، جاڕنامەکە دەگاتە ئەوەی کە وزەی ئەتۆمی پێویستە تەنها بۆ مەبەستی ئاشتیەوانی بەکاربهێنرێت.

مەسەلەی نۆژەنکردنی جۆری نوێی چەکی کۆکوژیش، کە لە توانستە ئاشکراکانیدا دەشوبهێتە چەکە ئەتۆمییەکان، چەندین جار لە کۆمەڵەی گشتییدا گفتوگۆی کراوە

لە ساڵی ١٩٨٦یشدا، کۆمەڵەی گشتی داوای لە هەموو دەوڵەتە لایەنەکان کرد، هەر کە چەکێکی نوێ لە چەکە کۆکوژییەکان دیاریکرا، دەستپێشخەری دانووستاندنی بە پەلەو خێرا بۆ قەدەغەکردنی بکەن و بۆ وەستاندنی هاتنەکایەی کاربکەن.

## چەکی کیمیاوی و بەکتریۆلۆژی

لە زۆر هەڵکەوتنەکاندا، کۆمەڵەی گشتی ئەو دەوڵەتانەی ڕاسپاردووە کە هێشتا نەهاتوونەتە پاڵ پرۆتۆکۆڵی ساڵی ١٩٢٥ی تایبەت بە قەدەغەکردنی بەکارهێنانی جەنگییانەی گازە خنکێنەرەکان یا ژەهراوییەکان، یان ئەوەی وەک ئەوان و ئامرازە بەکتریۆلۆژییەکان، کە بێنە ڕیزییەوە.

هەروەها کۆمەڵەی گشتی لە ساڵی ١٩٧٢دا ستایشی

ڕێککەوتننامەی بەرگرتن لە داهێنان و بەرهەمهێنان و داکردنی چەکە بەکتریۆلۆژی (بایۆلۆژی)و تەکسینیەکان و تێک شکاندنی ئەو چەکانەی کرد.

لەساڵی ١٩٧٢یشدا بۆ واژۆکردن خستییەڕوو، ئەمەو ئەو ڕێککەوتننامەیە لە ساڵی ١٩٧٥دا کەوتە مەیدانی کارکردن.

دەوڵەتە لایەنەکانی ئەو ڕێککەوتننامەیە پەیمان دەدەن کە هەرگیز قەستی نۆژەنکاری یا بەرهەمهێنان یاخود داکردن نەکەن و قەستی دەستخستن یا هەڵگرتنی هۆکارە میکرۆبییەکان یان هۆکارە بایۆلۆژییەکانی تر نەکەن، یان تەکسینات کە هیچ پاساوێکی بۆ نییە، بۆ مەبەستی خۆپاراستن یا پارێزگاری کردن یا مەبەستە ئاشتەواییەکانی تر، یا چەک یا کەرەستە یان ئامرازە ئاراستەکراوەکانی گەیاندن بۆ بەکارهێنانی ئەو هۆکارانە یا تەکسینانە لە مەبەستەکانی دوژمنکاری یاخود ناکۆکییە چەکدارییەکاندا.

هەروەها ڕێککەوتننامەکە پێویستی تێکشکاندنی ئەو هۆکارو چەکانە دەکات، یا گۆڕینیان بۆ بەکارهێنانیان لە مەبەستەکانی ئاشتیدا.

کۆمەڵەی گشتی لە ساڵی ١٩٧٨ بڕیاریدا کە پرسی گرێدانی ڕێککەوتننامەیەک بۆ قەدەغەکردنی نۆژەنکردن و بەرهەمهێنان و داکردنی هەموو چەکە کیمیاوییەکان و تێکشکاندنیان، لە گرنگترین ئەرکە لە پێشترەکانی بەردەم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە.

مەسەلەی بەکارهێنانی بۆمبی ناپاڵم لە کۆنگرەی نیودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤدا گێنگەشەکرا، کە لە تاران ساڵی ١٩٦٨ گرێدرا، لیژنەی نێودەوڵەتی خاچی سووریش لاگیری پێشنیاری کۆنگرەی کرد بە لێکۆڵینەوە لەمبارەوە.

ئەو ڕاپۆرتە کە باسی مەسەلەی ناپاڵم و چەکە سووتێنەرەکانی ترو هەموو لایەنەکانی شیمانەی بەکارهێنانیان دەکات کە لە ساڵی ١٩٧٢دا خرایە بەردەم کۆمەڵەی گشتی، گەیشتە ئەوەی کە بڵاوکردنەوەی ئاگر بەوچەکانە بێ جیاوازی، زەرەرو و زیان بە نیشانە سەربازی و مەدەنییەکان دەگەیێنێ، پێکران و تووشبووەکانیش دەبنە ماکی ئێش و ئازاری بەسۆتووسوو، چارەسەری نوژداریی ئەو پێکرانە لە دەرامەتی زۆربەی وڵاتان تێدەپەڕێنێ.

بەڵام ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ قەدەغەکردن یا کۆت و بەست کردنی بەکارهێنانی چەکە تەقلیدییە دیاریکراوەکان دەکرێ بە زەرەری بێ شومار یان شوێنکاری شەلم کوێرم بژمێردرێت، ئەو بەرەنجامی کۆنگرەیەک بوو کە لە جنێڤ لە دووساڵی ١٩٧٩ و ١٩٨٠دا گرێدرا.

شایانی وەبیرهێنانەوەیە کە ئەو کۆنگرەیە بەپێی ڕاسپاردەیی ئەو کۆنگرە دیپلۆماسییە گرێدرا کە لە ساڵی ١٩٧٧دا هەردوو پرۆتۆکۆڵی سەرباری ڕێککەوتننامەکانی جنێڤی ساڵی ١٩٤٩ی ئیقرارکرد.

دەوڵەتە لایەنەکانیش دان بەو پەیوەندییە توندوتۆڵەی نێوان ڕێککەوتننامەی چەکی تەقلیدی و یاسا ئینسانییە نێودەوڵەتییەکانی تر دەنێن، لەوانە هەردوو پرۆتۆکۆڵی ساڵی ١٩٧٧، ئەوەش لە ئاماژەکردنیاندا بۆ ئەو بنەما گشتییەی کە پاراستنی دانیشتووانە شارستانەکان لە شوونەواری کارە دوژمنکارییەکاندا پێویست دەکات و هەروەسا بۆ هەردوو بنەمای دوورکەوتنەوە لە ئێش و ئازارنانەوەی بەبێ هۆ و پاراستنی ژینگە.

سێ پرۆتۆکۆڵیش بە ڕێککەوتننامەکەوە هاوپێچن، پرۆتۆکۆڵی یەکەم بەکارهێنانی ئەو چەکانە قەدەغە دەکات کە دەبنە هۆی ئێش و ئازار لە ڕێگای ئەو ساچمانەی کە ناتوانرێ بە تیشکی سینی ئاشکرا بن.

ئامانجی پرۆتۆکۆڵی دووەمیش: قەدەغەکردن یا کۆت و بەستکردنی بەکارهێنانی مین و تەڵە تەقێنەرەکان و (النبائط) کە لە دوورەوە کۆنترۆڵی تەقاندنەوەی دەکرێ یا بە تەوقیتی زەمەنی، بەڵام پرۆتۆکۆڵی سێیەم بەکارهێنانی چەکە سووتێنەرەکان کۆت و بەست دەکات.

### تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی

نەتەوە یەکگرتووەکان، چەند بنچینەیەکی بۆ ئالیکاری نێودەوڵەتی لە قەدەغەکردنی تاوانەکانی دژ بە ئاشتی و تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و سزادان لەسەریان، جێگیر کرد.

ئەو پابەندبوونەش مەودایەکی نوێی گرنگی بۆ یاسای ئینسانیی نێودەوڵەتی زیادکرد.

ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی کوشتاری بە کۆمەڵ و سزادان لەسەر ئەنجامدانی کە کۆمەڵەی گشتی لەساڵی ١٩٤٨دا ئیقراری کردووە، هەوڵێن پێنگاف بوو کە لەو بوارەدا هاویژترا.

ڕێککەوتننامەکە جەخت دەکاتەوە کە بە کۆمەڵ کوژیی، ئەگەر لە ڕۆژگاری ئاشتی ئەنجام درابێت یان لەکاتی شەڕدا، بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی تاوانەو دەوڵەتە لایەنەکان پەیمانی قەدەغەکردن و سزادان لەسەریان دەدەن.

یەک لەو ئەرکە سەرەکییانەی تر خۆی لە فۆڕمەڵەکردنی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی دانواند کە لە پێڕەوی بنەڕەتی دادگای نۆرمبێرگدا کە تاوانکاری شەڕی لە دوای جەنگی جیهانگیری دووەمەوە دادوەری کردووە، دان پێنراوە.

لیژنەی یاسای نێودەوڵەتیش، لە ساڵی ١٩٥٠دا بە ئامادەکردنی فۆڕمەڵەی ئەو بنەمایانە، لەسەر داوای کۆمەڵەی گشتی خەریک و سەرقاڵ بوو.

هەروەک لیژنەکە پرۆژەی تۆماری تاوانەکانی دژ بە ئاشتی و ئاسایشی بەشەریەتی گەڵاڵەکرد، کە باسی ئەو بەرپرسیارێتییە سزاییە دەکات کە دەکەوێتە سەر تاکە کەسان، بەوەی کە دادگای نۆرمبێرگ وای بینی کە تاوانەکانی دژ بە

یاسای نێودەوڵەتی، تاوانێکن تاکە کەسان دەیقەومێنن نەک کیان و قەوارەی ڕووت و، ئەحکامی یاسای نێودەوڵەتی ناتوانرێ وەکاربخرێ تەنها بە سزادانی ئەو کەسانە نەبێت کە ئەم تاوانانە ئەنجام دەدەن.

### لابردنی بەسەرچوون لە هێندێک تاواندا

کۆمەڵەی گشتی لە ساڵی ١٩٦٨دا ڕێککەوتننامەی بەسەرنەچوونی تاوانەکانی شەڕو تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی پەسەندکرد کە کۆمیتەی مافی مرۆڤ و ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەلایەتی بەرهەڤیان کردو لە ساڵی ١٩٧٠دا هاتە بواری جێبەجێبوون. دەوڵەتە لایەنەکانی ئەو ڕێککەوتننامەیە، پەیمانی لابردنی بەسەرچوون دەدەن لە یاسای نیشتمانی دا بەگوێرەی ڕاوەدوونانی ئەو تاوانانەو سزادان لەسەریان و بەپێی یاسای نێودەوڵەتی بواری دانەوەدەستی تاوانکاران دەدەن.

لە ساڵی ١٩٧٣یشدا، کۆمەڵەی گشتی، نۆ بنەمای هاریکاری نێودەوڵەتی لە بواری تاقیب کردن و گرتن و دانەوەدەست و سزادانی گوناهبارانی قەوماندنی تاوانەکانی شەڕو تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی، پەسەندکرد.

لە ساڵی ١٩٨٧یش، لیژنەی لابەلای قەدەغەکردنی جیاخوازیی و پاراستنی کەمایەتییەکان، پێشنیاری بەرفراوانیکردنی ڕێگەدان بە نۆڕین و موتالاکردنی دۆسیەکانی لیژنەی تاوانەکانی جەنگی کرد، ئەوەش ئەوکاتەی لەو هەوڵ و کۆشش کردنانەی کۆڵییەوە بۆ دانە دادگایی ئەوانەی کە گومانیان لێ

دەکرا تاوانباری جەنگ بن و لیژنەی لابەلا هانی دەوڵەتانی دا لە گەیشتنی ئەوان کەسانە، لەوەی شایستەیان لە سزای عادیلانە، دڵنیایی بکەن.

### شڕەخۆر

شڕەخۆر، بەو شێوەیەی کە لە پرۆتۆکۆڵی هاوبەند بە ڕێککەوتننامەکانی جنێڤ ناسێنراوە، مافی نییە بە جەنگاوەر یا ئێخسیری شەڕ بژمێردرێت.

لە زۆر هەڵکەفتنان و هەر لە شەستەکان بەرەو سەرەوە، لەلایەن کۆمەڵەی گشتی و ئەنجوومەنی ئاسایش و ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و لیژنەی مافی مرۆڤ، مومارەسەی بەکارهێنانی شڕەخۆران لە دژی بزاڤە ئازادیخوازە نیشتمانییەکان یان بە سەپاندنی لەکار لادانی حکوومەتان، مەحکووم کراون، بەو تانوپۆیەی کارێکی ئیجرامییە.

لە ساڵی ١٩٨٧یشدا، لیژنەکە بڕیاردەرێکی تایبەتی بۆ مەسەلەی شڕەخۆران دیاریی کرد.

لەو ماوەیەشدا، لیژنەی سەربەکۆمەڵەی گشتی کارەکانی خۆی تەواوکرد، لەوەش پەیوەست بە فۆڕمەڵەکردنی ڕێککەوتننامەیەک لە دژی «شڕەخۆرگریی» و بەکاربردنیان و دارایی دان و مەشق پێکردنیان. کۆمەڵەی گشتی لە تشرینی دووەمی ١٩٨٩دا ڕێککەوتننامەکەی پەسەندکرد.

نـاکۆکی چـەکـداریی ـ وەک یـەک، نێـو خۆو نێـودەوڵـەتی ـ هۆڤیتی ترین هەقیقەتی سەدەی بیستەمە، سەرەڕای هەموو ئەو کۆششانەیش کە دەکرێن بۆ جێگرتنەوەی دانووستانی ئاشتییانە لـە شوێنی پەنابـردنە بەر چەک لەسەر بـناغـەیەکی بەردەوام، بـاجی ئێش و ئـازارو مـردن و وێـرانـکـاری کـە شـەڕوشۆڕ دەیانهێنێ، بێ شک لە زیادبوونی یەکبینەدایە.

قەدەغەکردنی ناکۆکی چەکداری ـ کە پێویستە واش بمێنێتەوە ـ ئارمانجی یەکەمین هاریکاری نێودەوڵەتییە.

بـەڵام ئـارمـانجی دووەم پـاراسـتـنی بـەشـەریـیـەتـە لـە بەرەنگاربوونەوەی هەقیقەتی هەبوونی شەڕ، ئەوەش داخوازی یاسای ئینسانیی نێودەوڵەتییە.

لە ماوەی بڕێک لەسەد ساڵ زیاتر، کۆمەڵە یاسایێکی ئینسانی نێـودەوڵـەتی جێـگـیـربـوون کە سـەرنج ڕادەکێـشن، ئـەورۆش سنوورێکی ئاشکرای جۆرەها کار هەیە کە دەکرێ لە ناکۆکییە چەکدارییەکانـدا لەسەریـان بێدەنگ بم، بـەڵام پەیمـاننـامـەو ڕێککەوتننامەکان، تەنانەت ئەگەر بە ڕەسمیش بروابیان پێ بدرێ، نە دەتوانن گـیـانی مرۆڤ ڕزگـاربـکـەن و نە دەتوانن بە خراپ مـامـەڵـە کردنیـان قەدەغە بـکـەن و نەمومـتـەلەکانی بێ گـونـاهـان بـپـارێـزن، ئـەگـەر ویـست و ئـیـرادەی پێـویـست بۆ پیادەکردنی ئەو ڕێککەوتننامانە لە هەموو هەل ومەرجێکدا فەراهەم نەکرێت. ئەوەش کاریگەر نابێت ئەگەر هەر کەسێکی

پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ناکۆکییەکەوە هەیە، چ لە جەنگاوەران بێت یان باژێرڤانییەکان، هەستی نەکردبێت کە کێشەی سەرەکی کێشەی ڕێزگرتن لە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤە.

## هەندێ سەرچاوە کە زانیاریی زیاتریان گرتۆتەخۆ:


-CARNEGI ENDOWMENT FOR INTERNATIONAL PEACE, THE HAGUE.

COUVENTIONS AND DECLARTION OF 1899 AND 1907-NEWYORK 1915, OXFORD UNIVERSITY PRESS...

- INTERNATIONAL COMMITTEE OF THE RED CROSS. THE GENEVA CONVENTIONS OF AUGUST 12,1949.

-......PROTOCOLS ADDITIONAL TO THE GENEVA CONVENTIONS OF 13 AUGUST 1949.

-.....KLASHOVEN, FIRST-CONSTRAINTS ON THE WAGNING OF WAR-GENEVA , 1987, INTERNATIONAL COMMITTEE OF THE RED CROSS.

- UNITED NATIONS-FINAL ACT OF INTERNATIONAL CONFERENCE ON HUMAN RIGHTS-NEWYORK, 1968 SALENS NO-E-68-XIV-2-

-.......THE WORK OF THE INTERNATIONAL LAW COMMISSION NEWYORK, 1980-SALES N0-E-80-V-II-

-........THE UNITED NATIONS AND HUMAN RIHGTS, NEWYOR, 1984-SALES NO-E-84-1-6

-.........HUMANRIGHTS: STAUS OF INTERNATIONAL.

-INSTRUMENTS-NEW YORK, 1987-SALES NO-E-87-X-IV-2-

-..................HUMANRIGHTS: A COMPILATION OF INTERNATIONAL.

INSTRUMENTS-NEW YORK,1988-SALES NO-E-88-XIV-I

-............ UNITED NATIONS ACTION IN THE FIELD OF HUMANRIGHTS

NEWYORK,1988-SALESNO-E-88-X-IV-2-

## بەرەو دامەزراندنی
## (مەڵبەندی توێژینەوەی بارزانیی نەمر بۆ مافەکانی مرۆڤ)

هەقیقەتێکی لەواقعدا سەلماو و حاشا هەڵنەگرە، کە بارزانیی نەمر، لە پێناوی پاراستنی ماهییەت و کەرامەتی ئینسانی کورددا، نیو سەدەی لەتەمەنی خۆی بەڕێکرد، لە پێناوی دابینکردنی مافە هەمە چەشنەکانی مرۆڤ و میللەتی کوردو رژد بوون لەسەربوون و پاراستنیاندا، بۆ تەنیا ساتێکیش پێیەکانی نەچەماندنەوەو چاوە هەڵۆ ئاساکانی نەتروکاندن.. لە بەراییدا مافە پۆلەتیکییەکان و پاشدان مافە سۆسیۆلۆژی و ئابوورییەکان و فەراهەمکردنی ئاشتی و ئاسایشی خەڵک و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و...تاد.

لەو ڕوانگەیەوە، ڕێبازی بارزانیی نەمر، بەر لە هەر شتێک خۆی لە گوفتارو کردارو خەباتی سەرقافڵەیی ئەو سەرکردە ڕەمزەدا دەدۆزێتەوە لە بواری پاراستنی مافەکانی مرۆڤی کورددا.

بارزانیی نەمر بە فیعلی و ڕاستەقانیی خۆی بە «خزمەتکارو

داکۆکیکاری» بچووکترین ئینسانی ئەو نەتەوەیە دادەنا، نەمازە زوڵم لێکراو و ماف و بەشخوراوەکان...

ئەو عەدالەتەی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە پیادەی دەکرد، لە مێژووی کورددا کەم نەزیرەو ئەمێستا بۆ هەرلایەکی وڵاتی کوردەواری وەرچەرخێیت ئەوە نابینی..

بەگوێرەی ئەو کەلەپوورو ڕێبازە مەزن و لێهاتوو و لەبن نەهاتووەبێت، کە بارزانیی نەمر بۆ گەل و نەتەوەکەی جێهێشتووە، بەشەرمەزارییەوە، شتێکی ئەوتۆی شایانی بۆ نەکراوە..

کۆشش و جەفا و ماندووبوونی مەلا مستەفای بارزانیی، ڕەنگبێ لەوەی سەرکردە مەزنەکانی نموونەی عومەر موختارو نەهرۆ و گاندی و تیتۆ و عەبدولناسر، سەختتر بووبێت کە وەک لانی کەمی ڕێزلێنانیان، خەبات و تێکۆشان و ڕەوش و ڕێبازی ڕاستەقینەی نیشتمانپەروەریان لە فیلمی سینەماییدا بەرجەستەکراون.. کەچی دەسەڵاتدارێتی نیشتمانیی کورد، کە زۆر قەرزداری ئەون، وێدەچێ ئەوەش بە ڕەوانەبینن و گوفتاریان لەسەر بارزانیی (چەورو شیرینە!!) و (پڕ لە ئەوینە!).. بەڵام بەکردار...

لێرەدا «اضعف الایمان»، لە پێویست پێویست تری دەبینم کە مەڵبەندی تایبەت بە توێژینەوەی مافەکانی مرۆڤ و بەناوی بارزانیی نەمرو بەو ناوونیشانەی لای سەرەوە دابمەزرێت و، بەو شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم: چەند خاڵێکی گشتی**

١- دروشمی ئەو مەڵبەندە، لە مافپەروەری و عەدالەت پەروەریی بارزانیی نەمرو ڕەگ داکوتانی لە نێو قوڵایی نەتەوەکەماندا بەهۆی ئەو عەدالەتە وەبێ، هەروا کەڵک لە نێوەڕۆکی ئەو دروشمەش وەربگیرێ، کە لە ساڵی ١٩٩١دا وەک خەڵاتێکی مافی مرۆڤ پێشکێشی کاک مسعود بارزانی کرا، وەک نوێنەری گەلی کورد.

بۆ دروستکردنی دروشمەکەیش، هونەرمەندە ناودارەکانی کورد (لە ناوەوەو هەندەران) لە پێشبڕکێیەکدا ڕابسپێردرێن.

٢- نیزام و پەیڕەوێکی یاسایی بۆ دابنرێت و ستراتیژییەت و ئارمانجە گشتی و تایبەتییەکان و هەیکەل و داڕشتەی مەڵبەندەکە و پسپۆڕایەتی و پەیوەندییەکانی تێدا دەستنیشان بکرێت.

٣- یان بە ئەنجوومەنی وەزیرانی حکوومەتی هەرێم، یاخود بە ئەنجوومەنی خوێندنی باڵا، یان بە سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین و کۆلێژی یاساوە ببەسترێتەوە.

٤- ئەو کەسانەی کاری تێدا دەکەن، لەو مرۆڤە دەست و دڵ و ڕابردوو خاوێنانە بن، کە بەڕاستی ڕێبازی بارزانیی نەمریان لاپەسەندەو پەسەند بووەو بەشێکی گەورەی بەرنامەی ژیانیان بووە، نەک...

**دووەم: دەکرێ مەڵبەندەکە لەو ئیش و کارانەی خوارەوە پسپۆڕ و تایبەتمەند بێ:**

١- بڕوانامەی باڵای وەک «دبلۆم» و «ماستەر» لەسەر مافەکانی مرۆڤ بەگشتی و کەلەپوورو ڕێبازی بارزانیی نەمر بە تەرخانی، ببەخشێ؛ بۆ ئەوەش هەموو پێداویستییەکانی بەخشینی ئەو چەشنە بڕوانامانەی بۆ دابین و دەستەبەر بکرێ.

٢- گۆڤارێکی ئەکادیمی زانستی تەرخان و چارەسەر ساز، لەمەڕ مافەکانی مرۆڤ و پێشێلکاریی و کەلێنەکانی، دەربکات کە لە هەرسێ زانکۆکانی هەرێم، جێگای «ترقیەی علمی» بێت.

٣- چاپکراو و بڵاوکراوەی تر، سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ و مرۆڤی کورد بەتایبەتی، لە شێوەی نامیلکەو کتێبدا دەربکات.

٤- کردنەوەی خولی بەردەوام بۆ هەوادارو لایەنگرانی ڕێبازی بارزانیی نەمرو مرۆڤ پەروەرەکان، کە لە «٤٥» ڕۆژ کەمتر نەبێ با بۆ ئەو مەبەستەیش لیژنەیەکی پسپۆڕ، پرۆگرامێکی تایبەت بەوە ئامادەبکات.

٥- ئەو مەڵبەندە هەوڵبدات کە وانەی «مافی مرۆڤ و یاسای ئینسانی نێو دەوڵەتی» وەک ماددەیەکی سەربەخۆ، لەهەموو قۆناخەکانی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی وکۆلێژ و پەیمانگەکاندا بخوێنرێ... هەر قۆناخەو بەپێی ڕادەی وەرگرتن و تێگەیشتن و تەمەن و ئاستی زانستی قوتابییەکانی، کە دیارە ئەو کارەش مانای «بەرجەستەکردنی ڕێبازی بارزانیی نەمر« دەگەیێنێ و بەهۆیەوە ئاکارو ڕەوشتی ڕەسەنی کوردەواری، بۆ

شوێنی ڕەسەن و سرووشتی خۆیان دەگەڕێنەوەو تا ڕادەیەک چەوتییەکان ڕاست دەبنەوە..

بۆ دانانی پرۆگرامەکانیش، مەڵبەندەکە لە ڕێگای تەرخانکردنی «لیژنەیەکی فراوانی پسپۆڕ و شارەزاییان»ەوە، دەتوانێ هاوکاری و دەستەوایی وەزارەتی پەروەردەی هەرێم (پرۆگرامی سەرەتایی و ئامادەییەکان) و ئەنجوومەنی وەزیرانی حکوومەتی هەرێم (کۆلێژو پەیمانگاکان)دا بکات.

٦- لەو مەڵبەندەدا، هەموو ئەو ڕێککەوتننامەو پەیماننامەو پرۆتۆکۆڵ و جاڕنامانەی کە دەربارەی مافەکانی مرۆڤ واژۆ و پەسەندکراون و تەواوی ڕاپۆرتەکانی کە لەمەڕ کورد پێشکێشی مەڵبەندی مافی مرۆڤ و لیژنەی مافی مرۆڤی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان، هەروەسا ئەو ڕاپۆرتانەی لەمەڕ پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤی کورد لەلایەن ڕێکخراوە مرۆییە جیهانی و ئیقلیمی و نێوخۆییەکانەوە، پەخش و بڵاوکراونەتەوە، بە مەبەستی سوود لێ وەرگرتن ڕێک بخرێن و لێکۆڵینەوەو دیراساتی مەیدانی و چارەسەر سازو واقعییان لەسەر بکرێت و لەهەمان دەمیشدا وەک وانەو موحازەرە لە مەڵبەندەکەدا بگوترێنەوەو بخرێنە بەردەم قوتابیانی خوێندنی باڵا لە خودی مەڵبەندەکەو کۆلێژی یاساو توێژەران و...تاد.

٧- دانانی کۆمیتەیەکی باڵا لە خەڵکانی مرۆڤ دۆست و کورد پەروەرو ئەوانەی بەڕاستی هەواداری ئەو ڕێبازەن، بۆ ئەوەی بە مەبەستی توێژینەوەو چارەسەرکردن، چاودێری خروقات و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ بکەن، لە پاشدا لە بڵاونامەکانی

ئەو مەڵبەندەدا جێگیری بکەن و بڵاوی بکەنەوەو. لیژنەیەکی بەدواداچوون و ڕاپەڕاندنیش هەبێت، کە چارەسەری بەپێی تواناو پێویستی ئەو پێشێلکارییانە بکات.

٨- ساڵانە هەوڵی وەرگرتنی چەند قوتابییەک بدرێ لە مەڵبەندو ئامۆژگاو دانیشگاکانی دەوڵەتانی ئەورووپاو جیهاندا لە ڕێگای ئەو مەڵبەندەوە.

٩- پێویست دەکات مەڵبەندەکە «وەرزی ڕۆشنبیری» هەبێت، کە لە ڕۆژی (٣/١٤)ی هەر ساڵێک دەست پێ بکات و لە کۆتایی ٣/٢١ بەدیماهی بێت)، کە تێیدا ئەڵقەی دیراسی و موحازەرەدان و کۆڕگرتن و چالاکی هەمە جۆری پابەند بە مافەکانی مرۆڤ و میللەتی کوردی تێدا ئەنجامبدرێ، لە پاڵ یادکردنەوەو لێ قوڵبوونەوە لەکارەساتەکانی ١٩٧٤/٤/٢٤ و ١٩٨٨/٣/١٦ و ١٩٩٥/٢/٢٧و...تاد.

**سێیەم: وەک پێشنیار، دەتوانرێ مەڵبەندەکە ئەو بەشانەی خوارەوە بگرێتە خۆی:**

## ١- بەشی باس و توێژینەوە (قسم البحوث والدراسات):

بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی ئەو بەشە، سەرباری ئەو توێژەرانەی کە لە خودی مەڵبەندەکەدا هەن، پەیوەندیش بە مامۆستایانی زانکۆکانی کوردستان و پسپۆڕانی ئەو بوارە لە دەرەوە بکرێت و بە کۆڵینەوەی مافە ئابووریی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوورییەکان و پرس و کێشەکانی میللەتی کورد لە ڕوانگەی مافی مرۆڤەوە، ڕابسپێردرێن...

## ٢- بەشی پەیوەندییەکانی دەرەوە (قسم العلاقات الخارجیە):

دوای چەسپاندنی مەڵبەندی نێوبراو، بۆ گەشەکردن و پێشکەوتنی لە هەموو ئالێکەوە، دەکرێ لە ڕێگای ئەو بەشەوە بە ڕێکخراوە مرۆییەکانی جیهانی ببەسترێتەوەو پەیوەندار بێت و بیروڕایان لەگەڵ بگۆڕێتەوەو سوودیان لێ ببینێ، هەروا پەیوەندی بەردەوامی بە کۆلێژ و ئامۆژگا حقوقی و مافپارێزییەکانیی دونیاوە هەبێت، سەرەڕای مەڵبەندی مافی مرۆڤ ـ جنێڤ ـ کە لە ڕێگای ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە بەکۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەستراوەتەوە..

هەروەسا دەتوانێ پەیوەندی بە کەسایەتییە نێودارەکان لەو بارەیەوە بکات، مینا فان دیرشیوئیل و جۆن پاکەرو...هتد. دەرکردنی بڵاوکراوەیەکی مانگانەیش هەر هیچ نەبێت بە زبانی ئینگلیزی سەبارەت بە چالاکی و بزاڤەکانی مەڵبەند، پێویستە.

## ٣- بەشی پەیوەندییەکانی ئیقلیمی و نیشتمانی (العلاقات الاقلیمیە والوطنیە):

کە لە ڕێگای ئەو بەشەوە پەیوەندی بە ڕێکخراوە ناحکوومی و مرۆییەکانی وڵاتانی دەورووبەرو ناوەوە دەبەستێ، بۆ مەبەستی سوود گۆڕینەوەو ئاسانکردنی کارەکان. لەوانە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان.

## ٤- بەشی بەڵگەنامەو دۆکیۆمینت (الوثائق):

ئەو بەڵگەنامە مێژووییانەی کە لەئەرشیفی پارتی دیموکراتی کوردستان و هەوادارانی ڕێبازی بارزانیی نەمر، دەست دەکەون، بەتایبەتی ئەوانەی لە دوای ڕاپەڕینەوە چنگ خران و پارێزران، چ دانەی ئەسڵی یا فۆتۆکۆپییەکەیان لەو مەڵبەندەدا دابنرێن، بە مەبەستی کەڵک لێ وەرگرتنی قوتابیانی خوێندنی باڵاو توێژەرانی تر؛ هەروەها لە نێو ئەو بەشەدا مومکین دەبێ کە «ڕیکۆردەرو ئامێری نیشاندانی سینەمایی و ڤیدیۆیی» بەکاربهێنرێ، کە بە هۆیانەوە دەتوانرێ «کەلەپوورو توێژەران و خەڵکی تریش، ڕوون و ڕۆشنتر بکرێتەوە...

**٥- بەشی ژینگە (البیئە):**

دەتوانرێ بەشێک بۆ کۆڵینەوە لە ژینگەی کوردستان و پێشێلکارییەکانی، لەو بارەیەوە، تەرخان بکرێت، لە پاڵ ڕێگەچارە سازییەکان.. ژینگەی ئەو نیشتمانە، زۆری زوڵم و ستەم دەرهەق کراوە، لە ڕابردوو و ئێستادا و بەو ڕەنگەی کە لە هەموومان مەعلومە، بۆیە لەمەودوا دەبێ گرنگییەکی نائاسایی پێ بدرێت.

ناوچەی (بارزان)یش زیندووترین نموونەی پاراستنی بەپێی توانای ژینگەیە، کە پێویستە دیراسەو توێژینەوەی بەراوردکاری لەسەر بکرێت و هەوڵ بدرێ کە ئەو نموونەیە «ناوچەی بارزان»، قۆناخ بە قۆناخ بۆ ناوچەکانی تری کوردستانیش بگوێزرێتەوە، بۆ ڕێ ڕوونی زیاتریش لەمبارەیەوە تەماشای وتارێکی ڕێزدار (عەدنان ڕەشید ئاکرەیی) بکە بە ناوونیشانی «بارزان و پاراستنی ژینگەی» کە بە عارەبی لە ژمارە (٥٧) ساڵی

١٩٩٦ی گۆڤاری «مەتین»دا بڵاوکراوەتەوە.

**٦- بەشی ئەنفالکراوەکان:**

کە تێیدا لە چارەنووسی سەدان هەزار کەسی بێ سەروشوێن بکۆڵرێتەوەو دۆسیەی تایبەتیان بۆ بکرێتەوە، لە ڕێگای دەوڵەت و ڕێکخراوە مرۆییەکانی دونیاوە هەوڵی ئاشکرا کردنی ناو و وەزع و چارەنووسیان بدرێ و مافی خۆیان و خانەوادەکانیان دیاری و جێگیر بکرێن.

**٧- بەشی فەیلییەکان:**

ئەوانیش بەسەدان هەزاریان پەڕاگەندەو دەربەدەرو تەهجیر و بێ سەروشوێن کران، مینای ئەنفالەکان لەو بەشەدا ئیجرائاتی پێویستیان بۆ وەربگرێت.

**٨- بەشی کەلەپووری بارزانیی نەمر:**

پێویست دەکات کە بەشێک تەرخان بکرێت بۆ «کەلەپووری ئینسانیی بەرزو عەدالەتی کۆمەڵایەتی بارزانیی نەمر» ، کە لە ماوەی پتر لە پەنجا ساڵەی خەباتی بێ وچان و بێ نووچدانیدا، چۆن مافی مرۆڤی کوردی پاراست... لەوەشدا پێویستە هەموو ئەو سەرچاوانەی کە باس لەو مەسەلەیە دەکەن دەربارەی بارزانیی نەمر، کۆبکرێنەوەو توێژینەوەی ڕەسەنیان لەسەر بکرێ و وەک (فەسڵێکی تایبەتی)ش لەوانەی مافی مرۆڤی قوتابخانەو پەیمانگاو دانیشگاکاندا هەبێ و لە چاپەمەنییەکانی ئەو مەڵبەندەشدا بڵاو بکرێنەوە..

سەرەڕای ئەوەش پێشنیار دەکەم، وەک «پێشانگایەکی بەردەوام» لەسووچێکی ئەو مەڵبەندەدا، وێنەو کەلوپەل و کەرەستەکانی بارزانیی نەمر، کەکاتی خۆی بەکاریهێناون و ئێستا ماون، لەگەڵ ئەو بزاوت و ڕووداو و هەڵوێستە بێ نەزیرانەی ئەو، کە لەسەر ڕێکۆردەرو فلیمی ڤیدیۆ تۆمارکراون، هەروەها ئەو کتێب و نامیلکەو باسانەی کە لەسەری نووسراون، پێشان بدرێن و؛ بۆ شارەزابوون و پێزانینی نەوەی نوێ، بخرێتە ڕوو...

**٩- تەرخانکردنی چەند بەشێک،** بۆ لێکۆڵینەوەو دیراسەکردنی ئەو تاوانانەی دەرهەق بە گەلی کوردستان بەگشتی، ئەندامان و لایەنگرانی ڕێبازی بارزانیی نەمر بەتایبەتی کە لە بەندیخانەو گرتووخانەکانی ناوەوە و دەرەوەی کوردستاندا کراون وەک ئیعدامی بەناهەق و بێ دادگاییکردن، هەروا ئیهانەی کەرامەت و نەهێشتنی ئازادی هزرو دەربڕین و ڕێگرتن لە دامەزراندنی کۆمەڵەو سەندیکاو ئەشکەنجەدان و جینۆسایدو شوێن بزرکردن ئابلۆقەو ئابروو بردنی ئافرەت و کوشتن و ئازاردان و ڕفاندنی منداڵ و زەوتکردنی مافی موڵکداریتی تایبەتی و گشتیی خەڵک و پەڕاگەندە کردنی ملیۆنەها خەڵک و...تاد.

**١٠- بەشی ئافرەتان:**

ئافرەت میحوەرێکی سەرەکی کۆمەڵگەی کوردەواریان دەنوێنێ و بە چەندان شێوازو شێواز، ئەشکەنجەو ئەتک کراوە بەزەقی مافەکانی پێشێلکراوە، کە ئەو سلبیانە کۆمەڵی هەراسان کردووە، واچاکە لەو بەشەی مەڵبەندەکەدا دوای وردبوونەوە لە

جارنامەو ڕێککەوتننامەکانی لەمەڕ مافی ئافرەت، ژێر پێ خستنەکانی مافی ئافرەت دەستنیشان بکرێ و چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە... سەرەڕای ئەوانەیش دەکرێ بەشێک بۆ زارۆک و منداڵان و...هتد، تەرخان بکرێ.

ئەوە لە حاڵێکدا ئەگەر مەڵبەندەکە هی توێژینەوەو کۆڵینەوەی زانستی و چارەسەر سازی بوون، خۆ ئەگەر بە (مەڵبەندی بارزانیی نەمر بۆ مافەکانی مرۆڤ)یش نێوزەد بکرێ، ئەوا دەتوانرێ چالاک ترو بەرفرەتریش بکرێت و بەشی دیکەیشی بۆ زێدە بکرێت بۆ نموونە:

**. بەشی نامەو سکاڵانامە**

کە لەو بەشەدا ڕێگا بەهەر مرۆڤێکی کورد، یان نیشتەجێی کوردستان دەدرێ، لەوانەی کە لەلایەن دام و دەزگاکانی حکوومەت یا دەسەڵاتی باڵای هەرێم، یا لەلایەن حزبەکانەوە، یا هەر کەس و لایەنێکەوە، مافەکانیان ژێرپێ خراوە، بۆیان هەیە بەنامە سکاڵای خۆیان بگەیێنە ئەو مەڵبەندە، لەوێش دوای تاوتوکردنی و بەمەبەستی چارەسەرکردنی یان ڕووبەڕووی «پێشێلکار»ەکانی دەکەنەوە یان ڕێکخراو و مەڵبەندو لیژنەکانی مافی مرۆڤی سەر بە UNی لێ ئاگادار دەکەنەوەو بە ئوسلوبی خۆیان چارەی دەکەن، کۆمەڵەو جەمعیەو سەندیکاکانیش، هەمان شت دەتوانن، نامەو سکاڵای خۆیان دەربارەی پێشێلکارییە گشتییەکان و حاڵەتە گشتییەکان، بنێرن.

**. بەشی چاودێری بەندیخانەو شوێنەکانی گل دانەوە:**

لە ڕێگای ئەو بەشەوە دەکرێ داوا لە بەڕێوەبەرایەتیی بەندیخانەکان بکرێت، بۆ پشکنین و بەسەر داگەڕانی بەردەوامی بەندیخانەکان و پشکنینی دۆسییەکان و هەوڵدان بۆ نەهێشتنی پێشێلکارییەکان تێیانداو کۆششکردن بۆ جێبەجێکردنی «بنەما نموونەییەکانی لانی کەمی مامەڵەکردنی بەندیی و گیراوەکان بۆ ساڵی ١٩٥٥»..

**ـ پێوە بەستنەوەی بەخشینی «مەدالیای بارزانیی نەمر» بەو مەڵبەندەوە:**

بۆ ئەو مەبەستەیش مەرج و دیسپلینی دانی ئەو خەڵاتە لە تویی پەیڕەو و نیزامێک دابنرێ و لیژنەیەک لە «شارەزایان» پێکبهێنرێ، بۆ هەڵسەنگاندن و دیاریکردنی پاڵێوراوانی ئەو مەدالیایە.

**ـ بەخشینی پاداشت و خەڵاتی ساڵانە بەناوی «بارزانیی نەمر»ەوە**

بۆ چاکترینی ئەو لێکۆڵینەوە ڕەسەنانەی (أصیل) کە لە بواری مافی مرۆڤدا دەنووسرێن و لە ڕووی مەیدانی و کردەییەوە چارەسەری لەباریان بۆ کێشەو گرفتە ستراتیژییەکانی مافەکانی مرۆڤی کورد، تێدایەو شایانی جێبەجێکردنن...

**ـ پێکهێنانی تیم و لیژنەی کاری جۆربەجۆری پەیوەست بە مەڵبەندەکە**

بەپێی پێویست و لە پێناوی ڕاپەڕاندن و چەسپاندنی ئارمانج و پسپۆڕایەتییەکانی مەڵبەندەکەو...تاد.

بەهەرحاڵ، ئەو چەند دێرەی سەرەوە، تەنها «پێشنیارو

وروژاندنێکی» دامەزراندنی ئەو مەڵبەندەیەو هەر ئینسانێک کە خۆی بە قەرزاری بارزانیی نەمر، دەزانێت، بۆ باشترکردنی ئەو پێشنیازە دەتوانێت دەسکاری و کەمی و زیادی بکات، نەک هەر ئەوەش بەڵکو دەکارێ هەر ناوەکەی «مەڵبەندی توێژینەوەی بارزانیی نەمر بۆ مافەکانی مرۆڤ» بهێڵێتەوەو لە قالبێکی چاکتردا دایرێژێتەوە گرینگ هاوێشتنی پێنگاڤی یەکەمە بەرەو دامەزراندنی ئەو مەڵبەندە... کە، دەکرێ پسپۆڕو پیتۆڵە یاساییەکان و یەکێتی مافپەروەرانی کوردستان و زاناو مامۆستا بەڕێزەکانی کۆلێژی یاسا، دەستپێشخەربن.

پێکەوە بەرەو دامەزراندنی مەڵبەندی توێژینەوەی بارزانیی نەمر.

ناوەڕۆک

- پێشکێش
- چەند پەیڤێکی پێویست 7
- برسێتی و بەدخۆراکی و پەیوەندی بە ئاشی و
ئاسایشەوەو ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕەوشی هەرێمی کوردستاندا 11
- فیدراڵیەتی سویسرا، تایبەتمەندێتی و
سیستەمەکانی فەرمانڕەوایی
(حکوومەتی جەمعیە، دیموکراییەت بەهەرسێ شێوەکانییەوە،
بێلایەنی و پرۆژەی هاوبەشیکردن لە پێناوی ئاشتیدا). 32
- دۆکیۆمێنتەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ 50
- مافی کەمایەتییەکان 132
- میکانیزمی نەهێلانی ئازارو ئەشکەنجەدان 173
- یاسای ئینسانیی نێودەوڵەتی و مافەکانی مرۆڤ 220
- بەرەو دامەزراندنی مەڵبەندی توێژینەوەی بارزانیی نەمر
بۆ مافەکانی مرۆڤ. 247

**پارێزەر هەژاری عەزیز سورمێ**

ـ لە گەلاڵەی سەر بە (قەزای چۆمان)ی باڵەکایەتی لەدایکبووە.

ـ لە باوکەوە خەڵکی باڵەکیانە (عەشیرەتی شاقان) و لە دایکیشیەوە دەچێتەوە سەر (عەشیرەتی مەلا شەرەفی باڵەکایەتی).

ـ هەر لە وەختی منداڵییەوە لە حەفتاکان، خەریکی خوێندنەوەو نووسینەو لە بڵاوکراوەی دیوان و پۆستەی خوێنەرانەوە دەستی پێکردووەو یەکەم بەرهەمی بڵاوکراوەی لە ١٩٧٩ەوە ناردو لە ١٩٨١دا بڵاوکرایەوە.

ـ دەرچووی کۆلێژی یاسا ـ زانکۆی مووسڵ.

ـ ئەندامی نەقابەی پارێزەران و یەکێتی مافپەروەرانی کوردستانە.

ـ ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کورد بووە.

ـ بۆ یەکەم جار بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی چل دەقیقەیی بە زمانی کوردی و بەنێوی (دەنگی یاساو دادپەروەری) لە ١٩٩٣و١٩٩٤ بەناوی دەستەی باڵای یەکێتی مافپەروەرانی کوردستان ئامادەو بڵاوکردۆتەوە کە ژمارەی ئەڵقەکانی ٢٢ ئەڵقەبوو هەر لەو ساڵانیشدا بە هاوکاری پارێزەر ئیبراهیم دۆغرەمەچی ڕاگەیاندنی دەستەی باڵای بەڕێوەبردووە.

ـ لە زۆر شوێندا بەرهەمی بڵاوکردۆتەوە لەوانە: ڕۆشنبیری نوێ، نووسەری کورد (خولی دووەم)، پاشکۆی عێراق، عێراق، ڕێگای کوردستان، ئاڵای ئازادی، کوردستانی نوێ، جگە لە ڕۆژنامەی برایەتی کە لە ١٩٩٣ەوە بەبەردەوامی بەدەیان بەرهەمی لێ بڵاوکردۆتەوە.

ـ جگە لەو زنجیرە بەرهەمانەی کە لە ڕووپەری ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بڵاوی کردۆتەوە.

کتێبێکیشی بڵاوکردۆتەوە بەناوی (کوردو جینۆسایدو ئیبادەکردن، هەڵوێستی یاسای نێودەوڵەتی، چەند ئاماژەیەکی نموونەیی لە کورتە لێتۆژینەوەیەکدا). لە (١٩٩٧) لە ٢٦٤ لاپەڕەدا.